مەحموود دەوڵەت ئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی
سیامەند شاسواری

بەرگی هەشتەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
و. سیامەند شانسوارک
٨

ناوی کتێب: کەلیدەر (بەرگی ئەکەم)
نووسینی: مەحموودی دەوڵەت ئابادی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیامەند شاسواری
بابەت: ڕۆمان
تاپیکار: سەرکەوت فایەق
پێداچوونەوەی زمانەوانی:
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: زنجیرەی ١٠بەرگی+ فەرهەنگۆک  دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان ــ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(٠٠٠٠) ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

مەحموود دەوڵەتئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی: سیامەند شاسواری

## زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

**کتێبی سەردەم ڕۆمانی دە بەرگی ژمارە (٠٠٠ ــ ٠٠٠)**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**




**بەرگی هەشتەم**

٢٤٨٧

کەلیـــدەر

بەرگیهەشتەم

# بەشی بیست و سێیەم

## بەندی یەکەم

ئەفەرۆز و ماندوو و خۆڵاوی، لە کازیوەی لێڵ و تۆزگرتووی بادا، بڵقیس و شێرۆ لە ڕەوەند نزیک ئەبوونەوە. ڕێ و ناڕێ، شیو و دۆڵ و لاپاڵ و هەڵەت و بەرد و کلۆیان لە بن پێدا تێپەڕاندبوو و بە چۆکی لەرزۆکەوە خەریک بوون ئەچوونە ڕەشماڵەکانەوە؛ بەو هیوایەی بەر لە خۆر هەڵاتن چاوێک گەرم بکەن. داگیراوی ئەوەی بە سەریان هاتبوو، ژاکاو و ئاڵۆسکاو، لێو دادووراو و قین لە چاو، بە شەکەتی و ڕقەوە قاچیان ڕاکێش ئەکرد بەڵکوو گێژەنی شەو کۆتایی پێ بهێنن؛ ڕەنگە بەیانی ڕێگەیەک بێ بەرەو ڕووناکی.

لە گفت و لە بێژە، ئەوەی بە لێو و زماندا گەڕابوو، کۆتایی هاتبوو و شیوەنی شەوانەی ژنان با بردبووی و لە ناو دڕک و داڵی بیاباندا بەرەڵڵا کرابوو. گوتە گوتەی پڕ لە گلەیی هێنابوو و، گرێی بوغز لە هاواری بادا دڵی تەقاندبوو و قوڵپی دابوو و هەرای برینداری گەرووی شێرۆ، برینێک و برینێکیتر بوو لە دڵی پڕ لە ئاگری بڵقیسدا:

«ئای دایە... ئای دایە... خۆزگە منت نەبوایە!»

بڵقیس سەر و قژی کچەکەی لە دەستی با وەرگرتبوو و لە ئامێزیدا نەوازشی کردبوو:

«کچەکەم... دڵسۆزەکەم... دنیا خۆ کۆتایی نەهاتووە. تۆ گەنجی، شێرۆ!»

«گەنج بووم، دایکە. جەوان بووم. بەڵام جەوانیم؛ ئاگرم بەردایە

گیانی جەوانیم، دایە!»

«هەوراز و هەڵدێری ژیان زۆرە کچم. غەم لە دڵت بتەرێنە. بەخت و ناوچاو خۆ لەگەڵت بەشەڕ نییە!»

«بەختم ڕەشە، دایە. بەختم ڕەشە. هیوا... هیوا... ئای کە ئیتر هیوادار نیم. هەر بۆیەشە ناتوانم سەیری دنیا بکەم، دایە. ناتوانم بە دڵی خۆم هەنگاو بنێم. خۆزگە بەرت پێ نەگرتایەتم و بتهێڵابا کار و ڕۆژگاری خۆم یەکلایی بکەمەوە. دنیام بۆچیە ئیتر، کاتێکە دەس لە ڕوومەوە ئەنێن؟!»

«خۆ نەئەمردی، ئەمردی؟ نەء. پەکت ئەکەوت، شەل و گێڕ ئەبوویت و دوژمنکام. ئەوسا چیت ئەکرد لەگەڵ دڵسۆزیی ڕاست و درۆی ئەم و ئەو و چاوی گاڵتەجاڕی دوژمن؟ ئێمە بیابانگەردین، شێرۆ. ژیانی بیابان بە گەڕانەوە ژیانە. ئەگەر نەتوانین بەڕێدا بڕۆین مردووین، کچم! لە بن ئەو برجە کۆنە بەردینەدا ئەکەوتیت و ئێسکەکانت ئەشکان. لارولەوێر و خواروخێچ ئەبووی. من چیم بکردایەت ئەوسا؟ چیم بکردایەت؟!»

«خۆم ئەمزانی چۆن بە تەختی تەوێڵەوە خۆم هەڵدەمە سەر تاتە بەردەکان. خۆ لە کونی کادێنەوە خۆم هەڵنەئەدا. کاتێک ئەگات تەنها چارە، مردنە دایە. تەنها مەرگ!... بەڵام ئێستە کە نەمردووم ئیتر نامەوێ بمرم! دەستم بگرە با بمێنم. با بمێنم. زیندوو ئەبم دایە!»

«چارە نییە. چارە نییە. مەگەر چارە هەیە لە ژیان؟!»

بلْقیس خۆی وەڵامی خۆی دابوویەوە:

ــ نەء، نییە! چارەی ژیان، خودی ژیانە شێرۆ!»

لێو بەمۆر و کینەیەکی تاڵ لە قووڵایی چاوەکانیدا، شێرۆ ددانی لە ددان قفڵ کردبوو و سەرەڕای هەموو جەخار و ماندوێتیەکەی هەوڵی ئەدا کاتی گەیشتن بە ڕەوەند، پێی نەلەرزێ. چونکە هێشتا، نە کاری تەواو ببوو و نە ڕێگەی بە کۆتایی گەیشتبوو. خووی خۆڕسک و ئەزموونی سەختی ڕۆژگار وای بۆ سەلمابوو؛ ئەگەر نەتەوێ ژیان بە نیوەچڵی بەجێ بهێڵی، کە وا بوو نابی مەیدان بۆ سستی لە بن نەهاتووی بێوازی چۆڵبکەی. ئەگەر بتەوێ نیوەچڵ و لە نیوەڕێ بەرنەبیتەوە، ئەبێ پیاڵەی

ڕەنج تا دوا دڵۆپ بنێی بە سەرەوە، یەکبین. گەڕاوەی ناو گەردەلوولی مەرگ، چارەیەکی جگە لە ڕۆیشتن نەزانیبوو و نەئەدۆزییەوە.

ڕۆیشتن؛ هەرچەند ڕۆیشتن بەرەنجامی نییە.

بوون بە سفرەی بۆگەنی داڵ و دڕندە، وەک تەرم بە قەراخ ڕێوە، بەو کاروانەوە لە نیگای ناتەواوتدا ڕێ ئەکا، نە شیاوی ڕۆح و گیانی گرگرتووە و نە پەسەندی سووتاوان. ئاسیمەسەر ئاژووتت، بەلەز و پەرێشان، وەک برووسکە برووسکایتەوە لە قووڵایی شینباوی شەودا. چاوانت بە حەپەساوی لە کالانەدا وشک کرد بە شوێن شۆپی ڕەماوی خۆتدا، لە یار و نەیار. فڕکەت کرد و بە ڕەو داتە غار و لە گەردەلوولی سەرگەردانیدا ماوەیەک حەپەسای تا گەیشتیتە دەرووی بەخۆدا هاتنەوە و ناباوەڕی. یاڵی سەرکەش و سەرگەردانت لە ناکاتدا بە قەڵەنگەوە بوو. بەناچاری سەرت دانەواند. لە ونبوونی خۆتدا بیرکردنەوەت بەرەوا نەزانی، بڕوا بە ئەوین. ئەوین بەڵام؛ نەیناسیبووی. خۆبەختکەر، دڵی تۆ بوو لە لە سەر بنچکە تەنگزی پایزەدا ونجڕ ئەبوو. ڕەنج و سووکایەتی، سەرت دای لەبەرد. ئارام و ڕام، دڵێشاو و ڕووشکاو، هاتیتەوە بەخۆتدا و سەرت نایەوە سەر بەرەی باوان بەر لەوەی بەتەواوەتی بڕووخی... بەڵام نیگا نەخواز، دەستان نەخواز، زمان نەخواز بوو! ناچار و سەرشکاو خۆت دا بە دەم باوە و ڕێی بیابانت گرتەبەر؛ ئەی خۆڵ لە چاوە ڕەشەکانتدا! پێت لە بەر برجەکۆن بە دەنگی بەرز گلەییت دا بە دەم باوە، بەڵکوو شەوت بە ڕقی غەریباتی شەق بکەیت و گیان لە دیواری ئەشکەنجە ئازاد. بەڵام... بلقیس جارێکیدی تۆی بوویەوە.

ئێستە ئەی کۆرپە، کە ژیان و دژواریی ئەزموونی بوونی خۆت بە توندی ئەکوتی بە سینەی خاکدا، پیرۆز بێ گەشتی ڕێت و ئافەرین بۆ خۆڕاگریت! بە کلۆڵی، بوون بە سفرەی بۆگەنی داڵ و دڕندە، بەو کاروانەی لە نیگای ناتەواوتدا ڕێ ئەکا، نە شیاوی گیانی ئاگراوی تۆیە، شێرۆ. چونکە کار کۆتایی نەهاتووە، هێشتا!

سپێدپەهنا!

شەو خەریکە ڕابدرێ و با بکەوێ. لە بێداران، بەس سەگی ڕەوەندە،

کە تاریک و ڕوونی کازیوە بە وەڕینی خۆی تێک ئەشکێنێ. پێشوازی شێرۆ و بلْقیس. بەڵام ماندوێتی، وزەی ئەوەی بۆ نەهێشتۆتەوە تاکوو بلْقیس دەستێکی میهرەبانی بە سەر و یاڵی سەگی یەکچاوی کەلمیشیدا بهێنێ. شوێن خەوێک ئەبوا ببیننەوە. ڕەشماڵێک و ڕاخەرێک. لە گاڤ و دەمێکدا دایک و کچ ڕاکشاو، هەر کام لە لایەکەوە، بەر لەوەی ڕایەخێک لە سەر پەلاسی ناو ڕەشماڵەکە ڕابخرێ، لە خۆفی نامۆی دەنگی ڕان و هەی هەی شوان.

خاک و خۆڵ و زەنگۆڵەی ملی پێشەنگی ڕان لە پشت گردی لمەوە، بەرەبەیان لەگەڵ خۆیان ئەهێنن و شوان نیوەی ڕوخساری لە ئاسۆگە، باڵای ماندوێتی داوە بە سەر دارەدەستەکەیدا و ڕشتەی نیگای لە ڕەوی ڕانەکەیە تا بگەنە سەر گردی لمین. پاش تاوێک، شوان و سەگان بە شانی ڕانەکەدا، لە شیوی گردەکە بەرەوخوار بوونەوە، لە ناو تۆز و خۆڵێکدا کە بە دەم سرووەوە ئەرۆیشت، تا لە مەیدانی بێر مۆڵیان بدا و بە گەیشتنی بێریڤانان ڕانیان پێ بسپێرێ؛ کاتی حەسانەوە. کە بە درێژایی شەو پەز بە دەم باوە خەپرەیان کردبوو و لێک ئاڵابوون و سەبراو بە تاقی تەنها دەرفەتی ئەوەی نەکردبوو چاو لێک بنێ. ئەوا بە سەروقژی تۆزاوی و ماندووەوە ئەیویست خۆی بگەیەنێتە ڕەشماڵێک و تەخت لێی بنوێ. چونکە ئەیزانی پاش دۆشینی دواین شیرا، خودی سەبراو ئەبوا دار و توربێنی هەڵگرێ و پەز بباتەوە بۆ بیابان. چما کەلمیشی بەو نەخۆشیەی تووشی ببوو بۆ ئەوە نەئەشیا لەگەڵ ڕان بینێرێ و خۆی دڵ ئاسوودە بکات:

«ئەم مەڕدارییەی ئێمە ئاخرەکەی بوو بەچی؟ پیاوەکانی ڕەوەند، هەر هەموویان داریان فڕێداوە و تفەنگیان هەڵگرتووە! بۆ شوانێک ناگرن لە بەردەستمدا بێ؟ کەلمیشی بەو نەخۆشیەوە خۆ ناتوانێ لەگەڵ پەز بڕوات. منم و جووتێک سەگ و بێخەوی و بێخەوی و بێخەوی! ئادەمیزاد بەرگەی هەموو شتێک ئەگرێ، مەگەر بێخەوی بەردەوام. ئەگەر لە پێستی سەری ئادەمیزاد پێڵاوێک دروست بکرێ، تەنها ڕێگەی شەوانە ئەتوانێ بیسوێنێ. شەو و بێخەوی، ڕێگەی بەشەو. منیش ئادەمیزادم

ئاخر، کەسێکم ئەوێ لەگەڵم بێ گوڵمحەمەدی مامەگیان. شوانێک، هاوکارێک، هاوداریک. گوڵمحەمەد خۆی ڕەنگە ئەمە ئەزانێ... ئەزانێ ئیتر!»

لە دوایین گوتەکاندا، وشەکان لە ئەندێشەی سەبرخاندا پووک ئەبوون. ئەبوون بە با. کاڵ ئەبوونەوە و بە هۆی ماندوێتیەوە، لەش و بیر لار ئەبوونەوە. تاشەبەردێک، پاڵپشتی پشتی ماندوو. دار و توربێن لە لایەک و شان و دەست و باڵ و پێ لە سەر خاکی بەرەبەیان. خەوی هەزار ساڵە.

هەرای ڕان، ژنەکانی لە ڕەشماڵەکان هێنایە دەرەوە.

چەند بەرخ و کاری کۆرپە لە ناو کۆزەکە بە سەر و کۆڵی یەکدیدا هەڵئەگەڕان و ملیان بۆ دۆزینەوەی دایکیان ڕائەکێشا. باعە باعە و بەعە بەعە. سەمەن مەڕدۆشەکە -تۆ بڵێ خوودێک- ی کردبوویە سەری و لە پێشەوە ئەرۆیشت و بە دوایدا، زیوەر و هەیفۆیش لەملاولای پەرژینی کۆزەکە، شان بە شان. هەتاو، وردە وردە خۆی دەرئەخا و تاوێکی‌تر باڵ بە سەر دڕک و داڵی بیاباندا ئەکێشێ. ڕۆژ ئەیەوێ دەس پێ بکا و، بەر لەوەی دەنگی کار و بەرخ لە ناو زایەڵەی ڕانەکەدا هۆشیان بشەڵەژێنێ، ئەبێ بزن و مەڕی شیرا بگیرێن و مەڕدۆش بدرێتە بن گوانیان. کارێکی دژوار نییە. بزن و مەڕی شیرا دیارن. مل بۆ لای کار و بەرخەکانیان ڕائەکێشن و گوانیان پڕە لە شیر و ڕێکردن و وەستانیان جیاوازە. لنگاولنگ ئەڕۆن و گوشاد ئەوەستن. هەرچەند وەرزی شیر وشک بوونە لە گوانەکاندا. کار، دژوار نییە. بزن و مەڕی شیرا ئاشکران. چاوگەش وا لە چنگی زیوەردا. لنگی کەڕڕی بە دەست سەمەنەوە و بزنەقەنیش کە دیسانەوە ئەیەوێ هەڵێ، هەیفۆ ئەیگرێتەوە.

دەنگی خۆشی چۆڕەی دۆشینی شیر لە ناو مەنجەڵ و مەڕدۆشی مسیندا. شیری خەست و قورسی پایزە، شیری پیاوبەزێن. شیراکان بە ژمارە زۆر نین و کارەکەیان زۆر ناخایەنێ. مەنجەڵی گەورە، لەنیوە زیاتر پڕ بووە. شیر کەفی کردووە. زیوەر و سەمەن دوو قوڵفی مەنجەڵەکە ئەگرن و ئەیبەنە لایەکەوە. بەس سەمەن بە تەنها خۆی دەرەقەتی ئەوە دێ

شیر بباتەوە بەرەو ڕەشماڵەکان. نە ڕێ دوورە و نە سەمەن بێواز. تەوێڵی پان و ڕوخساری چوار گۆشەی وای دەرئەخات تەپڵی سەری بۆ دانانی تیانە و مەنجەڵ پەرداخت کراوە. تێکسمڕاوە سەمەن، چوارشانەیە و کارامە. بە هاوکاری زیوەر مەنجەڵەکە ئەنێ بە سەریەوە و زیوەر تیانە بەتاڵەکان هەڵئەگرێ. هەیڤۆ چێوبەندی پەرژینەکازەکەی لابردووە. کار بە قونەقون و بەخ بە هەلاتن کەوتوونەتە ڕێ. تۆزێکی نەرم. جێ سمی شیرخۆران ڕان شەق ئەکا. سەر و کوڵەشاخ لە بن گوانی دایکان. دەنگی بەعەبەع ئارام ئەگرێ، دەنگەکان دائەمرکێ. هەتاو بە هەموو لایەکدا بڵاو بۆتەوە. سەمەن و زیوەر خەریکن مەنجەڵەکە لە بن ڕەشماڵەکە دابنێن و هەیڤۆ بە دوای مێردەکەیدا، ئەچێ بۆ لای. تەوێڵی سەبرخان لە هەتاوی بێهێزی پایزیدا ئارەقەی کردووە.

پێڵووەکانی قورسە و ماندوو. ڕیشە تەنک و ئاڵۆزەکەی سەبرخان خۆڵ و جێجێ تەلاشەی پێوەیە. هەرچەند هاوین ڕابردووە، بەڵام هێشتاش لێوی ترەکاوی سەبرخان خۆش نەبۆتەوە و شوێنی پێست هەڵخستنی سەر لووتی هێشتا ساف نەبووە. لووتی کابرا قنجە و وا پێئەچێ چەناگەی دەرپەڕیوە بۆ پێشەوە. دوگمەی یەخەی کراوەتەوە و هێڵی چەڵەمەی سینگی کشاوە و سپیایی گەنمڕەنگی پێستی درەوشانەوەیەکی نەرمی هەیە. ئارەقە، تووکی تەنکی سەر چەڵەمەی سینگی نەرم کردبوو. لێوەکانی وشک و بارگرتوو و لە شەکەتیدا کرابوویەوە و بن ددانەکانی تۆزی نەرمە لمی لێنیشتبوو. نەرمە چینەکانی قەراخ چاوی بە ئاشکرا خۆڵاوی بوو و چاوەکانی هەیڤۆ بە حەپەساوی لە سەر ڕوخساری مێردەکەی ئەبڵەق ببوو و نیگای لە غەمێکی تۆزاویدا خنکابوو:

ــ چیتە پیاو؟!

وەڵام نییە. ماندوێتی، وا پێئەچێ سەبرخانی ڕەتاندووە. بەڵام ماندوێتی ناتوانێ شوانێکی کارامە، شارەزا پیاوێکی بیابانی وەکوو سەبرخان وا لێبکات. نەخێر. وەڕەزی کار و دژواریی فرمان، تا بە ئەمڕۆ بە سەبرخانەوە نەبینراوە. ئەی چییەتی، سەبرخان؟

«نەخۆشی... سەبرخان!»

لێوە وشکەڵتووەکانی ئاویان ئەوێ. ئاو، ئاوی بۆ بێنن!

نەء، کەس لەو ناوە نییە. سەگەکانی ڕان بەرەو چاڵاوەکان، ڕۆیشتوون بەرەو سەرەوە و سەگی یەک چاوی ڕەوەند لای ڕەشماڵەکان نووستووە. دووکەڵ لە کوانووە سێ کوچکەکەی بەر ڕەشماڵی خانمحەمەدەوە ئەچوو بە حەوادا. زیوەر و سەمەن، ئەبێ مەنجەڵی شیرەکەیان نابێتەسەر. تەمووری لاڵ دەست و ڕوو نەشۆراو لە ڕەشماڵەکە هاتۆتە دەرەوە. گێژ و وڕ وەکوو هەموو ڕۆژێک ئەچێ بۆ لای ئەو جاشەکەرانەی بە دەوری دایکەکانیاندا خولەیان دێ. کەلمیشی لە ناو ڕەشماڵەکەوە بە ناڵاندنی پچڕپچڕ و بەژان، داوای یارمەتی ئەکات. بلقیس لە خەوی ماندوێتیدا گوێی لێنییە، بەڵام ئەمیکەیان... شێرۆ؟!

هەیڤۆ بە ناباوەڕی لە بەر دەریزانی خێوەتەکە، تاساوی بینینی شێرۆ ڕاوەستا. ئەتوت زمانی لە گۆ کەوتووە و لێوەکانی بێ ئەڤان کەوتنە لەرزین، وەک بڵێی خەریک بوو لە بیری بباتەوە بۆچی هاتووە. پاشان لەو خامۆشیە سەرسامەدا هاتەوە بە خۆیدا، بەرەو ئاوەکە چوو، ملی مەشکەکەی گرت و بەرزی کردەوە. بەڵام بەر لەوەی هەنگاو بنێتە دەرەوە، شێرۆ چاوی کردەوە و بە نیگایەکی پەرێشان و -وەک- مەست لە کالانەدا، بە گێژی ئەخولایەوە، جارێکیتر ئامۆزاکەی ڕاگرت.

لە کاتی وەستانە حەپەساوەکەی هەیڤۆدا، شێرۆ لە سەر پەڵاسەکە ڕاست بوویەوە و دانیشت و بە ماندوێتیەکی زەبوون ئانیشکی نایە سەر ئەژنۆی، پەنجەی لێک هەڵپێکا و بەنەرمی وەک بڵێی غەمی خۆی لە هەیڤۆ بشارێتەوە، بە بیانووی شەکەتی سەری دانەواند و هەنیەی نایە سەر ئانیشکی و نیوروخی ڕەنگ پەڕیوی خۆی خستە بەر نیگای کچی مامی، بۆ ئەوەی چەندەی پێخۆشە لەم کەسمە دگەرە، لەم دەشتە هیلاک و بەخۆر قرچاوە بڕوانێ. ئەتوت بە یەکجاری خۆی بە غەریب ئەزانێ و میوانداری هەموو جۆرە نیگایەک بوو، لە هەر شێوە و هی هەر کەسێک بوایە.

هەیڤۆ بەڵام دەرفەتی مانەوەی نەبوو و ئوقرەی وەستان. شووەکەی

لە بەر خۆرەکە، چاوەڕوانی ئەو، لە سەر خاکەکە کەوتبوو و کچی خانئاپۆ، ئەگەر واش نەبوایە ئیتر پرسیاری نەبوو. نە لە شێرۆ و نە لە خۆی. چونکە ئەوەی کە ئەبوایە بیزانیٚ، بە نیگایەک زانیبووی و گێڕانەوەی ئەندێشە و بۆچوونەکان پێویستی بە هەل و دەرفەتێکیتر هەبوو و کاتێکیتر؛ ئەوسا کە تیمارکردنی مێردەکەی تەواو ئەکرد. پاشان زەرکێکی لە بن ئەستوندەکەکە هەڵگرت، مەشکەی دا بە شانیدا و لە ڕەشماڵەکە دەرکەوت و بەرەو مۆڵگەی ئاژەڵەکان پێی هەڵگرت.

سەگەکانی ڕان، هەڤاڵەکانی سەبرخان گەڕابوونەوە و لەمبەر و ئەوبەریەوە لە سەر کلک و لاق دانیشتبوون و پووڵەکەی چاوەکانیان لە کالانەدا دارەتێکی نیگەرانیان هەبوو. هەیڤۆ لای شووەکەیەوە لە سەر چۆک دانیشت، دەوێڵی ملی مەشکەی کردەوە و زەرکی پڕکرد. قولاپی دەوێڵەکەی ڕاکێشا و دەستی لە بن سەری سەبرخان، ئاوی برد بۆ لێوی پیاوەکەی.

ــ چیتە سەبراو؟!

دڵۆپەی ئاو لە لالەغاوەی دەمی پیاوەکەوە بۆ ناو ڕیشی بازرەقەیان بەست و تا بن چەناگەیان تەڕ کرد. هەیڤۆ بە قۆڵی دڕاوی کراسەکەی لێو و ڕیشی مێردەکەی وشک کردەوە و ئارەقەی لە هەنیەی سڕی. سەبرخان پێڵووی هەڵێنا، چاوە یاو کردووەکانی بڕییە ژنەکەی و وتی:

ــ سەرمامە! بمبە بۆ پەنایەک!

هەیڤۆ توربێنەکەی سەبرخانی دا بە پشتیدا، دار دەستەکەی ڕێکی مۆغەرەی پشتی چەقاندە بنی توربێنەکە و دەستی برد بۆ دەست و قۆڵی شووەکەی؛ کە سەبراو خۆی هەڵێنا و شان بە شانی ژنەکەی بەرەو ڕەشماڵەکان کشا.

لەبەر دەریزانی دەرگای ڕەشماڵ، شێرۆ وەستابوو بە بەژن کشاو و تۆزێک داتەکاو، لە نیگای سەبرخاندا شەپۆلێکی نەرمی هەبوو. بەژنێکی تاپۆئاسای دابڕدابڕ، بە لەرینەوەیەکی لەو بابەتەی کە بە دەم گێژەڵووکەوە لە پانتایی دەشتدا خەم و چەم ئەشەکێتەوە. هەروەها خێوەت و دووکەڵ و چوارپێ و گرد و دەوەنە تاغ و درەختی دوور و پەڵە

هەوری پەڕاگەندە لە بەر چاوی کابرای شوان‌دا کاڵ ئەبوونەوە و بەیەکا ئەهاتن، لە جێی خۆیان ئەڕەمین و بۆ ناجێ ئەڕەوین. چاوەکانی وەک بڵێی خوار ببوون و ڕێشکە و پێشکەیان ئەکرد:

ــ بمخەوێنن!

هەیڤۆ و شێرۆ، سەبرخانیان خەواند. بەڵام پاش ئەوە ئەبوایە چی بکەن؟ بەرامبەر یەک، بە بێ چارە و وشەیەک مابوونەوە و نیگای داماویان لێک گرێ درابوو. مەگەر بڵقیس؛ دیسانەوەش مەگەر بڵقیس!

رووومەتی ڕەق و داتەکاوی بڵقیس لە قووڵایی ڕەشماڵەکەدا، دژ و داگیراو خۆیای ئەکرد. ماندوێتی و تووڕەیی بە مایەیەکی بێزارییەوە هێشتاش لە قووڵایی چاوەکانی‌دا نموودێکی بە هەرای هەبوو. وشک و ماندوو و مۆڕ، ئەتوت لە چاڵێکی ترسناکەوە خۆی کشاندۆتە سەر و لە سەر پێ وەستاوە. خەنجەری تیژ بە دەستە زبر و گەورەکەیەوە. وەک بڵێی ویستی خوێنکردن و تاوانی هەیە. دەمارە شینەکانی پشتی دەستی وەها دەرپەڕیبوو ئەتوت ئاسایی نییە، بەڵکوو بە هۆی خوێنی خۆفەوە هەڵتۆقیون. چاڵی چەناگە و هێڵی قووڵی کەوانی بن لێوی خوارەوەی و جێ‌جێی ڕوومەتی، هەر هەمووی هێمای ڕاسان بە کارێکی دژواری ئەنواندەوە. لە ئەنجامی پاڕانەوەی هەیڤۆدا، دەرمانی سەبرخانی بە کوڵاوی هێل و بادەم و ڕیشەی هەزبێ دیاری کرد و وتی نەساخیەکەی لەرزوتایە و بەهۆی بای مڵۆزمی پایزەوە تووشی بووە. پاشان وتی یەکیان لەگەڵی بچێ بۆ یارمەتیدان و خۆی پیش کەوت. شێرۆ بە شک و گومانەوە سەیری دایکی ئەکرد و ئەیویست تێبگات کارەکە چۆن جێ‌بەجێ ئەکا و یان ئاخۆ چ کارێکی بە دەستەوەیە؟

بڵقیس لفکەی سەرپۆشەکەی لە بەر سینگیەوە دا بە شانی‌دا، قژە ماش و برنجیەکەی کە کەوتبوویە دەرەوە، کردەوە بە ژێر سەرپۆشەکەیەوە. قۆڵی کراسەکەی هەڵکرد و ئامێری کارەکەی هەڵگرت. مەقاش و پیاڵەیەک ڕۆن، بوخچە، گوریس و خەنجەر. ئەوسا بەژنی لە دەرگای ڕەشماڵەکە بردە دەرەوە و وتی:

ــ ئاگری کوانووەکە خۆش بکە شێرۆ. لە بن ئەو داربیە! چاوت

لێیەتی؟!

شێرۆ هێشتاش لە ناو دەریزانەکەدا ڕاوەستابوو. ترس و دوودڵی لە چاو و چۆکیدا. بڵقیس بوخچە و ئامێرەکانی دا بە دەستی کچەکەیەوە و گوڕاندی بە سەریدا:

ــ ئەمانەش لەگەڵ خۆت بەرە! تەنگز، ئاگری تەنگز!

گێژ و دوودڵ، سەیرێکی بیەکەی ناوقەدی تەپۆڵکەکەی کرد و ئاوڕێکیش لە دایکی، شێرۆ ڕۆیشت تا فەرمانی دایکی ڕاپەڕێنێ. چونکە هەیڤۆ بە دوای داوەدرمانی شووەکەیدا ڕۆیشتبوو و جگە لە شێرۆ کەسی لێ نەبوو. بڵقیس بەڵام نەک بە دوودڵی، کە دڵ و دەستی یەک و یەکجێ، لێبڕاوانە بەرەو ڕەشماڵەکەی خۆی، ئەو شوێنەی کەلمیشی لە گیروگازی ئازاردا ئەتلایەوە، هەنگاوی نا و یەکسەر چووە سەر سەری پیاوەکەی و بە هەمان ڕووتاڵی و مۆنیەوە فەرمانی دا:

ــ رابە! هەر ئەمڕۆ چاری ئەکەم!

کەلمیشی لە تاوی ئازار گرمۆڵە ببوو و، چاوە خڕ و بە قووڵاچووەکەی و کۆمەڵی چرچ و لۆچی هەنیە و سیلەی چاو و گۆناکانی، لە بن برۆ ئاڵۆسکاوەکانیەوە سەیری بڵقیسی کرد. قۆڵی هەڵکرد و خەنجەری ناو دەستی ژنەکەی هەراسێکی ئاشکرای خستە نیگای پیرەمێرد و لە هەمان کاتدا بە پچڕپچڕ پرسیاری کرد کە چی بووە و بۆچی؟

بڵقیس بەڵام دەرفەتی نەدا، دانەویەوە، دەستی دایە بن باڵی کەلمیشی و وای ڕاشەکان، ناچاری کرد ڕاست بێتەوە. کەلمیشی قەڵس و بە دژواری، کەوتە جنێودانی زەمین و ئاسمان و شانی دا بە شانی بڵقیسەوە و دەستی گرت بە خاڵاییەوە، چەماوە و بە ناڵەناڵ لە دەریزانی ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە. گلەیی پیرەمێرد لەوە بوو کە بڵقیس شەو بەتەنها جێی هێشتووە و بینینی کوڕەکانی لەلا گرنگتر بووە. بە درێژایی ڕێگە تا شوێنی مەبەست بە نک و ناڵە و نەفرین کردن زەمینەی بێدەنگیەکەی بڵقیسی پڕ کردەوە. بە دوای بڵقیس و کەلمیشیدا، تەموور کە سەرنجی ڕاکێشرابوو، هێڵی چیلکەداری بە سەر خاکەکەدا، تا لای لیژنە و ئاگری داربیەکە شوێنیان کەوت.

بیمێنیٚ بۆ ئاگرەکە، کەلمیشی قاچی لە عەرز چەقاند و ئەبڵەقی بینینی شێرۆ، ئازاری خۆی لە بیر بردەوە و بە دەردێکی نوێوە، ڕاوەستا. بڵقیس کە چاوەڕوانی ئەو کاردانەوەیە بوو لە لایەن کەلمیشیەوە، قۆڵی پیاوەکەی ڕاکێشا و بە بیٚ ئەوەی دەرفەتی هیچ کاردانەوە و قسەیەکی پیٚ بدا وتی:

ــ تۆ ئیتر هیچ مەڵیٚ، غەم کەم نییە!

کەلمیشی گیرۆدەی ئازار، پێی کشاندەوە و ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوە و تاوێک لێی ڕاما و پاشان وتی:

ــ نامهەوێتەوە... نەء!

بڵقیس، جاڕس و پەنەمیاوی ڕق و ئازار، بە جۆرێک پیاوەکەی بە هەورازی تەپۆڵکەکەدا سەرخست کە کابرا بە سەرەوە بەربوویەوە و لە کاتی هەڵسانەوەیدا، هەڕەشەی لێکردن و وتی:

ــ ئەکوژم! بەم ڕووناکیەی خوا قەسەم یان ڕەگی خۆم ئەبڕم یان گەرووی یەکێکتان بە قەپ ئەپچڕم! لەوە زیاتر جێگەی زوڵم و زۆری ئێوەم نییە!

کەلمیشی کە بە زەحمەت ئەیتوانی خۆی بە سەر لاقە هەراوەکانیەوە ڕابگەیٚ، بێزار و نائومێد وتی:

ــ دیواری من کورتە و تۆیش لە دیواری من کورتترت نەدۆزیوەتەوە. تۆیش... کۆتر لە زاری بیردا ئەگری. نەخۆشم... نەخۆشی ئەم دەردەم، بەڵام... بەڵام تێت ئەگەیەنم! ڕۆژێک بە تۆیش پیشان ئەدەم! جاریٚ... جاریٚ تۆیش بە دڵی خۆت لێخوڕە!

بڵقیس، بە بیٚ گوێدانە هەڕەشەی پیاوەکەی، هەمیش وەڕەزی نک و ناڵەی بەردەوامی، بە سینەکێشی تەپۆڵکەکەدا سەری خست و گوڕاندی بە سەر شێرۆدا کە لای ئاگرەکەوە دانیشتبوو:

ــ ئەو پارچە ئاسنە بخەرە ناو ئاگرەکە، کچیٚ!

کەلمیشی تا بگاتە بن درەختەکە، دەم بە گلەیی و شەڕاژۆ بوو:

ــ هەموو پلارەکانتان ئەبیٚ بەر من بکەویٚ، هەموو تەوس و توانجتان! باشە... دوعا بکە بمرم. دۆعا بکە بمرم؛ ئەگینا... تێت

ئەگەیەنم!... بۆ نەتبرد بۆ لای براکانی؟! بۆ نەتبرد بۆ لای خانمحەمەد؟ بۆ لای گوڵمحەمەد... بۆ لای بەگمحەمەد... یان بۆ لای ئەویتریان... بۆ لای مامی؟

بڵقیس پیرەمێردی ئەبرد بۆ لای درەختەکە و خامۆش بوو، نەکا هەڵچوون و تووڕەییەکەی تووشی هەڵەی بکات لە کاتی کارەکەدا. شێرۆش لە کاتێکا خۆی لە نیگای باوکی ئەدزییەوە، سەروچاوی بە ئاگرەکەوە خەریک کردبوو و تەمووری تێ ئەگەیاند لە بەر باکە لابچێ با ئاگرەکە بیگرێ. بڵقیس پیرەمێردی لە لای بیە کەم لق و گەڵاکە ڕاگرت و داوای لە شێرۆ کرد بوخچە و گوریسەکەی بداتێ.

ــ ئەتەوێ چیم لێبکەی، ژنێ؟!

بڵقیس لە بێنەوبەرەی کارەکەدا، هەرچەند هەوڵی ئەدا تووڕەییەکەی خۆی بخواتەوە، بەڵام بە بێ بەزەیی ئەهاتە بەرچاو. بە قۆڵی هەڵکراو، سەرپۆشی بەلادا خستوو و خەنجەری بەر پشتوێنیەوە، لە جەللادێکی تەواوەتی ئەکرد. پاشان بە بێ ئەوەی وەڵامی نیگای پڕ لە پاڕانەوەی پیاوەکەی بداتەوە، لە کاتێکا کابرای لە سەر بوخچەکە و پشت بە قەدی درەختەکە دائەنا، دەستەکانی گرت و بەرزی کردەوە، ڕەشمەیەکی باریکی لە مەچەکی دەستی ڕاستی کابرا هەڵپێکا و لە دەور قەدی درەختەکەی ئاڵاند و ئەوسەری لە مەچەکی دەستی چەپی گرێ دا، بەجۆرێک کە شان و پانیەی سەری بە دارەکەوە جووت ببێ.

ــ چیم لێ ئەکەی بڵقیس؟!

ــ نامەوێ بتکەم بە قوربانی، مەترسە پاڵەوان!

پاشان بڵقیس داوای لە شێرۆ کرد چوار کورتان و دەستەکێکی تۆکمە بهێنێ:

ــ ئەگەر جیازی وشتر بوایە باشتر ئەبوو!

شێرۆ بەرەو ڕەشماڵەکان ڕۆیشت و بڵقیس کەوتە هەڵکەندنی خۆڵی نەرمی بن دارەکە، ڕاست لە نێوان لنگی داچەقاوی کەلمیشی و بە تەمووری وت لە ئاگرەکە دوور بکەوێتەوە و بە ئاماژە تێی گەیاند بچێ پیشکانێک بهێنێ.

ـ زوو! زووبە!

کەلمیشی داهێزراو و جارِسی ئازار، لە بەرامبەر ڕەق بوونە بەردینەکەی بڵقیسدا کۆڵی دابوو و بەس ئەینالان و پچڕپچڕ و بێ مەبەست لە بەر خۆیەوە ئەیبۆڵاند، بە بێ ئەوەی لەگەڵ کەسێکی تایبەتی بێ. خەریک بوو خۆی ئەدا بە دەس چارەنووسەوە، بەڵام ئەم سازگارییە نە بە واتای پێخۆشبوون و ڕەزامەندی بوو و بۆ تاوێکیش ڕێگەی لە دەربڕینی نەفرەت و جنێو و ئازار نەئەگرت.

پیشکانەکە تەموور هێنای و ئەستوندەکی ڕەشماڵ بە سەمەن و بە دواشیاندا زیوەر و شێرۆ هەر کامەیان کورتانێکی کەریان نابوو بە شانەوە و ئەهاتن. بڵقیس بێڵەکانەکەی لە تەموور وەرگرت و کەوتە هەڵکەندن و دەردانی خاکەکە.

ـ گۆڕم بۆ هەڵئەکەنی... بڵقیس؟! گۆڕم...

زیوەر و شێرۆ کورتانیان دا بە عەرزدا و گەڕانەوە بۆ هێنانی دوو کورتانیتر. سەمەن بێڵەکانەکەی لە دەستی بڵقیس وەرگرت و کەوتە کار. بڵقیس ئامێرەکانی بە سەر کردەوە، بەرەو ئاگرەکە چوو و لە هەمانکاتدا بە سەمەنی وت:

ـ ئەوەندەی کە من لە ناو چاڵەکە جێگەم بێتەوە!

پیاڵەی ڕۆن، لباد، پارچەیەک پڵیتە کە بڵقیس خۆی بە پەڕۆی شۆراو دروستی کردبوو، مەقاش و تاد... پارچە ئاسنەکەی نرابووە ناو ئاگر بۆ کاتی خوێنڕێژی زۆر بوو، بۆ کاتی مەبادا!

زیوەر و شێرۆ بە دوو کورتانیترەوە هاتن و بڵقیس هەڵسا تا شێوازی کارەکەی ڕێک بخات:

ـ دوو کورتان لەمبەری چاڵەکە، دوانیش لەو بەرەوە. بیخەنە سەریەک و لێکیان ببەستن. ئەبێ زۆر توند بن لە سەر جێگەکەیان!

زیوەر و شێرۆ کورتانەکانیان بەو جۆرە دانا کە بڵقیس وتبووی:

ـ تۆزێکیش ئاوی گەرم ئەگەر هەبوایە خراپ نەبوو.

زیوەر بۆ هێنانی کتری ئاو چوو بەرەو بنە و شێرۆ بێڵەکانەکەی لە سەمەن وەرگرت و کەوتە قووڵترکردنی چاڵەکە. چاڵ لە ئەژنۆیەک

زیاتر قووڵ ببوو و ئەوەندەی نەمابوو ببێ ناوقەدێک؛ بەو کارەی کە شێرۆ بە پەلە و بە وردی ئەنجامی ئەدا. کتری ئاوەکە زیوەر هێنای و لە سەر بەردەکانی قەراخ ئاگرەکە جێی بۆ کردەوە. بڵقیس بە سەمەنی وت سەرێکی دەستەکەکە بگرێ و خۆی سەرەکەی‌تری گرت و دوو سەرەکەی نایە سەر کورتانەکان، بە شێوەیەک کە هاوتەریبی ئەژنۆکانی کەلمیشی بێ. بڵقیس دووسەری دەستەکەکەی لە سەر قووڵایی کورتانەکان دامەزراند و تاقیکردەوە. پاشان بە شێرۆی وت لە چاڵەکە بێتە دەرەوە و خۆی لەبری کچەکەی چووە ناو چاڵەکە و بەرز و نزمیەکەی هەڵسەنگاند و هاتە دەرەوە:

ــ ڕەشمە!

ڕەشمە درایە دەستی بڵقیس. بڵقیس خەنجەری لە بەر پشتێن دەرهێنا و ڕەشمەکەی کرد بە دوو کوتەوە و بە ژنەکانی وت:

ــ رووتان بکەن بەولادا!

ژنەکان چوونە لایەکەوە و تەمووریشیان دایە پاڵ خۆیان. بڵقیس دەستی برد بۆ بەنەخوێنەکەی کەلمیشی و شەرواڵی لەپێ داکەند و پاشان لە کاتێکا چارشێوێکەی ئەدا بە سەر پێیدا، مەچەکەکانی گرت و بەرزی کردەوە و خەمی ئەژنۆی نایە سەر دەستەکەکە و قاچەکانی، بەگوێرەی پێویست، لە لای ئەژنۆیەوە تا پووزی بە ڕەشمە بەست بە دارەکەوە. ئەمسا، کۆمیەی پیرەمێرد خۆبەخۆ لە سەر بوخچەکە هەڵگیرا و بەحەواوە لە بەر دەست و نیگای بڵقیس‌دا ئامادی نەشتەرگەری بوو:

ــ پیاڵەی ڕۆنەکە دانێ با گەرم بێ، زیوەر. ئێوەش هەر کامتان لە سەر سەرێکی دارەکە دابنیشن لە سەر کورتانەکە و توند قاچەکانی ڕابگرن. ئەم گوریسەش ئاڵقە بکەن لە ناوقەدی و توند بیبەستن بە دارەکەوە، سەمەن! لە کوڕەکەشت تێبگەیەنە شانەکانی باوەگەورەی توند ڕابگرێ. جا...

خۆشی لە ناو چاڵەکەدا دانەوییەوە، مەقاش و خەنجەرەکەی بۆ تاوێک لە سەر ئاگرەکە ڕاگرت و گەڕایەوە دارەتی یەکەمی. سەمەن گوریسەکەی لە ناوقەدی پیرەمێرد ئاڵقە کردبوو و دوو دەور لە قەد

درەختەکەی ئاڵاندبوو و گرێی دابوو و ئەهات تا لە سەر دەستەکەکە، لە سەر کورتانەکە دابنیشێ.

شێرۆ پێشتر لە جێگەی دیاریکراوی دانیشتبوو و زیوەر لە نێوان ئاگرەکە و بلْقیسدا بە چاو و چاری زیتەڵەوە ئامادەی خزمەت بوو.

کەلمیشی بەس توانی بڵێ:

ــ اشهد ان لااله الاالله!

کە بلْقیس بە زەبرێک چارشێوی لە سەر چۆکەکانی کابرا حەوادا و وەکوو قەساوێکی کارامە، کۆمیەی پیرەمێردی بە دەمی مەقاشەکە گرت و وامەزانە نەعرەتەی ترسناکی مرۆڤێک بیابانی چۆڵی ئەدڕی، پسپۆڕانە و بە خێرایی خەنجەری تیژی خستە کار و لە چاوترووکانێکدا زێدەی کۆمیەی پیاوەکەی بڕی، لە لایەکەوە داینا و لە دواین نەڕەی دڕندانەی پیاوەکەدا، خەنجەر و مەقاشی دانا، پەنجەی خوێناوی لە خاک وەردا و سەیری زیوەری کرد. زیوەر پیاڵەی ڕۆنە قرچاوەکەی بە مەقاشەکە گرت و لای چاڵەکە داینا و پڵێتە پەڕۆکەی دا بە دەست بلْقیسەوە. بلْقیس پڵێتەکەی لە ڕۆنی قرچاوی پیاڵەکەدا خووساند و خستیە سەر برینەکە کە ئەمجارەیان نەعرەتەی پیاوەکە، زەنگ و زایەڵەیەکیتری پەیدا کرد:

ــ لبادی داخ، لبادی داخ!

زیوەر پارچە لبادەکەی گرت بە سەر ئاگرەکەوە و بلْقیس جارێکیتر پڵێتەکەی لە ڕۆن هەڵکێشا و خستیە سەر برینەکە و ئەمجارەیان کەلمیشی خۆی لە بەر ئازارەکە پێ ڕانەگیرا و دەمی تەنها بە ناڵەیەکی خامۆش داچەقا:

ــ بیکەنەوە!

بلْقیس ئەمەی وت و خۆی لە چاڵەکە هاتە دەرەوە و پیاوەکە؛ تەرمی پیاوەکەی لە کۆت و بەند ئازاد کرد و وتی:

ــ لەولاوە بیخەوێنن، بە ڕوودا بیخەوێنن!

کەلمیشیان لە سەر خاکەکە خەواند و بلْقیس وتی شان و قاچی بگرن. پاشان خۆی بوخچەکەی لە بن درەختەکە هەڵگرت و خستیە ژێر ناوکی پیاوەکەی، بە شێوەیەک کە بتوانێ بە سەر شوێنی کارکردنیدا

زاڵ بێ. کوتە لباد هەڵچزابوو و ئامادە. بڵقیس بەڵام بەر لەوە ئەبوایە ڕێگەی ڕیخۆڵە -نەکا بە ڕۆنی هەڵقرچاو بووبێ بە چزڵێک و داخرابێ- بە پەنجەی تاقی بکاتەوە و کوتێک پڵێتە بخاتە ناوی، پاشان لبادە گەرمەکە بخاتە سەر برینەکە و شوێنەکەی ببەستێ.

کەلمیشی ئەوا بێهۆش کەوتبوو، بە دەما درابوو بە سەر خاکەکەدا کە بڵقیس چارشێوی دا بە سەر پشت و لاقیدا، دەوری چارشێوەکەی بەردچن کرد و لە کاتێکا دەست و خەنجەرەکەی لە بن لوولەی ئاوی گەرمی کترییەکەدا ڕائەگرت وتی:

ـ با کاژێرێک لێرە بخەوێ. جارێ ئەبێ بە قەد مێوژێک تریاک لە ئاودا گەرم بکەین و ئامادە بێ. کاتێکە هاتەوە بە خۆیدا بیخواتەوە.

لە خەوتن و خامۆشی کەلمیشیدا و بە دوای دامرکاندنەوەی ئەو هەرا و هوریایە، ئەوا زیوەر و سەمەن دەرفەتی ئەوەیان پەیدا کردبوو سەیری شێرۆ بکەن و بگەڕن بە دوای ئەو کێماسی و کلۆڵیانەی نیشانەی لە سەر ڕوخسار و قژ و باڵی دانابوو. شێرۆش بۆ خۆ دزینەوە لە چاو و نیگای براژنەکانی، بە بێ هۆ خۆی بە تیمارداری باوکیەوە خەریک کردبوو. کڵاوەکەی کەلمیشی کە لە سەری داکەوتبوو، شێرۆ هەڵیگرتبوویەوە و خەریک بوو خۆڵەکەی ئەتەکاند و ئەڕۆیشت تا شەرواڵ و گیوەکانی باوکی لەملا و ئەولا هەڵگرێتەوە و لە لایەوە دای بنێ. کەلمیشی هەروا بە سکا کەوتبوو. تەنها چرچە کەوگەکانی پشت مل و قژە کورتە زیوینەکەی پانیەی سەری لەگەڵ سووچی برۆ و گۆنای لە بن چارشێوەکەوە بە دەرەوە بوو.

بڵقیس بڕوا بەو کارەی کە کردبووی، بەرەو ڕەشماڵەکان ئەڕۆیشت لە کاتێکا داوێنی کراسەکەی بە دەور لاقەکانیدا شەکەی ئەهات. ماوەی کارەکەی بۆ ژنەکان بەجێ هێشتبوو و خۆی ئەڕۆیشت ئەوەی لە داودەرمان دەس ئەکەوت و بە پێویستی ئەزانی ئامادەی بکات: ئارامگر و وزەبەخش؛ ئاوی تریاک و شۆربایەکی چەور.

زیوەر بە دوای ڕۆیشتنی بڵقیسدا، خۆی بە کۆکردنەوەی ڕەشمە و گوریسەوە خەریک کردبوو و بە ترسێکی شاراوە لە نیگایدا، سەیری

شێرۆی ئەکرد. بەڵام سەمەن بە بێ پەروای کەس، شانی دابوو بە درەختەکەوە و جارجارە چاوێکی لە شێرۆ ئەکرد و وا دیار بوو چاوەڕوانی تەواوبوونی کاری نەشتەرگەری و بردنەوەی دەستەک و کورتان و کەلوپەل بوو بۆ ڕەشماڵەکان.

بەڵام هەست و بۆچوونی شێرۆ لە چۆنێتی نیگای ژنەکان، ئەوە نەبوو کە لە ڕاستیدا هەبوو. بەڵکوو لە ئاوێنەی نیگای ئەواندا خۆی زۆر سووک و ناپەسەند ئەبینی و لە خۆی ڕانەئەبینی بتوانێ لەوە زیاتر ڕووە وەشێرێ و لە ئازاردانی ژنەکان پارێزراو بێ. بۆیە ئەبوا چارەیەک بدۆزێتەوە. چارەیەکی بەو جۆرە کە ئەو پەردەی زوێرییە بدڕێنێ و بە یەکجار ڕووبەڕووی هەموو ئەو دیاردانە ببێتەوە کە هەیە. ڕێگەیەک و شێوازێک بۆ ئەوەی خۆی ڕوون بکاتەوە و ئەو گومان و ئەندێشەی کە ئەوانیتر وەکوو قۆزاخەیەک بە دەوریدا تەنیویانە، بشکێنێ. چونکە جگە لەوە چارەیتری نەبوو. بڵقیسیش کە ئەوەندە بە ڕاشکاوی و بێبەزەییانە لە ناو ژنەکاندا جێی هێشتبوو و ڕۆیشتبوو، ڕەنگە چارەیەکی جگە لەوەی پێ شک نەهاتبوو و ویستبووی گرێی ئەمکارە بە یەکجاری بکرێتەوە و یەک لایی ببێتەوە. کە وا بوو ڕوو لە ڕوو و نیگا لە نیگا!

شێرۆ کە لە لای باوکیەوە چۆکی دادابوو، سەری بەرزکردەوە و چاوی بڕییە سەمەن کە هەروا شانی بە درەختەکەوە بوو. سەمەن بە گۆنای گۆشتن و تەوێڵی بەرین و چاوی ڕوونەوە، بە بێ ئەوەی دڕێخی خۆی بشارێتەوە بە دڵسۆزییەوە بزەیەک نیشتە سەر لێوی و بە هاودەردی وتی:

ــ باوەڕ ناکەم شێرۆ، ئاوا خۆت پیر کردووە، قژت سپی تێکەوتووە!

شێرۆ جارێکیتر چارشێوەکەی ڕێک کرد، هەڵسایە سەرپێ و بێغەم وتی:

ــ ئینسان پیر ئەبێ، کەنی!

شێرۆ ئەوا وەستابوو، بە بێ ئەوەی بزانێ بۆ و بۆ چ کارێک. هەستی ئەکرد پەنجەکانی پێی لە سەر خاکێکی سست داناوە. بەژنی کشاو و داتەکاوی لە بەرەگەی ئاوەڵەی بیابان و ئاسماندا، بە تەنها خۆیای ئەکرد.

تەنیا و داتەکاو بە ڕوخساری شینهەڵگەڕاو و پێستی بە ئێسکەوە لکاو، لووتی باریک و لێوی لێک چەسپاو و، ئەو نیگایەی کە ئەیویست پەرێشانی و سەرگەردانیەکەی چارە بکات بە دۆزینەوەی ئامانجێک بۆ سەیرکردن؛ ئەگەر ترپەی دڵی دەرفەتی ئەوەی پێ بدایەت. بەڵام لەو بێدەنگیەی سەمەندا و هەستی مارئاسای زیوەر کە بۆ کۆکردنەوەی ورتکە و پرتکە دائەنویەوە، کارێکی ئاسان نەبوو بۆ شێرۆ. بۆیە بە یارمەتی بۆ یارمەتیدان، ئەوەی مابوو خڕی کردەوە و وەک هەڵاتنێکی ئاشکرا، بە لێژی تەپۆڵکەکەدا خۆی بەردایەوە.

زیوەر چاوی لە شۆپی شێرۆ، لە لای سەمەنەوە خەریکی سرتە بوو:

ــ چاکە و خراپە لەم دنیایەدا ون نابێ. خراپە بکەی، خراپ ئەبینی!

سەمەن ئاوڕی لە زیوەر دایەوە و پرسی:

ــ خراپ بوو؟ شێرۆ کچێکی خراپ بوو؟!

زیوەر لە وەڵامی پرسیارە ساکارەکەی سەمەندا وتی:

ــ باشیش نەبوو!

تەموور هاتە پێشەوە بۆ داواکردنی شتێک کە بەس دایکی تێی ئەگەیشت. سەمەن دەستی بە قژە کاڵ و نەشۆراوەکەی کوڕەکەیدا هێنا، لە ناو ئامێرەکان، مەقاشەکەی دا بە دەست کوڕەکەیەوە و لەگەڵی بەرەو ڕەشماڵەکان کەوتە ڕێ. زیوەریش ئەستوندەکەکەی هەڵگرت و بە دوای سەمەندا بە لێژاییەکەدا بەر بوویەوە و وتی:

ــ جل و کورتان با هەر لێرە بن، ئەوسا کە پێویستمان بوو چوارپێکان ئەهێنین و لێرە کورتانیان ئەکەین.

لە ڕێگە، هەیڤۆ ئەهات بە قاپێک دۆشاوی ترێ و کەوچکی ماستخۆرییەوە، بۆ ئەوەی بیکا بە دەم مامیەوە. زیوەر دڵی ڕەزای نەبوو هەیڤۆ لە تیمارکردنی پیرەمێردا بە تەنها بەجێ بهێڵێ. بۆیە سەری دەستەکەکەی خستە سەرشانی تەموور و خۆی لەگەڵ هەیڤۆ بە هەورازەکەدا سەرکەوتەوە و لە سەمەن گەڕا بچێ بۆ یارمەتی بلْقیس. چونکە زیوەر -لەو تووڕەیی و هەڵچوونەی بلْقیسدا- وای بە باش

ئەزانی لە ئاخافتن لەگەڵی خۆ بپارێزێ و ئەوەندەی پێی ئەکرێ خۆی لێ بشارێتەوە.

بڵقیس لە سەر چۆکێک بە سەر سەری سەبرخانەوە دانیشتبوو، دەستە گەورەکەی نابوویە سەر کەشکەی ئەژنۆی و چاوی بڕیبوویە دەوری چاوە ئاوساوەکانی کابرا و لێوی خوارەوەی بە ددان ئەگەست. خامۆش بوو و دوودڵی و گومان لە ناسینی نەخۆشیەکەی سەبرخان، ئازاری ئەدا. سەبرخان لە گەرمای یاودا ئەسووتا و بڵقیس ئەبوایە یاوەکەی چارەسەر بکات. کاسەی لە ئاوی جەوەنەکە پڕ کرد. چارۆکەیەکی کۆنی لە ئاوەکەدا خووساند و خستیە سەر تەوێڵی نەخۆشەکە و لە ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە بۆ تیمارکردنی کەلمیشی.

سەمەن پارچە نانێکی بە سیرێژی دابوو بە دەست تەمووریەوە و بێخەمی بیانوو گرتنی کوڕەکەی بەرەو بڵقیس ئەهات. هێسرەکەی کەلمیشی کلکی لە ناو گەڵی ئەسوو و بۆ هەڵفڕاندنی خەرەنگێزێکی ملۆزم ئەیلووشاند. بڵقیس نە چووە پێشتر و بە سەمەنی وت بڕوا و بە یارمەتی ژنەکانیتر پیرەمێرد بهێنن بۆ بن ڕەشماڵەکە:

ــ ئاگادار بە بە ڕوودا بیخەوێنن، بەجۆرێک کە قاچەکانی شۆڕەوە نەبێ!

بەر لەوەی بڵقیس بگەڕێتەوە ناو خێوەتەکە، سەمەن پرسی:

ــ بیدەین بە شاندا؟

بڵقیس وتی بە شان نابێ و ئازاری زۆرتر ئەبێ. سەمەن وتی:

ــ دوو دار بە گوریس گرێ ئەدەین و پەلاسێک شتێک ئەدەین بە سەر دارەکاندا و ئەیهێنین.

بڵقیس قەڵسی نەزانیەکەی خۆی شێوەکەی پێ باش بوو و وتی:

ــ خۆیشم دێم!

دوو ئەستوندەک، ئەو گوریسەی پیرەمێردیان پێ بەستبوو لەگەڵ پەلاسێکی گەورەی نیوداشت. سەمەن و بڵقیس تەمووریان نارد بۆ یاریکردن لەگەڵ گۆڵە یەکچاو و خۆیان بەرەو تەپۆڵکە و کەلمیشی بوونەوە.

شێرۆ کە سەری لە ڕەشماڵەکە هێنایە دەرەوە، هەر دوو ژن بە سینەکێشی تەپۆڵکەکەدا سەرئەکەوتن. شێرۆ نەک بە دزیکەوە، بەڵکوو بە پارێزەوە وەک خووی پێگرتبوو، بەرەو ڕەشماڵەکەی بەرامبەر چوو و لەوێ لای سەری سەبرخانەوە لە سەر چۆک دانیشت و دەستی برد بۆ چارۆکە تەڕەکەی سەر تەوێڵی کابرا لە سەر برۆ باریک و ڕەشەکەی لای بدات. سەبرخان بە قورسی پێڵووی هەڵێنا و نیگای ماندووی بە لێڵایی ڕوخساری شێرۆدا گەڕاند و هەوڵیدا چاوەکانی دانەخرێتەوە. شێرۆ ئەوەندەی سەبر و توانا لە سەبرخاندا شک ئەبرد کە نەک هەر بتوانێ بە بێ هەستکردن بە ئازار لە گیانی خۆیدا، چاو لە چاوی بکات، بەڵکوو دڵنیا بوو ئەیتوانی داوای یارمەتی لەم خزمەی بکات، هەرچەندە لە سەر جێگەش کەوتبێ.

سەبرخان بە شەپۆلی نەرم و ئارامی پێکەنینێک لە ڕوخساری ماندوویدا، دژواریی ئاخافتنی لە شێرۆ ئاسان کردەوە. ئەوسا بە دەنگێک کە بە هۆی یاو و وشکی گەروو و زمانیەوە گڕ ببوو و، بە ئەزمووتر و خۆش ئاوازتر ئەهاتە بەر گوێ، وتی:

ــ چاکت کرد گەڕایتەوە، شێرۆ. زۆر چاکت کرد. جێی تۆ ئێرەیە. لە ناو باوانی خۆتدا، نەک لە غەریبی!... ڕۆیشتنەکەت هەڵە بوو، شێرۆ. بەخێر بێیتەوە بۆ ماڵی خۆت!

قورسایی پێڵوەکان نیگای گڕگرتووی سەبرخانی داپۆشی و لە لێکنانی برژانگەکانیدا، دەنگیشی دامردەوە و شێرۆ ئاخنراوی مێهری خوشکانە، خامۆش و شەیدا لە سەبرخان ورد بوویەوە. تەنانەت بڵقیس ئەوەندە ئاشکرا و دۆستانە شێرۆی وەرنەگرتبوو، یان ئەگەر وەریشی گرتبوو، بە زمان دەری نەبڕیبوو. لانیکەم بەیان و گوتەی بڵقیس ئەوەندە دڵسۆزانە و بە بێ دڕدۆنگی و دڵفراوانی نەبوو. دەشتێکی بەرین و ئاوەڵە، ئاسمانێکی بڵیند و پڕ هەتاو لە گوتە و نیگای سەبرخاندا بوو و پێشکەشی شێرۆ کرابوو.

ــ مەهێڵە دەرم بکەن، سەبرخان. ئەمەوێ لە ناو باوانی خۆمدا بمێنمەوە. لێرە ڕام بگرە. کارێک بکە ڕام بگرن!... براکانم، براکانم

سەبرخان. ئەوان زۆر ڕق ئەستوورن، سەبرخان. ڕق وشترین براکانم!

لێوەکانی کابرای شوان وەکوو تەختەی وشک لێک جووت ببوون و شێرۆ هەستی ئەکرد هەناسەی بە هۆی ئەو خەفەخانەی تووشی بوو، خەریکە ئەگیرێ. بۆیەش بوو دەستی برد بۆ لۆی سەرپۆشەکەی و گرێکەی شل کردەوە و لەپڕ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. بەڵام ئەمە بەس نەبوو. ئەبوایە ئەو لێوە وشکانەی سەبرخان تەڕ بکات. پیاڵەیەک ئاو. سەبرخان پێڵووە ئارەقاوییەکانی هەڵێنا و ئاوی سەر لێوی بە زمان چەشت و نەزۆر بە جەختەوە وتی:

ـ بمێنەوە... بمێنەوە! ڕق ئەستوورن با ببن. ئادەمیزاد خۆ بۆ هەمیشە ناتوانێ ئەو ڕقە لە سینەیدا هەڵگرێ. بە قیندا کەوتوون، تۆش بکەوە بە قیندا. مەگەر تۆ خوشکی ئەو برایانە نیت؟! تۆش ڕق ئەستوور بە! خۆ تۆیش لەوان کەمتر سەرڕەق نیت!

شێرۆ بە پێویستی ئەزانی ئەوەی دوێشەو بە گفت و کردارەوە لە لایەن براکانیەوە پێی کرابوو بۆ سەبرخان بگێڕێتەوە. بەڵام ئەوەندەش وریا و بەهۆش بوو لەوە تێبگات شوانەی نەخۆش و ماندوو سەرەڕای هەموو دڵسۆزی و بەسەبر بوونی، توانای وتووێژی نییە. بۆیە چڕ و ڕازاوی وەکوو بڵێی دواین گوتەی لەگەڵ خۆی بێ وتی:

ـ نازانم... هیچ نازانم! ئای... ئای...

چاوەکانی سەبرخان خەریک بوو جارێکیتر بێتەوە یەک و شێرۆش هۆی بۆ مانەوە نەئەبینی. لەو ڕووەوە بۆ هەڵاتن لە سەرگەردانیەکەی خۆی هەڵسا و لە ڕەشماڵماڵەکە چووە دەرەوە. چاوی بڕییە تەپۆڵکەکە و ئەو چوار ژنەی دارتەرمەکەیان دروست کردبوو پیرەمێردیان لە سەری خەواندبوو، خستبوویانە سەر شانیان و ئەهاتن.

ران ناوبەناو مۆڵی خواردبوو. تەموور لە لایەکەوە دانیشتبوو و نانەکەی لەگەڵ گۆڵە یەکچاو بەش ئەکرد. پاروو بە پاروو. شێرۆ بە لای تەمووردا تێپەڕی و بەرەوپیری کەسەکانی چوو، بەڵکوو وەکوو یارمەتی دەستێک بداتە بن دەستەبەرەکە. ڕاستیەکەی وای لێهاتبوو، شێرۆ لە ماڵ و ڕەوەند و هەوارگەی خۆی، ئەبوایە سەرلەنوێ خۆی بە کاروبارەوە

گرێ بداتەوە، بۆ ئەوەی هەم لە نیگای خۆیی و هەم لە لای ویژدانی کەمتر خۆی بە بێگانە بزانێ. بێگانە و تەرە، زیادی و سەربار، بە هەستێکی خۆخواردنەوە لەو بابەتەی کە خاکی خوا بە درۆنگیەوە ڕێگەت ئەدات پێی لێبنێی. ئەمە ئیتر لەو گەمە مناڵانەیەی سەردەمە بە ڕۆح و گیانی مرۆڤ ئەکرێ، لە تەنگژەی ناچاری و لانەوازیدا.

شێرۆ سەری دەستەکەکەی لە دەستی دایکی وەرگرت و نایە سەر شانی خۆی و بڵقیس دەست ئازاد پێشکەوت بۆ ئەوەی جێگەیەک بۆ پیرەمێرد ئامادە بکات؛ چونکە سەبراو لە سەر جێگەی کەلمیشی خەوێنرابوو.

کەلمیشی ئەینالاند. بە ئاهەنگی جوولانی لەش و قاچی ژنان، نووزە و خەمناڵەیەکی خەفە و بەردەوام لە بن ددانەکانی کابراوە ئەهاتە دەرەوە. سەر و قاچی کابرا لە دووسەری دەستەبەرەکەوە لە دەرەوە بوو و بەدەماکەوتوو، پەنجە ئەستوور و کورتەکانی لە دارەکە گیردابوو.

لەبەر دەریزانی ڕەشماڵەکە، دەستەبەرەی نەخۆشەکەیان داگرت و لە سەرەخۆ بردیانە ژوورەوە. بڵقیس لەلاوە جێگەیەکی بۆ مێردەکەی ئامادە کردبوو. ژنەکان بە گەل، پیرەمێردیان بە دەمدا لە سەر دۆشەکەکە ڕاکشاند و کاتێکە بڵقیس لە کلاو و کلاشەکەی پرسی، شێرۆ چووە دەرەوە تا ئەوەی لەگەڵ خۆی هێنابووی یان لە سەر تەپۆڵکەکە بەجێ مابوو بهێنێتەوە.

ئیتر کارێک نەمابوو جگە لە شۆردن و خاوێنکردنەوە و ڕاگەیشتن بە کاری ڕان. سەمەن قەیماخی ئەگرت. زیوەر تەنووری دائەخست. بڵقیس بە ڕانەکە ڕائەگەیشت و هەیڤۆ ئەمایەوە بۆ ئاگاداری لە مێردەکەی لە ڕەشماڵی نەخۆشان. بۆیە هەر کامە ڕێی خۆی گرت و چووە دەرەوە.

بڵقیس خۆی ئەیتوانی ڕانەکە ببات بۆ لەوەڕاندن. ئەمە دژوار نەبوو تا تاریکان. بەلام نەی ئەتوانی بڕوای بە شەو و ئێشکگری خۆی هەبێ. بیابان هێمن نەبوو. هەرچەند گەنەدزەکان ترس و پارێزیان لە گوڵمحەمەد هەبوو، بەلام کەمیش نەبوون ئەوانەی حەزیان ئەکرد زەبرێک لە گوڵمحەمەد بوەشێنن؛ کە هەزار دۆست کەمە و دوژمنێک

زۆر!

بڵقیس کار و بەرخی جیا کردەوە و دانیەبەر بۆ ناو خەلان. زیوەر و سەمەن هاتن بە یارمەتیەوە. پۆلی کار و بەرخیان لە بەر دارەکەی بڵقیس ڕادا و کردیاننە ناو کۆزەکە. بڵقیس گەڕایەوە بۆ لای ڕانەکە و وەک بڵێی کەوتە سەرژمێر کردنی یەکە یەکەی پەزەکان. سەگەکانی ڕان هەر کامەیان لە سەر تەپکۆیەک دانیشتبوون و دەمیان داچەقاندبوو. ڕانەکە ئەبوا سەرەتا ببرێ بۆ سەر ئاو و پاشان ڕەوانەی بیابان بکرێ. هەروەها نانی شوان و نواڵەی سەگەکان. ئاوەڵی شوان ئەگەر هەبوایە، لای ئێوارە نانی شوان و نواڵەی سەگەکانی ئەبرد بۆ بیابان. بەڵام ئێستە ئەبوا نان و نواڵە پێکەوە ئامادە بکرایەت و بخرایەتە توربێن. هەروەها پێش ئەوە ئەبوایە بەشی بەیانی بخرایەتە بەر سەگەکان. کە وا بوو سەرەتا نان و نواڵە. بڵقیس بەرەو ڕەشماڵەکان کشا، بۆ دروستکردنی نواڵە لەگەڵ هەیڤۆ و نانکردن لەگەڵ زیوەر.

ژنەکان دەستیان دایێ و بڵقیس جارێکیتر نیگەرانی کارەکان. بە ناو ڕەشماڵەکاندا کەوتە هاتوچۆ. هیچ کارێکی دیاریکراو نەبوو. ئەوەی کە هەبوو و بە ئاشکرا و نهێنی ئازاری ئەدان، دڵەڕاوکەی ئەوە بوو کە هەموان وا بیربکەنەوە بنەماڵە شپرزە بووە و شەڵەژاوە و ئەم دڵەڕاوکەیە لە هەمووان زیاتر یەخەی بڵقیسی گرتبوو.

هەڵوەستەیەک لە ناو ڕەشماڵەکە. پیاوانی نەخۆش هەر کام لە لایەکەوە کەوتبوون و پێڵوەکانیان خامۆش بوو. کەلمیشی بە ڕوودا کەوتبوو و دەستەکانی بۆ ژێر چەناگەی خستبوویە بن باڵنجەکەوە، ئەتوت بە تۆران چاوی لێک ناوە. سەبرخانیش پشتی بە بالیفەکەوە، چاوەکانی لێک نابوو و لە بەر خۆیەوە، وڕاوەی ئەکرد. لە خوار پێی پیاوەکانەوە، هەیڤۆ دانیشتبوو. نەشارەزا و بێدەسەڵات، خەریکی شێلانی نواڵەی سەگەکان بوو.

بڵقیس ئەبوایە لە ڕەوەند بمێنێتەوە. ئەمە شتێک بوو کە هەم دایک و هەم ئەوانیتریش سەرومڕ هەستیان پێ ئەکرد. بەڵام ئەوەش ئاشکرا بوو کە ڕان بە بێ شوان کەوتبوو و ژنی جەوان -جا هەر

کەس هەیە- ناکرێ بە تەنها ڕەوانەی دەشت بکرێ. هەرچەند بەجێ هێشتنیشیان لە ڕەوەند مایەی دڵنیگەرانی بوو. مەگەر بە ئەندێشە و ئومێدی پیاوەکانەوە، هەرچەند نەشتوانن لەجێ ڕابن. ئەنجامەکەی کارێک ئەبوا بکرێ. جگە لەمە چارە نەبوو. ڕان خەریک بوو ئوقرەی لێ ئەبڕا بۆ ئاو و بیابان.

ــ ئەی لەم بزنانە!

شێرۆ بوو کە بە هاویشتنی کڵۆ، ساورینەکەی خانئاپۆ و چەند بزنی‌تری لە دەوروبەری خێوەتەکان ئەتەراند. بڵقیس سەری هێنایە دەرەوە و دار بەدەست بە قووڵاندنەوە ڕایکێشا بە سەر عەرزەکەدا و ڕۆیشت بۆ کۆ کردنەوەی ڕانی پەڕەوازە.

زیوەر لای سوێنەی هەویرەکە دانیشتبوو و خەریک بوو گونکی ئەگرت بۆ نانکردن. شێرۆ بە بیانووی یارمەتیدان چوو بۆ لای زیوەر و لای سوێنەی هەویرەکە دانیشت. زیوەر بە نەدیوی دانا و خەریکی کاری خۆی بوو. شێرۆ گوێی نەدایە ڕووتاڵیەکەی زیوەر، دەستی برد بۆ ناو سوێنەکە و گونکێک هەویری هەڵگرت. لە ناو دەستی‌دا کردیەوە و لە بەردەمی زیوەری ڕاگرت. مۆن و وشک، زیوەر هەویرەکەی لە سەر دەستی شێرۆ هەڵگرت، دای بە دەستدا، کردیەوە و خستیە سەر سێڵەکە و بەر لەوەی شێرۆ دەست بۆ هەویرەکە بباتەوە خۆی گونکێکی هەڵگرت و کەوتە کردنەوەی. شێرۆ لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا و کەوتە گلەیی و بناشت:

ــ هەمووتان پاڵم پێوە ئەنێن، بۆچی؟ تۆ ئیتر بۆ؟ خۆ من خراپەم دەرهەق بە تۆ نەکردووە!

زیوەر بە بێ کەمترین سۆزێک لە گوتەی‌دا، وتی:

ــ منیش خۆ خراپە لەگەڵ تۆ ناکەم!

ــ خراپە ئەکەی! ئەی خراپەکردن چۆنە؟ چۆن؟ ناتەوێ بمبینی، ناتوانی بمبینی. پێت وایە من ئەوەندە چارەم ڕەش بووە؟!

ــ چارەڕەش نەبوویت؟ نەء، چارەڕەش نیت، بەڵام بەو دەستەی کە داوتە بەو دەستەش وەری ئەگریتەوە!

ـ من چیم داوە بە تۆ کە ئێستە ئەبێ بەو دەستە وەری بگرمەوە؟!

ـ بووکت بە سەرم هێنا، لەوە زیاتر چیت بکردایەت؟! تۆ مارالّت دا بە چاوی گوڵمحەمەددا، ئیتر چی مابوو بیکەی؟

ـ گریمان واش بووبێ، بەڵام من خۆ شووم نییە تۆ بتەوێ قەرەبووی بکەیتەوە و تۆڵەم لێ بسێنی؟

ـ من قەرەبووی چی بکەمەوە؟ من تۆڵە و قەرەبووم پێ ناکرێتەوە!

ـ ئەی ئەمە تۆڵە کردنەوە نییە؟ بەم جۆرە لەگەڵم ئەجووڵێنەوە؟ ئەوە ناوی تۆڵە نییە؟! تۆ خراپ ئەکەی دەرهەق بە من، زیوەر!

ـ من؟ من ئەو کارە ئەکەم کە براکانت لەگەڵیان کردوویت! ئەوان تۆیان ناوێ. باوکت تۆی ناوێ. مامت تۆی ناوێ. هیچکەس تۆی ناوێ! بوویتە هۆی ئابڕووچوونیان. ناهێڵن لێرەش بمێنیەوە. خۆت ئەوەت زانیوە. زۆر لێرە میوان بی، شەوێکە یان دووان!

ـ ئەمجۆرە میوانداریيەشمان...

شێرۆ قسەکەی تەواو نەکرد، لە تەنیشت زیوەر هەڵسا. نەی ئەویست لەوە زیاتر ڕێگە بەو دووپشکی ئازارە بدات کە دیار بوو کەسیتری دەسنەکەوتبوو پێوەی بدات. لێیگەڕا یەکێکیتر بدۆزێتەوە. ئەوەی کە کۆنە برینی لە گیاندایە، زۆر ئاستەمە بتوانێ میهر ببەخشێ!

شێرۆ خۆیشی نەی ئەزانی بەرەو کام لا ئەڕوات. ڕەنگە لە بەر ئەوەی سەری داخستبوو و نیگای لە خەوش و خاڵ ئالابوو و گیرۆدەی دەروونی خۆی بوو و، هەولّی ئەدا لە ناخی تۆز و دوومانی بەیانی ڕۆژی خۆیەوە دەروویەک بەرەو ڕزگاری و ڕووناکی بدۆزێتەوە. چونکە نەک هەر بە قسەی زیوەر، بەڵکوو ئەویش نەیوتایەت، لێیئاشکرا بوو جێی لە ناو باواندا نییە و ئەبوایە پارچە خاکێکیتر لە پانایی ئەو زەمینەدا بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە سەری ڕاوەستێ. بۆیەش لە ناو خۆیدا بوو و حەپەسانی لەپڕیشی لەو ڕووەوە بوو کە خۆی لە بەرامبەر پیاوانێکدا ئەبینی تازە گەیشتوو؛ ئاشنا. دلاوەر و شەیدا!

شێرۆ پێی سست کرد و هەستی کرد ناتوانێ جووڵە بکات و تەزێکی بەتاڵ بە هەموو لەشیدا گەڕا. لە سەر شانی بلّقیسەوە، شەیدا سەیری

شێرۆی ئەکرد و دلاوەر خەریکی بەستنەوەی دەسکەوساری ماینەکەی مدد بوو بە ئەستوندەکی ڕەشماڵەکەوە و چاوی لە بلّقیس بوو کە ڕەشماڵە بەتاڵەکەی پیشانی میوانەکان ئەدا؛ ڕەشماڵی خانمحەمەد.

لەو نانەی زیوەر کردبووی و لەو قەیماخەی سەمەن لە سەر شیرەکە گرتبووی، بەو کترییەی بلّقیس نایەسەر، بەرچایی کوڕی بوندار و دلاوەر ئامادە بوو. بلّقیس خەریکی میوانداری میوانەکان، هەرچەند غەوارە نەبوون، نە شەیدا و نە دلاوەر. بەڵام قوت بوونەوەیان لەم کاتەدا و لەم ناوەختەدا، گرێیەکی تازەی خستبوویە سەر زنجیرەی ئاڵۆسکاوی بنەماڵەکە و ئەوەندەیتر ئەندێشەی شێرۆشی ئەورووژاند. هەر بۆیەش بوو شێرۆ ڕووی لێدزینەوە و ڕۆیشت بەڵکوو خۆی لە سەمەن نزیک بخاتەوە.

دلاوەر و شەیدا دانەوینەوە بە سەر سفرەی نان ساجی و قەیماخدا. پاروویان ئەخست بە دوای پاروودا بۆ دامرکاندنەوەی برسێتی، بە بێ ئەوەی دەرفەتی ئاوخواردنەوەی قاپ لە سەر قاپ لەدەست بدەن. بێگومان بڕینی ڕێگەی قەڵاچیمەن هەتا لێڕی تاغی و هەوارگە، سوار و پیادە، خێرا و لەسەرخۆ، ورگی برسی گەنجەکانی خستبوویە قۆڕەقۆڕ. بلّقیس پیاڵەکانی پڕکرد لە چا و نایە بەردەستیان و بەر لەوەی پرسیارێک لەوان بکات، هەوڵی ئەوەی بوو شەڵەژانەکەی خۆی بشارێتەوە لە پەڕەوازەبوونی ڕانەکە، کە جارێکیتر بە ناو ڕەشماڵەکاندا بڵاو ببوونەوە و چییان دەس بکەوتایەت، قەپیان پیائەکرد و ئەمەش قیژە و هەرای ژنەکانی بەرز کردبوویەوە.

ــ ئەی کێ ئەم ڕانە ئەبا بۆ دەشت؟ کێ بڕیارە بیانبات؟

وەڵامی سەمەن، زیوەر دایەوە کە خۆی ئاگای لە نان و هەویرەکە بوو و بە ناڕەزامەندی پەزەکانی دەرئەکرد:

ــ ئەگەر لێم بگەڕێن نانی شوانەکە بکەم، یەکێک هەر ئەبێ بیانبات!

شێرۆ کە کارێکی بۆ خۆی دۆزیبوویەوە بۆ ئەوەی خۆی لەو سەرگەردانیە دەرباز بکات، داری بە سەر عەرزەکەدا ڕائەکێشا و بە

قووڵەقووڵ بە هەموو لایەکدا هەڵئەهات، کڵۆی تێ ئەگرتن و خەریک بوو ڕانەکەی لە ناو ڕەشماڵەکان دەرئەکرد. بەڵام بە تاقی تەنها دەرەقەت نەئەهات پەزەکان کۆ بکاتەوە و، وا دیار بوو پەز بە فەرمانی بێگانە ناکەن. بۆیە هەڵسووڕان و هەرا و هوریای شێرۆ پەرەی سەند بە بێ ئەوەی بتوانێ سەروبەر بدات.

ــ ئەی شوانەکەتان لە کوێیە؟

بڵقیس لە وەڵامدا وتی هەر دوو شوان لە سەر جێ کەوتوون و پیاوەکانیتریش لە ڕەوەند نین و بڕیار وایە خۆی ڕان ببات بۆ سەرئاو و لەوەڕگە. دلاوەر بە نیگایەکی پرسێنەر سەیری شەیدای کرد. شەیدا ئێستە لەبری ئەربابی دلاوەر -بوندار- ئەژمێردرا و دلاوەر لەوی ئەپرسی. وەڵامی شەیدا ڕوون بوو:

ــ یارمەتیان بدە! خۆ ئێمە لەگەڵ گوڵمحەمەد خان ماڵمان جیا نییە!

دلاوەر چالاک و کارامە، دار و توربێنی هەڵگرت و لە دەرگاکە هەڵاتە دەرەوە و بە دارکوتان ڕانی لە دەوروبەری ڕەشماڵەکان کۆ کردەوە و بەرەو تەپۆڵکەکە بردنی. لە ناو تۆز و خۆڵی پاش ڕانەکە، ژنەکان وەستابوون و هەر کام لە لایەکەوە سەیری شوانیەکەی دلاوەریان ئەکرد. سەمەن لە نزیک ئەوانیترەوە، هەیقۆ لە بن دەریزانی ڕەشماڵەکە، نواڵەی سەگەکان بە دەستیەوە و زیوەر، لای تەنوور و لێژنەی گەونەکە کە نانی لە سەر هەڵخستبوو.

دلاوەر. ناو و نیشانی دلاوەر بەر لەمەش، هەر لەو یەکەم ڕۆژانەی هاتنی ماراڵ بۆ دەرزیوەر -ناوبەناو- لە ڕەوەندی کەلمیشیدا برابوو. پەیوەندی بێبەخت و بێ ئەنجامی لەگەڵ بنەماڵەی عەبدۆس، حەپس و کردەوەی دلاوەر، زۆرەبان و هەوڵدانی کوشتن و هەڵاتنیان لە حەپس و پاشان جیابوونەوەیان، گوترابوو و گوترابوویەوە. بۆیەش دلاوەر نامۆی کەلمیشیەکان نەبوو. چ جایە هەر کەس بەگوێرەی هەست و ویستی خۆی، ڕواڵەت و قەڵافەتێکی دلاوەری لە ئەندێشەی خۆیدا نەخشاندبوو. تەنانەت ئەتوانرێ بگوترێ هەر کەس سەبارەت بە دلاوەر بۆچوون

و لێکدانەوەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو. کاردانەوە و دادوەریەکان نالێک بوون. ئێستەش ئەوە دلاوەر بوو کە بە بوونی خۆی لە ڕەوەندی کەلمیشیەکان، تا چ ڕادە ڕەنگ و ڕوخساری خۆی لە گومانی ئەم و ئەودا دەسکاری بکات و بگۆڕێ!

بەرداوێژێکی بمێنێ بۆ ڕێگەکە، دلاوەر گەڕایەوە و چاوی لە سەگەکانی ڕان، توربێنەکەی بە سەر دارەوە برد بە حەوادا و نە بە دەنگێکی ڕوون، ئەوەندەی کە ببیسرێ، وتی:

ـ «ئەی با بخۆم؟!»

نان و نواڵە بە دەستەوە، زیوەر و هەیڤۆ بۆ لای چوون و بە دوایاندا شێرۆ جەوەنەی ئاو و زەرکی بۆ برد. چاوە خڕ و مەڕییەکەی دلاوەر لە بن برۆ بەرزەکانیەوە لە هاتنی ژنەکاندا چاوەچاوی بوو. هەیڤۆ نواڵەکانی خستە ناو توربێنەکە و گەڕایەوە، زیوەر نان ساجیەکانی دا بە دلاوەر و بە تەوسەوە پێی وت:

ـ لەخۆڕا چاو مەگێڕە، ئەوەی تۆ بە دوایدا ئەگەڕێی لێرە نییە!

دلاوەر ناخودئاگا پرسی:

ـ ئەی لە کوێیە؟!

زیوەر نانەکەی دابوو و ڕۆیشتبوو. دلاوەر هاتەوە بە خۆیدا و زانی نەیتوانیوە هەست و مەراقی خۆی بشارێتەوە، شەڵەژابوو و بە دوای زیوەردا وتبووی:

ـ من بۆ کەس ناگەڕێم!

شێرۆ زەرک و جەوەنەی لای توربێنەکەی دلاوەر دانا و وتی:

ـ لەگەڵ کێتە؟ لەگەڵ خۆت قسە ئەکەی؟!

دلاوەر بۆ ڕێکخستنی باری توربێنەکە چۆکی دادا و وتی:

ـ قسەم نەئەکرد من، شتێکم وت مەگەر؟!

شێرۆ کە خۆی ئاگای لە چاو و نیگای ئەو هەبوو، چڕ و بە ڕاشکاوی وتی:

ـ نەخەڵەتی بوێری دەس بخەیتە ژیانی براکەمەوە! ئەگەر شتی وات لێ ببینم، هەر خۆم خەنجەرێک ئەچەقێنم بە چاڵی سینەتدا!

لە میانەی حەپەسانی دلاوەردا، شێرۆ پشتی تێکرد و گەڕایەوە:
ــ پێم وتی بۆ ئەوەی باش بزانی!

شێرۆ ئەگەر سەری هەڵێنایەت و بۆ تاوێک ئەم خووە ناحەزەی -سەیری عەرزکردن لە کاتی ڕۆیشتندا- لە خۆی دوور بکردایەتەوە، ئەیتوانی ببینێ کە بڵقیس و شەیدا لە ڕەشماڵەکە ئەهاتنە دەرەوە. ئەگەریش حەزی لەو دیدارە نەبوایەت ئەیتوانی لابدات و لە پەنایەکەوە خۆی ون بکات. بەڵام وای نەکردبوو و لە نزیک ڕەشماڵەکەی خانمحەمەد، سەری کە هەڵێنا بڵقیس و شەیدای لەبەردەم خۆیدا بینی. دەسبەجێ لە نیگای شەیدا کە ئاوێتەیەکی خۆزگە و چاوحیزی بوو، ڕووی وەرگێڕا و بەرەو دەریزانی ڕەشماڵەکە بای دایەوە و بە بێ گوێدانە نیگای دایکی لە ناو ڕەشماڵەکە ون بوو. شەیدا بەرەو ماینەکە چوو و بە دوای گوتەکەی خۆیدا لە بڵقیسی پرسی:

ــ پێت وایە بێتەوە، گوڵمحەمەد خان؟

بڵقیس نیگای بە شۆپی ڕانەکەوە کە لە سەر گردەکە بڵاوببوویەوە، لە وەڵامدا وتی:

ــ ڕاستەکەی نازانم! سەر لە کاری دەرناهێنم! چۆنە کە دوو کەس بە ماینێک هاتوون؟ بۆ وشترەکەت نەهێنا ئەمجار؟

شەیدا کە خەریک بوو سەرجلی لە پشتی ماینەکە دائەگرت، وتی:

ــ یەکمان ئەگەڕێتەوە. جگە لەوەش باوکم وشترەکەی دابەستووە. بە کاو و قۆزاخە پەروای بکات.

سەرجلەکەی لە لایەکەوە دانا و وتی:

ــ دلاوەر ئەگەڕێتەوە!

پاشان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاخافتنی ساویلکانەی، درێژەی دا:

ــ ڕاستەکەی دیسانەوە دەنگۆی ئەوە هەیە سەر و کەللەی جیهەن خان دەرکەوتۆتەوە!

بڵقیس کە لە بیری گوڵمحەمەد و ماراڵ و دلاوەردا ناوچەوانی گرژ ببوو و نیگای هاتبۆوە یەک و تیژ ببوو، بە بێ گوێدانە گوتەکەی شەیدا، پرسیاری کرد:

ــ بۆ ئەوت هێنا بۆ ئێرە؟!

بە پرسیارەکەی بڵقیس کە لە نووکی کێرد ئەچوو، شەیدا لای یاڵی ماینەکەوە قنج وەستا و وتی:

ــ کێ، دلاوەر؟!

ــ ئا، بەڵێ. بۆ هێنات بۆ ئێرە؟!

ــ هیچ... هەروا...

ــ خۆت ویستت لەگەڵت بێ، یان باوکت ئەوی لەگەڵ خستی؟!

بۆ تاوێک شەیدا حەپەسا و پاشان وەک پرسیار وتی:

ــ باوکم؟ بۆچی ئاخر؟!

بڵقیس ڕووی وەرگێڕا و ددانی لە کیرەوە هێنا:

ــ هاوار لە کارەکانی شەیتان!

لەبەر چاوە چاوەڕوان و حەپەساوەکەی شەیدادا، بڵقیس دوور کەوتەوە و وا پێئەچوو بە ئەنقەست خۆی لە ناو ڕەشماڵەکەدا لەچاو ون کرد.

شەیدای نانخۆری بنەماڵەی کەلمیشی، فێربووی نان و قەیماخ و مێهرەبانی بڵقیس ئەوجۆرە کردارەی لە لایەن دایکی ڕەوەندەوە زۆر لەلا گران بوو. بۆیە وای لێهات وەک چلوورە، شاخەیەک چلوورە، لە شوێنی خۆی وشک ببێ. هەستی کرد لووتی ئەتۆزێتەوە و نەی ئەزانی لە کوێ و بۆچی وەستاوە؟ تاوێک هەروا لە شوێنی خۆی ڕاما و پاشان لە ناچاریدا بە دەوروبەری خۆیدا خولایەوە و نیگای سەرگەردانی بە دەشت و دوومانی دەشتدا گەڕاند. بیابان، چەند ڕەشماڵ، گوڵە یەکچاو، کوڕی خانمحەمەد، شۆپی ڕان و... ئیتر هیچ. شەیدا بۆ ساتێک هەستی کرد ئەمجارەیان لە لایەن کەلمیشیەکانەوە بەخێریان نەهێناوە. دۆش داما. دانیشت، پاڵی دا بە جلی ماینەکەوە، لار بوویەوە و لە خاکەکە مۆڕ بوویەوە.

شێرۆ. بەس شێرۆ ئەیتوانی ئەم سارد و سڕییە قەرەبوو بکاتەوە. بەڵام ئەویش بەو شێوە تۆراوەی لە قەڵاچیمەن دەرکەوتبوو، دەرفەت و دەرەتانی ئەو ئومێدەی بۆ شەیدا نەئەهێشتەوە. شەوی ئەو شەوە،

شێرۆ شەو و شەیدای پێکەوە بڕیبوو. پێی نابوو لە هەرچی هەیە و نییە. سەری خۆی هەڵگرتبوو و ڕووی کردبوویە بیابانی ئەنگوستەچاو. بەم جۆرە بوو کە لە لای شێرۆ هیچ دەروویەکی ڕووناک سەبارەت بە شەیدای بوندارزادە بەدی نەئەکرا. چونکە ئەو شتەی کە ئەیتوانی شێرۆ بکا بە دالْدەی شەیدا، توانای کارتێکردن یان دڵبەندیی ئەو بوو، کە هیچکام لەو دووانەی بە پاکی و ڕاستگۆیی لە خۆیدا بەدی نەئەکرد. نە بە ڕاستی ئەویندار بوو و نە کەسایەتیەکی کارامە. میوەیەکی کاڵ و کرچی بێ تام و بۆن. مناڵکارەیەکی نیوبەند و سەرسەری، هیچ شتێک نەئەبوو بە بەربەستی حەز و هەوەسی. لەو جۆرە کەسانەی پێیان وایە جیهان سەروبەر بۆ بەدیهێنانی هەوەسەکانی ئەوانە، ئەگەر هەیە. تەنگجیهان؛ بەو پێیەش کاڵ و کرچ و نەمەییو و، لە کۆتاییدا پادەرهەوا و خۆنەگر، بەو جۆرەی کە لە گیروگازی هەموو کار و کردارێکدا، دەست و پێی ڕەفتاری -مناڵانەیان- ون ئەکەن. بەو شێوەی کە شەیدا لەم کاتەدا بوو.

خۆیشی نەی ئەزانی چۆن بڕوانێتە شێرۆ و ئەگەر پێش هات چۆنی لەگەڵ بدوێ. خۆزگەی جەربەزەیەک تا لە بۆشبوونی خۆی، بێ ناسنامەیی سروشتی خۆی تێبگات. بەڵام وانەبوو. جەربەزە و بوێری لە گیانی بلْح و یارەمەز، مایە و ڕواڵەتی خۆدەرخەری هەیە. جا بۆیە لە شەیدای بونداردا، کارامەیی ڕەوشت -یان جەربەزە- نەی ئەتوانی بوونی هەبێ. بەڵکوو لەبری جەربەزە و توانای ڕووبەڕوو بوونەوە، تامەزرۆییەکی درۆیین و قاچاندن زۆر بەهێز و زۆردارتر بوو. چونکە ئەم جەوانە ساویلکەیە، کە سمێڵی بۆر ببوو و لە دوورەوە بەرچاو نەئەکەوت و گۆناکانی بە هۆی قەڵەوی گەنجێتیەوە خەریک بوو پەرداخت ببێ، تەنانەت دەرفەتی بیرکردنەوە و گومانکردنیشی بە خۆی نەئەدا، چ بگات بەوەی بکەوێتە تۆژینەوە سەبارەت بە ژیانی خۆی. بۆیە ئەوەی کە لە پەیوەندانەوەی خۆی بە بنەماڵەی کەلمیشیەوە بۆی ئەگەڕا دوو ڕووی نموودی ڕەوشتێکی نزم بوو. یەکیان ئەوەی کە دڵسۆزیی بلْقیس بورووژێنێ و یەکیش ئەوەی کە مەگەر دیسانەوە بە چاو و برۆ شێرۆ فریو بداتەوە. لە کاتێکا خۆیشی

بڕوای بەو درۆیە نەبوو بە خۆی و بەوانیتری ئەگوت لەم کاتەدا.

هەڵسا، لە ئەندێشەی ئەوەدا کە چۆن زمانە چەورەکەی بخاتە گەڕ. چ بە بینینی شێرۆ، چ بە بینینی بڵقیس. بەڵام ئەو هەلەی بۆ نەڕەخسا. چونکە تەنوورەی تۆز و دوومانی سێ سوار کە بەرەو ڕەوەند ئەهاتن، لە بن ئەستوندەکی ڕەشماڵەکەدا بە ترس و دڕدۆنگیەوە ڕایگرت.

بڵقیس کە ئەیوت تۆزی سمی ئەسپەکانی بە بۆن هەست پێکردووە، سەری لە دەریزانی ڕەشماڵەکە هێنایە دەرێ و بۆ ئەوەی بتوانێ جوان سەیر بکات، هاتە دەرەوە و بە نابەدڵی بەرەورووبیان چوو و وەستا. دەسبەجێ، بە بێ شاردنەوەی دڵەڕاوکەی خۆی، شێرۆش هاتە دەرەوە و چاوی بڕییە سوارەکان و لە یەک کاتدا زیوەر و سەمەنیش گەیشتنە خەمی مەیدان ئاسای ڕەشماڵەکان، تا کێ بن تازە گەیشتوان و بۆ چ کارێک؟

خانمحەمەد.

لە ناو گەیشتووەکاندا، خانمحەمەد و عەبدۆس خۆیی بوون و ئەوی دی تفەنگدار بوو لەگەڵیان. کە بڵقیس نە بە ناو ئەیناسی و نە بە ڕوخسار. خانمحەمەد دەسکەوساری دا بە دەست تفەنگدارەکەوە و لە پێش خاڵۆیەوە، بە چاک و چۆنیەکی کورت، بە ناو ژنەکاندا تێپەڕی بەرەو ڕەشماڵی مەزن. کابرای تفەنگدار کەوتە گەڕاندنی ئەسپەکان و وشککردنەوەی ئارەقەیان. عەبدۆس لە ناو ژنەکان ڕاگیرا بە چاک و چۆنی و هەواڵپرسی. خانمحەمەد بە بینینی شەیدا، تۆزێک لە بەرامبەریدا وەستا، ڕۆژباشی لێکرد و چووە ژوورەوە:

ــ بۆ لەوێ وەستاوی؟!

تا عەبدۆس لە چاک و چۆنی ببێتەوە، خانمحەمەد لای سەری باوکیەوە دانیشتبوو و سەیری سەبرخانی ئەکرد کە خەوتبوو. بەر لە بڵقیس، عەبدۆس و شەیدا هاتنە ژوورەوە. عەبدۆس یەکراست چوو بۆ لای کەلمیشی و لای شانی پیرەمێرد دانیشت کە هەروا بە ڕوودا خەوتبوو. شەیداش بەرەو سەبرخان هەڵکشا و لەوێ لای ئەستوندەکی ناو خێوەتەکە شوێنێکی بۆ دانیشتن دۆزییەوە. خانمحەمەد نەک بە

ڕەخنە بەڵام بە تاڵی چاوی بڕییە ناوچاوی دایکی و وتی:

ــ ئاخرەکەی کاری خۆت کرد، ئەریٚ؟!

بڵقیس بە بیٚ وەڵامی کوڕەکەی لیٚی پرسی:

ــ بەرچاییتان خواردووە؟

سەمەن دەستی تەموور بە دەستیەوە هاتە ژوورەوە و کوڕەکەی بەرەو خانمحەمەد برد. بەڵام بیٚهوودە چاوەڕوان بوو تا پیاوەکەی بە ڕووی خۆش و پیٚکەنینەوە مناڵەکەی بگریٚتە باوەش. خانمحەمەد کوڕەکەی لای دەستی خۆیەوە دانا و دریٚژەی قسەکەی بە بڵقیسی وت:

ــ بەڵایەکی وات بە سەر هیٚناوە بە زیندویٚتی دەرباز بیٚ؟!

بڵقیس کترییە بەتاڵەکەی دا بە دەست سەمەنەوە و وتی:

ــ زیندوو و مردووی بە دەست من نییە. من ئەو کارەی لە دەستم هاتووە، کردم. تفەنگدارەکەشت دیارە برسیە؟

خانمحەمەد لە سەر دەست و چۆک بەرەو سەبرخان چوو و وتی:

ــ ئەمانە ئەگەر تیٚریش بن، هەر برسین. بڕۆ نانی بدەریٚ با بیخوا!... تۆ چۆنی سەبرخان؟... گوڵمحەمەد زۆری لیٚ ئەپرسیت! داوای کرد بچیت بۆ قەڵامەیدان چاوی پیٚت بکەویٚ. بەڵام بەو جۆرە خۆ...

سەبرخان بە قورسی چاوی هەڵیٚنا، لیٚوە بارگرتووەکانی بە نەرمی بزواند و وتی:

ــ تەمەنی دریٚژ بیٚ، گیانی سڵامەت. بەڵام من... من... ئەوەتا... یاو... ئەترسم سیٚبەرۆم گرتبیٚ!

ــ تۆش لە خۆتەوە ئەندیٚشەی سەیر ئەکەی؟ بەڕاست...

لەپڕ، وەک تازە هاتبیٚتەوە بیری، خانمحەمەد پرسی:

ــ ئەی ڕانەکە چی؟ کیٚ پەزی بردووە بۆ دەشت؟!

بڵقیس بە نیگا شەیدای پیشان دا و وتی:

ــ هەڤاڵەکەی شەیدا، پیاوی بوندار، دلاوەر!

ــ دلاوەر؟!

لە پرسیارەکەیدا، خانمحەمەد لە شەیدا ورد بوویەوە. شەیدا بە نەرمیەکی مەرایی کەرانە، وای دەرخست کە بوندار لە ترسا، دلاوەری

لەگەڵ خستووە و دەسبەجێ ڕوونی کردەوە کە دلاوەر ئەگەڕێتەوە بۆ قەڵاچیمەن:

ــ چونکە لەوێ کار زۆرە. زەماوەنی ئەسڵان لەبەرە، لە بەر ئەوە...

لەم کاتەدا، شەیدا کات و شوێنەکەی بە لەبار زانی تا بانگێشتنەکەی بوندار لە گوڵمحەمەد خانی سەردار، براکان، خانئاپۆ و هەموو ئەو کەسانەی خۆیان پێیان خۆش بێ، بۆ خانمحەمەدی کەلمیشی دووپات بکاتەوە؛ سەرەڕای سەرنج نەدانی خانمحەمەد خان:

ــ هەرچەند قوربان بەلووچ پێشتر هاتۆتە خزمەتتان، بەڵام باوکم حەزی ئەکرد منیش بێم و بەڵێنتان لێوەربگرم کە... ئەبێ...

ئەگەر خانمحەمەد قسەکەی پێ نەبڕیایەت، کوڕێ بوندار بەگوێرەی ئەوەی کە نەی ئەتوانی سەری گوتەکەی بهێنێتەوە یەک، یەکسەر هۆی گرنگی هاتنەکەی خۆی ـترس لە جیهەن خانی سەرحەدیـ باس ئەکرد. بەڵام خانمحەمەد ڕابوو و بە ناوچەوانی گرژەوە چووە دەرەوە و بڵقیسی لە لای مەشکەی ماستەکە بینیەوە:

ــ ئەم هەموو کەس و ناکەسە کێ ئەینێرێ بۆ ناو ڕەشماڵەکانی ئێمە؟!

بڵقیس کە تا ئانیشک دەستی کردبوو بە ناو مەشکەی ماستەکەدا، سەرگەرمی کاری خۆی، وتی:

ــ منیش ئەمەم لە کوڕی بوندار پرسی!

ــ بۆ نەتگێڕانەوە؟!

ــ لەسەر سفرەکەم؟

ــ دلاوەر خۆیی نییە، کەسی ئێمە نییە. ئەو ویستبووی گوڵمحەمەد بکوژێ!

خانمحەمەد لە ڕقا بە دەوری خۆیدا سووڕا و ددانی لە کیرەوە هێنا:

ــ ئەترسم بیکوژم!

بڵقیس ماستی لە مەشکەکە دەرهێنراوی کردە ناو قاپەکە، ملی هێزەکەی بەستەوە و بە دەم هەڵسانەوە وتی:

ــ ئەو دوژمنەی بەرەوڕووت دێ ترسی نییە، لەوە بترسە کە نایبینی!

لە دەرەوەی دەریزانی ڕەشماڵەکەی سەبرخان، تفەنگدارەکە دانیشتبوو و خەریکی لەتکردن و خواردنی نان ساجی بوو. بڵقیس چوو بۆ لای و خانمحەمەد بە دوایدا. بیمێنێ بۆ لای تفەنگدارەکە، خانمحەمەد وتی:

ــ خاڵۆ عەبدۆس لەمڕۆوە لێرە ئەمێنێتەوە!

بڵقیس وتی:

ــ زۆر چاکە، کاریشمان پێیەتی! باوکت پێموابێ لەمەولا بتوانێ یارمەتیمان بدات... تۆ خۆت پارووەیەک ناخۆی؟

ــ ئێستە نا. نان بۆ ناوڕێم بپێچەوە.

ــ مەگەر ئەڕۆی؟!

دەستەکانی تفەنگدار قاپی ماست و ڕۆنەکەی لەدەستی بڵقیس فڕاند و بە دەمی پڕەوە، داوای چای کرد:

ــ چاش... دایە. خوا خۆشت بکات بۆ ئێمە!

بڵقیس لە گەڕانەوەدا، وتی:

ــ ناومەتە سەر، خواتان لێ ڕازی بێ ئێوەش!

خانمحەمەد دایکی بردە ناو ڕەشماڵەکەی خۆی و لەکات دانیشتندا وتی:

ــ ئیتر چ کارێکی هەیە ئەم کوڕەی بوندار؟!

بڵقیس وتی:

ــ ئەبێ دیسانەوە جیهەنخانی سەرحەدی پەیدای بووبێتەوە. باوکی شەیدا ناردوویەتی لێرە لە بن چاودێری ئێمەدا بێ. لە ڕاستیدا پەنای هێناوە لێرە خۆی بشارێتەوە.

خانمحەمەد بە دوای ڕامانێکی کورتدا، بە بێ ئەوەی گرێی ناوچەوانی بکاتەوە پرسی:

ــ دوێشەو تا کوێ چوویت بە دوای کچەکەتدا؟ خانئاپۆ تا بەرەبەیان لێت گەڕابوو.

ــ لە خۆڕا بە دوامدا گەڕاوە. کەسێکە دایکی لە ماڵ دەرئەکات خۆ ئیتر کەسی بە دوادا نانێڕێ!

ـ کەس تۆی دەرنەکرد. بۆ قسەی وا ئەکەی؟ ئێمە ئەو کچەمان دەرکرد!

بڵقیس کە لە سەیرکردنی کوڕەکەیدا ناوچاوی تێک نابوو، ساتێک ڕاما و پاشان وتی:

ـ ئەو کچە؟! کامە کچ؟!... ئەو کچە کچی منە! شێرۆ، خوشکی تۆیە، خوشکی گوڵمحەمەدە! بۆ ئەبێ لە ماڵی خۆی دەربکرێ؟!

ـ ماڵی خۆی؟!

بە دوای پرسیارە ناتەواوەکەی خۆیدا، خانمحەمەد خامۆش بوو و سەری داخست و پاش تاوێک، هەر بەو جۆرەی کە بوو، بێدەنگیەکەی شکاند و پرسی:

ـ ئێستە لە کوێیە؟!

دایکی دەسبەجێ وەڵامی دایەوە:

ـ لێرەیە!... لای خۆم!

خانمحەمەد زۆر لای سەیر نەبوو، چونکە دایکی خۆی ئەناسی و دڵنیا بوو بەو شەوە کچەکەی لە بیاباندا بەڕەڵڵا نەکردووە. سەرەڕای ئەمەش ئەیویست ئەرخایەن بێ. بڵقیس ئەوا چاوی لە دەمی کوڕەکەی بوو تا چی بڵێ و ناڕازایی خۆی بە چ شێوەیەک لە کاردانەوەی ڕقاویدا دەرببڕێ. خانمحەمەد بەڵام سەرەڕای توند و تیژی خۆی، ئەمجارەیان هەڵنەچوو، بەس بە دژواری و ڕاشکاوی وتی:

ـ جێی ئەو ئێرە نییە!

بڵقیس دەرفەتی بە مشتومڕ نەدا، هەڵسا و وتی:

ـ کە وا بوو جێی منیش لێرە نییە!

گورجتر لەو، خانمحەمەد هەڵسا و ناخودئاگا پێی کوتا بە زەویدا و نەڕاندی:

ـ ئەوە ئەڵێی چی؟!

بڵقیس ئاوڕی لە کوڕەکەی دایەوە و بە دەم ڕۆیشتنەوە بە تۆراوی وتی:

ـ من هیچ ناڵێم. ئێوە ئەڵێن! بەس ئێوە ئەڵێن، ئێوە بوون بە

سەردار!

خانمحەمەد بە دوای دایکیدا ڕۆیشت، ددانەکانی لە کیرەوە هێنا و تووڕە و ڕق ئەستوور -بەڵام نەک بەو جۆرەی تفەنگدارەکە تێبگات- ئەیوت:

ــ ئێمە خۆمان گرفتاریمان کەم نییە، وایە؟ ئێمە خۆمان سەرئێشەمان کەم نییە. دوژمنەکانمان کەم پیلانمان بۆ ساز ناکەن! ئەمانە بەس نییە بۆمان؟ ئەمانە، ئەم گیر و گرفتانە، ئەم بەزمانەی بە سەرمانی ئەهێنن! ئەوەتا گوڵمحەمەدیان بانگ کردووە بۆ مەشهەد. لە بەڕێوەبەرێتی گشتیەوە بانگیان کردووە. ئەویش منی ڕاسپاردووە بچم بۆ ئەوێ. خەریکن دەورمان ئەتەنن، دایە! وەک پشیلە کە ئەیانەوێ لە سووچێکا گیری لێ بهێنن!... ئەیانەوێ لە ناومان بەرن. بووین بە شاخ و ئەچین بە چاویاندا. تێ ئەگەی؟! کارەکە ئیتر لە دزی و کوشتن و تۆمەت تێپەڕیوە. بە یاخیبووی دژی حکوومەتمان دائەنێن. ئێمە ئیتر بەرامبەر بە حکوومەت ڕاوەستاوین، دژایەتیمان لەگەڵ چوار ئاغەی گەنخۆر نییە. گوێت لە منە؟!

لەبەر دەرگای ڕەشماڵەکە کە شێرۆ خۆی داشاردبوو، بڵقیس خاوی کردەوە و لە وەڵامی خانمحەمەددا، وتی:

ــ بۆیە هەر هەمووتان کارەکانی دنیاتان بەجێ هێشتووە و لە قاچ و قولی خوشکەکەتان ئاڵاون؟!

شێرۆ ئەوا هاتبوویە دەرەوە و وا دیار بوو ئەیویست کارەکە یەک لایی بکاتەوە. لای شانی دایکی وەستابوو و هەموو توانای خۆی بەکار هێنابوو بۆ ئەوەی بوێرێ نیگای لە نیگای خانمحەمەد گرێ بدات. خانمحەمەد تووش ببوو و بە نیگایەک کە ئەتوت ئارەقەی کردووە، خێسەی لە خوشکەکەی ئەکرد. بڵقیس ترپەی لێدانی دڵی کچەکەی ئەبیست و بۆ چاوترووکانێکیش لە کوڕەکەی خافڵ نەبوو. بەڵام خانمحەمەد نەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ بە سەر خۆیدا زاڵ ببێ. لە کاتێکا بە قوڵپی تووڕەییەوە، وەک ژیژک، چاوی لە شێرۆ بڕیبوو، لەپڕ پەلاماری دا:

ــ دڕوو لە چاوم ئەچەقێنی، کاولی!

لەگەڵ شێرۆ، بڵقیسیش کشایەوە ناو ڕەشماڵەکە و لە ئاستانەی دەرگاکەدا بەرامبەر خانمحەمەد کە وەکوو هەڵۆیەکی پەلاماردەر بۆ نێچیری داهاتبێتەوە، وەستا. خانمحەمەد دەرفەتی هێرشی دووبارەی پەیدا نەکرد، چونکە بڵقیس بە ڕاشکاوییەکی نامۆوە خەنجەری لە بەر پشتێن دەرهێنا و بەوپەڕی جەربەزەوە لە چاوەکانی خانمحەمەد مۆڕ بوویەوە و وتی:

ــ ئەگەر نەتوانم دەس لە کوڕەکەم بەرز بکەمەوە، خۆ ئەتوانم خۆم هەڵدڕم!

شێت بوون مەگەر چییە؟ لێرەدا لە سەر خانمحەمەد بوو ئاوەزی بێتەوە بەر و بکشێتەوە. کە خۆیشی، سەرەڕای ئەو هەموو تووڕەییە، شیری لە مەمکی ئەو دایکە خواردوە و خوێنی لە گیانی ئەم دایکەیە. هەرچەند پیاو ئەبێ سەرە بێ، بەڵام نەک سەرە لە بەرامبەر دایکیدا. بۆیە سەرشۆڕی نییە کشانەوە لە بەرامبەر بەژنێکدا کە گەوهەری هەموو سەروەکانی سەرزەمینە؛ کۆڵدان نییە سەر داخستن لە بەرامبەر نیگایەکدا کە ڕێی بەرەو هەتاوی ئەوینە و؛ بەزین نییە دابەزین لە بەرامبەر توانایەکدا کە هێز و وزەی هەموو پیاوانی جیهانە. جا با گرژیی چەلەنگی ڕق بە بڕوی کۆنی دایکەوە، نەژاکێ و هەر بمێنێ ئەو دفرە و بڕوا پیرۆزە، با هەر خودایی بکات، چونکە گەورەترین شانازییە مرۆڤ دایکێکی ئاوهای هەبێ. تەنانەت ئەگەر پێویست بێ لە تەمەنی خۆت بگریتەوە و بیخەیتە سەر تەمەنی ئەو:

ــ من ئەچم بۆ مەشهەد، دایە. خاڵۆ عەبدۆس لێرە لاتان ئەمێنێتەوە! من بۆ ماڵاوایی هاتبووم بۆ ئێرە!

هێڵی تەپ و دوومانی پاش ئەسپەکان، لەپڕ، یاڵ و باڵی سوارەکانی لە چاوی بڵقیس ون کرد و دایک کە خۆی لە دەرەوەی ڕەوەند بە تەنها بینیەوە، دەستی نایە سەر چاڵی سینگی و بە دەنگێکی کپ و وشک لە گەرووی‌دا وتی:

ــ دامە دەس تۆ کوڕەکەم، خوایە گیان!

عەبدۆس کە لە ڕەشماڵەکەی کەلمیشی هاتبوویە دەرەوە، ئەوا

بەرەو خوشکەکەی ئەچوو. داتەکاو و تۆزێک دانووشتاو، بە چاوانی برێک بە قووڵاچوو و، قژی زیوینی لە بن کڵاوەکەیەوە هاتبوویە دەرەوە. شاقەلەکانی کەوا سەڵتەکەی لە چۆکی ئەدا و ڕائەوەشا و ڕێ ڕۆیشتنەکەی هێشتاش شێوازی پێ هەڵگرتنی شوانان بوو و، چاوەکانی لە نیگای بڵقیسدا، لە شینی تۆخەوە، کەوگی ئەکردەوە؛ دارەتێکی مارالّ کاتی غەم یا نەخۆشی.

بڵقیسیش خەریک بوو سەری لە کارکردن سووک ببێ و هەستی ئەکرد پێویستی بە ئاخافتن و وتووێژ لەگەڵ براکەی هەیە لەپاش ساڵانێکی درێژی دووری. چونکە ئەوەندە لە دڵیدا کۆ ببوویەوە لە چاک و خراپی ڕۆژگار، پێویستی بەوە هەبوو تاوێک لە بن ڕەشماڵەکەدا پێکەوە دابنیشن بۆ خواردنەوەی چایەک و دەردەدڵێکی دوور و درێژ، لەگەڵ سەیرکردنی سەر و قژی برای بە تێری.

ـ کترییەکە بنێرە سەر با بکوڵێ، شێرۆ!

دانیشتن. عەبدۆس شاقەلی کەواکەی لە ژێر پێی ئازاد کرد. نیوە جگەرەیەکی داگیراند و بە کاوەخۆ کەوتە دوو:

ـ دەی بڵێ بزانم... باسی خۆت بکە!

بڵقیس دەستی نایە سەر پشتی دەستی و وتی:

ـ ئەوەتانێ بۆ خۆت ئەیبینی، ئیتر چی بڵێم؟ ڕۆژگار ئەم بزوێنێ.

عەبدۆس دووکەڵی جگەرەکەی لە لووتیەوە دایە دەرەوە و وتی:

ـ کاری کوڕەکانت گرتوویەتی، چاوی پیس کوێر بێ!

بڵقیس بە ئەفسووس و مایەیەکی تەوساوی بزەیەکی کرد و لە وەڵامدا وتی:

ـ هەر لەمەی ئەترسم، لەمەی کە کارەکەیان گرتوویەتی. بەخت و مەترسی دوو باڵی شاهۆیەکن کاکەگیان! مەترسی بە سەر سەری کوڕەکانمەوە باڵەفڕێیەتی. لەمە ئەترسم و هیچیشم لە دەس نایەت.

ـ باسی بوورینم گوێ لێ بوو.

ـ چاو و دڵم بەرایی نادا، عەبدۆس. ئەترسم!

ـ ترسی ئەوەی کە حکوومەت ناجوامێریان لەگەڵ بکات؟

ــ چاوەنواڕییەکی تریشت هەیە لە پیاوی دیوان؟

عەبدۆس لەسەرخۆ سیگارەکەی کێشا و وتی:

ــ نەء، تا بووە هەروا بووە. مرۆڤ نابێ پشت بە پیاوی دەوڵەت ببەستێ. نەء!... پشتی بە کێ و کوێیە گوڵمحەمەد؟!

بڵقیسیش درێخ لە گوتەیدا، وتی:

ــ خۆزگە خۆیشی ئەیزانی پشتی بە کێ و کوێیە! دەستێکی بە دەستی جووتیارانەوەیە و دەستێکیشی بەستراوە بە ئاغەکانەوە. ڕێگە بە جووتیار ئەدا بە دڵی خۆیان باژوون و لەو لاشەوە لە سەر سفرەی ئاغەوات دائەنیشێ. ئاغەکان زیز ئەکات و جووتیار ئەترسێنێ. دوودڵ، دوودڵ! سەرم سووڕماوە لە کاری گوڵمحەمەد!

عەبدۆس پرسی:

ــ ئاخرەکەی چی؟ یاوەرەکانی چ ڕێگەیەکیان خستۆتە پێش پای؟

بە تەوسەوە بڵقیس پێکەنی و وتی:

ــ جووتیار و ڕەشایی چاوی لە گوڵمحەمەدە ڕێگەیان بۆ دابنێ! جووتیار گوڵمحەمەدیان خۆش ئەوەی، براگیان... بەڵام ئاغەوات... ئەوان بە گومانی من نایانەوێ سەری گوڵمحەمەد بە سەوزی ببینن. لە سەر زەوی بە سەوزی نایانەوێ. بەڵام وا خۆیان پیشان ئەدەن هاونمەکن. وای دەرئەخەن لایەنگرین و بە کات و سات ڕێگەی پێ پیشان ئەدەن! تا توانیان گوڵمحەمەدیان ڕووتاندەوە و لێیان خوارد و ئێستەش دەوریان داوە و ئەیانەوێ بوورینی بۆ وەربگرن. پەیام بە دوای پەیام بۆی ئەنێرن، پارە بهێنە با بوورینت بۆ وەربگرین. دیسانەوەش ئەیانەوێ بیدۆشن، دیسانەوەش... ئای عەبدۆس. چیت بۆ بڵێم؟! پارەی گوڵمحەمەد لە لای ئالاجاقی و سێ مەن بار و چوار پارچە کەلوپەل و فەرش و ڕایەخیش کە هەیەتی وا لە هەمارەکانی ئالاجاقیدا و کلیلەکەشی لای بونداره. ئەوەتانێ ئالاجاقیش وای پیشان ئەدا سوود و چاکەی گوڵمحەمەد لەوەدایە پاکانە بکات. لە هەزار ڕێوە لێی هەڵپێچاوە دیسانەوە پارە بهێنە با بوورینت بۆ وەربگرم!... لە مەشهەدیشەوە پەیام گەیشتووە. نازانم چی ڕووی داوە لەپڕ هەموویان کەوتوونەتە پاراستنی گیانی کوڕەکەی من؟!

عەبدۆس دەسبەجێ و بێ دوودڵی وتی:

ــ ترس؛ ترس! گوڵمحەمەدی تۆ تۆقاندوونی، خوشکێ. ئەیانەوێ سەری دانەوێنن و ناوبانگی بخەوێنن. خۆشناوی بۆ پیاو مەترسیەکی قەبەیە! مەترسی بۆ خۆی و درکی چاوی دوژمنەکانیەتی. بەو قسانەی کە کردت وا پێئەچێ گوڵمحەمەد خەریکە دۆست و دوژمنی خۆی جیا ئەکاتەوە؛ دۆست و دوژمنی خۆی ئەناسێ. جووتیار چاویان لەوە، ئاغەواتیش چاوی بینینی ئەویان نییە! بۆیەشە ئەیانەوێ سەرەتا گوڵمحەمەد ڕابکێشن بۆ ڕیزی خۆیان، بەڵام ئەگەر نەیانتوانی ئەوسا... دیارە ڕێگەیەکیر ئەگرنە بەر!

بڵقیس ڕوانیە براکەی کە قسەکەی خۆی بە نارِوونی کۆتایی پێ هێنابوو و وتی:

ــ ئەگەر نەتوانن گوڵمحەمەد ڕابکێشن بۆ جەرگەی خۆیان، ئەوسا دیارە خرِ سەری ئەبرِن و لە سەر سینەی دای ئەنێن، ئەرێ؟!

شێرۆ چا و پیاڵەی هێنا و لە بەردەمیان داینا. عەبدۆس قنچکە سیگارەکەی لە ناو خۆڵەکە کۆژاندەوە و بە بێ نیگاکردنی چاوەکانی بڵقیس وتی:

ــ ئەو ڕۆژە نەیەت، خوشکێ... نەیەت ئەو ڕۆژە!

شێرۆ بۆ تێکردنی چا دانیشت و بڵقیس نیگای لە سەر خاکەکە، وتی:

ــ ئەگەر ئەو ڕۆژەش بگات، بەرخی نێر بۆ سەربرِینە براگیان! من چاوم لەوە نییە کورِەکانم تاسەر بمێنن، عەبدۆس. من... من هەر کامیانم بە قەد هەر دوو چاوم خۆش ئەوێ، بەڵام چاویشم لەوە نییە تا سەر بمێنن. دەردم ئەوەیە کە کورِەکانم بە زەلیلی سەر ببرِن، یان ئەوەی کە لە پشتەوە خەنجەریان لێبدرێ. ئەوە حەجمانم لە بەر ئەبرِێ. لەو ناپیاو و ناجوامێرانە ئەترسم کە زۆر نموونەیانم بینیوە، یان بیستوومە. لە ناپیاوی ئەترسم.

چاوەکانی دایک فرمێسکی تێزا و نەیتوانی و نەیویست ڕێ لە داباریني ئەسرین و گریانە خامۆشەکەی خۆی بگرێ. چونکە نزیکی و

هاودەمی، هاودڵی و خۆیی بوون لەگەڵ براکەی دەرفەتی ئەوەی ئەدایە کە بڵقیس بۆ تاوێک گیانی گیرۆدەی خۆی دەرباز بکات. لەو بێدەنگیە خەمناکەی کە کەوتبوویەوە، بە دەم سڕینەوەی نمی چاوەکانی بە لۆی سەرپۆشەکەی، بێ ئەڤان و وەک لەگەڵ خۆی بێ، وتی:

ــ ئەی لەو گەنجانە! لەو گەنجانەی من بارم هێنا... لەو گەنجانە!

عەبدۆس وتی:

ــ لە خۆتەوە ئەندێشەی نابەجێ مەکە، چاکەت بخۆرەوە!

بڵقیس پیاڵەکەی نایە بەردەستی براکەی و وتی:

ــ کوڕەکانم ئێستە لە کوێن؟ گوڵمحەمەد ئەمڕۆ لە کوێیە؟ تۆ هیچ ئاگات لە کاری هەیە؟

عەبدۆس یەک دوو دەنک مێوژی خستە دەمی و وتی:

ــ گیرۆدەی فەرتەنەکەی نەجەف سەنگردییە. ئەوەندەی ئاگام لێبێ ڕۆیشت، ئەو فەرتەنەیە بخەوێنێ.

بڵقیس نەفرینی کرد:

ــ خێر نەبینێ ئەم نەجەف سەنگردییە کە بەڵا لەو چاوانەی ئەبارێ.

زیوەر نان ساجیەکانی لە سەر دەست هێنایە ژوورەوە و لە سەر باوڵ و جێوبانەکە داینا. سێبەرەکەی کوڕی بوندار کە لە دەرەوەی دەریزانەکە بە دەور ئەستوندەکی ڕەشماڵەکەدا سەرگەردان بوو، بڵقیسی ناچار کرد بانگی بکاتە ژوورەوە بۆ چا خواردنەوە. شەیدا هاتە ژوورەوە و دانیشت. زیوەر وەک مێروولە لە ڕەشماڵەکە خزایە دەرەوە و ڕۆیشت بۆ ئامادەکردنی کەلوپەلی چێشت لێنان. بڵقیس پیاڵەیەک چای نایە بەردەستی شەیدا و بۆ ئەوەی گەردی غەریبی لە دڵ و ڕوخساری جەوان ڕامالێ، وتی:

ــ دڵتەنگ مەبە دایکەکەم، دڵتەنگ مەبە!

شەیدا لە بن نیگای پرسێنەری عەبدۆسدا دەستی بۆ پیاڵەکە برد و وتی:

ــ هەمیشە کە لێرە ئەمامەوە، کارێکم هەبوو، سەرم گەرم بوو. بەڵام ئەمجارەیان بێکارم، بەرهەڵدام، نازانم بۆچی لێرەم! لەحنەت لەم

ترسە!

عەبدۆس ئاشنا بە ئەنگێزەی شەیدا و بوونی بەردەوامی تارمایی جیهەن خانی سەرحەدی لە بیر و ویژدانیدا، بەڕاست و گاڵتە وتی:

ــ ئەوە خۆ خۆفی نییە! پێکەوە ئەچین بۆ ڕان، من و تۆ. کار ئەوەندە زۆرە، لێشمان زیادە!

شەیدا چاکەی خواردەوە و وتی:

ــ دلاوەر پێویستە بگەڕێتەوە بۆ قەڵاچیمەن. کاروباری زەماوەن... خۆ پێشتر وتم! بەڵام من؟! لەحنەتی خوا لەم...

ــ دلاوەر؟!... ئەو لێرە چی ئەکا؟!

عەبدۆس لەگەڵ پرسیارەکەی خۆی، چاوی بڕییە خوشکەکەی. بلقیس سەری ڕاوەشاند و وتی:

ــ لەگەڵ کوڕی بوندار هاتووە. ئەگەڕێتەوە بۆ قەڵاچیمەن!... شێرۆ، یارمەتی خاڵۆت بکە نان و ئاو بۆ خۆی بنێتە یەک!

عەبدۆس ئامۆی کار و پیشەی خۆی -بە بێ گوتنی وشەیەکیتر- بۆ تەیارکردنی ئاو و نان و نواڵە، ڕابوو و ڕۆیشت تا خۆی ئامادە بکات. شێرۆش بە دوای خاڵۆ عەبدۆسدا چووە دەرەوە. بلقیس پیاڵەکەی شەیدای پڕ کردەوە، نایە بەردەستی و پرسی:

ــ چ ترسێکت لە جیهەن خان هەیە تۆ؟

ــ لێی ئەترسم دادە. جارێک سەرشۆڕانە فڕاندمیان. بەڵام من توانیم هەڵێم. دڵنیام ئەگەر ئەمجارە بکەومە بەر پلیان، بە زیندوویی لە قەڵای بازخان ناگەڕێمەوە. قین وشترین ئەمانە، دادە. ئەترسم. نازانم بۆچی منیان بۆ قوربانی ئەمکارە دەسنیشان کردووە؟! نازانم! ڕاستەکەت ئەویش پەنام بۆ ئێوە هێناوە. ئاخر... جیهەن خان دیسانەوە لەو دەوروبەرە پەیدا بۆتەوە. گوایە چاوپێکەوتنی هەیە لەگەڵ گوڵمحەمەد لە چاخانەی هیممەتئاوا یان سوڵتاناوا. ئێوە ئاگاتان لێ نییە؟!

بلقیس بە وشکی وتی:

ــ لەتۆ زیاتری لێ نازانم!

لە ناو دەریزانی ڕەشماڵەکە، عەبدۆس ئەبینرا دێت بۆ لایان. توربێن

بە پشتیەوە و دار بە دەستیەوە. شەیدا بەر لەوەی کابرای شوان بگاتە بەر ڕەشماڵەکە پرسی:

ــ ئێستە من چی بکەم دادە بڵقیس؟ نامەوێ جگە لە خۆت کەس بزانێ کە من لەترسی جیهەن خان هاتووم بۆ ئێرە، مەگەر گوڵمحەمەد. جا ئێستە چی بکەم؟!

بڵقیس پیاڵە بەتاڵەکانی کۆ کردەوە و چاوی لە باڵای ڕاوەستاوی عەبدۆس لە ناو دەریزانەکە، بە شەیدای وت:

ــ لەگەڵ براکەم بڕۆ! بڕۆ بۆ لای ڕان!

شەیدا هەڵسا و بڵقیسیش. شەیدا دارە دەستی لە بڵقیس وەرگرت و بیستی:

توربێن و شتومەکیش لە دلاوەر وەربگرە. ئەو خۆ نامێنێتەوە، وایە؟

ــ وایە! دلاوەر ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ قەڵاچیمەن.

بڵقیس تا دەرەوەی ڕەشماڵەکە لەگەڵ شەیدا چوو و بە زمانی نیگا دایە دەست براکەی. عەبدۆس هەڤاڵی خۆی پەیدا کردبوو و دیار بوو لە ئەندێشەی خۆیدا خەریک بوو هەڵی ئەسەنگاند. شەیدا لە بەر چاوی عەبدۆسدا پاژنەی گیوەکانی هەڵکێشا و بەرەو تێرەکەی خۆی چوو. شاڵ و جل و پووزەوانەی لێ دەرهێنا و توربێنی کرد بە سەر دارەکەوە، داری نا بە شانیەوە و بەرەو عەبدۆس کشا تا لەگەڵی ببێ بە هاوڕێ.

ــ دەستی عەلی لەگەڵتان بێ.

بە دۆعای بڵقیس پیاوەکان کەوتنە ڕێ. سێبەرەکانیان بەرەو ڕۆژئاوا.

دلاوەر گەڕایەوە، سێبەری بەرەو ڕۆژهەڵات.

ئێوارە داهاتبوو. دلاوەر بەس دارەدەستێکی پێبوو. توربێن و شتەکانیتری بەجێ هێشتبوو بۆ شەیدا. زۆر ماندوو نەبوو، کاتێک گەیشت. یەکسەرەش چوو بۆ ڕەشماڵەکەی سەبرخان و کەلمیشی لێ کەوتبوو.

سەبرخان بە هۆش بوو و هاتبوویەوە بە خۆیدا و وا دیار بوو یاوی لە لەش دەرکردووە. کەلمیشی بەڵام هەروا بە دەما خەوتبوو و بەس

چاوێکی دیار بوو کە بە خواری ئەیڕوانی. هەیڤۆ هێشتاش لە سووچی ڕەشماڵەکە دانیشتبوو، وا پێئەچوو خەریکی دروستکردنی دەرمانی گیایی بوو.

کاتی هاتنەوەی دلاوەر، ژنەکان لە ڕەوەند دەرکەوتبوون. ڕەنگە بۆ پڕکردنی جەوەنەی ئاو، چووبوون بۆ سەر بیرەکە. یان بۆ هێنانی دار و چیلکەی وشک. یان... هەرچی چۆن بێ، دلاوەر لە هاتنەوەیدا نەیانی بینی. یانیش ڕەنگە بوون و ئەو هەستی پێ نەئەکرد. چونکە ئەگەر بوایەتن، نەئەشیا بلقیس نەبینرێ. بۆیەش بوو دلاوەر ڕاستەوخۆ بۆ ئەو ڕەشماڵە چوو کە ئەیزانی پیاوەکان لەوێ خەوێنراون.

شەکەتی و یاوی پڕووکێنەر شوێنەواری خۆی لە سەر ڕوخساری هێدی و ئارامی سەبرخان دانابوو. ڕوخساری پیاوەکە داتەکابوو و کشاوتر ئەهاتە پێش چاو. پاڵی دابوو بە جێوبانەکەوە، باسکی نابووە سەر چۆکی، سەری دانەواندبوو بۆ بەر سینگی و پەنجە کشاوەکانی داشۆڕابوون. شانەکانی دەرپەڕیبوو و ملی بەرزی بە ناو شانەکانیدا ڕۆچووبوو. هاتن و دانیشتنی دلاوەری بە چاک و چۆنیەکی ئارام وەرگرتبوو و دوای ئەوە بێدەنگ ببوو. وەک بڵێی دڵی لە دەروون و بیری لە لای خۆیەتی.

دلاوەر بە بێ زمانی ئاخافتن و ناتوانا لە شاردنەوەی هەستی بێگانە بوونی، دانیشتبوو و هەوڵی ئەدا بەڵکوو خۆی لە شەڕی نیگای ئەو تاقە چاوەی کەلمیشی ئاسوودە بکات. ئەو کارەی کە پێ ئەچوو بۆی نالوێ. کەلمیشی نیوەی ڕاستی ڕوومەتی لە سەر سەرینەکە خەواندبوو و بتەوێ نەتەوێ چاوی چەپی بە خواری ئەیڕوانیە نیوڕوخی بەخۆر برژوای دلاوەر؛ بەرادەیەک کە کابرای شوان هەستی ئەکرد نیوەی چەپی ڕوخساری گڕی گرتووە. چارەش نەبوو. دلاوەر لێرە بوو، پێی خۆش بێ و پێی ناخۆش بێ. لەوەدا بوو تووشی پەشیمانی ببێ و تەنانەت بشەڵەژێ. دلاوەر لە ڕەوەندی کەلمیشی بوو و بە ڕێکەوت لە بەر تیرێژی تێپەڕی نیگای ڕووتی کەلمیشیدا دانیشتبوو.

چارەی داماویی دلاوەر، ڕەنگە گۆڕانی هەوای قورسی ناو ڕەشماڵەکە بوو کە ئەو تێیدا گریکی لە بەر بڕابوو. ئەو هەوایەش بە ڕاوەشاندنی

سەرێک کە ڕۆژباش ئەکا و دێتە ژوورەوە ئەگۆڕا، یان دەستێک کە پیاڵە چایەک بنێتە بەردەستی. لە ئەنجامدا و بە مسۆگەری ڕزگاربوونی ئەیتوانی لە گوتەیەکدا بێت کە دلاوەر خۆی دەری ببڕێ، ئەگەر بیتوانیبا. ئەو کارە بەڵام نەئەگونجا. تەنانەت هەر ئەوەندەی کە لەمەوەبەر وشەی لا بوو و دەسەڵاتی بە سەریدا ئەشکا، ئەو چوار وشەش لە مێشکی تەرابوو. گریمان بهاتایەتەوە بیریشی، بەڵام کامە وشە و بە کامە بارەوە؟ باری کامە کار؟ کامە دیدار؟ باسی چ بابەتێک، چ ڕووداوێک، چ کارەساتێک؟

رانەکەی بردبوو بۆ سەرئاو و پاشان دابویە بەر بەرەو بیابان، لەوەڕاندبووی، نان و شیری خواردبوو و بارێک چاڵووکی دابوو بە سەر پشتی کەرەکەدا. شەیدا و عەبدۆس گەیشتبوون. جەوەنە و سفرە و توربێنی دابوو بە شەیدا و خۆی گەڕێنرابوویەوە بۆ ناو ڕەشماڵەکان و ئەبوایە بەرەو قەڵاچیمەن ببێتەوە. دلاوەر وای کردبوو و کوڕی بوندار وتبووی:

«خوات لەگەڵ!»

«پەیامێک... کارێک؟!»

«بە باوکم بڵێ کاتی زەماوەنەکەی ئەسلان ئەمەوێ لە قەڵاچیمەن بم!»

«بە سەر چاو... لای ئێوەم خۆش!»

«خوات لەگەڵ!»

ئیتر چی؟ هیچ. عەبدۆس بە بیانووی کۆکردنەوەی پەزەکان، چاوی لە چاوی دلاوەر دزیبوویەوە و چووبوو بە دوای کاری خۆیدا. وامەزانە پێشتر دەزگیرانی کچەکەشی بووبێ. وامەزانە ڕۆژانی لینج و مۆری زیندان، کاتە سڕ و چەقیوەکانی ئەودیو دیوارە نسرمەکانیان پێکەوە تێپەڕاندبێ و، وامەزانە ئەو ژیانە دوور و درێژەی بەر لەمەیان پێکەوە هەبووبێ.

نەء! عەبدۆس ئەوەندەی کە دەرئەکەوت بێ پەیمان و بێبەزەیی نەبوو. بەڵام مسۆگەر شتێک ڕووی دابوو کە بڕوا پێکردنی لە لای دلاوەر زۆر دژوار بوو. دیاربوو عەبدۆس ئەیەوێ لە بن باری پەیوەندییەکی

دێرین خۆی بدزێتەوە و ڕۆژگاری گورگ و بیابان و بەفر، ڕۆژگاری درک و هەتاو و کەشەنگ لە بیر بکات. دلاوەر بینیبووی عەبدۆس تێ ئەکۆشی هەندێ لە ئالْقەکانی پەیوەندی بپچڕێنێ. هەوڵ ئەدا ئەو ڕشتانەی ژیانی عەبدۆس و دلاوەری لێک گرێ دابوو، بشارێتەوە و لە بن خاک بینێژێ. دلاوەر تێگەیشتبوو عەبدۆس ئەیەوێ ڕێگە بە دەربڕینی سۆز و بەزەیی خۆی بگرێ. بەڵام نەی ئەتوانی بڕوا بەمە بکات، دلاوەر. چونکە دلاوەر نەی ئەویست بە خۆی بسەلمێنێ لە بەستێنی ئەم ژیانەدا هەندێ شت ون بوون و هەندێ شتیتر دۆزراونەتەوە. نەی ئەویست بڕوا بەوە بکات کەسانێک گەنجێتیان دۆزیوەتەوە و کەسانێکی دی گەنجێتیان ون کردووە.

دژواری کاری دلاوەر دۆزینەوەی دووبارەی خۆی بوو لە ئاژاوە و هەرا و هوریای ئەم لافاوەدا. دژواری کار، بەدەستهێنانەوەی خۆی و شوێنی خۆی و سروشتی پەیوەندییەکانی خۆی بوو لە ناو هاوکێشەکەدا. دژواری تێگەیشتن و بڕوای ئەوەی کە ئەو لە تەوەری ژیان وەلا نراوە و، هەر کەسیتریش بوایەت لەبری ئەو، هەر ئەو چارەنووسەی ئەبوو. لەوە بگەڕێ کە عەبدۆس بەو ساناییە توانیبووی لەگەڵ ژیان و زەمانە بگونجێ. چونکە عەبدۆس یەکێک بوو و، دلاوەر یەکێکی دی. عەبدۆس بێ تیرە و باوان نەبوو، بەو جۆرەی کە دلاوەر بوو. کە دلاوەر سامان و باوانی لە پەیوەند و تێکەڵبوون لەگەڵ عەبدۆس و هاوسەرێتی ماراڵدا ئەدۆزییەوە و دەس ئەکەوت. سامان و باوانێک کە تان و پۆی لە ناو کەلمیشیەکاندا بوو، بە نرخی بێگانە کەوتن و بێ کەسی دلاوەر.

ــ بە دوای چیدا ئەگەڕی تۆ، دلاوەر؟

لەگەڵ پرسیارەکەی کەلمیشی کە دەنگێکی کپی هەبوو، هەیڤۆ پیاڵە و کتری چای لەبەردەست دلاوەردا دانا و خۆی چووە دەرەوە. دلاوەر کە هەر لەم کاتە کورتەدا ئەم پرسیارە نەکراوەی هەزار جار لە زمانی خامۆشی کەلمیشی بیستبوو، نەیتوانی لەوە زیاتر بێ خۆف و بێگانە بمێنێتەوە. بۆیە لە وەڵامدا، ڕووی کردە کەلمیشی و نیگای لە نیگای پیرەمێرد گیراند. کەلمیشی کە پێ ئەچوو هاڵاوی یاوی لە تەنها

چاوەکەیەوە تەنوورە ئەکێشێ، دەسبەجێ و بە جەختەوە لێی پرسیەوە:

ــ بە دوای چیدا ئەگەڕێی تۆ، دلاوەر؟ ها، بە دوای چیدا؟!

دلاوەر وتی:

ــ بە دوای ڕانەکەدا ڕۆیشتبووم، مامە کەلمیشی!

کەلمیشی ئانیشکەکانی بردە بن سینەی، چەناگەی خستە سەر مشتەکانی، هەموو ڕوخساری کردە دلاوەر و بە بێ هەوڵدان بۆ کردنەوەی پێڵووە خەوتووەکانی، لە کابرای شوان مۆڕ بوویەوە و وتی:

ــ ئەمیر ئەرسەلانیش ئەگەر چوار کراس زیاتری بدڕاندایەت، نەئەچوو بە دەور و خولی قەڵای بەردەباراندا بگەڕێ!

لەو دارەتەدا خۆی پێ ڕانەگیرا، هەنیەی نایە سەر سەرینەکە و وتی:

ــ ئەی...ی! ئادەمیزادی شیری خاو خواردوو!

دەنگەکە ئەتوت لە کۆتەیەکی دێرین بەرز ئەبێتەوە. دلاوەر وشیاری گوتەی پیرەمێرد سەیری سەبرخانی کرد. ئەتوت داوای یارمەتی لێ ئەکات. سەبرخان ئارام و میهرەبان ئەماژەی بە دلاوەر کرد چاکەی بخواتەوە. جاڕس و بێ ئوقرەی بوون و نیگای کەلمیشی و، لە بێدەنگیەکی ئارەقڕێژدا، دلاوەر دوو پیاڵە چای داخی نا بە سەرەوە و ئیتر ڕانەوەستا. چۆکی ڕاست کردەوە و لە ڕەشماڵەکە کە ئەچووە دەرەوە لەگەڵ خۆی و مەبەستی، ئەویتر وتی:

ــ لوێچێ ئاو بدەم بەو ماینە، کاتی ڕۆیشتن!

بیرەکە لای سەرەوەی ڕەوەند بوو و دۆڵچە و گوریسیشی ئەبوا لێبێ.

ــ بۆ کوێ ئەڕۆی؟!

سەبرخان بوو لە بەر دەریزانی ڕەشماڵەکەدا وەستابوو، بە چاوی بەقووڵا چوو، ڕیشی ئاڵۆسکاو، چۆخە بە شانیەوە و شاڵێک لە دەور ملیدا. دلاوەر پێی سست کرد و بن لەغاوی ماینەکەی توند ڕاگرت. چاوەکانی سەبرخان لە قووڵایی کالانەدا پرتەپرتیان بوو و داوای وەڵامیان ئەکرد. دلاوەر وتی:

ـ ماینەکە ئەبەم بۆ سەرئاو!

سەبراو بەرەو دلاوەر چوو و وتی:

ـ نەکا لەپڕ بدا لە سەرت و بە بێ ئاگا بڕۆی!

لە نیگای پرسای دلاوەردا، سەبرخان لێی نزیک بوویەوە و بە کپی وتی:

ـ قسەکانی پیرەمێرد کارت تێ نەکا! بوغزی هەیە، هەر لە خۆیەوە قسە ئاکا. هەروا ڕووشکێنە!

دلاوەر دەسکەوساری دا بە شانیدا، سەری ڕاوەشاند و وتی:

ـ نا... نا... خۆ منالٚ نیم!

خۆر لە پشت شانی دلاوەرەوە خەریک بوو دائەچوو. ئەسپ و دلاوەر سێبەرێکی بڵیند و کشاو لە بەردەمیاندا بوو و پێیان لە سێبەری خۆیان ئەنا. ژنانی ڕەوەند بەرەو ڕوویان ئەهاتن بە دوای چوارپێکاندا. مەڕدۆشی پڕ لە ئاو بە سەریانەوە و جەوەنە بە شان و بن باخەڵیانەوە. ئێوارە بە تەوێڵیانەوە بوو و ڕووناکی خۆر بە ناوقەدی مەڕدۆشەکانەوە تاودانەوەیەکی درەوشاوەی هەبوو.

ئەو دیمەنە، هەندێ شتی ئەهێنایەوە بیری دلاوەر. ژنان، ژنانی ڕەوەند.

ژنان، مەڕدۆش بە سەر، لە ڕان دوور ئەکەونەوە. ژنان، ژنانی ڕەوەند.

ژنان، دانیشتووی خوار ئاوەکە، جلی پیاوان ئەشۆن.

ژنان، ژنانی ڕەوەند. بەڵام ئەی کوانێ، مارالٚ لە کوێیە؟

مارالٚ نییە، مارالٚ لەگەڵ و لە ناو ژنەکاندا نییە!

لە کاتی تێپەڕین لە بەرامبەر دلاوەر، بڵقیس سەری وەرگێڕا و وتی:

ـ بۆ ماینەکەی تۆش ئاومان هێناوە!

دلاوەر لە تیپەڕیندا وتی:

ـ خۆم ئەیبەم بۆ سەر بیرەکە، دایە. ئێوە بۆ ئەزیەتتان...

هەست بە تینوێتی و حەزی ئاو پەلکی لووتی ماینەکە کەوتە لەرزین. قەراخ بیرەکە، تەڕ و قوڕ بە ئاو، بەرامەی خاکی ورووژانبوو و ئیشتیای ماینەکەی زیاتر ئەکرد و تا دلاوەر دۆڵچەی ئاوەکە هەڵکێشێ

ماین نەی ئەتوانی لمۆزی لە خاکە تەڕەکە دوور بکاتەوە.

دلاوەر دۆڵچەکەی نایە بەر قەپۆزی ماینەکە و خۆی شڵپێک ئاوی هەڵگرت و دای بە دەموچاویدا. تامی سوێری ئاوەکەی لە سەر سمێڵەوە لە بن ددانیدا هەست پێکرد و زانی لە خۆڕا نییە ماینەکەی ماهدەرویش ڕاهاتووی ئاوی زەڵاڵ و ڕەوانی بەرماڵی بوندار، خەریکە سەر لە سەر دۆڵچەکە لائەبا. هەرچەند دیار بوو بە ناچار لمۆز لە ئاوەکە ئەدا بۆ دامرکاندنەوەی تینوێتی.

پەیجوری سەیرکردنی ئاوخواردنەوەی ماینەکە، دلاوەر لای دۆڵچەکە هەڵترووشکا و دەستەکانی وەک چەلیپا نایە سەر کەشکەی ئەژنۆی و لەو ئەندێشەیەدا بوو خۆزگە ڕابوەستایەت تا خەوش و خۆڵی ناو دۆڵچەکە بنیشێ. بەو جۆرەی کە ژنەکان مەنجەڵ و سوێنە پڕ لە ئاو ئەکەن و دای ئەنێن خەوش و خۆڵی بنیشێ. بەڵام ئەوا درەنگ ببوو و ئەسپەکە بە هەموو ئەو شتانەی لە ناو ئاوەکەدا مەلەی ئەکرد، تینوێتی یەکرۆژەی خۆی دائەمراندەوە.

بە دوور لەو ئەندێشەیە کتوپڕ و تاوگیرانە، ئەوی دلاوەری گیرۆدە کردبوو و لوولی دابوو، دوو حەز و دوو گریک بوو. دوو وزەی نەیار و دژ. ڕۆیشتن بۆ قەڵاچیمەن، یان دیداری ماراڵ؟ حەزێکی ملۆزم بۆ بینینی ماراڵ ڕای ئەکێشا. خولیایەکی ئاڵۆز ئاوێتەی ترس و دڕدۆنگی. کێشەرێک بۆ دەرخستنی هەستی سووکبوون و دەردمەندی خۆی. ئەرکێک کە بۆ خۆی دیاری کردبوو. ئەرکی دیتنی ماراڵ، ئیتر لە لای ببوو بە ئەرکێکی مێمڵ. ئەرک و تاسەیەک ئاوێتەی بەدگومانی و بێ بڕوایی. ئەرکی گەڕانەوە بۆ قەڵاچیمەنیش ئاوێتەی حەز و ناحەزی دلاوەر بوو. حەزی بەرەنجامی ترسی مانەوە لە ناو کەلمیشیەکان. ناحەز و ناڕازی لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و ڕۆیشتن لە ناو کەلمیشیەکان و نەدیتنی ماراڵ.

بۆ قەڵاچیمەن ئەکرا -نیو ڕۆژ زووتر یان درەنگتر- بڕواتەوە. ئەمە کارێک بوو کە ئەبوا بیکا. بەڵام مانەوە و چاوەڕوانی و، مانەوە بۆ بینین سات بە سات لە دلاوەردا سستتر و خاوتر ئەبوو. بە دوای ئەو پلار و تەوسەی کەلمیشی تێی گرتبوو، بەدگومانی و نابەدڵی دلاوەر بە خۆی و

مانەوەی زۆر پەرەی سەندبوو. کەوابێ ئەو شتەی دلاوەری خستبوویە سەر تێخی دڕدۆنگی ترس لە بوندار نەبوو. ترسی دلاوەر زیاتر لەو دواکەوتنەی خۆی بوو و هەستی بەوە ئەکرد دیداری مارالْ لێی قەدەخە کراوە و بیرکردنەوە لە دیداری مارالْ تاوانێکە بۆی هەیە سزایەکی قورسی هەبێ.

پێشتر دلاوەر وای بڕیار دابوو کە دەزگیرانی خۆی، یەکەمین و ڕەنگە دوایین ژن کە خۆشی ویستووە، بە هەر کلۆجێک بووە یەکجار و بە یەک نیگا ببینێ. بەلاّم ئێستە تێ ئەگەیشت کە بیری لەوە نەکردۆتەوە بینینی مارالْ، ڕەنگە گوتاریشی بە دواوە ئەبێ و ئەو نەی ئەزانی ئەبوایە چی بلّێ و ئەگەر ئەو دیدارەش دەس بدات، باسی چی لەگەلْ بکات؟

بیانوو؛ ئەمانە هەموو بەلاّم بیانوو بوون لەو کاتەدا کە دوودلّی وای لێکردووە بکشێتەوە و دلّی شەوقی تۆزی نائومێدی و بەدگومانی چڕێشی کردووە و ترس، باری بەدگومانی و دڕدۆنگی چەند چەندان پەرە پێ ئەدا. چەندەها جار ئادەمیزاد کێلّگەی پێشێلکراوی پەیمانی بێ ئەنجام، ئە پەیمانانەی زۆر جار لە خۆیدا و لەگەلْ خۆیدا ئەیبەستی و بەناچاری ئەو پەیمانە ئەشکێنێ لە پێناوی ڕێکەوتنێکی نوێدا. چەندەها ڕۆژ و کاژێر و ساتی خافلاّن کە مرۆڤ لەگەلْ خۆی ئەژی و هیچ غەمی نییە ئەگەر درۆیەک بە درۆیەکیتر نوێ ئەکاتەوە؛ دلّی بەوە خۆشە کە نیگایەکیتر نایبینێ.

ساکار خۆیا ئەکا ئەم خۆ تەفرەدانە. دژواری کار بەلاّم لەوێدایە کە ئادەمیزاد ناتوانێ خۆی ڕازی بکات. ناتوانێ یان نایەوێ نیگای شایەتی خۆی لە سەر خۆی بە هیچ بگرێ و گوێی نەداتێ. کارەکە ئەوسا ئاستەم ئەبێ کە ئەو کەسە بیهەوێ -بە بەلّێنی بێگفتی خۆی بە خۆی- بە پەیمانی بەستراوی ناو دەروونی خۆی پێبەند ببێ. لەم کاتەدا چ جایە چەندەها سەر بێ سەر ئەبێ!

دژواری کاری دلاوەریش لەم بابەتە بوو. دلاوەر باسی پەیمانەکەی خۆی لەگەلْ کەس نەکردبوو. ئەگەریش نیوەکارە بگەڕایەتەوە هیچکەس سەرکۆنەی نەئەکرد. بەلاّم ئەگەر وای بکردایەت لە خۆشی مسۆگەر ئەبوو کە جگە لە نۆکەری و گەدەگی بە ڕاستی شیاوی هیچیتر نەبووە.

کە ئەو جۆرە ڕەفتارە نەی ئەتوانی کارتێکردنی سووتێنەر و کوشندەی لە سەر دلاوەر نەبێ. نە مەگەر ئەوجۆرە نیشانانە کارسازی سازان و پەرداختکردن، یان کاولکەر و ڕووخێنەرن؟ ئەی لە کوێ و چ کات و لەکام تەنگژەدایە کە پیاو بە باوەڕی خۆی ئەگات؟ بڕوا بەخۆ بوون و دڵنیایی، ئەو زەمینەیە کە مرۆڤ ئەتوانێ لە سەری بوەستێ. لە بڕوای پەرێشانی خۆیدا، لە پەیمانی شکاویدا، چۆن ڕێ دەرئەکات؟

رووی کردە ڕۆژاوا. خۆر خۆی لە لەشی زەوی ئەساوی و پاشماوەی هەتاو دابووی لە گردە نزمە تۆزاوییەکانی پایزی دەمەو ئێوارە، پەلەپەلی بوو و دەوەنی گەون و چاڵووک لە تاریک و ڕوونی نامۆدا بەرجەستە خۆیایان ئەکرد. چوارپێکان و ڕەشماڵەکان لە سێبەری لێڵی ئێوارەدا ئەنیشتن و هاتوچۆی جارجارەی ژنان، خۆفی گەیشتووی شەوی پێوە بوو.

ماندوو و گرمۆڵە، دلاوەر بە دەنگی سمکوتی ئەسپان لەجێ ڕابوو و لای گوێ قوتبووەکانی ماینەکە وەستا بە سەیرکردنی ئەو پۆلە سواری بە نشێوی گردەکەدا ئەهاتنە خوارێ بەرەو ڕەشماڵەکانی ڕەوەندی کەلمیشی.

لە بەرەگەی تاریک و ڕوونی بیابانی تۆزاویدا، دیار نەبوو ئەم سوارانە پیاوی حکوومەتن، ڕێبواری ڕاگوزارن، یان پیاوانی خودی ڕەوەندن، هەرچەند دلاوەر ئاڵقەی چاوەکانی تەنگ کردبوو و تاوێک لە بینینیان خافڵ نەبوو. بەڵام ئاخرەکەشی هیچی دەسنەکەوت، تا ئەو کاتەی سوارەکان خاویان کردەوە و لە هەمان کاتدا گەیشتنە هاوتەریبی بیرەکە. لای دلاوەر مسۆگەر بوو ئەو ئەسپانەی کە بەو جۆرە لە ئارەقەدا خووساون، هیچ نەشارەزایەکیش نایان هێنێ بۆ سەرئاو؛ کە نەشیان هێنا.

سوارەکان ئەوا بە بەر بیرەکەدا تێئەپەڕین. بە نیگا و سەرنجێکی لەسەرخۆ، کورت و لە سیلەوە ڕوانیانە ماین و پیاو. بەس نیگای گوڵمحەمەد لە سەر دلاوەر چەقی و ئەوسا کە توانی خۆی لە چاوانی گوڵمحەمەد دەرباز بکات، توانی ماراڵ ببینێ بە سواری قەرەوە، کە تێپەڕیبوو و دلاوەر ئەیتوانی مناڵێک ببینێ بە چارشێو دابەسترابوو بە پشتی ماراڵدا. لەوانیتر، دلاوەر کەسی نەناسی و نەشی ویست بیناسێ.

چونکە هەڵسەنگاندنی سمت و لاقی قەرە بۆ ئەو حەز و تاسەیەکی لەوە زیاتری هەبوو کە خۆی بە کار و قەڵافەتی ئەوانی‌ترەوە خەریک بکات. مەگەر سەرنجدانی ناخودئاگای پیاوێک کە لە ناو تفەنگدارەکاندا جیاواز بوو. پیاوێکی دەست و قۆڵ بەستراو، بە سەر پشتی ئەسپێکی ڕووتەوە. بە بێ کڵاو و -رەنگە- پێخاوس. بە کراسێک بە ڕەنگی با کە زیاتر سپی ئەکردەوە. بەڵام ئەو شتەی ئەگەر نە نیگا، کە بیری دلاوەری بە خۆیەوە خەریک کردبوو، نە قەڵافەتی گیراوەکە و نە تەنانەت بەژنی بە سامی سەردار بە سەر پشتی بادییەوە، بەڵکوو ئەو مناڵە بوو کە بە چارشێو بەسترابوو بە پشتی مارالەوە. دوای ئەوەش شەودێز بوو کە بەو جۆرە هاتبوو بە خۆیدا و لەو جوانووە چەمووشە تیژ و بێ ئوقرەیەوە ببوو بەو ئەسپە پوخت و هێورە. چەندە خێرا تێ ئەپەڕێ ڕۆژگار!

لە وەردی دوومانی ناڵ و سمی ئەسپەکاندا، چاوی لە پشتی سوارەکان، دلاوەر شان بە شانی ماینەکە وڕ و کاس ڕاوەستابوو. لەو بەری سوارەکان، ڕەشماڵەکان بوون کە وەک بڵێی ئەهاتن بەپیریانەوە و لە پشت ڕەشماڵەکانیشەوە خۆر بوو کە ئیتر نەبوو، مەگەر نیشانەیەکی نامۆ لە ناو تۆزێکی سپی‌دا، وەک چاوی نەخۆش و سوورایی سروشتی خۆر لە پەڵەپەڵەی هەورە بڵاوەکاندا ڕەنگ و نیشانێکی هەبوو و ئاسمانیش لە سینەی کۆترێک ئەچوو جێ‌جێ خوێناوی بووبێ.

دلاوەر چی ئەکرد؟

لە کەمانی گۆڕەپانی ڕەوەنددا، سوارەکان ئەبینران لە ئەسپەکان دائەبەزن و هەر کامەیان بە کارێکەوە. زیاتریش هەر کەسە و بە گەڕانی یەک یان دوو ئەسپەوە خەریک بوو بۆ ئەوەی ئارەقەیان نمەنمە وشک ببێتەوە. سێ سوار بە سێ لادا داژووتن بۆ ئەوەی لە سەر یاڵی سێ گرد ببن بە کێشک. ئیتر هاتوچۆی ئەم و ئەو بوو بەملا و ئەولادا. بەژنەکان لێڵ بوون لە ئێوارەکات و لە لێڵایی ئێوارەدا. ئێوارە تەنگ ئەبێتەوە و لێڵ ئەبێ و ڕەش و تاریک. ڕەشتر و تاریکتر، بەو شێوەیەی کە شەو خەریکە بەر لە شەوانیتر دابێ.

ئەوا پەردەی شەو، شوورەی شەوەزەنگە. کابرای بیگانە، جیا بوویەوە.

جیا و تەرە. شەو زیاتر تەرەی ئەکات، بێگانەتر. کوێرە پەیوەندییەکانی دلاوەریش وردە وردە ئەبێ بە بن ڕەشایی شەوەوە و هەر لۆیەکی شەو دەستێکە و ئەنرێ بە سینەی کابرای شواندا و دووری ئەخاتەوە.

چی ئەبوا بکات، دلاوەر؟

نە بە خورتی و دلێری، وەک بڵێی لە ترسان و بە هەڵاتن سواری ماینەکە بوو و لەغاوی شل کرد. ڕوون بوو کە دلاوەر ئیدی نە لە گوڵمحەمەد هەڵدێ و نە لە ماراڵ و نە لە ڕەوەندی کەلمیشی؛ کە ئەو لە خۆی هەڵئەهات. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە خۆی نەبوو، مەگەر قاڵینگەیەکی ئاڵۆسکاوی بینراو و بیسراو و ئەندێشە و دردۆنگی و گومانەکانی بوو لە برگەیەکی ژیانی خۆیدا. کۆمایەکی لێک ئاڵۆسکاو بە پانا و قووڵاییەکەوە کە گەوهەرەکەی جگە لە ئەندێشەی بینینی ماراڵ و گومانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گوڵمحەمەد هیچیتر نەبوو. شتێکە خەریک بوو لە سنووری بێسنووری ئەندێشە -بەس ئەندێشە-دا بمێنێتەوە.

ئەی دلاوەر بۆ هاتبوو؟

ئەی دلاوەر پشتی لە چی کردبوو و هەڵئەهات؟!

وەستا، وەها لەغاوی کێشایەوە بۆ ئەوەی بوەستێ، کە سینەی ماینەکە دەرپەڕی، سەروملی شکایەوە و لە سەر سمی پاشەوەی هەڵسا و بەر لەوەی سمت و کلکی خاک بگرێ، دلاوەر لەغاوەکەی بەردا و خەمێک لە گەردنی ماینەکەدا، بەرەو ڕەوەند وەری گێڕا. شەوانگەی ڕەوەند، سێبەری دابوو بە گڕی ئاگر. لەو ڕووەوە کە لە ناو مەیدانەکە و لە بەر کەوانی ڕەشماڵەکاندا، خەرمانێکی ئاگر بەرپاکرابوو و وا دیار بوو لە دوو بەری ئاگرەکەوە دوو سوار بەرەو دلاوەر هاتبوون بۆ بردنی:

ــ سەردار تۆی ئەوێ!

بەدڵ و نابەدڵ، پیاوەکان و -ناوبەناو ژنەکان- لە خەرمانی ئاگرەکە کۆوە ببوون. دلاوەر کە هاتبوویە نزیکەوە، گوڵمحەمەد بە بەرزکردنەوەی دەست دایە دواوە و خۆی هەر بەو جۆرەی کە بوو، ئەیڕوانیە ئاگرەکە. ئەتوت ناتوانێ چاو و دڵی لە دڵی سووری ئاگرەکە بکاتەوە. یانیش نەی

ئەویست. چاو و دڵی نوقمی ئاگر.

لەو بەری ئاگرەکە و ڕێک ڕووبەرووی گوڵمحەمەد، نەجەف ئەرباب وەستێنرابوو لە نێوان دوو تفەنگچیدا؛ توغرول و عەلیخان چەخماخ. قۆڵی نەجەف ئەرباب هەروا بەسترابوو. پێی پەتی بوون، یەخەی کراسەکەی دادڕابوو و بەری دەستێک لە سینگی سپی ئەکردەوە. پرچە زەردەکەی خۆڵاوی و پەرێشان بوو و گۆنای سووری لە بەر گڕی ئاگرەکەدا ئەرخەوانی بوو و چاوە شینەکانی لە داخ و ڕقا ئەبریسکانەوە.

لەمبەر و ئەوبەر، ژنەکان وەستابوون لە پەنا شانی پیاوەکانەوە. مەگەر ماراڵ و هەروەها شێرۆ کە نەبوون، یان بوون و نەئەبینران. لە تاریکی دەریزانی ڕەشماڵەکە و شان بە شانی سەبرخان، ستاری پینەچی وەستابوو و لە ناو چاکەتەکەیدا خۆی کۆمەوە کردبوو و مۆڕ ببوویەوە لە بەزمەکە.

ماراڵ ئەوا ئەهات تا لە لای شووەکەی ڕاوەستێ؛ پشت و شانی ئازاد لە باری مناڵەکەی. پێئەچوو مناڵەکەی لە بن ڕەشماڵەکە خەواندبێ. دلاوەر ئەگەر توانا و جەربەزەی هەبوایە، ئەیتوانی بڕوانێتە بەژن و چاو و ڕوخساری ماراڵ. بەڵام ئەتوت لە قاڵبە سەهۆڵێکدا، هەرچەند بە لای ئاگرەوە، داڕێژراوە و وزەی بزووتنی نییە. لەبری دلاوەر، زیوەر بوو کە لە پشت شانی بەگمحەمەددا غووژی کردبوو و نیگای پڕ لە ئارەزووی بڕیبوویە بالای بتون و ڕوخساری مارال کە لە بەر یاری بڵێسەکاندا تاریک و ڕوونیەکی دڵخوازی وەرئەگرت و چاوەکانی لە بریسکانەوەی بڵێزەکەدا بە هەزار ڕەنگی هاوسنوور ئەدرەوشایەوە؛ هەرچەند لە نیگای گوڵمحەمەددا ئاگر بوو، نەک وازی ئاگر لە چاوەکانی مارالدا.

تەموور نزیکتر لەوانیدی لای خەرمانی ئاگرەکەوە وەستابوو و لقە نیوسووتەکانی چاڵووکی بە نووکی دارەکەی هەڵئەدایەوە ناو ئاگرەکە و جارجارە لای گۆڵە یەکچاوەوە هەڵئەترووشکا و ڕووی لە هالاوی ئاگرەکە وەرئەگێڕا و پێڵووەکانی لە دووکەڵی لوول خواردوو دائەخست و دیسانەوە دارەکەی لە ئاگرەکە ڕۆ ئەکردەوە.

پیاوێک، کۆڵێکیتر تەنگزە و چاڵووکی هێنا و خستیە سەر

خەرمانی گڕەمەشخەڵانی ئاگرەکە و خۆی کشایەوە. گڕ بڵێسەی سەند و وەستاوان، هەر کامە و هەنگاو - نیوهەنگاوێک کشانەوە. مەگەر تەموور کە بەس سەر و شانی کشاندەوە، بەو ڕادەیەی کە دەستەکانی چەقاندە عەرزەکە و کردنی بە کۆڵەکە. جگە لەو گوڵمحەمەد بوو نیگای چەقاندبوویە ئاگرەکە و وامەزانە ئەوە ئاوی چاوەکانی ئەوە کە بە گنجەکانی ڕوومەتیدا جۆگەلەیان بەستووە. ماندوێتی و بێدەنگی و، ئەم ڕاوەستانە درێژخایەنەی لە بەر پەلکەڕەنگینەی لوولی بڵێزە و ئاگردا ئەتوایەوە و چۆکی کەشەنگی پیاوەکان کە خەریک بوون سست ئەبوون و ئەگەر ڕێگەیان پێ بدرایەت دائەنیشتن و نەرمە نەرمە لە سەر خاکە نەرمەکە لێی ڕائەکشان.

ماراڵ دەستی برد بۆ بازووی گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا، ڕوانیە چاوەکانی ماراڵ و ناخودئاگا وتی:

ــ حەزم لێیەتی، زۆرم حەز لە ئاگرە، زۆر!

پاشان ڕووی کردە ئەوانیتر و وتی:

ــ بۆ هەموو بێدەنگن؟! بۆ دەمتان ناجووڵێ؟ شتێک بخۆن، کارێک بکەن! چا... چا لێبنێن! ئاجیل... شێو، شێو بخۆن. جگەرە بکێشن. مەڕێک بدەن بە عەرزا! چاوەڕێی چین؟ خۆ نەمردوون!... بێنن دیسان گەون و چاڵووک! تەنگز و کاوێر بهێنن! چ ئاگرێکە! دەک گیانم گیان! چگوورەکەت کۆک بکە بەگمحەمەد! کۆکی کە بەگەکەم!

ئەتوت لەپڕ گیانێکی نوێ لە ناو خوێن و دەماری پیاو و ژندا ژیایەوە. ئاڵقەی دەوری ئاگرەکە شەڵەژا و هەر کەس دەستی دایە کارێک. ئەوەندەی نەبرد کترییە ڕەشەکان کران بە دارەوە بە سەر ئاگردا. خوێن لە گەرووی پەروار فیچقەی کرد، جاجم و نمەد لە بەر ڕووناکی ئاگرەکادا ڕاخرا و لە دامرکانەوەی قرچەقرچی دەوەنەکاندا، بەگمحەمەد چگوور بەدەست هات بۆ لای براکەی و لە گوێیدا وتی:

ــ کێشکەکان ماندوون، ئەترسم خەویان لێ بکەوێ!

گوڵمحەمەد بە پێکەنینێکی شیرینەوە بە براکەی وت:

ــ ئەوەی ماندوو نییە، کێیە؟ یەکیانم پیشان بدە!

بەگمحەمەد چاوی گێڕا وتی:

ـ سەریان لێ ئەدەم و هەر ئێستە ئەگەڕێمەوە!

ـ خۆت ئەزانی!... غار دە!

بەگمحەمەد چگوورەکەی دایە دەست براکەی، لۆخەندانی توند کرد و بەرەو ئەسپەکەی تاوی دا. لە ڕێ بڕنەوەکەی لە زیوەر وەرگرت، خۆی هەڵدایە سەر ئەسپ و لە چاوترووکانێکدا تاریکی قووتی دا. گوڵمحەمەد پێکەنینێکی نەرم و خۆشک لە سەر لێوانی سەیری شۆپی بەگمحەمەدی کرد و لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ دەک مەرگت نەبینم برا!... چەندەم حەز ئەکرد خانئاپۆش لێرە بوایەت ئەمشەو. شیرین زمان و بەزمگێڕە خانئاپۆ!

ویستی وشەکەی -بەگومانی خۆی- بە سەیرکردنی چاوەکانی ماراڵ کۆتایی پێ بهێنێ. لەپڕ دلاوەر کەوتە بەرچاوی. وەک بڵێی ڕووی قسەکەی لەو بێ. گوڵمحەمەد نیگای لە سەر دلاوەر چەقی. بۆ ساتێک ئەتوت لە بیری چۆتەوە کە تاوێک بەر لەمە خۆی تفەنگداری بە دوای دلاوەردا ناردووە. هەروەها وامەزانە لەکاتی لادان بە لای بیرەکەدا بە نیگایەکی تێپەڕ دلاوەری ناسیبوویەوە و بە هەستی بوونی ئەو -ناخودئاگا- تووشی هەژانێکی نهێنی ببوو؛ هەرچەند وەک دڕکێک بێ لە پۆرگی ئەژنۆی وشترەکەیدا.

بۆیە لە بەر ئەوەی لە دلاوەر لابدا، بە گاڵتەیەکی نەزۆر ڕەوان وتی:

ـ دیسانەوەش پێک گەیشتین!

بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامێک لە دلاوەر بکات، درێژەی دا:

ـ کێو بە کێو ناگات، بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ ئەگات!

سەیری دلاوەری نەکرد تا کاردانەوەی گوتەکەی خۆی لە چاوەکانی ئەودا ببینێ و کۆتایی پێهێنا:

ـ لێرە بە... ڕاوەستە با بزانین!

ڕۆیشت و چوو بەرەو ئەو ڕەشماڵەی باوکی لەوێ خەوێنرابوو. لە سەر ڕێ، لە بەرامبەر باڵای داهێزراوی سەبرخاندا کە شان بە شانی ستار وەستابوو، هەڵوەستەیەکی کرد و بە هەمان خۆشی و شادییەوە،

کەوتە گاڵتەکردن:

ــ بۆ وا خۆتان کۆمەوە کردووە، ئێوە؟!... تۆ سەبرخان، ئەڵێی بەدەماخ نیت؟... نەخۆشی؟!

ــ ئێستە باشترم. وابزانم یاوەکەم شکاوە!

گوڵمحەمەد قۆڵی چۆخەکەی شوانی خزمی بە میهرەوە گووشی و وتی:

ــ شەرمەندەی زەحمەتەکانی تۆم، سەبرخان. ئەزانم، نرخت ئەزانم. خاڵۆ عەبدۆس دائەنێم لەگەڵت بێ. بارت تۆزێک سووک ئەبێ. ئێستەش ئەو چووە بۆ لای ڕانەکە، وایە؟

سەبرخان وتی:

ــ خاڵۆ عەبدۆس و... وابزانم کوڕی بوندار.

ــ شەیدات مەبەستە دیارە؟

ــ بەڵێ شەیدا!

ــ ئەی تۆ بۆ لێرە غەم دایگرتووی، ستار؟ پاروویەک بخۆ و لە لایەکەوە خۆت بدە بە عەرزا با ماندوێتیت بحەسێتەوە! زۆر کوتراوی ئەزانم!

ستار بە بێ وەڵام کەوتە دوای گوڵمحەمەد و بەر لەوەی گوڵ سەر بکا بە ڕەشماڵەکەدا، وتی:

ــ ئاگرەکە... گوڵمحەمەد خان؟!

گوڵمحەمەد ئاوڕی لە ستار دایەوە و بە شادیەوە وتی:

ــ خۆشە، ستار. جوانە، لە خۆریش جوانترە!... نییە؟!

ستار وتی:

ــ زۆر... بەڵام...

ــ بەڵام تۆ ئەخاتەوە بیری چیرۆکێکی ناخۆش، وایە؟ چیرۆکی بوژدنی؟

ــ نیگەرانم ئەکات، گوڵمحەمەد خان!

ــ منیش هەر ئەمە ئەڵێم! بەڵام ئەبێ ڕابێی ئیتر. هەرچی چۆن بێ... وشتر دزین خۆ بە کۆمەکۆم ناکرێ! وردە وردە ئەبێ ببی بە پیاوی

مەیدانی جەنگ! چارەیەکی تریشت نییە؟!... جگە لەوەش، بوژدنی پیاوێکی پیاوانە نەبوو. دزیش ئەتوانێ ڕێز و ئابڕوویەکی بۆ خۆی هەبێ. ئەو شیاوی ئەوەش نەبوو. سەگێکی گەنخۆر بوو، ڕاستەکەی چەقەڵ بوو.

ــ مەبەستی من شتێکی دی بوو، خان!

ــ دە پێم بڵێ! با بزانم ئەڵێی چی؟

خێرا و بە شێوەیەک کە تەوسێکی تیابێ، گوڵمحەمەد سەری بردە بەردەمی ستارەوە و بە ئەسپایی وتی:

ــ ئا، بڵێ با ببیسم!

ستار ئەیتوانی لە مایەی ڕەفتارەکەی گوڵمحەمەدی سەردار تێبگات. هەروەها ئەیتوانی شەوقی دەسەڵات و دفرە هەژاوەکەی ناخی هەست پێ بکات سەرەڕای ئەوەش بە شێنەیی و لە سەرەخۆ وتی:

ــ ئاگرەکە، سەردار! ئاگرەکە زۆر بڵێند و سەرکەشە. ڕەت بە دوژمن پیشان نادا؟

گوڵمحەمەد بە پێکەنینێکی جەوانسەرانە و هەستێکی وشیار، لە وەڵامدا وتی:

ــ حەزم لە ئاگرە، شەیدای ئاگرم!

ڕانەوەستا و بە تۆزێک کشانی قاچی، پێی نایە ناو ڕەشماڵەکە.

ستار بۆ ساتێک خۆی بە تەنها بینی. گەڕایەوە و سەبرخانی لە نزیک خۆیەوە بینی، بە بزەیەکی خامۆش بە سەر لێویەوە. ستار نەی ئەزانی چ هەڵوێستێکی هەبێ لە بەرامبەر پێکەنینەکەی سەبرخاندا، هەرچەند واتا شاراوەکەی ئەزانی. سەبرخان هاتە بەرەوە و لە لای ستار و بە ئاقاری نیگای ئەودا وتی:

ــ ئادەمیزاد... ئای... ئادەمیزاد!

ستار چاوی بڕیبوویە کڵپە و بڵێسەی ئاگرەکە، وتی:

ــ جوانە، بە ڕاستی جوانە! مرۆڤ تا کاتی مردنیشی هێشتا ناتوانێ لە سەمەرە بوونی دیاردەکان، هەرچەند بە ڕواڵەت سادەش بن، تێبگات! ئاگر ئەڵێم سەبرخان، یەکجار جوانە، وانییە؟!

سەبرخان وتی:

ــ زۆر... بە ڕاستی زۆر!... نازانم بۆ حەزم لەوەیە پۆل پۆل بە دەور ئەم ئاگرەدا هەڵپەڕن؟! بیری زەماوەن کەوتوومەتەوە. نازانم بۆ؟... دلم پێوەیە ئەمشەو شەوی گۆڤەندی بەگمحەمەد بوایە. یانیش... زەماوەنی شێرۆ! ئەمشەو ئەم ئاگرە، بووک و زاوای کەمە و دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا!

بە خۆشەویستیەکی برایانە و خزمانەوە، ستار ڕوانیە سەبرخان و وتی:

ــ چ حەزێکی گەش و پیرۆزت هەیە، سەبرخان. چ زەوقێکی خۆشت هەیە!

کاردانەوەی گوتەی ستار، گرژینەوەیەکی شیرین بوو بە هەموو ڕوخساری مات و چاوە بە قووڵاچووەکانی سەبرخانەوە. پاشان لە بێدەنگیەکدا کە ئاخافتنی ئەویست، وتی:

ــ گەشی خۆشە! شادی خۆشە، وەستا ستار! شەوق خۆشە، دڵخۆشبوون و سەرخۆشبوون بەهرەن. هەر لە سەرەتاوە شەوق و خۆشیمان کەم بووە ئێمە. لە سەرەتاوە!... جارجارە منیش شمشاڵم لێ ئەدا. زوو، زۆر زوو فێری شمشاڵ لێدان بووم. نەی! بەڵام نەلوا کە تاقە جارێکیش دەنگی شەوق و خۆشی لە زمانی ئەو بلوێرە ببیەم. نەکرا و نەبوو! ڕازی ئەو کارەشم نەزانی. نەمزانی کە نەمزانی! بەڵام چگوور... دەنگی چگوور، دەنگێکی ترە. ئادەمیزاد ئەبزوێنێ. ڕای ئەشەکێنێ. ئەیخاتە سەر شەوق! جا بەگمحەمەدی ئێمە ئەگەر شاد و لە سەر کەیف بێ، ئەم چگوورەی، -بێپیر- مرۆڤ ئەخاتە سەما. هەندێ جار کە دەنگی چگوورەکەی ئەبیسم باوەڕ بکە ئەگەر لە بەر شوورەیی نەبێ، حەز ئەکەم ڕابم و وەکوو لوولێکی سەرخۆش بکەومە هەلەکەسەما و هەڵپەڕکێ! بەڵام ئەم بلوێرە... ئەم بلوێرە ماڵکاولە ئەناڵێنێ و بەس ئەناڵێنێ!... تۆچی وەستا ستار؟ تۆ تا ئێستە بەو جۆرە هەڵچووی؟... یاو، وابزانم دیسانەوە گەرم داگیرساوم. پلم بگرە وەستا ستار:

ستار بەندی مەچەکی دەستی کابرای شوانی گرت کە بۆی ڕادێرابوو. دڵی پەنجەی خستە سەر دەمارەکە و باسکی دەستی خستە ناودەستی

و تینی گەرمای لەشی پیاوەکەی هەست پێکرد و وتی:

ــ پێئەچێ، گەرمە.

ــ خۆم پێ ئەزانم ئەوکاتەی کە یاوم بۆ دێ. تۆزێکیش تەزم پیادێ... ببورە وەستا ستار، داوای لێبوردن! بڕۆمە بن لێفەکە. ئەوەندەت نەزانی لەرز دایگرتم.

لە بێدەنگی هاودڵی ستاردا، سەبرخان شاقەلەکانی چۆخە کۆنەکەی کۆ کردەوە و نەرم و ئارام، وەک سێبەرێکی نامۆ و لێڵ خزایە ناو ڕەشماڵەکە و ستاری لای ئەستوندەکی خێوەتەکە بەجێ هێشت. ستار تاوێک لەوێ وەستا و پاشان بەو نیازەی کارێک بکات، بەرەو مەیدانی ئاگرەکە چوو. تێکەڵی پیاوەکان بوو کە مەڕێکیان کەوڵ کردبوو و کردبوویان بە دارەوە و بە سەر بڵێزەی ئاگرەکەدا ئەیان سووڕاند و لە بێنە و بەرەی گۆشت برژاندندا، ڕوخساریان بە هاڵاوی ئاگرەکە سوور داگەڕابوو و دایسابوو و ئارەقەی کردبوو.

لە تاریک و ڕوونی مەیدانی ئاگرەکە، هەر کەسە و بە کارێکەوە خەریک بوو، بۆ ئامادە کردنی چا و نان و چێشتی شێوان. ڕاخستنی زیلۆ و سفرە و دەستاودەست کردنی نان ساجی. ڕیز کردنی پیاڵە و دەمکردنی چا و هێنانی دەوری و بابیە و سینی. هێنانی گەورەترین سینی بۆ ئەوەی مەڕەکەی بە ساخی لە سەر دابنێن. نەجەف ئەربابی سەنگردی بە شانی بەستراو، یەخەی دادڕاو و پرچی پەرێشان و پێی پەتیەوە، لە نێوان دوو تفەنگچیدا، لە بەر ئاگرەکە ڕاگیرابوو و هەرچەند هەوڵی ئەدا نەیخاتە خۆی، بەڵام دیار بوو شەکەتی و کوترانی ڕێگە زێدە لە سووکایەتی و بێڕێزی خەریک بوو لە پێی ئەخست. ستار بە نزیک بوونەوە لە مەیدانی ئاگرەکە هەستی کرد نەجەف ئەرباب خستوویەتیە بن نیگای خۆی و چاوی لێ خافڵ ناکات. ستاریش بۆ ئەوەی خۆی بە کارێکەوە خەریک بکات دەسکی دارەکەی لە تفەنگدارەکە وەرگرت و لەگەڵ ئەویتر کەوتە سووڕاندنی مەڕەکە بە سەر ئاگرەوە. بەڵام نەجەف ئەرباب بۆ ساتێکیش چاوی لە ستار نەئەترووکان:

ــ هۆی... وەستای پینەدۆز!

بە دەنگی نارەزای نەجەف ئەرباب، ستار کە شانی دابوویە کارکردن، سەری بەرزکردەوە و ڕوانیە نەجەف ئەرباب. نەجەف ئەرباب بە بێ ترس لە کێشکەکان وتی:

ــ ئەی بۆ نامکوژن؟!... ئەم ئاغەی تۆ تا کەی ئەیەوێ بە چاوەڕوانی ڕامبگرێ؟

ستار هەروا ئارام بوو. نەجەف درێژەی دا:

ــ ئەو کارەی کە ئەیەوێ ئەنجامی بدا ئاغەکەت، هەر ئێستە بۆ نایکات؟!

ــ تا ئێستە دیوتە یان بیستووتە پیاو، میوان لە سەر سفرەکەی خۆی بکوژێ؟

دەنگ، دەنگی گوڵمحەمەد بوو. ستار و نەجەف بەرەو دەنگەکە وەرگەڕان و نەجەف بە بێ ئەوەی لە هاتنی کتوپڕی گوڵمحەمەد داچڵەکابێ، بە تەوسەوە وتی:

ــ میوان؟! واتە من لێرە میوانم؟!

گوڵمحەمەد لە تاریک و ڕوونی شەوەوە هاتە بەر ڕووناکیەکە و وتی:

ــ گومانت لەوە هەیە؟

نەجەف نەک بە کرنۆشەوە، وتی:

ــ لە پیاوەتی تۆدا... نا! بەڵام لە میوان بوونی خۆمدا، ئەرێ! ئەی تۆ لە کوێ بینیوتە یان بیستووتە شانی میوان شەتەک بدەن و چەندین فرسەق بە سەر ئەسپی ڕووتەوە بیگەڕێنن؟! ئێستەش لانیکەم بڵێ با قومێک ئاوم بدەنێ قوزەڵقورتی بکەم مەڕیش بەر لەوەی سەری ببڕن تۆزێک ئاو ئەکەن بە گەروویدا!

ئاویان هێنا و گوڵمحەمەد فەرمانی دا دەست و قۆڵی نەجەف بکەنەوە. نەجەف ماندوێتی لە دەست و بازووی داتەکاند و قاپی ئاوەکەی نا بە سەرەوە. قاپەکەی دایەوە و بە چاوە خڕ و شینەکانیەوە لە گوڵمحەمەد مۆڕ بوویەوە. گوڵمحەمەد وەک بڵێی وەڵامی نیگاکەی نەجەفی دایەوە:

ـ خۆزگە تۆیش بەر لە خنکاندنی ئە دوو جووتیارە هەژارە بە دووکەڵ، قومێک ئاوت بکردایەت بە گەروویاندا، ناکەسی ناچیزە!

نەجەف بە بێ شەرم و پەشیمانی، بە هەمان دڕی وتی:

بوون و نەبوونی دوو جووتیاری سک برسی هەر ئەوەندە لە لای من نرخی هەیە کە ئەو دوو جەندەرمە لە لای تۆ! چۆنە کە ئەو جۆرە ئادەمیزادانە لە لای تۆ بە قەد کارێکیش نرخیان نییە؟!

گوڵمحەمەد وەڵامی نەدایەوە. نەجەف وتی:

ـ ئەمەوێ دانیشم. ناتوانم خۆم بە سەر پێوە ڕابگرم!

دوو تاتە بەردیان هێنایە بەرەوە و نەجەف ئەرباب، بە قاچی بەستراوەوە لە سەر بەردەکە دانیشت و وتی:

ـ من شاتمانی خۆم هێناوە. جا تۆش خۆت ئەزانی. ئەتەوێ بکوژە و... ناتەوێ بکوژی، مامەڵە ئەکەین. خوێنی هەر جووتیار بە سەد تمەن. خۆ زۆرتر نییە؟ باشە، بادوو سەد تمەن بێ!

گوڵمحەمەد تووڕەییەکەی خۆی وەرگێڕا بو گاڵتە و وتی:

ـ ئەگەر بتەوێ بەو جۆرە هەڵەخەرجی بکەی، میراتەکەی خوالێخۆشبوو حاجی عەبدولعەلی ئەدەی بەبادا! ئەوەی با هێناویەتی مەیدە بە دەم باوە، نەجەف ئەرباب!

ـ مەگەر تۆ جگە لەوە شتێکی تریشت ئەوێ؟!

جارێکیدیش گوڵمحەمەد بزە گرتی و وتی:

ـ خۆت ئەیبڕیت و خۆشت ئەیدووریت، زۆر چاکە! بەڵام تۆ... ئەرباب، منت لەگەڵ کێ لێ تێکچووە؟ لەگەڵ بوژدنی؟!... کە تۆ جووتێرەکانت بکوژی و منیش پارەی خوێن بابیەکەیان وەربگرم و ئیتر تەواو؟!... نەخێر کوڕی حاجی عەبدولعەلی، ئەو جۆرە دادگەرییە شیاوی هی وەک تۆیە. من... نە خوێنبایی خەڵکت لێوەرئەگرم و نە ئەشتکوژم!

ـ ئەی چیم لێ ئەکەی؟

گوڵمحەمەد بە لای ئاگرەکەدا دوو سێ هەنگاو هات و چوو و پاشان وتی:

ـ ئەتبەم بۆ زەماوەن!

ــ ئەمبەی بۆ زەماوەن؟!

گوڵمحەمەدنیگای لە چاوەکانی نەجەف ئەرباب چەقاند و وتی:

ــ ئا، بۆ زەماوەن! زەماوەنی کوڕی بوندار، لەگەڵ خۆم! مەگەر تۆ بانگ نەکراوی بۆ زەماوەنی کوڕی بوندار، لە قەڵاچیمەن؟

ــ تۆ لە کوێوە ئەزانی؟!

ــ من هەموو شتێکی ئەم مەڵبەندە ئەزانم!

زیوەر چەند نان ساجی لە سەر سینیەکە دانا و سینیەکەی پاڵ پێوە نا بۆ لای ستار و کابرای تفەنگدار، کە خەریکی برژاندنی مەڕەکە بوون. گوڵمحەمەد وتی شیوی نەجەف ئەرباب زووتر ئامادە بکەن و ڕووی کرد نەجەف ئەرباب و وتی:

ــ هینی وەک تۆ لە زەماوەنی کوڕی بوندار زۆر ئەبن، زۆربەی خان و بەگەکانی ئەم ناوچەیەی بانگ کردووە، بوندار!

نەجەف ئەرباب وەڵامێکی ڕوونی بۆ تەشەرە دوو چزوەکەی گوڵمحەمەد نەدۆزییەوە، بەڵام بە هەمان چاودڕاویش کە چاوی لە چاوی گوڵمحەمەد گیراندبوو، نەمایەوە. سەری داخست و نیگای لە خاکەکە مۆڕ کردەوە و چووە ناو خۆیەوە. ڕەنگە لە ڕووەوە کە بۆ ساتێک توانی خۆی بەو بیچم و قەبارەوە لە نێوان کۆمەڵێک لە دەوڵەمەندان و ئاغە و ناسراوەکانی مەڵبەندەکەدا بینی و گومانی ئەم سووکایەتی و سەرشۆڕییە، خۆی ڕوانگەیەکی غەمبار بوو بۆ نەجەف ئەربابی میراتگری حاجی عەبدولعەلی سەنگردی. دیار بوو کە حاجی سوڵتانخوردیش، بەو جۆرەی کە لێی ئەوەشایەوە، لە ترسی کەلمیشیەکان لەیلێشی لەگەڵ خۆی بردبێ بۆ زەماوەنەکەی قەڵاچیمەن؛ ئەو چاوانەی کە نەجەف ئەرباب حەزی نەئەکرد لەو دارەتەدا ئەو بیبینێ.

زایەڵەی دەنگی تەلەکانی چگوورەکە بە یاری نینۆکەکانی گوڵمحەمەد، نەجەف ئەربابی هێنایەوە بە خۆیدا. هەر لەم کاتەشدا بەگمحەمەد گەیشت و لە ئەسپەکەی دابەزی، دەسکەوساری ئەسپەکەی دا بە دەست محەممەدڕەزای گوڵخانم و خۆی هات بۆ لای کاکی و وتی پاش شێوکردن کێشکەکان ئەگۆڕێ. گوڵمحەمەد چگوورەکەی دا بە

براکەی و نەجەف ئەرباب بە بێ گوێدانە هاتنی بەگمحەمەد، وتی:

ــ تۆ گوڵمحەمەد... بە تاوانی پیاو کوشتن نییە کە ئەتەوێ سووک و سەرشۆڕم بکەی!

گوڵ و بەگ نیگایان دا بە نەجەف و نەجەف درێژەی دا:

ــ دەردێکیتر خستووتیەتە سەر ئەو ئەندێشەیە!

ــ چ دەردێک ئەرباب؟

نەجەف خاچ ڕوانیە بەگمحەمەد و وتی:

ــ لەیلێ! کچی حاجی سوڵتانخورد! لەیلێ دەزگیرانی منە، بەڵام تۆ ئەتەوێ بە سەد زۆر لە منی بسێنی و بیبەیتە بن خێوەتی براکەت. کار و بیر و ئەندێشەت هەمووی ئەمەیە.

گوڵمحەمەد بە بزەیەکی نەرم سەیری براکەی کرد و لە وەڵامی نەجەفدا وتی:

ــ وشیاری! بەڵام... هیچ بیرت لەوە نەکردۆتەوە کە من بۆ وەرگرتنی کچی خورسوفی پێویستم بەوە نییە ئەو جۆرە کارانە بکەم. چ پێویستم بەو کارانەیە؟ حاجی سوڵتانخورد کچەکەی ئەدا بە برای من، ئەبێ بیدا! ئەگەر نەیدا؟ ئاگر لە سەر و ماڵی بەرئەدەم. مەگەر ئەوەی حاجی خورسوفیی هەمارەکانی دانەوێڵەی خۆی خۆش نەوێ! من کە دڵنیام هەمارەکانی لە کچەکەی زیاتر خۆش ئەوێ. ئێستەش حەز ئەکەم بەر گوێم بکەوێ کە کچم پێ نادا، بۆ ئەوەی ئاگر بەردەمە دار و نەداری.

نەجەف ئەرباب، غەمێکی ئاشکرا لە دڵیدا، گیرۆدە و هەمیش ناچار و، زیاتر لەوەی لە هێرش بکات، دڵسووتان لە گوتەیدا بوو، وتی:

ــ خۆ تۆ دڵت ناسووتێ! دیارە ئیتر، دڵت بۆ دارایی خەڵکی ناسووتێ! تاڵان ئەکەی، ئەسووتێنی و کاول ئەکەی!

گوڵمحەمەد بەڵام لە بەر ئەوەی بەگمحەمەد لەپڕ هەڵنەچێ، ئەوی ناردبوو بۆ کۆکردنەوەی تفەنگدارەکان بۆ نان خواردن و خۆیشی بۆ کات کوشتن کەوتە پیاسە کردن بە قەراخ ئاگرەکەدا. لە گوڵمحەمەد شاراوە نەبوو کە نەجەف ئەرباب هەوڵ ئەدا لە ناو تفەنگدارەکان و لە بەر چاوی کەسوکاری تووشی ڕقێکی نابەجێی بکات و ئەگەر بۆی بکرێ

وا تووڕەی بکات دەست بداتە کردارێکی شێتانەی نەشیاو. بەجۆرێک کە گوڵمحەمەدی سەردار بە هۆی بەربەفەشی و کەم جیقەڵدانیەوە پەلاماری ئەوێکە بە ناو میوان بوو، بدات و کردەوەیەکی بێمایە و سووکانە لەخۆ پیشان بدات کە لانیکەم لە بیری شاراوەی کەسانیدا بشکێ و لەبەرچاو بکەوێ. بەیەک واتا، نەجەف خانی سەنگردی کە هیچ دەسەڵاتێکی بە دەستەوە نەمابوو و نەی ئەتوانی چقڵێکیش لە پێی خەنیمەکەی بچەقێنێ، وای بڕیار دابوو کە خۆی بە زوڵم لێکراو پیشان بدا و ئەوەندەی بۆی بکرێ، ڕواڵەتە دزێوەکانی پیاوی دەشتەکی و دیاردەی سەگ و مەڕ لە کردەوەکانی ئەودا بەرجەستە بکاتەوە.

ئەو ئامانجە و ئەو ڕەفتار و شێوازە لە لایەن نەجەف ئەربابەوە، یەکیان لە بەر ئەوە بوو کە کوڕی حاجی عەبدولعەلی سەنگردی لە دژوارترین تەنگژەشدا نەی ئەتوانی خۆی بە سەرکز و زەلیل پیشان بدات. سووک و کزۆڵە لە بەر چاوی ئەوانەی کە لە دەوری گوڵمحەمەدی کەلمیشی خڕ ببوونەوە و هەرچی چۆن بێ سەنگرد و نەجەف ئەربابیان ئەناسی. لە لایەکیتریشەوە نەی ئەتوانی سوود و زیانی زۆرانێک و، دۆڕاندن و قازانجی ململانێیەک لە ناخی خۆیدا لەبەرچاو نەگرێ. لەو ڕووەوە کە کەسایەتی و پلەی هەر کەسێک بۆچوون و ناسکی خۆی هەیە. نەجەف ئەربابیش بەگوێرەی هەست و پلەی کۆمەڵایەتی خۆی بردنەوەی ئەو شێوازەی ناسیبوو و زانیبوو. جەختکردن لە سەر قیرسیچمەیی و پێ چەقاندنی خۆی، وەک دیلێکی بێدەسەڵات، لە بەرامبەر ورووژاندن و -تەنانەت- بە کەمگرتنی خەنیم، وەکوو دەسەڵاتێکی زاڵم و بێبەزەیی.

کە وا بوو بەگوێرەی ڕایەڵەکانی هەست و بۆچوونی نەجەف ئەرباب، ئەو جۆرە ڕەفتارە دوو لایەنی سوودبەخشی هەبوو. یەکیان ئەوەی کە لە بەر چاو و نیگای دەوروبەر قسەی لە کەس نەخواردبوویەوە و سەرەڕای ئەو هەموو سووکایەتیەی پێی کراوە، لە بەر چاوی ئەم و ئەو نەئەکەوت. جگە لەوەش بە نرخی ئەوەی دۆڕاندبووی -ئەم گرفتاری و سووکایەتیە- خەریک بوو گوڵمحەمەدی سەرداری تووشی کردەوەیەکی سەرەڕۆیانە ئەکرد کە بیخاتە هەڵوێستی دوڕاندنەوە. نەجەف، سەرەڕای

ئەوەی کە هێشتا لە تافی لاوێتیدا بوو و پێی نەنابوویە تەمەنی پوختی و تەکووزی، بەڵام بە پەروەردە و ئەزموون ئەوەندە خەڵکی هەڵسەنگاندبوو و ناسیبوو کە بزانێ لەو بەرامبەرکێیەدا نەجەف سەنگردی لەگەڵ گوڵمحەمەدی سەردار -کاتێکە نەجەف گیراو و بەندی گوڵمحەمەدە- ئەفسانە دروست ئەکرێ و زمان بە زمان سەرانسەری وڵات ئەگەڕێ، چ لە ژیانی نەجەفدا و تەنانەت پاش مەرگیشی.

بەڵام ئەم هەمووە کە لە قووڵایی دەروونی نەجەف ئەرباب‌دا سەری هەڵدابوو و بەو جۆرە کەوتبویە هەوڵدان، بناغەی لە ناسینەوە و پاراستنی خۆی، پلە و پایەی خۆی، من و بوونی خۆیدا هەبوو. بەراورد کردن و هاوتا کردنی سروشت و هەڵوێستی خۆی لەگەڵ گوڵمحەمەدی کەلمیشی، لە بڕگەیەکی هەستیاری بوون و نەبوونی ژیاندا. ململانێی نەجەف ئەرباب لەگەڵ گوڵمحەمەدی کەلمیشی، هەرچەند ئەمڕۆ و ئێستە ناوی بە پاشگری سەردار، لە سەرانسەری ناوچە و مەڵبەندەکەدا لە سەر زمانانە. بەرەنگار بوونەوەی گوڵمحەمەدی سەردار، ئەو کەسەی کە نەجەفی بە یەخسیری گرتووە و نەجەف لە قووڵایی ناخیدا وەک ئاوێنە بڕوای بەوە هەبوو کە لێی ئەترسێ.

گوڵمحەمەد لە بەرامبەر دانیشتووی نەجەفدا خاوی کردەوە و لە درێژەی وتووێژەکەدا وتی:

ــ لارێ ئەگریت و ئەندێشەی خاو هەڵێگرتووی!... نەخێر، لە بەر کچی حاجی سوڵتانخورد نییە کە بەملا و ئەولادا ئەتگێڕم. ناچارت ناکەم باوەڕ بکەی، بەڵام ئەمەوێ بزانی کە خەریکی سزا ئەدرێی. تۆڵەی ئەو دوو پیاوەی کە بە درێژایی تەمەنیان کاریان بۆ تۆ و باوکت کردبوو و، تۆ ئەوانت لە ناو کادێندا بە کادوو خنکاند!... ئەتوانی بیری لێ بکەیتەوە؟ ئەتوانی بیر لەوە بکەیتەوە کە ئەو جۆرە مەرگە لە سەگمەرگیش خراپترە؟

نەجەف ئەرباب بە پێکەنینێکی نەرم، سمێڵە زەردەکەی بزواند و لە وەڵامدا وتی:

ــ یەکەم ئەوەی کە من ئەوانەم نەخنکاندووە. دووەمیش ئەوەی

کە، ئەگەر بە ڕاستی پیاوەکانی تۆ هەمارەکەی منیان نەسووتاندبێ، مسۆگەر فانۆسەکەی خۆیان قلْپ بۆتەوە و کادێنەکەی گڕ تێبەرداوە. سێیەمیش...

نەجەف سەری بەرز ڕاگرت، ڕوانیە چاوی گوڵمحەمەد و درێژەی دا:

ــ ... تۆ مەگەر پێغەمبەری کە کەوتوویتەتە ڕێ و غەمی ئۆمەت ئەخۆی؟!... یان دادپرسی ئەو خەڵکەی؟ دیارە دادگایەکیشت بۆ خۆت داناوە؟ ئەرێ؟ ئەویش لە بەر ئەو دوو جووتیارە بێ چاو و ڕووەی کە وەکوو پشکەڵ و تەرسەقول لەم وڵاتە ڕژاون. چەن سەد ڕەش و ڕووت و ورگ بە مزت ئەوێ لە ڕۆژێکدا بۆت کۆ بکەمەوە؟

ستار کە تۆزێک بوو دەستی لەکار هەڵگرتبوو و مەڕە برژاوەکەی خستبوویە سەر سینیەکە و گوێی لە وتووێژەکە ڕاگرتبوو، بەگوێرەی توندی گوتەکەی نەجەف ئەرباب و دارەتی ڕوخسار و چاوەکانی، هەستی کرد دزێوترین ڕەنگەکانی ئەم سەرزەمینە، ئەم ڕەنگە شینانەی چاوەکانی نەجەف سەنگردیە!

گوڵمحەمەد جارێکیتر ڕووی لە نەجەف وەرگێڕابوو و وا دیار بوو ئەڕوا سەیری سفرە بکا. بەڵام ستار هەنگاوێک دوورتر لە دەوری ئاگرەکە دانیشتبوو و بە بێ ئەوەی سەرنجی ڕابکێشێ، گیرۆدەی جەربەزە و بوێری ڕاشکاوی ئەو ئاغە جەوانە ببوو کە خەریک بوو ئەگەیشتە لاساریی. ڕاشکاوی و نەترسی تا ئەو ڕادەیەی کە خەریک بوو داوەری و بۆچوونەکانی ستار سەبارەت بەو جۆرە کەسانە سست بکات. چونکە ئەوەی کە تا ئەمڕۆ، ستاری پینەچی لە ورە و کرداری خاوەن زەویوزار تێگەیشتبوو، تێکەڵەیەک بوو لە دلڕەقی و درۆ و دووڕوویی، مەرایی کردن و خوێڕیەتی. دڕندە و بێ بەزەیی ئەوسا کە دەسەڵاتیان هەیە و تێخیان ئەیبڕێ؛ درۆزن و دووڕوو ئەوسا کە دەسەڵاتیان لەنگە و، مەرایی و بێسەیی لەوکاتەدا کە تووشی بێدەسەڵاتی و داماوی هاتوون. بەڵام ئەوەی کە لیرە لە نەجەفدا بە پەسەندی ئەزانی ئەوە بوو کە لە بوون و ناسنامەی خۆی -هەرچەند لەوپەڕی بێشەرمیدا- داکۆکی ئەکات. سووکایەتی بە خۆی ڕەوا نابینێ و دووڕوویی ناکا و لەوپەڕی ڕەبەنی و داماویدا، بەردەوامە لە

ڕاگرتن و -تەنانەت- پەرەپێدانی بوێریەکەی. بە بێ ترس و سڵەمینەوە لەوەی کە ڕەنگە ڕوو بدات. دەربڕینی ئەو خوو و ڕەوشتەش نەئەکرا بە یەکجاری گرێ بدرێ بە جەوانی نەجەفەوە. بەڵکوو لە پشت ئەم نموود و شانۆیەدا، ئەبوا بۆ هاندەر و ئەنگێزەیەکی‌تر بگەڕایەت. ئەمە ڕاستیەکی ئاشکرا بوو. هەرچەند ئەو جۆرە ورەیە لە دوژمندا جێگەی ستایشە، بەڵام لە نەفرەتی ستاری کەم نەئەکردەوە. بەڵکوو زانیارییەکی زیاتری لە ئالیەکانی‌تری نەفرەتی ئەو زیاد ئەکرد. هەر لەم ڕووەوە، هەرچەند ڕەنگە دڕندانە بوو، بەڵام نوێکردنەوەی ئەو بۆچوونەی خۆی پێ ناخۆش نەبوو کە خۆزگە بتوانێ گەرووی ئەم گیانەوەرە باڵقە ئەوەندە بگووشێ تا چاوەکانی کە لە ڕەنگی دزێوترین ڕەنگەکانی دنیا بوو، وەکوو ڕێقنە لە کالانەی چاوەکانیەوە فیچقە بکەنە دەرەوە.

ــ شێو ئامادە بکەن!

لە دەنگی گوڵمحەمەددا کە خەڵکەکەی بۆ ئامادەکردنی سفرە و شێو بانگ ئەکرد، نەجەف ئەرباب جارێکی‌تر -و ئەمجارەیان زەڵاڵتر- کەوتە نارەزایی دەربڕین:

ــ تۆ منت لە دەست پیاوەکانی حکوومەت دەرهێنا. منت دزی. دادگا ئەبوایە بڕیاری کێشەی ئێمە بدات، نە تۆ! ئەگەر تاوانێک کراوە، من و تۆ هەردووکمان تاوانبارین. نەک بەتەنها من، من و تۆ ئەبوا هەردووکمان ببرایەتین بۆ دادگا، بۆ بەر مێزی لێکۆڵینەوە و ڕوونمان بکردایەتەوە. جەندەرمەکان ئەبوایە هەر دووکمان بدەنە دەس دادپرس. بەڵام تۆ... خۆیشت هەم تاوانباری و هەم دادپرسی! ئەمکارەشت تاوانە، وەکوو کارەکانی‌ترت! مەگەر ئەوەی کە تۆ بۆ خۆت وڵاتێکی‌تر و حکوومەتێکی‌ترت دامەزراندبێ. کە وا دیارە کردووشتە!

گوڵمحەمەد لەو بەری ئاگرەکەوە، بەرەو نەجەف چوو و نزیکی ستار، خامۆش ڕاوەستا. ستار لە بەر نیگای گوڵمحەمەد هەڵسا و لە وەڵامی نەجەفدا وتی:

ــ خراپی چییە ئەگەر جووتیاریش دادگایەکیان بۆ خۆیان هەبێ؟!

نەجەف نیگای پڕ لە نەفرەتی بڕییە ستار و بە تەوسێکەوە وتی:

ـ کە وابێ تۆ ڕێساکەت داناوە؟!
ستار بە پێکەنینێکی ئارامەوە وتی:
ـ من ڕێساکەیم دانەناوە، بەڵام ئەگەر سەردار فەرمان بدات من جێبەجێی ئەکەم!
نەجەف لە سەر قاچە لێک بەستراوەکانی ڕاست بوویەوە و بە دزێوترین شێوە دابەزییە سەر ستار:
ـ کەواتە تۆ ئەتەوێ من بکوژی؟! تۆی پینەدۆزی قن ڕووت؟!
ستاریش بە هەمان خۆڕاگری، بەڵام بە بێ پێکەنین، وتی:
ـ ئەگەر پێویست بێ، مسۆگەر!
نەجەف بە ڕقێکەوە کە ڕاستی کردبوویەوە، دانیشتەوە و بە کەشتەنگیەوە وتی:
ـ ئەتناسم! باش ئەتناسم، چاک چاک! ئەزانم چکارەی تۆ. بەس ئەوەش بزانە لەمەولا ئیتر ڕێگە نادەم قوتووی فێڵەبازییەکەت بدەی بە شانتدا و بە خشکەیی لە گۆشە و قەراخی ئەم مەڵبەندەدا بخولیتەوە و خەڵک بورووژێنی، پیسی چەپەڵ! ئێستە تێ ئەگەم کە گوڵمحەمەدی کەلمیشی بۆ کوێ ڕاکێشراوە، ئێستە تێ ئەگەم! بەڵام... بەڵام ئەگەر من بکوژرێم پینەدۆز، ئەوە بزانە کە تۆش بە ساخی بۆی دەرناچیت! ئەم قسەیە لە گوێتدا بێ!
ستار سەیری گوڵمحەمەدی کرد. نەی ئەویست دەمەقرەی نێوان ئەو و نەجەف لەوە زیاتر پەرە بسێنێ. جوانیش نەبوو بە زماندرێژ بکەوێتە پێش چاو. لەم خاڵە ساکار و هەروەها زۆر ئاڵۆزە تێگەیشتبوو کە لە نێوان دوو کەسدا، چەندەش لێک نزیک بن، ڕەچاوکردنی سنوور و پلە و پایە لە خاڵە پێویستەکانیەتی. بەتایبەت کە هەر کام لەم دوو کەسە، ڕەگ و ڕەگەیەک لە پێکهاتووی یەک ئەندام بن. یەکیان کابرایەکی خێڵەکی، پیاوێک بوو بە خووی بنەماڵە و تیرە و خێڵ و هۆز و ئەویتریان... کە وا بوو لە بوونی گوڵمحەمەددا ستار نەئەبوا ئەوەندە بوێر خۆی پیشان بدات کە بە دەمدرێژ بناسرێ. لەم ڕووەوە بە باشی ئەزانی وەڵامی نەجەف لە زمانی گوڵمحەمەدەوە ببیسێ.

ــ نان ئەخۆین!

گوڵمحەمەد چاوەڕێی کاردانەوەیەکی دیکەی لە لایەن نەجەف ئەربابەوە نەکرد. بەرەو سفرەکە کشا و وتی:

ــ شێوی بۆ بێنن!

جێگەیان بۆ گوڵمحەمەد و ستار دانابوو. دوو پیاو بە لای یەکەوە دانیشتن بۆ نان خواردن. نەرمە بای کۆتایی پایز ئاگرەکەی ئەگەشانەوە، بەڵام گڕەکەی کەمی کردبوو. نزیکەی بیست پیاو لە دەوری سفرە مەڕەکەیان داپلۆسی. تەک و تەرایەکیش بەشی خۆی هەڵگرتبوو و کشابوویەوە. بڵقیس نان و گۆشت و ماستی بردبوو بۆ نەجەف ئەرباب و ئەوا زەرکی ئاوەکەی لەبەردەم دائەنا. شێو خواردن بە دەم گاڵتە و گەپ و قرمە و هەراوە بەردەوام بوو.

بڵقیس چووە ناو ڕەشماڵەکە و پاش تۆزێک تەمووری لەگەڵ خۆی هێنایە دەرەوە، لە کاتێکا دارەکەی گرتبوو بەبن باڵیەوە و ئێسقانێکی ئەکرۆساندەوە. کە گەیشتە نزیک کۆمەڵەی پیاوان، ڕاوەستا و چاوی بە هەموو لایەکدا گێڕا. لە نێوان شانی تفەنگدارەکانەوە مامە چکۆلەی خۆی دەسنیشان کرد و چوو بۆ لای. تاوێک لای شانیەوە وەستا. بەگمحەمەد دەمی پڕ بوو لە پاروویەکی پڕبەدەم و لە هەمان کاتدا خەریکی گەرمکردنی بەزمی دانیشتنەکە بوو. چونکە بەشی خۆی جیاکردبوویەوە و لە سەر باڵی کراسەکەی دینابوو و خەریک بوو سەربردەی دوو هاوسەفەری ئەگێڕایەوە کە پێکەوە چووبوون بۆ سەفەر.

تەموور چاوەڕێی تەواوبوونی سەربردەکەی نەکرد. دەستی نایە سەر شانی مامی و دەریزانی ڕەشماڵەکەی پیشان دا. بەگمحەمەد تیکەیەک لە لە دەمیدا و تیکەیەک بە دەستیەوە هەڵسا و چوو بەرەو ڕەشماڵەکە. بڵقیس لە لاسیلەی ناودەرگاکە ڕاوەستابوو و ژنەکانیتر لە دەوری سفرەیەک لە لای جاجمێکی نیوە تەنراوەوە خەریکی نان خواردن بوون. بەگمحەمەد، نە بە ڕووی ئاوەڵەوە، کات باشی لە دایکی کرد و پرسی کێ کاری پێی بووە. بڵقیس ڕووی وەرگێڕا و چوو بۆ بنی ڕەشماڵەکە و نزیکی فانۆسەکە، لای ناوگۆرکەکە دانیشت. پارچەیەک

گۆشتی سووری خستە ناو قاپێکەوە و لە بەر پێی کوڕەکەی کە هەروا وەستابوو، داینا و وتی:

ــ من!

بەگمحەمەد هەڵترووشکا، تیکەکەی قووت دا و نیگای لە دایکی -کە لە کوڕەکەی ئەڕوانی- وتی:

ــ کارت چی بوو؟

بڵقیس وتی:

ــ ئەمویست تۆزێک بتبینم... کارم چییە؟!

دەنگێک لە دوورەوە بەگمحەمەدی بانگ کرد. بەگمحەمەد سەرەتا گوێی ڕادێرا و پاشان هەڵسا، دەستی دایە تفەنگەکەی و دەسبەجێ لە خێوەتەکە دەرپەڕی و چاوەکانی بڵقیسی بە خۆزگەی دیداری خۆیەوە، لە قووڵایی ڕەشماڵەکەدا بەجێ هێشت. گوڵمحەمەدیش هەڵسابوو و ئاوڕی لە دەنگەکە دابوویەوە. دەنگ لە بەرزاییەکەوە ئەهات. بەگمحەمەد لای شانی براکەیەوە وستا. گوڵمحەمەد پێی وت:

ــ دووان سیانێک لەگەڵ خۆت بەرە! ئەگەر هیچی وا نەبوو کێشکەکان بگۆڕە و ئەوانیتر بنێرە با نانەکەیان بخۆن.

لە هامان کاتدا گوڵمحەمەد ڕووی کردە تفەنگدارەکان و وتی سێ کەس بڕۆن:

ــ گورج!

عەلیخان چەخماخ لە کاتی هەڵساندا، دوا قەپی لەو ئێسقانەی بە دەستیەوە بوو، گرت و بڕنەوەکەی لە خاک هەڵگرت. بە خێرایی چەخماخ چەند پیاویتریش هەڵسان. بەڵام گوڵمحەمەد بە ئەماژە دوانیانی بانگ کرد و لەغاوی لە دەست محەمەمەدڕەزای گوڵخانم وەرگرت و خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکە.

نەجەف ئەرباب ڕوانیە شۆپی چوار سوارەکەی لە شەودا ون ئەبوون. سوارەکان کە لە چاو ون بوون، نەجەف ڕووی وەرگێڕا و نیگای لە لیژنەی ئاگرەکەوە بڕییە ستار. ستار تاوێک خۆی لە نیگای نەجەفدا ڕاگرت و پاشان سەری داخست. پارووەکەی جاوی، قووتی دا و پاشان خزا.

گوڵمحەمەد لە قەراخ سفرەکە وەستابوو، بن ددانەکەنی بە چیلکەیەک پاک ئەکردەوە. ئەو، هەمان کات کە هاواری کێشکەکە بۆ بانگکردنی بەگمحەمەد بەرز ببوویەوە، لە بن گوشاری هەڵچوونێکی دەمارگرژیدا دەستی لە نانخواردن هەڵگرتبوو و ئێستەش لە پیاسەکردنێکی لەسەرخۆ و نامۆدا دڵ لەبەری ئەو هەواڵە بوو کە ئەبوا بگەیشتایەت. ستار ویستبووی لەمەڕ نەجەف سەنگردی لەگەڵ گوڵمحەمەد گفتوگۆ بکات. بەڵام هاواری کێشکەکە بۆ بانگکردنی بەگمحەمەد هەلەکەی گۆڕیبوو. ئێستەش هەرچەند لە نیگەرانی بێوەری نەبوو، بەڵام گرێی ئەندێشەی لە لای کارەکەی نەجەف ئەرباب و ڕێکخستنی کارەکەی، خەریکی داڕشتنی گەڵاڵەی بۆچوون و پێشنیارەکەی خۆی بە گوڵمحەمەد بوو.

گوڵمحەمەد چۆخەکەی دا بە شانیدا و بەرەو دەریزانی ڕەشماڵەکە سووڕا. چگوورەکەی بەگمحەمەدی دایە دەست بڵقیس و داوای بڕنەوەکەی لە ماراڵ کرد و ڕوو لە پیاوەکان، وتی:

ــ خۆتان لە ئاگرەکە دوور بخەنەوە! بڵاوەی لێ بکەن و دابەش ببن بە دەوروبەری ڕەونددا. بەری ڕۆژهەڵات با ئاوەڵە بێ. دووان و سیان پێکەوە.

بڕنەو بە دەستی گوڵمحەمەدەوە بوو. ستار سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد بۆ لای چوو. سەمەن و هەیڤۆ خەریکی کۆکردنەوەی سفرەکە بوون و سەبرخانیش جارێکیتر لە بەر دەرگای ڕەشماڵەکە دەرکەوتبوو. گوڵمحەمەد ڕوانیە سکڵ و پۆلووی ئاگرەکە. جگە لە نەجەف ئەرباب کەس لە جێگەی خۆی نەمابوو. گوڵمحەمەد ماوزێرەکەی خۆی لە بەر پشتێنەی دەرهێنا، دای بە دەستی ستارەوە و وتی:

ــ بۆ کاتی مەبادا! خۆ ئەزانی پەنجە بنێی بە پیلکەدا؟!

ستار قۆپچەی جاکەتە دەڵپەکەی داخست و بە گاڵتەوە وتی:

ــ شتێکی هەر لێ ئەکەم!

سەبرخان بەرەو گوڵمحەمەد و ستار چوو و پرسی:

ــ چی بووە؟ هاتوون؟

گوڵمحەمەد بە نەرمی وەڵامی دایەوە:
ــ پێم وانییە. نە کاتەکەی کاتە و نە جێگەکەی. ئەیانەوێ کوێ گەمارۆ بدەن؟ بیابان؟ تەقە لە کوێ ئەکەن؟ لە شەو؟!... نەء، پێم وانییە ئەوەندە گەوج بن!
ستار گوێی هەڵخست بەرەو شۆپی بەگمحەمەد و سوارەکان و وتی:
ــ هاتن!
لە یەکەم نیگادا بەگمحەمەد بینرا، پێشڕەوی ئەو سێ سوارەی کە کێشکیان گۆڕیبوو و هاتبوون بۆ شێو خواردن. بەڵام پیاوەکان کە دابەزین قەڵافەتی جەندەرمەیەکی بێ چەک دەرکەوت کە گوایە لە تەرکی یەکێک لە سوارەکان سوار ببوو. بەگمحەمەد دەسکەوساری دایە دەست محەمەمەدڕەزای گوڵخانم و قولی جەندەرمەکەی گرت و هێنای بۆ لای گوڵمحەمەد کە لە نێوان ستار و سەبرخاندا ڕاوەستابوو.
بیمێنێ بۆ گوڵمحەمەدی سەردار، جەندەرمە، کە پیاوێکی تەمەن ناونجی بوو، بە شێوەی جووتیارەکان هەر دوو دەستی لە سەر بەرپشتێنەی جووت کرد، نووشتایەوە و سڵاوی کرد. بەگمحەمەد هەنگاوێک چووە پێشەوە و وتی:
ــ لە بەری **دووروونە**وە هاتووە. ئەڵێ پەیامی هێناوە.
گوڵمحەمەد هێمای بە جەندەرمەکە دا بەرەو ڕەشماڵی ناوەڕاست بە دوایدا بچێ. بەگمحەمەدیش کەوتە شوێن براکەی و لە دەریزانی ڕەشماڵەکە ڕاوەستا و لە هەمان کاتیشدا بانگی کرد کە نانی پیاوەکان بدەن:
ــ دایە!
بڵقیس بە نان و سفرە و بەشە گۆشتی پیاوەکانەوە لە ڕەشماڵ هاتە دەرەوە و بردیانی بۆ بەری بابڕی ڕەشماڵەکە. پیاوانی شەکەت و برسی کە بەس چاوەکانیان لە ڕوخسارە چڵکن و مۆرەکەیاندا ئەبریسکایەوە، لە دەور سفرەکە ڕیز بوون. بڵقیس دایانی نیشاند و چووە ژوورەوە بۆ هێنانی ئاو و -ڕەنگیشە- ماست.

ستار و سەبرخان بەرەو ئاگرەکە و نەجەف ئەرباب، کە هەروا لە سەر بەردەکە دانیشتبوو و چاوە شینەکانی بە هەموو لایەکدا ئەگەڕاند چوون و، لەمبەری ئاگرەکەوە دانیشتن. لە پشت شانی سەبرخان و ستارەوە، بەگمحەمەد لە بەر دەریزانی ڕەشماڵەکە ڕاوەستابوو و نیوڕوخی دایساوی نەجەفی لە هەژانێکی نهێنیدا سەیر ئەکرد.

بەگمحەمەد خۆیی بوو و ئەگەر حەزی لێبوایە ئەیتوانی گوێ لە گفتوگۆی کاکی لەگەڵ پیاوانی میری ڕابگرێ. بەڵام زۆر کەم بینرابوو خۆی لەو وردەکارییە ئاڵۆزانەدا تێکەڵ بکات. کەچی -بە حەز و بێ حەز- بەشێک لە گفتوگۆکەی بەرگوێ ئەکەوت و خۆبەخۆ لە هەندێ چەمک تێ ئەگەیشت و بەناچاری سەرنجی ڕائەکێشرا. پوختەی قسەکانی تەتەرەکە ئەوە بوو کە سەرۆکی دەستەی شۆپاژۆی گوڵمحەمەد، پرسان پرسان تا دووروونە هاتووە. لە دووروونە، بە بیانووی شەو و تاریکی لای داوە و ئەوی ناردووە گوڵمحەمەد ئاگادار بکاتەوە لە ڕەوەند دوور بکەوێتەوە، یان ئەگەریش ئەیەوێ لە ڕەوەند بمێنێتەوە بە جۆرێک تێیان بگەیەنێ کە ئەوان بە لایەکیتردا بڕۆن. ئێستەش چاوەڕوانی ڕا و بڕیاری گوڵمحەمەدە. جگە لەوەش ویستوویەتی کە گوڵمحەمەد دوو کەس لە ڕازدارەکانی لەگەڵ بنێرێ بۆ وەرگرتنی ئەو فیشەکانەی داوای کردبوو:

ــ «ئەمکارە، ئەبێ هەر ئەمشەو جێبەجێ بکرێ، سەردار، بەر لە سپێدە!»

بەگمحەمەد ئەوەشی بیست کە براکەی ناو و نیشان، جێ، بڕی فیشەکەکان و ناوی نهێنی لێپرسی. بەگمحەمەد مل و گوێی بەرەو دەنگەکە ڕادێرا، بەڵام جگە لە سرتەیەکی کپ، هیچی نەبیست. پاشان بێدەنگی کەوتەوە و ئیتر هیچ شتێک نەبیسرا. پاش تاوێک لە جەندەرمە پرسرا، ئەسپی پێ بووە کە جەندەرمەکەش لە وەڵامدا وتی:

ــ «بەڵێ. لە لای یەکێک لە کێشکەکان دامناوە. بەگمحەمەد وای پێ باش بوو.»

گوڵمحەمەد پرسی:

ــ «ئیتر؟»

جەندەرمە وتی:

ــ «هەم سەید شەرزا و هەم نەورۆز بەگ چوون بۆ قشڵەی مەشهەد و بە خۆبەخش خۆیان ناونووس کردووە کە زیندوو یان مردووی گوڵمحەمەد بدەن بە حکوومەت.»

ــ «بۆ؟!»

جەندەرمەکە بۆ گوڵمحەمەدی ڕوون کردەوە کە ئەو دووانە هەرچەند خۆیان یاخی بوون و هێشتاش دزی ئەکەن و سەرڕێ ئەگرن، بەڵام بۆیان دەرکەوتووە کە گوڵمحەمەدی سەردار جێ و ڕێی لێ تەنگ کردوون و جگە لەمەش:

ــ «شێواز و نەریتی سەردار، لەگەڵ ئەوانە جیاوازە. ئەوان بە دوای سوود و ناو و نیشانی خۆیانەوەن. بە ناو لە میری یاخی بوون، بەڵام لە ڕاستیدا خەڵک تاڵان ئەکەن. لێرەشدا لە لای خۆیان حەسێبی ئەوەیان کردووە ئەگەر بتوانن گوڵمحەمەد خانی سەردار لە ناو بەرن، بە تیرێک دوو نیشانیان پێکاوە. یەکیان ئەوەی کە لە پێناوی ئەو خزمەتەیاندا خەڵات وەرئەگرن و حکوومەتیش زیاتر ڕێگەیان پێ ئەدا. دووەمیش ئەوەی کە -زمانم لاڵ- بە کوشتنی گوڵمحەمەدی سەردار ئاوازە و ناوبانگیان زیاتر بڵاو ئەبێتەوە و مەیدانی کاریان بۆ تاڵان و بڕۆ فراوانتر ئەبێ!»

گوڵمحەمەد دیسانەوەش پرسیاری هەواڵیتری کرد.

کابرای جەندەرمە وتی کە جەنابی فەربەخشیش وتوویەتی سەردار ئەوە بزانێ کە خەریکن شوێنی کارکردنی ئەو ئەگوێزنەوە بۆ مەڵبەندێکیتر و ڕەنگە بەمزووانە دووری بخەنەوە.

ــ «ئیتر؟!»

ــ «ئیتر... هەر ئەمانە بوو!»

ــ «خۆ شێوت نەکردووە؟»

ــ «نەخێر.»

گوڵمحەمەد لە ڕەشماڵەکە هاتە دەرەوە و پاش ئەوەی داوای شێوی بۆ کابرای جەندەرمە کرد، بەگمحەمەدی لەگەڵ خۆی برد و بە ئارامی پێی وت:

ــ دوو پیاوم ئەویٚ لەگەڵی بڕۆن بۆ دووروونە. ئەبیٚ چالاک و وشیار بن. ئەبیٚ بە شەو بڕۆن و بە شەو بگەڕێنەوە. ئەزانی خۆ بۆچی ئەچن؟ ئەبیٚ پارە ببەن و فیشەک بهێنن. گورگێکی زۆر لە دەوروبەرمان چوونەتە بۆسەوە!

بەگمحەمەد کە بۆ ئەوەی بە وردی گویٚ لە براکەی ڕابگریٚ، ناخودئاگا بە ئارامی هەنگاوی ئەنا، ڕاوەستا و وتی:

ــ خۆم؟ چۆنە خۆم بڕۆم؟!

بە ڕامانێکی شاراوەوە، گوڵمحەمەد هەڵوەستەی کرد و لە براکەی وردبوویەوە. نەخوازە ئەگەر هیچیشی نەوتایەت، بەگمحەمەد ئەیتوانی لە چەمکی ویستی براکەی تێبگات. گوڵمحەمەد بەڵام ئەتوت بێدەنگی لەلا بەس نەبوو:

ــ هیچ بیر ئەکەیتەوە کە قسە ئەکەی؟! ها؟... ئەو دووانەشم کە لە خۆم دوور خستۆتەوە، پەشیمانم. نەئەبوایە خانئاپۆ و خانمحەمەدم لە خۆمان دوور بکردایەتەوە. ئەندێشەی خاو ئیتر بەسە! لە کوێوە بزانین نەخشەیان نەکێشاوە یەکە یەکە ئێوەم لیٚ بکەنەوە؟! نابینی بە چەند جۆر یاریمان لەگەڵ ئەکەن؟ ڕاوەستە با بزانم... با بزانم چی ئەکەم.

گوڵمحەمەد بە لای شانی براکەیدا چوو بەرەو ئاگرەکە و وتی:

ــ بڕۆ بڵیٚ زووتر نان و ئاوی بدەنیٚ!

بەگمحەمەد بە دوای فەرمانەکەدا ڕۆیشت و گوڵمحەمەد لە هەوڵی زاڵبوون بە سەر خۆیدا چووە لای لیژنەی ئاگرەکە و لەویٚ لە بەرامبەر نەجەف ئەربابدا ڕاوەستا. نەجەف هەستی بە بوونی گوڵمحەمەد کردبوو. سەری هەڵێنا و خاچ لە چاوەکانی ڕوانی و بەر لەوەی گوڵمحەمەد لێو ببزێویٚ، بە ناڕەزاییەوە پرسی:

ــ ئاخرەکەی ئەتەویٚ چی بە سەر من بهێنی؟!

گوڵمحەمەد وەک بڵێی ڕۆیشتبوو تا لەگەڵ نەجەف بدویٚ، قەڵس و زیز لە کاردانەوەی ئەو، کە ئیتر نەک بوێرانە، بەڵکوو بێشەرمانە بوو، سەری داخست و بە بیٚ وشەیەک بە بەردەمیدا تێپەڕی و بەرەو سەبرخان و ستار کشا کە لە نزیک ئەستوندەکی ڕەشماڵەکە وەستابوون. دوو

پیاو وەرگەڕان و ئەویش لەبەرامبەریاندا وەستا. سەری بەرز کردەوە، نیگای بڕییە سینەی ئاسمان و هەناسەیەکی بڵیندی لە سینەی خۆی ئازاد کرد.

ستار و سەبرخان، هیچکامیان نەیان ئەویست و نەئەبوایە بپرسن. گوڵمحەمەد ئەگەر شتێکی هەبوایە بۆ وتن، خۆی دەری ئەبڕی. ڕەنگە بە پێویستی نەئەزانی هیچ بڵێ. ڕەنگیشە بە پێویستی ئەزانی هەندێکی باس بکات. بەڵام ڕوون بوو و ئاشکرا کە گوڵمحەمەد هەڵچووە و ئەو سەرخۆشیەی سەرەتای شەو بە جارێک ببوو بە دڵگیران. زیاد لە شاخ و شان بادانی نەجەف ئەرباب لە سەر سفرەکەی سەردار، چاوپێکەوتنە کورتەکەی گوڵمحەمەد لەگەڵ تەتەرە نێردراوەکەش لە سەری کاریگەر ببوو، بەراوەژووی کردبوو و وا دیار بوو جارێکیتر کەڵکەڵەی ئەندێشە شێواوەکانی وروژاندبووی.

شێو بۆ کابرای جەندەرمە برایە ناو ڕەشماڵەکە و گوڵمحەمەد بە هەستکردن بە تارمایی دایکی لە دەریزانی ڕەشماڵەکە، لە سەر پێ وەرگەڕا و بە هەمان گرژی -ناوچاوی مۆن و دڕدۆنگی لە نیگایدا- بەرەو بڵقیس چوو. بڵقیس هات بە پێشوازی کوڕەکەیەوە و بە دەنگی کپ، پرسیاری کرد:

ــ چی ئەوێ؟ خێرە یان شەڕ؟!

گوڵمحەمەد دڵی بەرایی نەدا بڕوانێتە چاوەکانی دایکی. پاشان چاوی لە خاکی تۆخی بەرپێی، وەڵامی دایەوە:

ــ لێک ئالاون هەر دووکیان؛ هەم خێر و هەم شەڕ!

نەوەستا بۆ پرس و وەڵامی زیاتر. لە بەرامبەر دایکی تێپەڕی و سەری بردە ناو ڕەشماڵەکەی خێزان لەوێ کۆببوونەوە. دەستەکانی لە پشتەوە هەڵپێکابوو، بە بێ مەبەستێکی ڕوون کەوتە پیاسەکردن بە قەراخ ڕیزی ئەستوندەکدا کە قاچیان لە عەرز چەقێنرابوو و بانی ڕەشماڵەکەیان بە بەژنی خۆیان ڕاگرتبوو. جارێک بە بەردەمی ژنەکاندا کە نزیک تەونی جاجمەکە دانیشتبوون تێپەڕی و لە گەڕانەوەدا، ڕووبەرووی کچە مامی -هەیقۆ- وەستا و بە بێ پێشەکی پرسی:

ــ لە بەیانیەوە هەتا ئێستە سەبرخان چەن جار یاوی کردووە؟

ــ چوار... یان پێنج جار!

گوڵمحەمەد وەرگەڕا و چالاکانە لە ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە و بیمێنێ بۆ دەریزانەکە، ستار و سەبرخان و بڵقیسی بینی کە سینە بە سینەی وەستاون. گوڵمحەمەد بە وەستان نەوەستا و بە دەم ڕێوە، وتی:

ــ تۆ خۆت ئامادە بکە ستارخان. ئەبێ بچی بە دوای کارێکی گرنگدا. دوو کەسیش ئەبێ لەگەڵ خۆت ببەی!

بەگمحەمەد پاش دانانی نان و ئاو بۆ میوانەکە هات بۆ لای کاکی. گوڵمحەمەد لە سەر پێ سووڕا و سەبرخان و ستاری گرتە بەر نیگا کە بۆ لای ئەهاتن و بە بێ ئەوەی تاپۆی بڵقیس لە پشت سەریانەوە لەچاو بخات، ڕووی کردە ستار و وتی:

ــ ماندووشی، ئەزانم! بەڵام ئەمکارە بەس کاری تۆیە. بە سواری ئەڕۆیت. زۆر خەم نییە ئەگەر ماندوویت!

لە هەمان کاتدا، بە بەگمحەمەدی وت کە دوو پیاو تەیار بکات:

ــ یەکیان محەمەمەدڕەزای گوڵخانم بێ.

ئەوەندەی بەگمحەمەد هەنگاوی هەڵێنا، گوڵمحەمەد بە ستاری وت:

ــ ئەمەوێ خۆت پیاوەکانت دیاری بکەی؛ تۆ سەرپەلی!

ستار ڕوانیە بەگمحەمەد و وتی:

ــ کاکە بەگ باشتر ئەیانناسێ. ئەو هەر کەس هەڵبژێرێ، وەکوو ئەوە وایە من هەڵم بژاردبێ.

گوڵمحەمەد بزەیەک بە سەر لێویەوە، بە ستاری وت:

ــ تا گەڕانەوەتان چاوەڕێ ئەبم.

بەگمحەمەد بۆ هەڵبژاردنی دوو سوار، بەرەو تاریکیەکە فڕکەی کرد و گوڵمحەمەد بە بەردەمی سەبرخان و ستاردا چوو بۆ لای نەجەف ئەرباب و لەمبەر ئاگرەکەوە، کە ئەوا خەریک بوو لە بن پەردەیەکی قورقوشمینی خۆڵەمێشدا لە گەشە بکەوێ، پێی سست کرد. ستار و سەبرخاننیش وەستان. گوڵمحەمەد ئاوڕی لە ستار دایەوە و پرسی:

ــ تۆ ئەڵێی چی لێ بکەین؟

ستار کە نیگەرانی ئەوە بوو بەر لە گوتنی گەلاڵە و پێشنیارەکەی لەمەڕ نەجەف، ڕەوەند دوور بکەوێتەوە، وتی:

ــ کاری ئەو بە کەسوکاری کوژراوەکانە. کامە بێکەس هەیە بە ناهەق بکوژرێ و کەسوکاری خوێنەخوای نەبێ؟ بکوژ ئەبێ لە شوێنی تاوانەکە دادگایی بکرێ. لە بەر چاوی هەموو خەڵکی. ئاوەز و داد وا ئەڵێ. خەڵکی ئەبێ بزانن کە ئەو لە سەر چ کەتن و تاوانێک سزا ئەدرێ. ئەگەر جگە لەوە بێ ئەتوانن دەنگۆ بڵاو بکەنەوە کە نەجەف ئەرباب لە بەر هەندێ شتی‌تر سەرەونگوم کراوە. جا کە وا بوو باشترین شایەت و دادوەر خودی خەڵکە.

بەگمحەمەد دوو پیاو و سێ ئەسپی ئامادە کرد بوو. گوڵمحەمەد چاوی لە نەجەف هەڵگرت و سەیری ستاری کرد و جارێکی‌تر وتی:

ــ هەر ئەمە؟ دوا قسەی تۆ ئەمەیە؟!

ستار وەڵامی دایەوە:

ــ هەر ئەمە!

بەگمحەمەد جەندەرمەکەی لە ڕەشماڵەکە هێنایە دەرەوە و محەمەمەد ڕەزای گوڵخانم هەوساری ئەسپەکەی دا بە ستار. ستار لە بن نیگای ڕقاوی نەجەف ئەربابدا، ماوزێڕەکەی گوڵمحەمەد دابووی پێی، لە بەر پشتێنی‌دا ڕێک کرد و شان بە شانی گوڵمحەمەد، هەوسارەکەی ڕاکێشا. لە قەراخ ڕەشماڵەکە، گوڵمحەمەد ستاری ڕاگرت و بە پیاوەکانی وت سوار بن:

ــ لەسەرخۆ بڕۆن تا ستار دێ.

دوو پیاو سوار بوون. محەمەمەدڕەزای گوڵخانم، تا سەر گردی کێشکی یەکەم، جەندەرمەکەی خستە پاشتەرکی خۆی. بەگمحەمەد دەستی دا بە سمتی ئەسپەکەی مراددا و خۆی کشایەوە. مراد و محەمەمەدڕەزای گوڵخانم ئاژووتن. گوڵمحەمەد چارۆکەی پارەکەی خستە شەڵتەی تەرکی ئەسپەکەی ستار و جارێکی‌تر وتی:

ــ چاوەڕێ ئەبم تا ئەگەڕێنەوە! کوری گوڵخانم ڕێگەکە باش ئەزانێ.

خوات لەگەڵ!

ستار پێی خستە ناو ئاوەزەنگی و سواری ئەسپەکە بوو. گوڵمحەمەد دەستی بۆ ڕاگرت. ستار دەستی گوڵمحەمەدی گووشی. ناخودئاگا دەستی بەرزکردەوە و لەغاوی ڕاوەشاند. جووتەبرا، تا ئەو کاتەی لە چاویان ونبوو، شان بە شان وەستان و سەیریان کرد. ستار دوور کەوتەوە و لە تاریکی شەودا ون بوو. گوڵمحەمەد ڕووی کردە براکەی. بەگمحەمەدیش بە تەوسخەندێکی ناباوەڕەوە وتی:

ــ پێم وانەبوو ئەو جۆرە کارانەشی لەدەس بێت!

گوڵمحەمەد وەڵامی گوتەی براکەی نەدایەوە و بەرەو نەجەف ئەرباب چوو. نەجەف ئەرباب، ماندوو و لە هەمان کاتدا قیرسیچمە، لە لای ئاگرەکەوە چیچکانی کردبوو و وەک بلێی چاوی لە شەلینەکەی گوڵمحەمەد بڕیبوو. گوڵمحەمەد بە کاوەخۆ لە نەجەف نزیک بوویەوە و لەمبەر ئاگرەکەوە لە بەرامبەری ڕاوەستا. نەجەف کە لە هاتنی گوڵمحەمەدەوە تا وەستانەکەی چاوی لێ هەڵنەگرتبوو، کەوتە ژەهر پژاندن و وتی:

ــ ئەوەشمان زانی مامۆستات بۆ خۆت گرتووە!... تازە خەریکە بۆم دەرئەکەوێ کە عەقڵیش ئەکڕدرێ و ئەفرۆشرێ! ئەوەش خۆی شتێکە!

گوڵمحەمەد بەر لەوەی وەڵامی نەجەف ئەرباب بداتەوە، بە بەگمحەمەدی وت تفەنگدارەکان دامەزرێنێ و شوێنی خەویان بۆ دیاری بکات. بەگمحەمەد حەزی ئەکرد ڕاوەستێ بۆ ئەوەی ئەگەر لە وتووێژەکەشدا بەشداری نەکات، بەس ئاگای لێبێ. بەڵام وا دیار بوو گوڵمحەمەد بە ئەنقەست بەگمحەمەد لە دەوروبەری نەجەف ئەرباب دوور ئەخاتەوە. بەگمحەمەد ڕۆیشت بە دوای ئەو فرمانەدا کە پێی سپێردرابوو. بە ئاوازێکی ئاشنا تفەنگدارەکانی بانگ کرد و پاش تۆزێک پیاوانی خۆ ونکردووی ناو شەوەزەنگ، هەر کامە و وەک تارماییەک لە پەنا و پەسێرەکانەوە هاتنە دەرەوە.

گوڵمحەمەد بە ڕەزامەندی ڕووی لە تفەنگدارەکان و براکەی وەرگێڕا، کورتانە شڕەیەکی هێنایە لای ئاگرەکە و لە بەر ئاگرەکە لە

سەری دانیشت. نەجەف ئەرباب هەروا خامۆش و بێدەنگ لە گوڵمحەمەد مۆڕەوە ببوو. گوڵمحەمەد چیلکە دارێکی نیوسووتی هەڵگرت و کەوتە یاریکردن بە خۆڵەمێش و پنگرەکان. تاوێک بە بێدەنگی تێپەڕی. پاشان گوڵمحەمەد سەری هەلێنا و بە نیگایەکی دژوار و مەرگبار لە چاوە بەدرەنگەکانی نەجەف مۆڕ بوویەوە و وتی:

ــ بۆیە شیرین زمانی ئەکەی چونکە ئەزانی من لە سەر سفرەی خۆم کەس ناکوژم! وانییە؟!

هەڵوەستەیەک لە نیگا و ڕوخساری نەجەفدا. بیبیلەکانی ئەتوت تازە خەریکن لە چەمکێکی تازە تێئەگەن. نیگای بە بێ جووڵە و لێوەکانی لێک لکاو. بە ڕوونی ئەیبینی کە گوڵمحەمەدی سەردار لە سەرەتای شەوەوە ئەوە یەکەمجارە بە ڕاستی قسەی لەگەڵ ئەکا و بە ڕاستی چاوی تێبڕیوە. هەروەها ئەوەشی بۆ دەرئەکەوت کە گوڵمحەمەدی سەردار تا ئەم کاتە نەیویستووە لە بەر چاوی کەسوکار و پیاوەکانی لەگەڵی بدوێ؛ مەترسی هەڵچوون و هەرزەکار دەرکەوتن. بۆیە ئەوا کە دەوروبەری چۆڵ ببوو و شەو لە سەر و گوێ کەوتبوو و ئەو دووانە تەنها بێژەر و بیسەری مشتومڕەکە بوون، نەجەف ئەرباب ئەیبینی کە گوڵمحەمەدی سەردار ڕواڵەتێکیتری پەیدا کردووە. چ بە گوتار و چ بە کردار، ڕواڵەت بە ڕوخسار و نیگای بە دیدار. دژ و بڕوابەخۆ، تا ئەو ڕادەیەی کە چاوە بلّح و بێشەرمەکانی نەجەف، توانای بەرامبەرکێی لەگەڵیان نەبوو. بۆیە سەرشۆڕانە سەری داخست و خامۆش بوو، لە کەڵکەڵەی ئەوەدا کە لەم خولە تازەیەدا چۆن لەگەڵ گوڵمحەمەدی سەردار ڕووبەڕوو ببێتەوە.

گوڵمحەمەد گوتەکەی خۆی درێژە پێدا و وتی:

ــ بیستبووم مشەخۆری مرۆڤ ئەکا بە بێچاوڕوو، بەڵام هەتا ئەمشەو بە چاوی خۆم نەمبینیبوو!... ئەوەی کە ئەتوت، ئەگەر لە جەربەزە و بوێرییەوە بوایە، داخم لێ نەئەهات. بەڵام دڵنیام لە ئازایەتی و مەردورندییەوە نەبوو. لە ترسنۆکیدا بوو. دڵنیام کە تۆش وەکوو ئەوانیترتان بێزراو و نەوێری و، بە تەشەرێک خۆت پیس ئەکەی. ئێوەی نازپەروەردە هەر هەمووتان یەکجۆرن؛ ڕوودار و بێچاو و ڕوون. بێحەیان،

بێحەیا! هیچ ڕادە و سنوورێکیش تێ ناگەن. هیچ سنوور و حەسێبێک! دەی ئێستە پێم بڵێ بزانم چیت بە سەرمەوە هەیە؟! چیت بە سەرمەوە هەیە کە لە سەرەتای ئێوارەوە لە سەر سفرەکەم دانیشتووی و خەریکی قسەی بێ توێکڵ ئەکەی؟! فەرموو بڵێ بزانم چ قەردێکت لەلامە! ئەی بۆ ئەو چاوە شینانەت بڕیوەتە پشتی کێرت و لاڵ بووی؟ دەفەرموو دەی، قسە بکە؟!

نەجەف ئەرباب، بە ئاستەم سەری بەرز کردەوە و لارەمل و تۆقاو چاوی بڕییە بان چاوەکانی گوڵمحەمەد کە مەتەیەک بوو لە ناو چاوانی ئەودا و وتی:

ــ من پیاوێکی ئابڕوودارم. گەدا و برسی و بێ سەروپێ نیم کە بەم جۆرە بە ڕیسوایی یەخسیرم بکەن. سواری ئەسپی ڕووتم بکەن و بیابانە و بیابان بمگەڕێنن. ئەو کارەی کە تۆ لەگەڵ منت کردووە! بۆچی... بۆچی وام بە سەر ئەهێنی؟!

ــ لەبەر چی؟! لە بەر ئەوەی کە تۆ پیاوت کوشتووە!

ــ من... ئەگەر پیاویشم کوشتبێ، مەگەر تەنها من لەم مەڵبەندە پیاوم کوشتووە؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ نەء. بەڵام تا ئێستە نەمدیوە کەس وەکوو تۆ ناپیاوانە کەسی کوشتبێ! ئەو دوو جووتیارە کەم لە ماڵی ئێوە ڕەنجیان دابوو؟ بۆچی بەو شێوە خنکاندنت؟ ئەوانە خۆ دوژمنایەتی تۆیان نەکردبوو هیچ، تەنانەت ڕۆحیشیان ئاگای لە کاری تۆ نەبوو! هەبوو؟ ئەو دووانە خەریک بوون کای کادێنەکەی تۆیان سەروبن ئەکرد، ئەی بێ خوا! بۆ ئەو دووانەت کرد بە قوربانی؟ کێ فێری کردی؟ کێ داویە بە گوێتاندا فوو بە زوڕنای بەدناوی گوڵمحەمەددا بکەن؟ کێ؟ ئەتانەوێ چ قازانجێکتان لەو کارە دەسبکەوێ؟ دەست و زمانی کام ژن حیز لەم کارەدایە؟ بۆ ئەتانەوێ وای بڵاو بکەنەوە کە گوڵمحەمەد هەژارکوژە؟ کە لە خوت و خۆڕایی جووتیار لە ناو کادێندا ئەسووتێنی و ئەخنکێنی؟ کە گوڵمحەمەد زاڵمە؟ ها، بۆچی؟ بۆ ئەوەی خەڵکی وا بیر بکەنەوە کە من زوڵم لە هەژار و

نەدار ئەکەم؟ بۆ؟!... ئاخر ئێوە چ دڕندەیەکن؟! چەندە درۆ ئەکەن؟ درۆ، ئەویش بە هەر نرخێک! بە نرخی خوێنی ئەوانەی کە بە ڕەنجی شانی خۆیان نانیان پێداون و بەخێویان کردوون؟ تف لەو چاوە بێشەرمانەی ئێوە بێ! حەزم ئەکرد لێرە نەبوایەتی بۆ ئەوەی خۆم چاوەکانت لە کالانە دەربهێنم، توخمە زۆڵی زۆڵەزا! ئەگەر هەزارتان لێ بکوژم، دیسانەوەش ئۆخەی لە دڵم ناکەوێ!

بە دەنگێکی ترساو و گۆڕاو، نەجەف وتی:

ـ تۆ نان و نمەکی منت خواردووە!

ـ خواردوومە!

ـ فیشەک و چەکت لێ سەندووم!

ـ سەندوومە!

ـ لە ناو جێگەی هەورێشمی ماڵەکەمدا خەوتووی!

ـ گریمان وابێ!

ـ دیسانەوەش... من و تۆ لەم مەڵبەندە کارمان بە یەک ئەبێ.

ـ دەی؟

ـ دیسانەوەش پێویستت بە فیشەک و تفەنگ ئەبێ!

ـ مەبەست؟

نەجەف ئەرباب بێدەنگ بوو، پاشان بە نیگایەکی کەساسەوە پرسی:

ـ ئێستە ئەتەوێ چیم لێ بکەی؟

گوڵمحەمەد هەڵسا و وتی:

ـ ئەڵێم جێگەیەکی خاوێنت بۆ ڕابخەن. ئەمشەو میوانی منی!

ـ پاشان چی؟ مەبەستم دواترە!

ـ پاشان... پاشان ئەوە بوو کە گوێت لێ بوو! ئەتبەم بۆ سەنگرد و لە مەیدانی ناو گوند ناچارت ئەکەم وەڵام بدەیتەوە. ناچارت ئەکەم بە خەڵک بڵێی چۆن و لە بەر چی ئەو دوو جووتیارە ڕەبەنەت بە کادوو خنکاندووە. پاشانیش خەڵکەکە خۆیان ئەزانن چ بڕیارێک ئەدەن و چیت لێ ئەکەن!

ـ خەڵکی؟!

ئاماژەی ئەو تەنگانەیەی نەجەف ئەرباب تووشی ببوو، لە کاتی گوتنی ئەم وشەیەدا، ئەیویست بزەی تەوساوی و نەفرەت ئامێزی خۆی بشارێتەوە، بۆیە ئەوسا کە لەگەڵ بێدەنگی سارد و چاوەڕوانی گوڵمحەمەد ڕووبەروو بوویەوە، زمانی بە شێوەیەکیتر بزواند و وتی:

ـ رازییان ئەکەم، خەڵکی ڕازی ئەکەم! چیت وت؟ ئەگەر ڕازییانم کرد چی؟ سەری پێنج تمەن گەنم ئەکەمە ناو توورەکەکانیان. بنەماڵەی ئەو دوو جووتیارەش ڕازی ئەکەم. هەر ماڵە و هۆڕێک گەنم و پەنجا تمەنی ئەدەمێ. لە هەر بنەماڵەش پیاوێک ئەخەمە کار!... ئەوسا چی؟!

گوڵمحەمەد کە هەستی ئەکرد دەنگی لێک گیران و سوانی ڕقاوی ددانەکانی بە گوێی خۆی ئەبیسێ، بە بێ گوێدانە سفرە و میوان، وتی:

ـ ئەوسا... خۆم ئەتکوژم! هەر لەوێ و لەبەرچاوی ئەو برسی و ڕەش و ڕووتانە لە قەنارەت ئەدەم!... خۆم!

گوڵمحەمەد وەک بڵێی توانای وەستانی نەبێ، باڵەکانی چۆخەکەی بە پەنجە گرتبوو و لە بەردەم چاوە نیگەران و دڕدۆنگەکەی نەجەف ئەربابدا ئەهات و ئەچوو و لە هەر چوون و هاتنێکیدا نیگای نەجەفی بە دوای خۆیدا ڕائەکێشا. ڕەقی و لێبڕاوی گوتەکەی گوڵمحەمەد شوێنەواری قووڵی خۆی لە سەر نەجەف سەنگردی دانابوو و بە ڕاستی ئەوی لە شوێنی خۆی چەقاندبوو و نەجەفی لە ئاوێنەی خۆیدا وەکوو بەرد وشک کردبوو:

ـ ئەمەیان بڵێ کە ئەتەوێ بمکوژیت و تەواو! ئیتر بۆچی گوندییەکان ئەکەی بە بیانوو؟!

گوڵمحەمەد هیلاک و بێ ئوقرە لە مشتومڕە بێ سوودەکەی خۆی لەگەڵ کوڕی حاجی عەبدولعەلی سەنگردی، لە سەر پێ وەرگەڕا و بەرەو دەریزانی ڕەشماڵەکە ڕۆیشت و بە بەگمحەمەدی وت:

ـ جێیەکی ئاسوودەی بۆ ڕاخە با بخەوێ!

بەگمحەمەد بە دوای فەرمانەکەدا ڕۆیشت و لە بەرچاوی گوڵمحەمەد، سەبرخان لە تاریکی کەنار ئەستوندەکەکە قوت بوویەوە

و نەرم و بێدەنگ چووە ژوورەوە. بەگمحەمەد ئەوا نەجەف ئەربابی هەڵساندبوو و بەرەو ڕەشماڵەکەی باوکی و سەبرخان ئەیبرد. لەملاتر مایندە شینەکەی بوندار -ئاشنا بە چاوی گوڵمحەمەد- لە پەنا باکەدا وەستابوو. گوڵمحەمەد بۆ سەیرکردنی ماینەکە هەڵوەستەیەکی کرد. لە پەنای یاڵی ماینەکەدا دلاوەر وەکوو شوان وەستابوو. بازووی خستبوویە سەر شانی چوارپێکە و چاوی بڕیبوویە گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد توانی بالآی دلاوەر لە تاریکیەکەدا بناسێتەوە. گوڵمحەمەد نیگای لە سەر پیاو و ماینەکە نەگواستەوە و هاتەوە بیری کە خۆی فەرمانی گەڕانەوەی دلاوەری دابوو.

تاوێک وەستان و بێدەنگی. تاوێک ڕامانی، ئەبێ چی بکات؟ دلاوەر خۆی پێ نەگیرا و وەک جادوولێکراو، بێئەڤان و خۆ بە خۆ، لە لای گوێی ماینەکەوە بەرەو ئەملا کشا و بە لەرزینێکی ملۆزم لە جمگەی ئەژنۆیدا، باڵێکی بمێنێ بۆ گوڵمحەمەد خاوی کردەوە و وەستا و وەک بلێی یەکی دی -مرۆڤێکی دی کە دلاوەر تا ئەم کاتە نەیناسیبوو- لە ناخیەوە سەری هەلێنابوو، وتی:

ــ بەیانی زوو ئەبێ لە قەلآچیمەن بم سەردار!... ئەگەر دەرفەت بدەن هەر ئێستە ئەکەومە ڕێ!

گوڵمحەمەد، وەلآمی دلاوەری دا بە بەگمحەمەد کە لە ڕەشماڵەکە هاتبوویە دەرەوە و سەیریانی ئەکرد:

ــ بیخەرە ڕێ! نان و ڕۆن و جووتێک گیوە بخەرە ناو شەڵتەکەی.

پاشان گەڕایەوە و بە لای بەگمحەمەددا کە تێ ئەپەڕی، بە ئەسپایی کە دلاوەر نەبیسێ، وتی:

ــ پارەیەکیشی بدەرێ بۆ خەرجی ڕێگە!

تا دلاوەر دڵ ئاسوودە و بە بێ دڵەخۆرپە ئامادەی ڕۆیشتن ببێ، گوڵمحەمەد بە بێ مەبەستێکی تایبەت سەری کرد بە ناو ڕەشماڵەکەی کەلمیشیدا و دەرفەتی ئەوەی پەیدا کرد -نەک زۆر بەپەلەش- هەواڵی پیرەمێردی باوکی بپرسێ. هەرچەند ناوچەوانی ترشاوی کەلمیشی بە ئاسانی نەئەکرایەوە، لە بەر ئەو ئازار و سووکایەتیەی پێی کرابوو

لە سەر جێگەی کوشندەی ئەمڕۆدا. هەروەها دڵی ئێشاوی بەو قسە وشکانە نەئەهاتەوە جێ، بەهۆی بێ مێهری و بەجێ هێشتنی لە ماوەی سەختی دوورودرێژی ئەمشەودا.

وای هەست کردبوو نەکەوتۆتە بەرچاو و بوون و نەبوونی حەسێبی بۆ نەکراوە. ئەگەر جگە لەوە بوایەت گوڵمحەمەد سەرپێیی سەرێکی نەئەهێنایە ژوورەوە بە هەڵوەستەیەکی کورت و دەسبەجێ بڕواتەوە دەرەوە. ئەوە نییە ئێستەش گوڵمحەمەد پاش ئەوەی تەواوی کار و فرمانەکانی ڕاپەڕاندووە، هاتووە بۆ لای ئەم و خۆشی نازانێ باسی چی لەگەڵ باوکی بکات؟ ئەوە نییە وا پێئەچێ کە تووش بووە؟ ئەی کەلمیشی بۆچی نابێ وەکوو مناڵانی گڕۆز، ڕوخساری لە ناو سەرینەکەدا نەشارێتەوە؟

«بە قەبری بابی منەوە کە ئێوەم پێگەیاند! هەر کام بۆ خۆتان دارێکی مەنسوورن، بەڵام کوا سایەتان لە سەر سەری من؟!»

سەبرخان کە تازە لە سەر دۆشەکەکە ڕاکشابوو، لە سەر جێگەکەی ئاخێزی کرد و لە کاتێکا چۆخەکەی ئەدا بە شانیدا، نیوە جگەرەیەکی لە قوتوەکەی دەرهێنا، دایگیراند و ئەماژەی بە کەلمیشی کە بە دەما خەوتبوو، وتی:

ــ زۆر خراپ هەر دووکمان بەجارێ لە سەر جێ کەوتین! کتوپڕ! خوا فریامان کەوت کە عەبدۆس هات. ئەگینا پەزەکان بێ پیاو ئەبوون. ئێستەش ئەبێ بیرێکی بنەڕەتی لە ڕانەکە بکەینەوە. خاڵۆ عەبدۆس ئەگەر لێرە بمێنێتەوە ئەوە باشە، بەڵام ئەگەر نەیەوێ بمێنێتەوە...

گوڵمحەمەد، ماندوو، پاڵی دا بە باوڵەکەوە و وتی:

ــ ئەمێنێتەوە!

سەبرخان وەڵامی وەرگرت. لێوی نا بە جگەرەکەیەوە و مژێکی لێدا. گوڵمحەمەد وەک بڵێی بۆ دڵدانەوەی کابرای شوان، وتی:

ــ خاڵۆ عەبدۆس لەبری باوکم لەگەڵت دێ بۆ ناو ڕان. باوکم لەمەوپاش ئەبێ لە ناو ڕەوەند بمێنێتەوە. ئەگەریش هات و ڕەشماڵەکانمان خڕکردەوە و بردمان بۆ قەڵامەیدان ئەوە باشتریش. لە

قەڵامەیدان نیشتەجێ ئەبین و پیرەمێردیش با چوار ڕۆژ بحەسێتەوە لە ناو کەسوکارەکەیدا، بە سەر سەری بنەماڵەوە... چەندە جەزرەبە بکێشێ؟

کەلمیشی نەیتوانی لەوە زیاتر بە درۆ خۆی بدا لە خەو کە زۆریش بۆی دژوار بوو. زیاتر لەو ڕووەوە کە گوڵمحەمەد بە دڵی ئەو و بەگوێرەی مراز و ئارەزووی ئەو ئەدوا. نیشتەجێ بوون لە گوندێک بە ئاو و زەوی و کێڵگەی لەبارەوە، ئارامگرتن و خواردنی پارووە نانێک بە دڵی ئاسوودە، کە ویستی ساڵانی ئەو بوو. هەر ئەم ویست و ئارەزووەش بوو وای لێکردبوو تا لە شوێنێکی وەکوو دەرزیوەر دە خشت بخاتە سەر یەک و سەربان و سێبەرێک بەدی بهێنێ. بەڵام ئێستە کە ئەیبینی گوڵمحەمەد -ئاماژەی دژایەتی پار و پێراری- سەری ناوەتە بەر داواکاریەکانی ئەو و باسی نیشتەجێ بوون ئەکا، باسی تۆران لە چاوترووکانێکدا دامرکایەوە. نیگەران و هەروەها ئارەزوومەندی هێمنی و ئاسایش، سەری لە سەر سەرین هەڵگرت و لە کاتێکا بە خواری ئەیڕوانیە گوڵمحەمەد، بە دەم ئەمازەکردن بە میوانە خەوتووەکە کە پرخەی ماندوێتی ناو ڕەشماڵەکەی داگرتبوو، کەوتە نارەزایی دەربڕین:

ــ ئەمە چ بەڵایەکە بە سەر کوڕی خەڵکیت هێناوە؟! چیتە تۆ؟ خۆت ئەزانی لەگەڵ چ کەس و کەسانێک کەوتوویتەتە ململانێ؟ ئاگات لە خۆت هەیە؟ مەگەر نازانی ئەم مەڵبەندە سەروبەری لە سەر پەنجەی دەدانەی وەکوو نەجەف ئەرباب ئەگەڕێ؟ نازانی؟!... ڕۆژ بە ڕۆژ دوژمن بۆ خۆت ئەتاشی و ئەویش چ جۆرە دوژمنێک! لە بەر چی ئاخر؟! کەوڵت ئەکەن ئەمانە. بۆ ئەتەوێ پێستت لە بەر داماڵن؟! ها؟ ئەوەت ئەوێ؟! بۆ ڕێ ناکەوی لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە؟ بۆ نابی بە هاودەمیان؟ بۆ بە جارێ دەستت داوەتێ و خەریکی نانی خۆشت و نانی ئێمەش و نانی هەمووومان ئەبڕی؟ بۆ با چووەتە قولت؟ ئێستە کە تفەنگت دژی حکووموت هەڵگرتووە، لانیکەم ئەو چوار پیاوەی لەم مەڵبەندەدا توانا و دەسەڵاتێکیان هەیە بۆ خۆت ڕابگرە! ئەو گەنجەی تۆ لەوێ وەکوو یەخسیر قاچەکانت بەستووە و خەواندووتە، لەم مەڵبەندەدا بۆ خۆی ناو

و ناوبانگێکی هەیە، ڕێز و ئابڕووی هەیە. خۆ لەبنی بنچک دەرنەپەڕیوە! بۆ؟ بۆ و لەبەرچی کاری وا ئەکەی کە قینت لێ هەڵبگرن؟ ئەمانە ئەبن بە دوژمنی گیانت. هەر ئەوەندەی دەستیان ئاوەڵە ببێ ئەدەن لە ڕیشەت. بۆ ئەبێ ئەو بەڵایە بە سەر یەکێکی وەکوو ئاغەی سەنگرد بهێنی تۆ؟ مەگەر ناتەوێ لەم مەڵبەندە بژی تۆ؟ مەگەر نابێ سەروکارت لەگەڵ ئەمانە هەبێ؟ ئاڵوگۆڕت هەبێ و ژیانت هەبێ؟ بۆ، بۆچی کەسێکی وا، کەسانی وا، سووک و ڕیسوا ئەکەی؟!

وەک هەمیشە، گوڵمحەمەد ئەگەر بێدەنگ بمایەت، کەلمیشی بێدەنگ نەئەبوو و بە پرسیار لە کۆڵی نەئەبوویەوە. یەکسەر و یەکبەند ئەیوت و ئەیوت. ئەوساش کە قسەکانی تەواو ئەبوو، لە سەڵڵا هەڵی ئەدایەوە. بۆیە گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی ڕێگە بە زۆر گوتنی باوکی بگرێ، لەو دەرفەتەی دەستی کەوتبوو، بە بیانووی وەڵامدانەوە وتی:

ــ ئەو ئادەمیزادی کوشتووە! دوو کەس لە جووتیارەکانی خۆی!

کەلمیشی بە دژواری شانی لە سەر ئانیشک هەڵێنا و بە تەواوەتی ڕووی کردە گوڵمحەمەد و بەچاو و ڕواڵەتێک بە قەبارەی نەفرەت وتی:

ــ بە جەهەننەم کە کوشتوویەتی! پێت وایە دوو پاتشای کوشتووە؟! دوو جووتیاری کوشتووە با کوشتبێتی! بڕوانە کێ غەمی کوژراوی خەڵکی ئەخوا... کوڕەکەی من! مەبەستت کوژران و کوشتن ئەوەندە شتێکی تایبەت و نۆبەرەیە بۆ تۆ؟! ئەویش کوژرانی دوو جووتیار؟! چەندە ئەهێنێ گیانی دوو جووتیار؟!... گریمان پێنج ساڵیتریش -لە خۆم خراپتر- بە کولەمەرگی بژیایەتن ئەو دوو جووتیارە. ئاخرەکەی چی؟ ئەیانویست کوێ بگرن؟ چ گوڵێکیان ئەویست بدەن لە سەری خۆیان و خەڵکی دیکە؟ دەمەن نانی زیاتریان ئەخوارد و چۆکێک زیاتر ئاودەستیان پڕ ئەکرد و پاشانیش ئەمردن! نە ئەمردن؟!... من نازانم ئێمە چکارمان لەوە داوە کێ کێی کوشتووە؟ مەگەر تۆ دادپرسی ئەو خەڵکەی؟!...

ــ تاوانی کوشتنەکەیان خستۆتە ئەستۆی من! بۆ ناتەوێ تێبگەی؟ منیان بە بکوژ داوەتە قەڵەم. لە لایەکەوە جووتیارەکانیان خنکاندووە و لە لایەکیتریشەوە دەرپێکەیان داوە بە سەریاندا و کردوویانەتە سەر بان

و کردوویانه به قیژه و هەرا، ئەی داد و بێداد گوڵمحەمەدەکان هاتن، تالاَنیان کرد و سووتانیان و کوشتیان و ڕۆیشتن! پاشانیش غاریان داوە بۆ زاڵگەی جەندەرمە و سکالاَیان کردووە. سکالاَیان لە دژی من داوە بە جەندەرمە! ئێستە بۆت ڕوون بوویەوە؟!

کەلمیشی هەروا بە خواری لە خەوتووی نەجەف ئەرباب مۆڕەوە ببوو. گوڵمحەمەد بێدەنگ بوو. سەبرخان قنچکە جگەرەکەی لای دەستیەوە، لە ناو خۆڵەکە کوژاندەوە. پرخەی نەجەف ئەرباب کزی کرد. بێدەنگی چڕتر بوو. کەلمیشی بە بێ باوەڕییەوە، لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ ئاهـــااا...؟!

بلقیس هاتە ژوورەوە. پیاڵەیەکی مسی گیراوەی شل و چەند پارچە پەڕۆی ناسک بەدەستیەوە، بەرەو سەر جێگەی شووەکەی ڕۆیشت و بە کوڕەکەی وت:

ــ رابە... ڕابە و بڕۆ دەرەوە، ئەمەوێ برینەکەی سەیر بکەم.

لە هەڵسانی گوڵمحەمەددا، بلقیس بە سەبرخانیشی وت:

ــ تۆش هەڵسە بڕۆ بۆ ڕەشماڵی خۆتان. هەیڤۆ جێگەی بۆ ڕاخستوویت. ڕابە تا یاوت لێ نەهاتۆتەوە.

سەبرخان ئامادەی هەڵسان بوو. گوڵمحەمەدیش لە چوونە دەرەوەدا، بە چەتوونی و لاپرەسەنی مناڵانەوە ئاوڕی دایەوە و بە دزیکەوە سەیرێکی دایک و باوکی کرد. بلقیس لێفەکەی تا ناوقەدی پیاوەکەی هێنایە خوارەوە و بە دەم کارکردنەوە بە سەبرخانی وت:

ــ چۆخەکەت بدە بە سەرتدا ئەچیتە دەرەوە، هەوا دزە!

سەبرخان و گوڵمحەمەد چووبوونە دەرەوە.

سەبرخان بەرەو ڕەشماڵی خۆی و گوڵمحەمەد لە دەرەوە، لە بن ئاسمان مایەوە.

ئاسمان.

ئاسمانی لێڵ. ئەستێرەی شلوێ. نەرمە ڤیزەی با لە ناو بنچکی وشکەڵاتوودا. تارمایی چوارپێکانی ڕەوەند. خەو، خەوی پیاوانی شەکەت. ئارختک. مۆتەکەی خەونی ژنانی نیگەران. یافتی ڕۆیشتووی دلاوەری

شوان. ناوبەناو هاتوچۆی تاپۆئاسای تفەنگدارێک لە هاتوچۆی شەوانەدا. حەوحەوی دوور و جارجارەی سەگێک، سەگانێک لە بادا. خەو و پشووی ئەسپەکان. دەم لێکدانی قەرە. کاوێژی بادی، بێدەنگی. بێدەنگی تفەنگ، تفەنگەکان. تیشک، تیشکی بێگیان لە درزی چەند ڕەشماڵەوە. شەو، شەوی بێ سنوور.

«ناخەوی گوڵمحەمەد؟!»

دەنگی ئەندێشە. گوڵمحەمەد بەرەو کۆمای خۆڵەمێشەکە چوو و لەوێ لە سەر بەردەکە دانیشت. ئەو بەردەی پێشتر نەجەف سەنگردی لە سەری دانیشتبوو. پشت لە با دانیشت، تفەنگەکەی نایە سەر ئەژنۆی، چۆخەکەی دایەوە بە شانیدا و چیلکەیەکی هەڵگرت بۆ ئەوەی ناو خۆڵەکەوە و پشکۆکە بورووژێنێ.

ــ خەوت نییە گوڵمحەمەد؟!»

دەنگی ئەندێشە. دەنگی ژانەی کەڵکەڵەی غەمی پشوو نەدان. بڵێی کامیان بێ؟ زیوەر یان ماراڵ؟ ئەبێ زیوەر بێ. چونکە ماراڵ خەو و شەکەتی ئەبێ بردبێتیەوە. لێی گەڕێ. ئەو -زیوەر-یش خەو ئەیباتەوە!

«کەللەی وشک بووە. بێخەوی، هەڵەی جەوانی! ئاخر ئارامێک، حەسانەوەیەک گوڵمحەمەد؟»

دەنگی دایک، دەنگی گڕ و پڕ گلەیی دایک، بە دەم باوە. دەنگی دایک، بە جەختێکی گلەیی ئامێزەوە، لە کاتی پەڕینەوەی لە ڕەشماڵێکەوە بۆ ئەوی کە. گوڵمحەمەد خامۆش، سەری دانەواندووە، شانەکانی دەرپەڕیوە و خێسەی لە ژێلەمۆ. پاشان زایەڵەی زەمزەمەی چگوور!

ئای... کە چ برایەکە ئەم بەگمحەمەدە! گەڕاوەتەوە. دلاوەری لە کەوشەن و سنووری ڕەوەند دوور کردۆتەوە و گەڕاوەتەوە. گەڕاوەتەوە و سەرەڕای شەکەتی لەش و شەڵەژانی ئەندێشەی، چگوورەکەی لە دوورەوە لە پەنای پەسێری ڕەشماڵەکەدا، خستۆتە زەمزەمە. چگوور. نەوای جادووگەری چگوور، بە ئەوینی ئارامشی گوڵمحەمەد. حەزی پێشووی براکەی، ئەوسا کە بۆ بیستنی دەنگی سازەکە لە سەر شەوق بوو. بەگمحەمەد لە بیریدا هەڵیگرتبوو و ئەوا بۆی ئەژەنی.

ئارام و ئارامبەخش. هاودڵ و هەماهەنگی بار و کاتەکە. نەک بێپەروا و مەستانە و، نە بەو ڕادە بەشەوق و ڕق و بەهێز کە پێ بە مەبەستی ئاوەزەنگی لە عەرز ببڕێ بە ئەوینی قریشکەی حیلەی ئەسپان. نە بەو ڕادەیەش شێتانە و دێوانەسەر کە غاردان و بەردەوامی ئاژووتن لە دەستە دەستەی سوارانْدا. نەرم ئەی ژەنی. بە هیوای خەمڕەواندن و ئاسوودەیی ئەندێشەیەک. شەو و دابەزینی ئوقرە، دووری و پەرۆشی ژوان، پەنجەی بە سەر تەلەکانْدا ئەخزێنێ. یادی خورسوف و بیری لەیلێ یەک ڕەنگە.

«تەنهای... براکەم؟»

دەنگی ئەندێشە. دەنگی ژنانەی ئەندێشە، گوڵمحەمەد خامۆش بوو و هیچ تامەزرۆی شکاندنی ئەو خامۆشیە نەبوو. خۆ هەڵدان و بەربوونەوە لە قووڵایی زەڵاڵی دەروونیدا، تەنها ئەو جارانە ئەگونجێ کە بارێکی بە وەیشوومە بە سەر شانتەوە بڕستی لێ بڕیوی. فڕێدران و ڕەهابوون، ئەویش ئەگەر لە سەر پەڕی لەرینەوەی نەرمی چگوورەکەی بەگمحەمەد وەک شنەبا باڵت گرتبێتەوە، بە چیلکەکەی دەستتەوە لە قەراخ ژیلەمۆکە.

«تەنهای... براکەم؛ خوشکت لە دەورت گەڕێ، گوڵمحەمەد!»

ئەم دەنگە ئیتر لە دەنگی ئەندێشە نەئەچوو. نزیک بوو. بەس تۆزێک بێگانەسا بوو. دەنگ نزیک بوو. زۆر نزیک. بە ڕادەیەک کە بوونی دەنگ، هەناسەی دەنگ و، هەستی دەنگەکە ئەبیسرا و هەست پێ ئەکرا. دەنگەکە لە چەپی شانی گوڵمحەمەدەوە بوو. بە ئاوڕدانەوەیەک ئەکرا هەموو دوودڵی ئاوێتە بە ئەندێشە و دڵەڕاوکە تێک بشکێنرێ. گوڵمحەمەد ئاوڕی دایەوە. شێرۆ لە سەر هەردوو چۆکی لە لای براکەیەوە دانیشتبوو، خەنجەرێک لە سەر دەستەکانی. پێشکەشی گوڵمحەمەد:

ــ گرێی کارم بکەرەوە، لە دەورت گەڕێم!

سەری شێرۆ بە دژواری لە سەر ملی ڕاوەستابوو. ئەتوت دوا توانا و جەربەزە و بویری خۆی لە ڕستەیەکدا چڕ کردبوویەوە و، دوا وزەی چۆکەکانی بۆ ئەوە بەکار هێنابوو لە حەشارگەی تاریکیەوە خۆی بگەیەنێتە لای خۆڵەمێشەکە. ئێستەش ئەگەر گوڵمحەمەد،

خوشکەکەی -بە ڕوخساری پڕ ئەسرین و لەرزینی بێ ئوقرەی لێو و گۆنا، چاوی گڕگرتوو و هەژانە نامۆکەیەوە- لە ئامێز نەگرتایەت، ڕوون نەبوو کە شێرۆ دەستی بدایەتە چ کارێکی شێتانە و ناچارانە.

دەستی گوڵمحەمەد بەڵام بە سۆزەوە نیشتە سەر شانی شێرۆ. سەروی سووتاو، سەری دانەواند. لافاوی بنار لە گیانی گوڵمحەمەددا. سەر لە بەر پێی برا، بێباک و بێپەروا. غەم و بوغزی دێرین و گلەیی ئاوێتە بە شەوقێکی ناباوەڕ. زێی خرۆشی شێرۆ نەوایەکیتر بوو کە لەگەڵ زایەڵەی چگوورەکەی بەگمحەمەد تێکەڵ ئەبوو.

بڵقیس لە دەریزانی ڕەشماڵەکە وەستابوو و شانەکانی بە گریانی شادمانی ئەلەرزین. گوڵمحەمەد خەنجەری لە دەستی خوشک وەرگرت و خستیە بن قایشی سەر پشتێنەکەی، شێرۆی لە سەر ئەژنۆی خۆی هەڵساند و وتی:

ــ ئاگر؛ چاڵووک بهێنە بۆ ئاگرەکە!

# بەشی بیست و چوارەم

**بەندی یەکەم**

سپێدپەهنا.

سروەی ساردی بوومەلێڵ. بەستێنی ساماڵ و ئارامی ئاسمان. ئارامش. ماوەی ئەستێرەکان، تاک و تەرا، تەنها. خاڵخاڵۆکەی سەر قاپێکی بەراوەژووی قەیماخ. ناوبەناو خەریکی خۆ وەشێران. بانگەوازی ڕۆژ. خۆری ون لە خەمی پشتی زەوی. نە نیشانەیەک هێشتا لە پێشدەمی خۆشی ئەرخەوانی و، نە نیشانێک هێشتاش لە مەلانی بەرەبەیان. ئامێتەیەکی شینباوی ئاسمانی و قورقوشمینی بەرەگەی ئاسۆ. هاوسنووریی ڕەنگەکان. بێ تخووبی شەو و ڕۆژ. لێڵی و ئەندێشە. داچوون و ڕاسان. نە شەو پەلەی ڕۆیشتنیەتی و نە ڕۆژ لەزی دەستپێکردن. وەستان. پێکهاتنی داچوون و هەڵاتن. جێگۆڕکێیەکی بێ ملانێ. ماڵاواییەکی بە ئاشتی. شەو ئەڕوات سەربنێتەوە و ڕۆژ بە ڕێگەوە بۆ هەڵهاتن. ئەم ئەڕوات تا بێتەوە و ئەویان ئەگات تا گەڕابێتەوە.

کرداری ڕۆژگار!

بڵقیس ئاوی ناو مەڕدۆشەکەی هەڵدا. با ئاوەکەی برد. سەگەکە لە بەر کۆشی بڵقیسدا کەوتە گۆزان گۆزان. بڵقیس سەری بەرەو ژیلەمۆکە سووڕاند. لەوێ هێشتاش گوڵمحەمەدی لێبوو، لە سەر بەردەکە. خامۆش بوو گوڵمحەمەد. بڵقیس هەنگاوێک بۆ لای چوو. گوڵمحەمەد ئەتوت خەو بردوویەتیەوە. هەنگاوێکی دی. چۆخە بە شانەوە، تفەنگ لە ناو دەستیدا و بە بەر تەوێڵیەوە، ڕوومەت ئارام و قژی لە بن کلاوەکەی

کەوتبوویە دەرەوە. ئەتوت سەد ساڵ بوو خەوتبوو. بلّقیس نەی ئەتوانی هیچ بکات، جگە لەوەی ڕابووریّ. نە کاتی ئەوەی هەبوو جێگە ڕاخات و ڕۆڵەی بخەوێنیّ، نە بە باشیشی ئەزانی بە تەوسێک -هەرچەن لە بەر خۆیەوە و بەسرتە- بە ژنەکانی گوڵمحەمەد، خەوەکەی بزڕێنیّ. بۆیە، جگە لە بیّ ئومێدی لە ئاوارەیی و نەفرین کردنی ڕۆژگار لە دڵەوە و پلارێکی لاوەکیش بۆ ژنەکانی گوڵمحەمەد هیچیتری نەبوو بە خۆی بلّیّ. کاری دروست ئەوەبوو ڕابووریّ و لێگەڕیّ کوڕی، بیّ شەڵەژان و ئاسوودە، تاوێک ئوقرە بگریّ. هەرچەندە بەم جۆرە و وەک غەوارە.

«خۆزگە بخەوتایەت، خۆزگە بخەوتایەت شەوێک بە دڵ ئارامی!»

جێیەک بۆ هیوا، جێیەک بۆ خەوتنی گوڵمحەمەد هێشتاش لە دڵی بلّقیسدا بوو. هەمووی هەر هەناسەی سارد نەبوو. ئەوەی لە دڵی بلّقیسدا بوو. شوێنی هیوا، شوێنێک بۆ ئومێد. هەرچەند دڵنیگەرانیشە، بەلّام:

«بەشم ئەمەیە، ئەمەیە بەشی من. لە ناوچەوانم وا نووسراوە. بەشی من ئەمەیە لەم ژیانە بیّ قەمتەرە، بیّ هەوسارە. با بۆخۆی بنویّ. با بحەسێتەوە تاوێک، هەرچەند وەکوو غەوارە. بەشەکەم ئەمەیە. ئەمەیە بەشی خۆم و بەخت و چارەی کوڕەکانم!»

ئەویکە، بەگمحەمەد ئەبیّ لە کویّ خەو بردبێتیەوە؟

بە دوای خەوتووی کوڕەکەیدا، بلّقیس سەری کرد بە هەموو پەنا و پەسێرێکدا. بەگمحەمەد لە قەراخ ڕەشماڵەکەی کەلمیشی خەوتبوو ڕەنگە بۆ ئاگابوون لە نەجەف ئەرباب. خۆی دابووە پەنا و لێی خەوتبوو، پاپۆکە، ئەژنۆی نابوو بە سکیەوە. وەک ئاولەمە. چگوورەکەی لای دەستیەوە و تفەنگەکەی لە بن سەری، بە بیّ ڕاخەر و بە بیّ پێخەف. جەوانی!

«تاشتێکتان بۆ ئامادە ئەکەم ئەمڕۆ بەر دڵتان بگریّ، ئازیزەکانم!»

بلّقیس ئیتر نەوەستا. لە نێوان چوارپێکانەوە بەرەو بیری ئاوەکە هەڵکشا. دڵنیای ئەوەی کە پیاوەکان تا گەڕانەوەی ئەویش لە خەو ڕانابن، ئەم پیاوانە. کە وا بوو، بەر لەوەی چاو بە ڕۆژدا هەڵبهێنن

ئەبوایە نان و ئاو و بەرچاییان بۆ ئامادە بکات. چونکە تێرکردنی ورگی پۆلێک پیاو، کارێکی سانا نییە.

ــ چاوەکانت لە بێخەویدا سوور بوون، ماندوو نەبی!

کابرای کێشک لە وەڵامی بڵقیسدا بەیانی باشی لێکرد و بەخێری هێنا.

بڵقیس پرسی:

ــ خۆ برسی و تینوو نیت؟

کابرای کێشک وتی:

ــ تا چێشتەنگا خۆم ڕائەگرم. بەر لە خەوتن پارووەیەک ئەخۆم.

ــ ئەتەوێ بابۆڵەیەکی نان و ڕۆنت بۆ بهێنم؟

ــ خێر بێتە ڕێت دایەگیان. قەیناکە، دوێشەو باشم خواردووە. زۆر سپاس.

بڵقیس لای دا و بەرەو بیری ئاوەکە چوو.

کابرایەک و ئەسپێک.

لە بەرەگەی ڕۆژهەڵاتەوە و لە نیگای بڵقیسدا، وەک بڵێی سوارێک هەڵقولا، بالابەرزێکی چوارشانە لە سەر ئەسپێکی چوار هەنگڵ. خانئاپۆ. ئەسپەکەی خانئاپۆ بە ڕەنگی بوومەلێڵ، نە بەوێرغە و نەبەغار، بە گورگەلۆقە ئەهات. قیرقاج. هەر ئەم ئاژووتنە لۆقەیەش بوو کە سوار و ئەسپەکەی دوو ئەوەندە زەبەلاحتر پیشان ئەدا.

بڵقیس لای بیرەکە وەستا و کەوتە کردنەوەی گوریسی دۆڵچەکە. چای بەیانی ئەم پۆلە پیاوە. جەوەنەیەک و مەڕدۆشێک. کەمترین بڕی پێویست. بەڵام کارێکە بڵقیس ئەبوا بیکردایەت ئەوە بوو کە پەلە بکات و پێ هەڵبگرێ. چونکە گەیشتنی خانئاپۆ بۆ ناو ڕەوەند، بێگومان شێوازی خەو و هەستانی تێک ئەدا.

خانئاپۆ لە تێپەڕین بە لای سەرووی بیرەکە، لە نیگای بڵقیسدا دەستێکی بە سڵاو بۆ هەڵێنا و بەردەوام بوو. کابرای کێشک خۆی لادا و بەیانی باشی لێکرد. گۆڵە یەکچاو هەڵات بە پێشوازی خانئاپۆوە. کلکی لەقاند و قەپۆزی لە ئاوەزەنگیەکە، قرووسکایەوە. خانئاپۆ گرێی قورسی

لەشی لە سەر ئەسپەکە داگرت و خەوالّوو چاوی گێڕا. هەیقۆ سەری لە دەریزانەوە هێنایە دەرەوە و بە ڕووی خۆشەوە بۆ وەرگرتنی هەوساری ئەسپەکە بەرەو باوکی چوو. خانئاپۆ دەسکەوساری دایە دەستی و خۆی بەرەو مەیدانەکە چوو.

بەگمحەمەد خۆی ئاشکرا کرد و بۆ ڕۆژباش بەرەوپیری ئاپۆی چوو. خانئاپۆ هەواڵی گوڵمحەمەدی پرسی و بە جووتە بەرەو خۆڵەمێشەکە چوون. گوڵمحەمەد بە بیستنی دەنگ و گوت و بێژ، هاتەوە بە خۆیدا و چاوی هەڵبڕی. ڕووی لە خانئاپۆ و بەگمحەمەد، سەرمای بەرەبەیانی لە لەش تەراند و شۆپی باوێشکی لە چاو و ڕووی سڕییەوە.

خانئاپۆ و بەگمحەمەد لە ژیلەمۆی خۆڵەمێشەکە نزیک بوونەوە. گوڵمحەمەد ڕابوو و چۆخەکەی توند لە خۆی ئالاّند و بە خۆکێشانەوە، شەکەتی و پاشماوەی خەوالّووی تووڕ دا و دەستەکانی -بە باوێشکێکی کشاو کە هاتبوو- خاچ ئاسا بە هەردوو لادا کردەوە، وەک بڵێی ئەیەوێ ئاپۆی لە ئامێز بگرێ.

ڕۆژباش و بەیانی باش.

گوڵمحەمەد نیوسووڕێکی دا و چۆخەکەی کە کاتی خۆ کێشانەوە لە شانی داکەوتبوو، هەڵگرتەوە:

ــ ئەڵێی بێوچان غارت داوە؟

خانئاپۆ سەری لەقاند و ئاوڕی لە ئەسپەکەی دایەوە. هەیقۆ دەسکەوساری ئەسپەکەی بەستبوو بە ئەستوندەکی ڕەشماڵەکەوە و خۆی خەریکی ئاگر کردنەوە، لە لای کوانووەکە دانیشتبوو. خانئاپۆ وتی:

ــ ئارەقەی کردبوو ئەسپەکە!

بەگمحەمەد زانی ڕووی گوتەی لەوە. گەڕایەوە و ڕۆیشت ئەسپەکەی خانئاپۆ بگەڕێنێ. هەروەها پیاوانی خەوتوو هەڵسێنێت و کێشکەکان بگۆڕێ. بە دوورکەوتنەوەی برا، گوڵمحەمەد لە مامی ئەڕوانی تا هەواڵی بۆ بگێڕێتەوە. هەرچەند گوڵمحەمەد لە نهێنگەی ئەندێشەیدا زیاتر پەرۆشی نەگەیشتنەوەی ستار بوو، تا هاتنەوەی خانئاپۆ. بەلاّم هاتنەوەی خانئاپۆ، ئەویش بەو بەیانیە زووە، نەی ئەتوانی

گرنگی خۆی نەبێ. بۆیە بۆ ئەوەی شەقڵی بێدەنگیە ترس هێنەکەی خانئاپۆ بشکێنێ، بەرەو کوانووی ئاگرەکە کەوتە ڕێ و شان بە شانی خانئاپۆ، بە دەم ڕێوە جارێکیتر پرسی:

ـ چییە؟! بۆ قوڕوقەپت کردووە؟!

لەبری وەڵام، خانئاپۆ دەستی کرد بە گیرفانی بەخەڵیدا و چەپکەیەک پارەی هێنایە دەرەوە و گرتی بە بەرچاوی گوڵمحەمەدەوە. گوڵمحەمەد بە سەرسووڕمانەوە وەستا و نیگای لە سەر پارەکەوە گواستەوە بۆ چاوەکانی خانئاپۆ و بە هەمان ناباوەڕییەوە پرسی:

ـ ئەم پارەیە ئیتر چییە؟

خانئاپۆ بە پێکەنینێکی وشک و قەبە کە گنجەکانی ماندووی ڕوخساری بۆ ساتێک ئەشکاند، بەرەو ئاگرەکە چوو و وتی:

ـ سەرت نرخی چووەتە سەرەوە!

ـ مەبەستت چییە؟!

ـ ئەوەی کە گوێت لێ بوو! ئەم بیست هەزار تمەنە، یەک لە سێی نرخی سەری بڕوای تۆیە! دوو لە سێکەیتریشی پاشان وەرئەگرم!... بۆ قسە ناکەی؟... باوەڕ ناکەی؟!

لای کوانووە بەردەکە، کە هەیڤۆ کترییەکەی نابوویە سەر، هەر دوو پیاو قنچکانیان کرد. خانئاپۆ قولێک کاوێری خستە ناو ئاگرەکە و بە هەیڤۆشی وت بچێ بە دوای کارەکانی تریدا. هەیڤۆ کە خۆی جێی بۆ چۆڵ کردبوون، ئاخێزی کرد و بەرەو ڕەشماڵەکە کشایەوە.

بێدەنگی و دووکەڵی کوانوو و لەرینەوەی بڵێسەی ئاگر بە دەوری کترییە ڕەش. لە ئاستێکدا کە با نەتوانێ ئاگرەکە بگرێتەوە، گوڵمحەمەد و خانئاپۆ لەمبەر و ئەوبەری کوانووەکەوە دانیشتبوون. گوڵمحەمەد سەری داخستبوو، زوورببوویەوە لە ئاگرەکە و خامۆش بوو. خانئاپۆ چاوی لە گوڵمحەمەد بوو و وا دیار بوو سات بە سات کاردانەوەی پیاوەکە لە دارەتەکانی ڕوخسار و نیگایدا هەڵئەسەنگێنێ، هەرچەند گوڵمحەمەد لەوە بیرینگێتەوە کە کەمترین نیشانەی ئەو ململانێیەی دەروونی ئەهەژاند، ئاشکرا بکات:

ـ باوەڕ ناکەم!

لەو بێدەنگیەدا کە لەپەسا قورستر و هەناسەبڕتر ئەبوو، گوڵمحەمەد وای وت و پاشان لە نیگای شۆخی خانئاپۆ کە بزەیەکی ماندوویی تەزێنی بە دواوە بوو، ڕوانی و پرسی:

ـ پارەکە کێ پێی دای؟!

ـ باوەڕ ناکەی ئەگەر بڵێم... فەربەخش!

ـ فەربەخش؟ پارەی میری؟

ـ من لەو بڕوایەدا نیم میری لەو خۆشخەرجیانە بکات!

ـ ئەی کێ؟! تۆ پێت وایە کێ خەڵاتی بۆ سەری من داناوە؟

ـ پارەکەیان لە ئاسایش دا بە من. فەربەخش بوو، غەزەنە و یەکێکیتر کە بەرگی سەربازی لە بەر نەبوو. بەڵام بڕوام وانییە کە ئەوە پارەی میری بێ. هەر بەو جۆرەش کە بڕوا ناکەم ئەم پیلانە، پیلانی فەربەخش بێ. سەری ئەم کارە بە لایەکیترەوە بەندە. سەربزوێنی ئەم کارە، فەربەخش نییە!

ـ لە کوێیە سەری ئەم کارە و کێن سەربزوێنانی؟

ـ دەوروبەری خۆت سەیر بکە، بزانە لە کاری کێ ئەچێ؟ کێ و لە کوێ؟

ـ بە درکە لەگەڵم ئەدوێی، خانئاپۆ! بێ پەردە بۆمی بڵێ!

ـ تۆ ئەوەندە کەم هۆش نیت، گوڵمحەمەد! بەڵام نازانم بۆچی ئەترسی وەڵامەکە لە مێشک و زمانی خۆت وەربگری!... شک بکە! شک بکە لەوەی کە شکت لێی نییە!

گوڵمحەمەد دەستی هێنا بە هەنیەیدا و بە بێ ئەوەی قەڵس بوون و درێخی خۆی بشارێتەوە، وتی:

ـ ئیتر ئەبێ شک لە هەموان بکەم... هەر هەموو!

خانئاپۆ وتی:

ـ لەمکارەدا، من دەستی فەربەخش نابینم. هەرچەند دەستی فەربەخش ئەم چەپکە ئەسکەناسەی دا بە دەستی منەوە، بەڵام دەستی ئەو لە کاردا نابینم. من ئەو دەستانە لەمکارەدا ئەبینم کە

پارێزەری پاشەکەوتەکانی ئێمەن. ئەو دەستانەی دار و نەداری ئێمەیان پێ سپێردراوە. ئەوانەی کە ئێمە لە نزیکەوە ئەمانناسن و لە خوو و خدەی ئێمە ئاگادارن.

ــ ئەکرێ ڕوونی بکەیتەوە خانئاپۆ؟

ــ لەمە ڕوونتر؟!

گوڵمحەمەد جاریکیتر ڕوانیە خانئاپۆ و وتی:

ــ مەبەستت بوندار و ئالاجاقیە، مەگەر وانییە؟

ــ بە ڵێ وایە!

ــ مەبەستت ئەوان خەڵاتیان بۆ سەری من داناوە؟ ئەوان مایەیان داناوە؟! ئەویش لەو پارە و داراییەی خۆم خستوومەتە بەردەستیان؟! لە پارەی خۆم؟!

خانئاپۆ بە خۆشزمانیەکی تەوساوییەوە وتی:

ــ قومارە ئیتر! بەو پارەیە کایە ئەکەن کە بردوویانەتەوە. خۆ لە گیرفانی خۆیان کەم نابێتەوە!

گوڵمحەمەد بێ بڕوا و بە تەشەرەوە، بزەیەکی هاتێ و وتی:

ــ نان و نمەک! ڕازداری کار و ژیانم!... هاونمەک! هممم... پفف... بەڵام بۆ تۆیان بۆ ئەم کارە دیاری کردووە؟!

خانئاپۆ وتی:

ــ ئەگەر جگە لە منیان ڕاسپاردایەت، ئەوسا دەرنەئەکەت کە بوندار و ئالاجاقی دەستیان لە کارەکەدایە. بۆیە ئەڵێم ئەمکارە، کاری بێگانە نییە. کاری ئاشنایە، کاری خۆییە. ئەوەی ئەو بیرەی کردۆتەوە، ئێمەی ناسیوە، منی ناسیوە. بۆ کارێکی وەها کێ لە من باشتر؟ کێ لە من بە برازاکەم، بە هاوسەنگەرەکەم نزیکترە؟... لەملاشەوە، کێ لە من خۆش ئیشتیاتر؟! ئەوان باشیان زانیوە ئەبێ دونگ لە بەر دەمی پشیلەدا ڕابگرن! ئاگایان لەوە هەبووە من مگیرانی بە پارەوە ئەکەم، بەڵام نەیانزانیوە پارەم بۆچی ئەوێ. بە پەنجا شەست هەزار تمەن، ئەویش کاتێکە پسوولەی بوورین لە بڕکتدا بێ، لەم بیابانە چی ناکرێ؟! لانی کەمەکەی بەو پارەیە ئەتوانی گوندێک بکڕی. گوندێکی

پێ ناکرێ؟

ــ با... بۆچی نا. جا ئەتەوێ گوند بکڕی؟!

خانئاپۆ دای لە قاقای پێکەنین و وتی:

ــ بەم جۆرە ئەتەوێ لە من بپرسی بۆچی خەڵاتی سەری تۆم وەرگرتووە، ئەرێ؟

ــ نا... نا! ئەزانم بۆچی لێت وەرگرتوون، ئەزانم!

خانئاپۆ وتی:

ــ ئەوان خۆ ئیتر نایانەوێ نییە پارەکەی خۆمانمان پێ بدەنەوە. وام بە ژیرانە زانی هەر نەبێ بیست هەزار تمەنیان لێوەربگرمەوە. هەر نەبێ، موویەک لە بەراز خۆی دەسکەوتە. جگە لەوەش سەرڕەقی کردن شێتێتی بوو. ئەگەر سەرکێشیم بکردایەت، کێ ئەڵێ هەر لەوێ سەریان نەئەکردم بە بن گۆمدا! لە بەردەستیاندا بووم، ئاخر! هەر لەوێ کۆڵەی منیان ئەکوتا. خانمحەمەدیان لە مەشهەد کەوڵ ئەکرد و... پاشانیش کارەکەیان زۆر سەخت نەبوو! بە خۆمم وت قەیچێکە با دڵیان گەرم بێ، وا بزانن توانیویانە من بکڕن! بە تۆش وا باشتر نییە؟

بە بێ گوتە، گوڵمحەمەد سەری داخست و پێکەنی. پێکەنینێکی سارد و کورت. نەک لەوەی ڕووی دابوو، بگرە ئەتوت بە کاری جیهان پێ ئەکەنێ. خانئاپۆ داری برد بوو بۆ بن دسکی کترییەکە و بۆ ئەوەی ئاوی کوڵاتوو هەڵنەچێ بە سەر ئاگرەکەدا، لە سەر ئاگرەکە لایبرد و بانگی کرد:

ــ وەرە کچم، چاکە دەم کە.

هەیڤۆ بە کیسەی چای وشکەوە هات. خانئاپۆ بێدەنگ بوو تا کچەکەی بگات، چا بکاتە کترییەکە و بڕوات. ئەوسا وتی:

ــ ڕۆیشتم بۆ ماڵی ئالاجاقی، بەڵام وتیان لە ماڵ نییە. زانیم خۆ دەرناخات. نەمامەوە. سەری ئەسپەکەم وەرگێڕا و هاتمەوە.

گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا و پرسی:

ــ چیت دەس کەوت لەو خۆ شاردنەوەیە؟

خانئاپۆ وتی:

ـ ئەوەی کە بۆم وتی. تێگەیشتم خۆی پلانی کارەکەی داناوە.

ـ بۆچی؟ ئالاجاقی خۆ وتبووی پارە دابین بکەن بۆ ئەوەی بوورینمان بۆ وەربگرێ!

ـ ئەو ئەگەر ڕاستی بکردایەت، بە برێکی ئەو پارەیەی لە لای دامانناوە کارەکەی جێبەجێ ئەکرد. کە وا بوو بزانە ویستوویەتی دیسانەوە بماندۆشێ!

گوڵمحەمەد، زیاتر لەوەی ڕووی گوتەی لەگەڵ خانئاپۆ بێ، بە خۆی وت:

ـ ئەمانە چەن جۆر قسە ئەکەن؟ ئەمانە چەن جۆر ئادەمیزادن؟ ئەمانە چ جۆرە ئادەمیزادێکن؟!... لە لایەکەوە ئەیانەوێ بوورینم بۆ وەربگرن و لە لایەکیترەوە بۆ سەرم، بۆ سەری براوم نرخ دیاری ئەکەن! لە لایەکەوە تفەنگ و فیشەکم پێ ئەفرۆشن، لە لایەکەوە ئەیانەوێ مامم بکرن بۆ ئەوەی سەری برازاکەی ببات بۆیان!... بە چی باوەڕ بکەم لەم دنیایەدا، خانئاپۆ گیان؟

خانئاپۆ وتی:

ـ ڕەنگە لە بەر ئەوەی کە من ئەم شتانەم لە تۆ زیاتر بینیوە، هەر لە سەرەتاوە شک ئەکەم!... گومان!

ـ شک... شک!

ـ من یەک شتم زانیوە. ئەویش ئەوەی کە ئادەمیزاد ملکەچی نیازەکانی خۆیەتی. هەر کارێکیش کە ئەیکا بۆ ئەوەیە وەڵامی ئەو نیازانە بداتەوە. نەمبینیوە، یانیش زۆر کەمم دیوە کەسانێک کە وا نەبن. لانیکەم ئەو کەسانەی کە خەنیمی ئێمەن بەو جۆرەن!

گوڵمحەمەد سەیری خانئاپۆی کرد و وتی:

ـ کە وا بوو ئەتوانێ جگە لەوەش بێ؟

ـ ئەتوانێ. بەڵام... وتوویانە مەیموون و بەچکەکەیان خستە سەر تەختی گەرماو. گەرماوەکەیان گەرم کرد و داخ کرد. ئەوەندە داخ کە مەیموون و بەچکەکەی نەیان ئەتوانی بەری پێیان لە سەر بەردەکانی تەختی گەرماوەکە دابنێن. پێت وایە چی ڕووی دا؟! مەیموون مناڵەکەی

گرت، گرمۆڵەی کرد و خۆی چووە سەر پشتی مناڵەکەی بۆ ئەوەی قاچی بلۆق نەکا!

گوڵمحەمەد پرسی:

ــ ئێمە مەیموونین؟!

خانئاپۆ وتی:

ــ ئێمە بەچکەی مەیموونەکەین! ئەوانەی کە خەریکن ئێمە گرمۆڵە ئەکەن لە بن پێی خۆیاندا، ئەوانە مەیموونن! تەختی گەرمایان بۆ داخ کردوون و، ئەوان ئەیانەوێ خۆیان بە ساخی بۆی دەربچن. کە وا بوو ئەبێ ئێمە بکەن بە قوربانی!

کێ تەختی گەرمای بۆ داخ کردوون؟

ــ حکوومەت! دڵنیام کە حکوومەت. شا خەریکە دائەمەزرێ و ئەزموون وەرئەگرێ. تاو ناهێنێ کەس لێی یاخی ببێ. ئەیەوێ وڵات بخاتە بن دەسەڵاتی خۆیەوە!

ــ کە وا بوو شا بووە بە خەنیمی ئێمە؟!... ئەگەر وایە بۆچی یاری مشک و پشیلەمان لەگەڵ ئەکەن؟ بۆ لە ڕووبەڕووەوە بۆمان نایەن؟ بۆچی دووڕوو و دووڕەنگ خۆیان دەرئەخەن؟!

ــ من و تۆیش ئەگەر لەبری ئەوان بوایەتین، پێمان ناخۆش نەبوو دوژمنەکانمان گێژ و سەرلێشێواو بکەین. حەزمان نەئەکرد؟!

ــ گێژ... گێژ... گێژ و سەرئاسێ!

بڵقیس هاتبوویەوە و لە نزیک کوانووەکە، مەڕدۆشی لە سەر سەری داگرت. گوڵمحەمەد چاوی لە ئاگرەکە بوو و ئەگەر هەستیشی بە هاتنی دایکی کردبوو، ئەوەندە لە ناو خۆیدا بوو کە نەی ئەتوانی ئاوڕ بداتەوە. بڵقیس مەڕدۆشەکەی لە سەر بەردی کوانووەکە دانا و گوڵمحەمەد لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ ئەیانەوێ... بوورینم بۆ وەربگرن!... ئەی ژن حیزانە! ئەی ژن حیزانە!

لە گوتنەکەی گوڵمحەمەددا، بڵقیس بە نەرمی هەناسە، دامرکایەوە. چاوێکی لە گوڵمحەمەد و یەکی لە خانئاپۆ. دایک ئەگەر نە

بە زمان بەڵام بە نیگای ترس و کەسەرەوە ئەیپرسی:

ـ «باسی چی ئەکەن ئێوە؟!»

گوڵمحەمەد سەیرێکی دایکی کرد و بە خانئاپۆی وت:

ـ بۆی بگێڕەوە!

خانئاپۆ ئەوەی ڕووی دابوو، لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆ بڵقیس گێڕایەوە.

بڵقیس بە بیستنی هەر ڕستەیەک -تۆ بڵێ خواردنەوەی هەر وشەیەک- پشتی ئەچەمایەوە و ئەچەمایەوە. تا ڕادەیەک کە چەناگەی ڕەقەنی نیشتە سەر کەشکەی ئەژنۆی و چاوی لە کوێرە بڵێسەکانی ئاگرەکە زوور بوویەوە. بێدەنگیەکی قورس و دژوار. هەڵمێکی بە ئاستەم لە سەر ئاوی مەڕدۆشەکە بەرز بوویەوە و تێکەڵ بە سروەی با بوو. بڵقیس نە لەگەڵ ئەو گوڵمحەمەدەی لە قەراخ ئاگرەکە هەڵترووشکابوو، بەڵکوو لەگەڵ ئەو گوڵمحەمەدەی لە دڵیدا بوو، وتی:

ـ خانەکان... ئاغەکان! سەد جار وتم پڵاو مەخۆ لەگەڵیان دایکەکەم! سەد جار پێم وتی!

گوڵمحەمەد هەڵسا و وتی:

ـ لە هیچ کوێ باسی مەکەن! براکانم ئەگەر ببیسن ئاگر ئەگرن. تاشتی پیاوەکان سازکە، دایە!

بڵقیس کاری خۆی ئەزانی. هەڵسا و چوو بۆ ئامادەکردنی سفرە.

ـ گوڵمحەمەد کە سەیری ڕۆیشتنەکەی دایکی ئەکرد، بینی هەنگاوەکانی بڵقیس بە ئاشکرا شکاون و ئەو بەژنە ڕاستەی تۆزێ چەماوەتەوە. خۆی پێ ڕانەگیرا. کەوتە ڕێ بەڵکوو بە کاری ڕاگەیشتن بە بادی و تیماری قەرە تاوێک دڵی خەریک بکات. ئەوە نەبوو چوارپێکان بۆ خواردنی بەیانی جاڕس ببوون!

ـ جۆی ئەسپەکان بدەن!... نواڵەی لۆکەکەش خۆت بیخە بە گەرووی‌دا، بەگمحەمەد!

تفەنگدارەکان ڕائەبوون و بە باوێشکی فرێژ و قورس لەشی کوتراویان بە خواروخێچی ئەکێشایەوە و بڵاو ئەبوونەوە بە ناو بنچکە

گەون و دڕکدا و، پاشان لە بەر باکەدا ئەکشان بەرەو بیری ئاوەکە تا دەست و چاوێک بشۆن و جارێکیدی بۆ ژیانی ڕۆژانە ئامادە ببنەوە.

ئەوەش بەیانی ڕوون، بەرەگەی ئاسۆی ئەرخەوانی ڕۆژهەڵات، جاجمێکی خۆش نەخشی ڕاخراو لە بەر پێی خۆردا کە تاوێکیتر خۆی دەرئەخست و بە گوڵخەندێکی ڕۆشنەوە خۆی بە سەر خاکدا ئەپژاند. خۆر، جارێکیتر ڕێبوارێک بوو لە بەستێنی ئەمڕۆدا و جارێکیتر زەوی ڕێبازێکی مل بەکوێن لە بەردەمی هەتاودا. جارێکی دی دیسانەوە ئاسمان بە چاوی ئاواڵەوە ئەیڕوانیە ناوچەوانی هەرچی هەبوو و نەبوو. جارێکیتر میوانی دەشت. چەپکە تیرێژ و ئاوی زێڕین لە بواری ڕۆژدا.

کرداری ڕۆژگار.

ـ «ئەی ئەمانە بۆ نەهاتنەوە؟!... چییان بە سەر هات؟!»

گوڵمحەمەد شەوی بە خەو و بێداری کەم وەیشوومە، هەرچەند نە زۆر ئارام، تێپەڕاندبوو. بەڵام بەوەی خانئاپۆ لەگەڵ خۆی هێنابووی، ئەوە یەکەمجار بوو کە گوڵمحەمەد هەستی ئەکرد لە دڵەوە نیگەرانی ستارە و دڵی لایەتی و بوون و نەبوونی ئەو لە لای گرینگە. هەرچی چۆن بێ ئەگەر نە خودی گوڵمحەمەد، بەڵام ئەوانیتر ئەیانتوانی ببینن کە گوڵمحەمەد بە شپرزەیی بە دەوری بادیدا ئەگەڕێ و بە وەڕەزییەوە هەوڵ ئەدا دڕک و پەیکوڵی لەشی وشترەکە بە نینۆک لێ بکاتەوە. چنگی ئەکرد بە کاکۆڵی بادیدا، بەڵام نە بە شەوقەوە، بەڵکوو بە نیگەرانیەکی ئاوێتەی تووڕەییەکی نهێنی. هەر بەو تووڕەییەش بوو کە نواڵە هەویرەکانی لە براکەی وەرگرت و وتی:

ـ زوو، زوو! بڵێ با هەر کەسە و پارووییەک بخوا. ئەسپەکان جۆیان خوارد ئەڕۆین بەرەو دووروونە ئەگەر ستار دەرنەکەوت. بڵێ پاژنەی کڵاشەکانیان هەڵکێشن و پشتێنەکانیان بجەڕێنن. ئەمڕۆ کارمان زۆرە!

بەگمحەمەد بە دوای فەرمانەکەدا بە خێرایی سووڕا و گوڵمحەمەد وتی:

ـ بڵێ چەکەکانیش خاوێن بکەنەوە. ڕەنگە جەنگمان لە بەر بێ ئەمڕۆ.

ماراڵ خۆی بۆ جۆدانی قەرە هاتبوویە دەرەوە و لە کاتی ڕاگەیشتن بە ئەسپەکە، لە گوڵمحەمەدی ئەڕوانی. نیگەرانی ئەوەی کە پیاوەکەی شەوی چۆن تێپەڕاندووە. شەو، ماراڵ لەگەڵ زیوەر و ژنەکانیتر -مەگەر هەیڤۆ- لە کونێک پێکەوە بوون. بۆیە ئەوەی ماراڵی دڵ لە بەر کردبوو زیوەر نەبوو. بەڵکوو دۆخی پەرێشانی گوڵمحەمەد بوو کە خامۆش و بێ گوتە، هەزار زمانی پەشێو لە کرداریدا بوو. کێ لە ژن وردتر، پیاوەکەی خۆی ئەناسێ؟

ماراڵ بە خۆڕسک، بە هەڵچوون و داچوونی سوز و تاسەی گوڵمحەمەد، لە سەرئاسێ بوونی ناخی شووەکەی تێ ئەگەیشت. ئەمەش نە لە دەرکەوتەکانی تایبەت بە ئەمڕۆی گوڵمحەمەد بوو. کار بەڵام بەس ئەمە نەبوو. ماراڵ بە ئەرکی خۆی ئەزانی تۆزێک لەم شەڵەژان و پەرێشانیەی پیاوەکەی کەم بکاتەوە. بۆ ئەمکارەش ئامادە بوو چی لە دەست دێ بیکا، چ جایە گیان و جەستەشی تیابچێ.

بەرەو گوڵمحەمەد ڕۆیشت. هەنگاوەکانی لێبڕاوانە و بڕوا بەخۆ بوون. ئەگەر ڕاڕاییەکی تیا بەدی ئەکرا، کاردانەوەی گرژ و مۆنی پیاوەکەی بوو کە شوێنی لە سەر سیلەی چاوی ماراڵ دانابوو. ئاماژەی ئەمانەش لە هەتاوی بەرەبەیاندا بیلبیلەی چاوەکانی گەشانەوەیەکی زیندوو و دڵگری هەبوو کاتێکە لە نزیک گوڵمحەمەدەوە سوکنایی ئەهات.

گوڵمحەمەد لە بن شانی بادیدا خۆی خەریک کردبوو کە ماراڵ بەیانی باشی لێکرد. لە وەڵامی ژنەدا، دەنگی گوڵمحەمەد گڕ و ماندوو بوو و پێویستی بە پرسیار نەئەکرد بۆ ئەوەی بزانێ شەوی دوێشەو خەوتوو و بێدار ڕۆژی کردۆتەوە. بەڵام دڵی ماراڵ بە بێدەنگی سوکنایی نەئەهات. چونکە تەنها زانینی باری دەروونی پیاوەکەی، دەردێکی لە دڵی هەڵنەئەگرت. بۆیە بە دڵسۆزییەوە بە مایەیەک لە گلەییەوە وتی:

ــ بۆ ئەوەندە خۆت ئازار ئەدەی؟! چی ڕووی داوە کە ئێمە نابێ بزانین؟ ئاخر شتێک بڵێ! مرۆڤ بەو جۆرە تیائەچێ. خۆت بڕبەن لە ژیان و تەمەنی خۆت ئەدەی؟ ئەوەتا تەواو گۆڕاوی! دڵت لە سەر بانی من فڕیوە ئیتر!

ماراڵ باش ئەیزانی ئەو قسە و بۆچوونە هیچ ڕاست نییە. بەڵام بە حەز و بێ حەز و -زیاتر لە بە هۆی دڵگیری و بۆ کردنەوەی زمانی شووەکەی- نەشتەری خستە سەر دڵی گوڵمحەمەد. زۆریش خراپی بۆ نەچووبوو. چونکە گوڵمحەمەد دەستی لە شانی وشترەکە هەڵگرت و بە ئارامی ڕوانیە چاوەکانی ماراڵ و بە دژواری وتی:

ـ ئەگەر لە داوەکەی تۆ خۆشترم دەسکەوتایەت، ڕەنگە بفڕیایەتم! بەڵام...

ماراڵ دەرفەتی نەدایێ و وتی:

ـ نامەوێ بڵێی، ئەزانم!... بەڵام ئەی دڵت بە چیەوە خەریکە؟ دەم هەڵبڕە، شتێک بڵێ!

گوڵمحەمەد ئانیشکی نا بە شانی بادییەوە، نیگای لە چاوانی ماراڵ تەراند و وتی:

ـ ڕۆژگاری من... ئەگەر گەیشتبێتە ئاخر و ئۆخری... تۆ چی ئەکەی؟

ماراڵ بە چاوێکی دگەرەوە، چووە بەرترەوە و پرسی:

ـ باسی چی ئەکەی گوڵمحەمەد؟!

گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا وتی:

ـ باسی ژیان ئەکەم! باسی ڕۆژگاری ئادەمیزاد، ڕۆژگاری خۆم!

ـ باشە چی ڕووی داوە، ئاخر؟ بە منی بڵێ!

جارێکیتر گوڵمحەمەد نیگای لە ڕوخساری دایساوی ماراڵ وەرگێڕا و وتی:

ـ خەریکن تەنگم پێ هەڵئەچنن. هەستم پێم ئەڵێ خەریکن تەنگەم ئەجەڕێنن. ئەیانەوێ لە سەر ڕێی خۆیان لام بدەن. خۆ غەمی ئەوەشم نییە. غەمی تۆمە. غەمی ئێوەمە!

ـ لە کوێوە و چۆنە کە بەو جۆرە لێت مسۆگەر بووە؟!

ـ بۆن ئەکەم. بۆن ئەبیسم. من خوو و خدەی ئەسپم هەیە، ئاخر!

حەنەک لە گوتەیدا، گوڵمحەمەد ڕوانیە قەرە و پاشان ڕووی کردە ماراڵ و وتی:

ـ ئەمڕۆ... من قەرە ئەبەم!
ـ مەبەستت... بۆ من؟
ـ نە بە بێ تۆ! تۆ لە چاو و دڵمای، بۆ هەر کوێ بچم!
گوڵمحەمەد، کە لە چاوەکانی ژنەکەی ورد بوویەوە، هەڵوەستەیەکی کرد و وتی:
ـ نامەوێ ئازارێکت پێ بگا، تۆنگە بلوورەکەم. قوبانی ئەو چاوانەت!
ـ چیتان بە دەستەوەیە ئەمڕۆ، گوڵمحەمەد؟!
ـ جارێ نازانم، ماراڵ!
مەیدانی بەردەمی ڕەشماڵەکان هاتوچۆی لێ نەمابوو. ژنەکانیش کەمتر لە دەرەوە دیار بوون، مەگەر زیوەر. زیوەر کوڕەکەی مارالّی کردبووە قەڵاندۆشکان و بەرەو بیرەکەی ئەبرد بۆ دەموچاو شتن. بە دوای زیوەرەوە، تەموور بوو بە سەگەکەیەوە، ئەویش بە هەمان مەبەست.
بیر و مناڵ و زڕدایک!
بەدگومانی و ترس بۆ ساتێک بوو بە تەز و بە گیانی مارالّدا گەڕا. گیانی دایکێتی مارالّی خستە سەر ئاگر. بێ ئوقرە لە گوڵمحەمەد بڕا و بەرەو زیوەر کشا. ئەوەندە توند و خێرا وەک بڵێی گوڵمحەمەد بۆ تاوێک بە تەواوی لە دەروونی مارالّ سڕایەوە. هەر بەو پەلە و لەزە خۆی گەیاندە زیوەر و باوەشی بۆ وەرگرتنی منالّەکە کردەوە. زیوەر بەڵام زۆر هێور و لە سەرەخۆ، بە بێ هیچ هەستێک لە سەرکۆنە کردن لە نیگا و گوتەیدا، وتی:
ـ بەرچایی تۆ و گوڵمحەمەدم ئامادە کردووە. کوڕەکەشم ئەبەم دەست و بێڤڵی خاوێن بکەمەوە و جوانی بکەم.
دوای ئەوەش، لە بەر چاوی داچەقاوی مارالّدا کە گاڵتە ناتەواوەکەی بە ترسێکی نهێنیەوە لە خۆیدا ئەنواندەوە و بە بێ سەرنجدانە دەستەکانی کە بە تاسەوە بۆ گرتنی منالّەکە درێژ ببوو، زیوەر جارێکیتریش وتی:
ـ لەمڕۆ بەو لاوەش ئیتر کۆرپەی خۆم نادەم بە ئێوە بیبەن! بەرخەکەم بە سەر پشتی ئەسپەوە ڕیخۆڵەی ئەپچڕێ! کێ گوتوویەتی گوڵەکەی من بیابانە و بیابان بگەڕێنن و هیلاکی بکەن؟!

زیوەر ئیتر ڕانەوەستا بۆ ئەوەی کارتێکردنی گوتەی خۆی لە سیمای مارالّدا ببینێ و بزانێ کاردانەوەی مارالّ چی ئەبێ. کەوتەوە ڕێ، لە کاتێکا بە تەمووری ئەوت:

ــ پێ هەڵگرە تۆش شوانە گچکە!

پێکەنینی شەوق و نیگای ڕەزامەندی گوڵمحەمەد، منالّەکەی بە شانی زیوەرەوە -کە خۆیشی وەک منالێکی سادە و ساکار خۆیای ئەکرد- بەڕێ کرد. لەم ناوەدا مارالّ کە بەرەو مێردەکەی وەرگەڕابوو و بۆ شوێنەواری کردار و گوتەی زیوەر لە سەر ڕوخساری ئەگەڕا، زیاتر دامابوو. چونکە لە هەست و دارەتی ڕوخساری گوڵمحەمەددا هیچ نیشانەیەکی بەدگومانی بەدی نەئەکرا. گوڵمحەمەد چاو و نیگایەکی پڕ لە باوەڕ و ئەرخایەنی هەبوو و وا دەرئەکەوت ئەوەی ببوو بە مایەی شک و گومانی مارالّ، خالّی مراز و دڵنیایی گوڵمحەمەد بوو لە پەیوەندی نێوان خۆی و ژنەکانیدا. ئەوەی ئەو ئەیبینی نیشانەی گەشی ئارەزووە نهێنیەکانی خۆی و بڕواکردن بەوە بوو کە هەموو کینە و بوغز و دڵێشان بە جارێک لە سینەی زیوەر پاک بۆتەوە. پەیوەند. بڕوای پەیوەند. ساتەکانی پشکووتنی حەز و شەوق. ساتی بلوورینی سۆزی مرۆڤیی. هاندەری حەزی ژیان. ئەنگێزەیەکی پاک لە ئارەزوی ژیندا:

ــ «ئەم ناجوامێرانە ئەگەر بهێڵن!»

ــ بردی دەست و چاوی بشوا؟

هێڵ لە سەر هێڵی نیگای شووەکەی، مارالّ وای پێوت. گوڵمحەمەد هێشتاش چاو لە دووی ژن و منالّی بوو و وا دیار بوو یەکەمجارە جوانترین لەنجەی زیوەر سەیر ئەکات. بە دەنگی مارالّ هاتەوە بە خۆیدا و وتی:

ــ بردی بیشوا، ئەرێ!

بەر لەوەی کە مارالّ بتوانێ بە وشەیەکیتر زمان هەڵبڕێ، گوڵمحەمەد بەرەو کۆنەکە کەوتە ڕێ و وتی:

ــ بڕۆین بۆ تاشت. وتی سفرەی بۆ ڕازاندووینەتەوە، بڕۆین!

مارالّ بە زمان پسک و بە دڵ شەڵەژاو بە دوای پیاوەکەیدا ڕۆیشت. بەلّام لە پشت سەریشی خافڵ نەبوو، ئاخۆ زیوەر گەیشتۆتە سەر

بیرەکە یان نەگەیشتووە. هەنگاوی بۆ پێشەوە و چاوی لە پشتەوە. چاوی لە ئالیەک و هەنگاوی بە ئاقارێکدا. هەنگاوی لەگەڵ شووەکەی و چاوی لەگەڵ هەنگاوی زیوەر و لەم گێژی و کاسیەدا ڕەتی برد و هەڵەنگووت و جارێکیش بە سەرەوە ڕۆیی.

ـ سەیری کوێ ئەکەی، کچێ؟!

لەبەر دەریزانی ڕەشماڵەکە، ئەو ڕەشماڵەی بلقیس و سەمەن و شێرۆ لە دەور سفرەکە دانیشتبوون، ماراڵ توانی بکشێتەوە و ڕاوەستێ. گوڵمحەمەد چووە ژوورەوە و ماراڵ کلای گرت و بیرەکە و زیوەر و مناڵەکەی خستە بن چاودێری. بە دڵێکەوە کە ئەتوت دەنگی کپی دەهۆڵێکی لێوە دێ.

ـ ئەی ماراڵ بۆ نەهات؟!

لە وەڵامی دایکیدا، گوڵمحەمەد وتی:

ـ لێرە بوو، لەگەڵ من هات!

ماراڵ ئیتر هیچی نەبیست. نە دڵی بیستنی هەبوو و نە توانای وەستان. دێوانەسەر دایە غار بەرەو بیرەکە، بە بێ گوێدانە ئەوەی کە ئەو هەڵاتنە پەرێشانەی ئەو هەموو ڕەوەند بشەڵەژێنێ. چاوی لە هەتاوی تۆزاوی بەرەبەیان کە دیمەنی لای بیرەکەی شلوێ ئەکرد، هەڵئەهات. شێتانە و بەتو، بە دەروونی هەڵچوو و تۆقاوەوە، ڕای ئەکرد بەڵکوو بتوانێ مناڵەکەی لە ئەندێشەی گڕگرتوویەوە بە دەستی دڵنیایی، وەربگرێتەوە. لە گێر و گازی ئەم ئامانجەدا، هیچ ئامانجێکی نەبوو و لە هیچیش نەئەترسا. نەء تەنانەت هەل و دەرفەتی ئەوەشی نەبوو بۆ ئەوەی ساتێکی خێرا بیر بکاتەوە لەوەی کە ئەوانیتر ڕەنگە بیری لێ بکەنەوە. نە دەرفەتی بیرکردنەوەی لە پێشینەی ئەو بەدگومانیە ڕیسوایەی خۆی. کۆرپەی خۆی ئەویست لە ئامێزی ئەرخایەنیدا. ئیتر هیچ و ئیتر هیچ. تەنانەت زەمینی ژێرپێ و ئاسمانی بان سەر و ئەو هەتاوەش کە لە بەستێنی سرووەدا ڕەها ببوو، وەکوو شتێ بۆ ئەوە بوون کە ماراڵ بتوانێ بە ئەندامی سووکەڵە و چالاکەوە، بەلەزتر فڕکە بکات.

ـ «سەیر نییە. بۆ من سەیر نییە. نەء. هیچ سەیر و سەمەرە نییە

لە لای من ئەمکارەی!»

لەگەڵ خۆی ئەدوا بلّقیس. لەگەڵ خۆی بوو، نەک تەنانەت لە بەر خۆیەوە، لە دڵی خۆیدا. لەو کاتەدا کە لە دەریزانی کۆنەکە، دەستی بە ئەستوندەکەکەوە گرتبوو و چاوی لە ڕاکردنی ماراڵ و شەپەی داوێنی کراسەکەی بوو کە ئەتوت خاکی بیابان ئەورووژێنیّ. لەگەڵ خۆی ئەدوا، بلّقیس:

«نەء! هیچ لە لام سەیر و سەمەرە نییە ئەمکارەی. ئەزانم! هەموو دایکێک ئەتوانیّ ئەوە بزانیّ!»

بە بزەیەکی ئامێتە بە ئارەزوو و شەوق -بزەیەکی ڕەنجاو و تامەزرۆ- و بە نیگایەک کە ئەتوت لە دڵی ئاگر بەرز ئەبێتەوە، بلّقیس سەیری ڕێگە و بیرەکەی ئەکرد. بەداخەوە بەڵام چاوی ساڵانی نەیان ئەتوانی ئەوەی لە سەر بیرەکە لە نێوان دوو ژنەکەدا ڕائەبرد، یان ئەیویست ڕابوریّ، بە ڕوونی ببینیّ. خراپتریش ئەوەی کە هەتاوی بە تەپ و تۆز، بەرەگەی ڕوانینی لێلتر ئەکرد.

ــ بۆ لێرە وەستاوی بلّقیس؟ سەیری کویّ ئەکەی؟!

خانئاپۆ بە باوێشکێکی بە کەش و فش، دەست و دەمی کردبوویەوە، چاوەکانی توند قووچاندبوو و پێچ و خولی بە لەشە بەهێز و بەبڕشتەکەی ئەدا و لە هەمان کاتدا دەنگی وەکوو نەعرەتە لە گەروویەوە ئەهاتە دەرەوە و ئەهاتە پێشەوە. نزیک دەریزانی ئەسمەرپێچەکە، لە خۆکێشانەوە و خۆبادانی باوێشک و ماندوێتیدا، سەرە زلەکەی لە گێژەوە هات و بەرچاوی لێڵ بوو. ئاو بە چاوەکانیا هاتە خوارەوە و وای لێهات بۆ تاوێکی کورت هەنیەی نایە سەر پشتی دەستی تا هاتەوە سەرخۆ.

بلّقیس کە ئاوڕی لە خانئاپۆ دابوویەوە، پێی وت:

ــ وەمزانی خەوتبووی لای کوانووەکە!

ــ خەوتبووم. خەو، خۆی بردمیەوە! تەح کە خەوم دیّ!

ــ بخەوتایەتی بۆ خۆت. کارت چی بوو کە هەڵسای؟!

خانئاپۆ تەوێڵی لە سەر دەستی هەڵگرت، سەری ڕاست کردەوە و دیرەکەکەی بەردا و پێی نایە ناو کۆنەکەوە. بە گاڵتە بانگی بلّقیسی

کرد و وتی:

ــ وەرە بزانم ئاخرەکەی چیت بە سەر ئەم پیرە برای من هێناوە؟ بێژە بزانم وات بڕیوە بدووڕێتەوە، یان مامە بۆڵەبۆڵت بە تەواوی قەمچ کردووە؟ ئەوە نییە لە سەرەتاشەوە زۆر ڕوو خۆش بوو!

لە پشت شانە پانەکانی خانئاپۆوە، بڵقیس پێی نایە ژوورەوە و هەرچەند سەرودەماخی گاڵتە و شۆخی کردنی نەبوو، بەڵام بە ناچار، هاوسەنگی پرسیارەکە وەڵامی دایەوە:

ــ وادیارە دڵنیگەرانی سەرەنجامی کاری خۆتی؟!

قاقای خانئاپۆ، مەستی خۆشزمانیەکەی بڵقیس لە بن ڕەشماڵەکەدا دەنگی دایەوە و بە دەم دانیشتنەوە وتی:

ــ ڕەنگیشە! کێ چووزانێ؟! کامە ئادەمیزاد توانیوێتی هەمبانەی لە دەس ئەم دنیایە دەرباز بکات، کە من یەکیان بم؟! وانییە؟

چاوە پڕ لە پێکەنینەکانی خانئاپۆ لە تاریک و ڕوونی ناو ڕەشماڵەکەدا لە سەر ڕوخساری شێرۆ گرسایەوە و دەنگی کپ بوو. بێدەنگیەکی دڕ ئەو ناوەی داگرت و دەست و دەمی ژنەکان لە کار کەوت. نیگای خانئاپۆ دەوری دایەوە و لە سەر کاکیلە ڕەقەکانی گوڵمحەمەد کە خەریک بوو پاروویەکی نیوەکارەی ئەهاڕی، ڕاوەستا. بڵقیس بۆ شکاندنی ئەو جەوە قورسەی لەپڕ زاڵ ببوو، پیاڵەکەی پڕ کرد لە چا و خستیە بەردەم خانئاپۆ. خامۆشی بەڵام درێژەی کێشا. بڵقیس، لە بنەوە سەیری گوڵمحەمەدی ئەکرد. چونکە بەس ئەو ئەیتوانی وەڵامی بێدەنگیە نامۆکەی خانئاپۆ و پرسیارە بێ زمانەکەی بداتەوە. گوڵمحەمەد خۆیشی باری ئەم گرفتەی بە سەر شانیەوە هەست پێ ئەکرد. لەم ڕووەوە پیاڵە بەتاڵەکەی خۆی نایە بەردەستی دایکی، سەری هەڵێنا و نیگای لە نیگای ئاپۆیدا وتی:

ــ شێرۆ داوا لە خانئاپۆی ئەکات ڕێگەی بدات لە ڕەوەند بمێنێتەوە. من بەڵێنم پێداوە کە ڕوو لە تۆ بخەم و دەرفەتی بۆ وەربگرم. لێتان ئەپاڕێتەوە.

شێرۆ خۆی لە بەر چاوی خانئاپۆ کشاندەوە، چووە بەر سێبەرەکە و ئەوانیتر دەستیان کرد بە نان و چا خواردن. گوڵمحەمەد نیگای لە

نیگای سمێنەر و نیگەرانی دایکی وەرگرت و بە خانئاپۆی وت کە سەری داخستبوو:

ــ هەروەها منیش داواکارییەکم لە تۆ هەیە، خانئاپۆ!

خانئاپۆ سەیری گوڵمحەمەدی کرد و گوڵمحەمەد درێژەی دا:

ــ ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ پیرەمێرد و براکانیش قسە بکەی. ئەمەوێ خاویان بکەیتەوە. خۆت. بەگمحەمەد هێشتاش دڵی بەو کارە ڕازی نییە. خانمحەمەدیش هەروەها. هەر کامیان بە جۆرێک! بەڵام... ئەوە سەرفرازی نییە بۆ ئێمە کە ئافرەتێک لە کەلمیشیەکان عەوداڵ و سەرگەردانی ئەم دەرگا و ئەو دەرگا بێ. ئەم گرێیە بەس بە دەستی تۆ ئەکرێتەوە خانئاپۆ. بەس بە دەستی تۆ!

شێرۆ، بەر لەوەی مامی دەم بکاتەوە، لە سێبەری لا قەراخی کۆنەکە خزا بۆ ئەوەی خۆی لە دەریزانەکە نزیک بکاتەوە. بزانی نەزانی شێرۆ ئەترسا. نەک لە کاردانەوەی خانئاپۆ بترسێ، بەڵکوو لە تاودانەوەی داواکارییەکەی گوڵمحەمەد لە سەر خانئاپۆ و شێوەی وەڵامدانەوەی ئەو ئەترسا. چونکە هەستی ئەکرد توانای ڕاوەستان و بیستنی قسەی دەربارەی خۆی -بەهەر شێوەیەک بێ- نییە. ڕاستەکەی هەستی ئەکرد لەوە زیاتر تاوی هاڕین و پێشێلکران و وردبوونی لە ناو خۆیدا نییە. شارەزای ئەوەی کە ئەگەر ڕازیش ببوونایەت، بە بێ باری سووکایەتی لە سەر گیانی نەبوو. هەستی تووشبوون لە سووچێکدا کە هەناسەی هەر دەمێک و بزووتنی هەر لەشێک -چ بە باش و چ بەخراپ- بارێکیتری ئەخستە سەر گیانی، ئەی ڕەماند. بۆیە چارەی لە نەبوون و نەبینین و دەرمانی لە نەبیستندا بوو:

«دەبا نەبم لانیکەم!»

شێرۆ لە دەریزانەکە خزایە دەرەوە و لە بەر تاوەکە وەستا.

تفەنگدارەکان بەرچاییان خواردبوو و گورجوگۆڵ، بەرەو ئەسپەکانیان ئەرۆیشتن. زین و بەرگیان بکەن و تەنگە و بەرتەنگەیان بکێشن و گوێڕایەڵی فەرمان بن تا گوڵمحەمەد بەرەو کام لا باژوێ. شێرۆ، لە ترسی بەگمحەمەد و نەکا چاوی لە چاوی برای بگیرێ بەو بەیانیە زووە،

خۆی دایە پەنای ڕەشماڵەکە و لەبەری ڕۆژهەڵاتی ڕەشماڵەکە، خۆی کڕ کرد. بەڵام خۆ حەشاردان چارەی ئەو ترس و لەرزە نەبوو کە دڵی دائەخورپاند. ترس و خۆفی ئەو چاوانەی بە خواری تێی ئەڕوانن و ئەو نیگایانەی بە بەدگومانیەوە سەیری ئەکەن، وای لێ ئەکرد چارەیەک بدۆزێتەوە، دەروویەک بۆ دەرباز بوون.

زیوەر هات. بێ ئەڤان و، شێرۆ بە پێشوازی زیوەرەوە چوو و بۆ وەرگرتنی کوڕەکەی گوڵمحەمەد کە هەروا بە قەڵاندۆشکانی زیوەرەوە بوو و دەستە بچووکەکانی گرتبوو بە هەنیەی زڕدایکەوە، باوەشی کردەوە. ئەمە ئەیتوانی بیانووی پەیوەندگرتن بێ بۆ شێرۆ. بەڵام مناڵەکە لە نیازی پووری تێ نەئەگەیشت. ڕووی لە شێرۆ وەرگێڕا و بوغزی کرد. بەڵام زیوەر مناڵەکەی ڕاوەشاند و زمانی گرت و لە هەمان کاتدا بە ئەماژە ماراڵی پیشانی شێرۆ دا کە سەری نابوو بە شانی شەودێزەوە.

«چەند غەوارە!»

زیوەر وتی:

ـ داویە لەسەری!

زیوەر تێپەڕیبوو و شێرۆی بەجێ هێشتبوو. بەڵام هەر ئەوەندە کە ماراڵی پیشان دابوو، خۆی ئەیتوانی بیانوویەک بێ بۆ خۆ خافڵاندن. شێرۆ ئەیتوانی بچێ لە ماراڵ بپرسێ و چوو.

بە دەنگی پێی شێرۆ، ماراڵ تەوێڵی لە پەنا یاڵی ئەسپەکە هەڵێنا و لێی ڕوانی. دیار بوو گریاوە. برژانگە ڕەشەکانی، بڵێند بوو و بەرەو سەرەوە قەفی خواردبوو. چاوەکانی هێشتاش تەڕ بوو و ڕەگیژە کەوگەکانی بە فرمێسک شۆرابوون و ئارام و زەلاڵ ئەچوونەوە؛ بەو ڕادەیەی کە ئاسمان و هەتاوت تیا ئەدۆزییەوە.

شێرۆ بە بێ دەربڕینی سەرسووڕمان لە دۆخی ژنە، لێی چووە پێشەوە و لەمبەری یاڵی قەرە، ڕووبەڕووی ماراڵ وەستا. بە پێکەنینێکی نەرم کە پێی وابوو کاریگەر ئەبێ، بە دڵسۆزییەوە چاوی تێبڕی. بەڵام پێویستی بە هەوڵدانێکی زۆر نەبوو کە دڵی پڕی ماراڵ قوڵپ بێتەوە و بکەوێتە دوو. خودئازار و بێ پەروا، خەمی ئەوەی نەبوو شێرۆ بەدڵ گوێی

لێ ئەگرێ یان نا. زمانی ڕەخنەی بێبەزەیی دژی خۆی کردەوە و وتی:

ــ شێتم من شێرۆ! شێت! ئێستە بە چ ڕوویەکەوە سەیری بکەم؟ بە چ ڕوویەکەوە؟! ئەو زانیبووی بە چ مەبەست و چ ئەندێشەیێک بەرەوڕووی تاوم دایێ؟ زانیبووی؟! ئەرێ؟... بۆ ئەم قیژاند، قیژاندن بۆ؟ چیم لێ بە سەر هاتووە ئاخر؟ ئەم قیژاند و هەڵئەهاتم بەرەو بیرەکە! ئێستە ئەزانم قیژاندوومە و بەرەو بیرەکە هەڵاتووم! یەک بە خۆم هاوارم ئەکرد «مەکە! مەکە! کوڕەکەم مەخەرە ناو بیرەکە! وامەکە زیوەر. دەستەکانت ماچ ئەکەم، پێت ماچ ئەکەم! زیوەر، زیوەر گیان! گیانی ئەو کەسەی خۆشت ئەوێ، ئەو کارە مەکە!...» چاوەکانم هیچکوێیان نەئەبینی. گوێکانم هیچیان نەئەبیست. کوێر و کەڕ ببووم. بەڵام ئەوەم ئەبینی. ئەتوت لە بەر چاومدا بوو و ئەمبینی و دڵنیا بووم ساتێکی دی کوڕەکەم لە ناو ئاو و لیتەی بن بیرەکەدا پەلەقاژێ ئەکا. چاو و دەمی، دەستەکانی، هەنسک دانەکەشیم ئەبینی. کوێر بم خوایە بۆ خاتری زەینەب! بەڵام... بەڵام پاشان کە گەیشتمە سەر بیرەکە بینیم کە دەست و چاوی کوڕەکەمی شۆردووە و بە باڵی چارۆکەکەی وشکی کردۆتەوە، ژیری کردۆتەوە و ئەوا خەریکە گاڵتەی لەگەڵ ئەکا بۆ ئەوەی بیخاتە پێکەنین. خوایە گیان!... مردم و زیندوو بوومەوە، شێرۆ! ئیتر نەمتوانی سەیری بکەم. نەشم توانی لەوێ ڕاوەستم. دەستەکانم بۆ گرتنی مناڵەکە نەکرانەوە. ئەتوت هەر مناڵی منیش نییە! دار لە ئەژنۆم درابوو و ئەتوت... بەس... بەس توانیم بگەڕێمەوە و... سەیری ئەسپەکەم بکەم!... قەرە، شەودێز!

جارێکیتر قوڵپی گریان، شانەکانی مارالی لەرزاند و ڕووی لە ناو یاڵی ئەسپەکەدا شاردەوە. شێرۆ ناچار بوو لە بن ملی ئەسپەکەوە بچێتە ئەو دیو و بن باڵی مارال بگرێ و بەرەو بیری ئاوەکە بیبات:

ــ جارێ با بڕۆین سەروچاوت بشۆرە. کەممان شێت نین؟!

دۆڵچەی ئاوەکەی زیوەر هەڵیکێشابوو، هێشتاش بە ئەندازەی دەموچاو شۆردنی مارال ئاوی تیابوو. شێرۆ براژنی وەکوو مناڵێک لای دۆڵچەی ئاوەکە دانا و کەوتە شوشتنی دەموچاوی. پاشان هەڵیساند

و بەرەو ڕەشماڵەکان خستیە ڕێ و خۆی خامۆش بوو بۆ ئەوەی ماراڵ بینی بێتەوە بەر. ماراڵ هەرچەند ژێوانی ساویلکەیی و دڵپیسی خۆی هێشتاش نەیتوانیبوو لە دڵ ڕادا، بەڵام هەستی ئەکرد سووک بووە. گریانی بەکات ئارامی کردبوو و ئەمە ئەیتوانی هەستێکی ڕەزامەندانەی پێ ببەخشێ.

لە تێپەڕین بە لای پیاوان و ئەسپاندا، شێرۆ بینی کە براکانی و خانئاپۆ لە ڕەشماڵەکەی باوکی هاتوونەتە دەرێ. نەجەف ئەربابیش لە بەر ڕەشماڵەکە پەیدای بوو. سەبرخانیش بە دوایدا لە دەریزانەکە هاتە دەرەوە، بەرەکی لە خۆی ئالآند و لە بەر خۆرەکە وەستا. سەبرخان ڕووی نا بە ڕووی خۆرەکەوە و بە حەزەوە پێڵووی لێک نا، وەک بڵێی بۆ قەرەبووکردنەوەی سەرمای نەخۆشیەکەی، گەرمای پێویست لە خۆرەکە وەربگرێ.

ماراڵ هەروا نیگای لە خاکە سمکوتکراوەکەی بەرپێی بوو و نە کەسی ئەبینی و نە ئەیتوانی لەوە تێبگات کە شێرۆ -بە دوور لە نیگای بەگمحەمەد- بەرەو ڕەشماڵەکەی سەمەنی ئەبات. لە بەر دەریزانی کۆنەکە، بڵقیس لە بەرامبەریدا ڕاوەستا و بە بێ قسە، دەستە زبر و گەورەکەی خۆی نا بە سینەی ماراڵەوە، تاوێک لێی ڕوانی و لێی گەڕا خۆی بگەیەنێتە گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد لەگەڵ مامی و براکەی گەیشتبوونە نزیک سفرەی وشترەکە. بەگمحەمەد بۆ هەڵدانەوەی قەراخەکانی سفرەی وشترەکە، چۆکی دادا و خانئاپۆ نیوسووڕ بە دەور سفرەکەدا سووڕا و پاڵی دا بە پشتی وشترەکەوە. گوڵمحەمەد شانی لە بن چۆخەکەیدا جووڵاند و قامکە گەورەی لە گوڵی کەمەربەندەکەی گیراند و بە نەوازش پەنجەی لە کاکۆڵی وشترەکە ڕۆکرد. باس، هێشتاش باسی نەگەڕانەوەی ستار بوو. بەگمحەمەد هەڵسایەوە. کا و قۆزاخەی لە دەستەکانی تەکاند و وتی:

ــ ئەگەر پێت باش بێ پێنج کەس ئەبەم و ئەچم بە دوایاندا!

گوڵمحەمەد هێشتاش ڕێگەیەکی نەدیبۆوە و وەڵامێکی ڕوونی بۆ براکەی نەبوو. سەرەڕای ئەمەش گەیشتنی بڵقیس ڕشتەی قسەکەی

بڕی. چونکە بڵقیس سەبارەت بە گرفتەکەی نەجەف ئەرباب هاتبوو و ئەیویست تێیان بگەیەنێ ڕاگرتنی ئەربابی سەنگرد لە ناو ڕەوەند، ئەویش بەو ڕیسواییە کارێکی نەپارێزانە و ناژیرانەیە:

ــ هەواڵەکەی تا ئێستە لە شار و مەڵبەندیش تێپەڕیوە. ئەگەر هێرش بهێنن بۆ ئێرە، بەردێکیشتان دەست ناکەوی خۆتان بدنە پاڵی. ئاگرتان لە لای لۆکە ڕاگرتووە کە چی ببێ؟! ئەتانەوێ ئاگر بکەنەوە؟!

گوڵمحەمەد دەمخەندێکی دۆستانەی کرد و وتی:

ــ ئاگر هەڵکراوە، جا بڵێسەکەی تاکوێ دائەگرێ، ئەوەیان نازانم!

بڵقیس، لە سەیرکردنی خانئاپۆ و کوڕەکانی‌دا، پرسی:

ــ ئێستە ئەتانەوێ چی بکەن؟ ئەتانەوێ هەر لێرە بە باڵبەسراوی ڕای بگرن؟

ــ نا! لێرە ئەیبەین. چاوەڕێی ستارین. وا نەبوایە بەیانی زوو ئێرەمان چۆڵ کردبوو!

دایکی، بە هەمان گرژی ڕووی لە گوڵمحەمەد پرسی:

ــ ئەگەر هات و ستار نەهاتەوە؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئەیخەینە ڕێ، ڕای ناگرین! کارێک، خزمەتێک ئەگەر هەیە بۆی بکە.

خانئاپۆ پشتی لە پشتی وشترەکە کردەوە و پرسی:

ــ ئەیخەینە ڕێ؟ واتە ئەتەوێ بەرەڵڵای بکەی؟!

گوڵمحەمەد بە دایکی وت کە بۆ درێژەی وتووێژەکە ڕاوەستابوو:

ــ تۆ بڕۆ بە دوای کاری خۆتدا، دایە گیان. تۆ بڕۆ!

بڵقیس بەرەو نەجەف ئەرباب چوو کە لە قەراخ ڕەشماڵەکەی کەلمیشی ڕاوەستابوو. گوڵمحەمەد ئەوسا لە وەڵامی خانئاپۆدا وتی:

ــ بۆ کوێ بەرەڵڵای بکەم؟ نەخێر... زۆر بەرنامەم بۆی هەیە! ئەمەوێ بیبەم بۆ زەماوەنی کوڕی بوندار!

ــ زەماوەن؟!... پێم وابوو بۆ ئەو زەماوەنە ناچین!

گوڵمحەمەد ئاگای بیر و بۆچوونی خانئاپۆی، لەم تان و پۆیەی لە

دەستیان ئاڵابوو لە لایەن خەڵکێکی پێوارەوە، ئارام و بێ هەڵچوون وتی:

ــ رۆیشتن و نەڕۆیشتنمان بۆ ئەم زەماوەنە خانئاپۆ، هەنگاوێکە کە ڕێگەی بەیانیمان دیاری ئەکات. ڕۆیشتنمان بە جۆرێک و نەڕۆیشتنمان بە جۆرێک. بەڵام بە بۆچوونی من ئێمە بۆ زەماوەنی کوڕی بوندار... ئەچین!

ــ ئەچین؟! ئەچین بۆناو دوژمنەکانمان؟!

ــ ئەچین بۆناو دڵی دوژمنەکانمان!

ــ لەوێ گەمارۆمان ئەدەن ئەوان!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئەڕۆین کە ئێمە گەمارۆیان بدەین!... ئێمە ئەڕۆین!

بە کڵاو ڕاوەشاندن و بانگکردنی کێشکێک کە لە سەر بەرزایی بەری ڕۆژهەڵات وەستابوو، بەگمحەمەد قوت بوویەوە و لە وەڵامدا هەرای لێکرد و کڵاوەکەی بۆ ڕاوەشاند. پاشان چاوی پڕ سێبەری بڕییە براکەی و وتی:

ــ هاتنەوە... وابزانم هاتنەوە! ئەچم بە پیریانەوە!

بەگمحەمەد تاوی دایە بەرەو ئەسپەکەی و خانئاپۆ هاواری کرد:

ــ بە تەنها نا!... هاوڕێ لەگەڵ خۆت بەرە!

دەنگەکە، ئارامی ڕەوەند و پیاوەکانی شەڵەژاند.

بەگمحەمەد تیژ و چالاک خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکە و لەگەڵ پێنج سوار بەرەو ئاسۆی ڕۆژهەڵات ئاژووت. خانئاپۆ هاتە ناو پیاوەکان و پێی وتن ببن بە چوار دەستەوە و لە چوار لاوە خۆیان حەشار بدەن. پیاوەکان بە یەکدا هاتن و هاتوچۆ لەپڕ، خاکەکەی ورووژاند. ژنەکان لە بەر ڕەشماڵەکان دەرکەوتن و خانئاپۆ گەڕایەوە بۆ لای گوڵمحەمەد تا ئەوانیش بچنە پەنای ڕەشماڵەکان. مەیدانگەی ڕەوەند لەپڕ چۆڵ بوو. بەس تەپ و تۆزی خاک و خۆڵ بوو لە سەر و شانی خانئاپۆ و گوڵمحەمەد ئەنیشت، کە پێکەوە ڕێیان ئەکرد. لە ناو مەیدان و لە قەراخەوە، نەجەف ئەرباب ئەبینرا و سەبرخانی شوان و تەموور. جگە لەوانیش مینەگی ڕەوەند و گۆڵە یەکچاو.

بلّقیس لە دەریزانی کۆنەکە هاتە دەرەوە و بەرەو سەبرخان چوو و

چاوی بڕییە ئەو ڕێگەیەی بەگمحەمەد لەوێوە غاری دابوو. لە چاوەکانی بڵقیسدا، بیابان سەرانسەر بەتاڵ ببوو. وا دیار بوو بەگمحەمەد و سوارەکانی لە پەنای زوورانی بەری ڕۆژهەڵاتدا ون ببوون. گوڵمحەمەد و خانئاپۆ لاریان کردەوە و هاتنە پێشەوە و لای بڵقیس و سەبرخان وەستان. گوڵمحەمەد سەیری دەوروبەری کرد و لەگەڵ سەبرخان کەوتە گاڵتە کردن:

ــ هێشتاش نیگەرانی ڕانەکەتی، سەبرخان؟!

سەبرخان لەسەرخۆ ئاوڕی لە گوڵمحەمەد دایەوە و وتی:

ــ هەڵبەت لە لایەن خاڵۆ عەبدۆسەوە دڵنیام، بەڵام... ئەو کوڕەی بوندار جێگەی متمانە نییە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ شەیدا؟!

خانئاپۆ ملی کێشا و وتی:

ــ هاتن!

لە سەر یاڵی ڕۆژهەڵاتی ڕەوەند لە سینەی هەتاوەوە، سوارەکان خۆیا بوون. ستار و بەگمحەمەد لە پێشەوە و ئەوانیتر بە دوایاندا. گوڵمحەمەد و خانئاپۆ کەوتنەڕێ، بە پێشوازی هاتوانەوە کە بە لۆقە ئەهاتن. خانئاپۆ و گوڵمحەمەد لای قەرە وەستان و چاویان لە ڕێگەکە بوو. بەگمحەمەد و ستار بە بەر بیرەکەدا تێپەڕین. گوڵمحەمەد ئاڵقەی چاوەکانی هێنایەوە یەک و نیگای خولیای بڕییە ستار کە وا پێئەچوو غەوارەیەکی لە تەرکی ئەسپەکەی سوار کردووە. تۆ بڵێی کێ بێ؟ دزە یان چەرچی؟ تەتەرە یان هەیتەیە لە بەرگیتردا؟

«کێ بێ ئەم بێگانەیە؟!»

لەبەر پێی گوڵمحەمەد و خانئاپۆ، ستار و بەگ لەغاویان کێشایەوە و بە دوایاندا دەستەش وەستا. ستار گوڵخەندێک بە دەمیەوە بوو. چاوەکان و ڕوخساری ڕۆشن بوو و هیچ نیشانەیەکی دژواری ڕێگەی پێوە دیار نەبوو. هاتە پێشەوە و ڕۆژباشی کرد. تەوقەی لەگەڵ گوڵمحەمەد کرد و پاشان دەستە گەورەکەی خانئاپۆی گوشی و ئەماژە بە شەڵتەی

تەرکی ئەسپەکە وتی:

ـ هێنام!

ـ مەترسیتان نەهاتە ڕێ؟

بزەی ڕوونی ستار، وەڵامی سەرکەوتوانەی کارەکە بوو. خانئاپۆ بەرەو ئەسپەکە چوو، دەستی کرد بە گیرفانی شەڵتەکەدا و مشتێک فیشەکی دەرهێنا. لە بەر چاوی گوڵمحەمەد ڕایگرت و خەندە بە ددانیەوە وتی:

ـ زێڕە، سەیریکە!

گوڵمحەمەد فیشەکەکانی تاقیکردەوە. فیشەکێکی لە ناو دەستیدا هێشتەوە، کەوتە یاریکردن پێی و بە دایکی وت:

ـ بەرچاییان بۆ ئامادە بکە!

بڵقیس کە لە سەبرخان جیا ببوویەوە و هاتبوویە بەرەوە، بۆ ئامادەکردنی تاشتی سوارەکان کەوتە ڕێ. بەگمحەمەدیش بە سوارەکانی وت پشوو بدەن. تفەنگدارەکان ئەسپەکانیان بەجێ هێشت و بە دوای بڵقیسدا، لەگەڵ بەگمحەمەد کەوتنە ڕێ. کابرای غەوارە هەروا لە شوێنی خۆی وەستابوو و نیگای ترساوی لە ستار بوو. گوڵمحەمەد ئەماژەی بە خانئاپۆ وتی فیشەکەکان وەربگرێ و بە دوای بەگمحەمەدیشدا هاواری کرد:

ـ تاشتی ستار بکە بە بابۆڵە و بیهێنە بۆ ئێرە!

خانئاپۆ هەوساری ئەسپەکەی گرت و بەرەو بیرەکە ڕۆیشت. گوڵمحەمەد جارێکیتر کابرای غەوارەی هەڵسەنگاند. ئێستە کاتی ئەوە بوو بۆی ڕوون ببێتەوە کابرایەکی ئاوا کزۆڵە، بەو کڵاوە چڵکن و سەروچاوە ماندوو و مۆنە، نیگای ون و هەراسانی لە ناو دە سیر لەشی لەڕێدا، کێیە و بۆ چ کارێک هاتووە بۆ ئێرە؟

ستار وتی:

ـ هی گوندەکانی باکوورە. وابزانم دزمین. کۆڕەویان کردووە. نانیان لە ئێمە داوا کرد. بە باشم زانی یەکیان لەگەڵ خۆم بهێنم پاروە نانێک ببات بۆ ئەوانیتر.

بزەیەکی وشیارانە لە قووڵایی چاوەکانی گوڵمحەمەددا، سەیری ستاری کرد و پرسی:

ـ بەس نان؟!

ستار وریای تێگەیشتنی گوڵمحەمەد لە کرداری خۆی، بە پێکەنینێکی مناڵانەوە سەری داخست و وتی:

ـ خۆت باشتر ئەزانی!

گوڵمحەمەد بە منجەمنجەوە وتی:

ـ ئەوە نییە سەرئێشەمان کەمە، تۆیش کار ئەدەی بە دەستمانەوە!

چاوەڕێی وەڵامی لە لایەن ستارەوە نەکرد و ڕوو لە کابرا وتی:

ـ بۆ خەریکن ڕەو ئەکەن، کاکی برا؟

ـ دێمە سووتاو، سەردار! زستانمان لەبەرە. ئەبێ چارەیەک بدۆزینەوە.

ـ هەر ئەمە؟!... بەس ئەمە؟

کابرا وەڵامی نەدایەوە و سەری داخست. گوڵمحەمەد وتی:

ـ وەرە بەرەوە بابزانم!

کابرا، یەک دوو هەنگاو بە دوو دڵیەوە هاتە پێشەوە و وەستا. دەستەکانی هێشتا لە ژێر ورگی لێک هەڵپێکابوو، سەری بۆ خوارەوە و بێ ئوقرە بوو و بەردەوام چاوی ئەترووکاند. وا دیار بوو لە تەنووری ژیاندا بووە بە کەڵۆز و لە تەنگژەی پیریی پێشکاتدا پەلەقاژەی بوو. ملە کورتەکەی بردبوویە ناو شانەکانی و هەر ساتەی گوڵمحەمەد نەی ئەدواند، وا پێئەچوو کابرا هەناسەشی لێوە نایەت. گوڵمحەمەد سەیری ستاری کرد و پاشان لە کابرای پرسی:

ـ ئاغەتان کێیە؟

ـ کابرا بە بێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە وتی:

ـ میرخان، سەردار!

ـ دەی... ئیترا!

کابرا وتی:

ـ ئەو ئێمەی ترساند، سەردار. هەمان شەو کە گەیشتەوە ناو

گوند، له هێسرەکەی دابەزی، دەمی لێکردەوە و کەوتە جنێودان. یەکەم کەس سەری لە ماڵ دەرهێنا من بووم. میرخانیش یەک و دووی لێ نەکرد و تێی سرەواندم. سەرەتا وامان زانی چووە و جەندەرمەی بانگ کردووە و پشتی بە هەیتەی حکوومەت گەرمە کە بەو جۆرە هاتوهووت ئەکات. بەڵام پاشان کە تەوس و تەشەرەکانی خەڵکی لە ماڵان هێنایە دەرەوە، لە هەموانی تێگەیاند پشتی بە گوڵمحەمەد خانی سەردار گەرمە. مەڵێ سکاڵای ئێمەی لە لای خانی سەردار کردووە و گوڵمحەمەد خانیش بەڵێنی پێداوە بێ بۆ دزمین و هەموومان شەق و شڕ بکات.

گوڵمحەمەد بێ ئەوەی گرژی ناوچەوانی بڕەوێتەوە، پرسی:

ــ ئەیناسی؟ تۆ گوڵمحەمەد ئەناسی؟

کابرای غەوارە کە زمانی پژابوو و وردە وردە خەریک بوو چاوی تا بن چاوی گوڵمحەمەد هەڵئەهێنا، وتی:

ــ ئێمە ناوبانگمان بیستووە، بەڵام تا ئێستە گوزەری نەکەوتۆتە لای ئێمە.

ــ چیت دەربارەی بیستووە؟

ــ ئەو شتانەی ئێمە بیستبوومان لەگەڵ ئەوەی میرخان ئەیوت، زۆر جیاواز بوون. کوڕی ئاغە ئەمیر وای لە ئێمە گەیاند کە گوڵمحەمەد پشتیوانی ئەوە و ئادەمیزاد وەکوو جووجەڵە ئەکوژێ. ئەو وای لە خەڵکەکە ئەگەیاند کە گوڵمحەمەد تێخی دەستی خەڵکانی وەکوو ئەوە. ئیتر ئەوە بوو کە -راستەکەی لە ترسی گیانمان- دەمەوبەیان بارمان کرد و کەوتینە ڕێ:

ستار ڕەنگە چاوەڕێی ئەوە بوو لە کابرا بپرسێ کە هی وەکوو ئەو چۆن لەمەڕ گوڵمحەمەد بیر ئەکەنەوە، بەڵام گوڵمحەمەد کە بە خامۆشی کەوتبووە پیاسەکردن، جاڕز و تووڕە نەڕاندی:

ــ ئێوە ئیتر چ جۆرە دەعبایەکن؟ کارێک ئەکەن مرۆڤ قیزتان لێ بکاتەوە. لە ناو و لە سێبەری پیاوێک کە نە دیوتانە و نە ناسیوتانە، ڕەو ئەکەن! بە چوار ڕاست و درۆ کە دوژمنەکانتان بۆتان ئەڵێن، کوڵتان ئەدەن بە کۆڵدا و ماڵ و ژیانتان بەجێ ئەهێڵن و کۆچ ئەکەن! ئێوە ئیتر

چ جۆره دەعبایەکن کە ئەوەندە ترسنۆک و بێورەن؟ من ئەگەر لەبری حکوومەت بوایەتم خولی فێرکاری جەنگیم بۆ ترسنۆکی وەکوو ئێوە ئەکردەوە... چەقەڵانە!

لەپڕ گوڵمحەمەد لە بەرامبەر کابرادا وەستا و بە ڕق و تووڕەییەوە نەڕاندی:

ـ گریمان گوڵمحەمەد ئەو مرۆڤەش بێ کە میرخان بۆی باس کردوون. گریمان گوڵمحەمەد دەستەندەخۆری ئاغاکان بوو و ئەهات کە ئێوە تەمێ بکات. گریمان لەو گێرە و کێشەیەدا یەکێکی وەکوو تۆش بکوژرایەت. دەی... ئەوسا چی ئەبوو؟! ئاسمان ئەهاتە خوارەوە یان دنیا سەروبن ئەبوو؟! چی ئەبوو، ها؟ چی ئەبوو؟

گوڵمحەمەد جارێکیتر ڕووی لە کابرا وەرگێڕا و کەوتەوە پیاسە. کابرا بە ئاشکرا ترسابوو و بە داماوییەوە سەیری ستاری ئەکرد. ستار بە دەنگی پێی محەمەمەدڕەزای گوڵخانم کە بەرچایی بۆ هێنابوو، ڕووی وەرگێڕا و بابۆڵەی نان و ڕۆنەکەی لێوەرگرت. گوڵمحەمەد لە گەڕانەوەی خۆیدا، بە محەمەمەدڕەزای گوڵخانمی وت:

ـ بڵێ بوخچەیەک نانی بۆ بپێچنەوە و بیخەنە ڕێ با بڕوات. بۆ ئەوەی سکیان تێر بکەن تا پێیان ئەگەین!

محەمەمەدڕەزای گوڵخانم کابرای لەگەڵ خۆی برد و ستار بابۆڵەکەی بە ئیشتیا برد بۆ دەمی. گازی یەکەمی جوو و قووتی دا و پاشان بە گوڵمحەمەد کە ئەتوت بە بێ مەبەست دێت و ئەچێت، بە ئارامی وتی:

ـ ڕاستەکەی... نەیوێرا هەموو ڕاستیەکەت بۆ باس بکات. میرخان هەر بەو شەوە یەک دووماڵیشی ئاگردابوو!

گوڵمحەمەد لە بەرامبەر ستاردا پێی سست کرد و دەسبەجێ وتی:

ـ ئیتر خراپتر... سەد جار خراپتر!

لەوە زیاتر ڕانەوەستا و کە دوور ئەکەونەوە، بە ستاری وت:

ـ ڕەنگە من و تۆ زووتر کەوتینەڕێ!

ستار بەرەو سەبرخان کە هێشتا لە بەر هەتاوەکە وەستابوو، چوو

و گوڵمحەمەد خۆی کرد بە ڕەشماڵەکەدا.

زیوەر، ماراڵ و کوڕەکەی گوڵمحەمەد لە ناو ڕەشماڵەکە بوون. زیوەر کیسەی ئاردەکەی قلْپ کردبوویە ناو دۆڵەی هەویر شێلان و ماراڵ خەریکی بەستنی نان ساجیەکانی ناو چارۆکەکە بوو. کوڕەکەیان دەستی گرتبوو بە دیرەکەکەوە و بە پێوە وەستابوو و سەیری باوکی ئەکرد. هەرچەند گوڵمحەمەد ماوەی تووڕەیی و ناڕەزاییەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوویە ژوورەوە، بەڵام نەیتوانی بەر بە گەشانەوەی شەوق لە نیگا و ڕوخساری خۆیدا بگرێ. هەروەها نەشی توانی پێ بنێتە پێشەوە. بۆیە هەر بەو جۆرەی کە لە ناو دەریزانەکە وەستابوو، بە ژنەکانی وت:

ــ من ئەڕۆم. ئێوە لێرە ئەمێننەوە، لای بلْقیس. خاڵۆ عەبدۆس و سەبرخانیش لێرەن. کاری ئێمە ڕەنگە سێ چوار ڕۆژ بخایەنێ.

زیوەر دڵنیا بوو ڕووی قسەی لەو نییە. بۆیە بە کاری خۆیەوە خەریک بوو تا ماراڵ -ئەگەر ویستی- لەگەڵ شووەکەی بدوێ. ماراڵ هیچی نەوت. بەس سەری هەڵێنا و نیگای گلەیی ئامێزی بڕییە گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی کۆتایی بە وتووێژەکە هێنابێ، بەرەو کوڕەکەی چوو و هەڵیگرت. تا بەر سینەی هێنای و پاشان هەڵی خستەوە و گرتیەوە. جارێکیتر و جارێکیتریش. تاکوو ئەوەی چۆخەکەی لە شانی بەربوویەوە و کەوتە خوارەوە و، مناڵەکە کەوتە پێکەنین و تریقانەوە.

ماراڵ چارۆکەی نانەکەی خستە لایەکەوە و هەڵسا. چۆخەکەی هەڵگرتەوە و دایەوە بە شانیدا. زیوەریش دەستی بە ئاردەکەوە تەکاند و دڵ لەبەری مناڵەکە ڕابوو، چووە بەرەوە و لە کاتێکا مناڵەکەی لە دەستی شووەکەی وەرئەگرت، وتی:

ــ ئەتەوێ خوشکێکت هەبێ، ها؟ خوشکێکت ئەوێ؟! ئەرێ، خوشکێک؟!

زیوەر هەروا سەرگەرمی یاریکردن بوو لەگەڵ مناڵەکە کە گوڵمحەمەد لێیان چووە پێشەوە، باڵی کردەوە و دەستی چەپی نایە سەر شانی زیوەر و ڕاستیشی خستە سەر شانی ماراڵ، هەر دوو ژنەکەی هێنایە یەک و هەردووکیانی گووشا بە سینگیدا، بەجۆرێک کە تەوێڵی

کوڕەکەی مۆر کەوتە سەر هەنیەی باوکی. خامۆشی شەوق و خرۆشی شەپۆلدان لە تەپەتەپی دڵەکاندا. تاوێک، بەو جۆرە مانەوە. خامۆش و بە خرۆش. گوڵمحەمەد لەپڕ، وەک بڵێی هاتبێتەوە بە خۆیدا، دەستەکانی ئازاد کرد و خۆی کشاندەوە، وەرسووڕا و ڕووی لەو بیابان و ئاسمانەی لە دەریزانی ڕەشماڵەکەوە خۆیا بوو، وەستا:

ــ برنەوەکەم!

قوڵەبرنەوی زێوار زیو، دەستێک دایە دەستی پیاوەکە.

ــ خەنجەر!

دەستێکیتر دەبانی دەمخواری کرد بە بەر قایشی پشتوێنی پیاودا. دەستێک چۆخەی لە شانی کردەوە و دەستانێک لۆخەندانیان بە شان و سینەیدا حەمبەل کرد. چۆخە جارێکیتر درایەوە بە شانەکانی کابرادا و مەچەکبەندە چەرمەکانی لە دەور مەچەکی بەسترا. لە چەک و تەقەمەنی بەس ماوزێڕەکەی کەم بوو، کە ئەویش لە لای ستار بوو. گوڵمحەمەد دەستی برد بۆ سەری و کڵۆزەکەی لە سەری توند کرد و قەیتانی پوزلخەکانی تاقی کردەوە. پێی نایە سەر بەردی بن دیرەکی ناو دەریزانەکە و پاژنەی کلاشەکانی هەڵکێشا و ڕاست بوویەوە. دوو ژن لە پشت شانەکانیەوە وەستابوون. گوڵمحەمەد پێی لە کۆنەکە نایە دەرەوە و لە ژێر ئاسمانی بەرزدا ڕاوەستاو و لێبڕاو، چاوی بە پیاوان و ئەسپان و ڕەشماڵ و ئەسمەرپێچدا گەڕاند، بە هەموو نموود و نیشانەکانیانەوە.

خانئاپۆ هات بۆ لای لە لایەکەوە و، گوڵمحەمەد بەرەوڕووی لە لایەکیترەوە. بڵقیسیش لە ستار و سەبرخان جیا بوویەوە و بە هەڵوەستەیەکەوە لە کوڕەکەی ڕوانی. گوڵمحەمەد لە نێوان ژنەکانیدا، هەنگاوێک لە پێشیانەوە، ئامادەی ڕۆیشتن، وەستابوو. بڵقیس نەک وەک هەمیشە بەرەو کوڕەکەی کشا و بەر لەوەی بیگاتێ، لەپڕ ئامێزی کردەوە و پەروا بەدوور، گوڵمحەمەدی گرتە باوەش و بێئوقرە، گۆناکانی -خشتی سوور- ماچ کرد و بەر لەوەی بورکانی ئەوین بێتە جۆش، دەستی لە سەری کردەوە و خۆی لە بەر چاوان ون کرد.

ــ من و ستار لە بەرەوە ئەڕۆین، خانئاپۆ. تۆ و بەگمحەمەد و

سوارەکانیش بە دوامانْدا بازْوون.

بلّقیس گەڕابوویەوە و جامی ئاو بە دەستیەوە، لای مارالّ و لە پشت شانی گوڵمحەمەدەوە وەستابوو. خانئاپۆ نیگای لە ڕوخساری سوور داگیرساوی بلّقیس گواستەوە و لە گوڵمحەمەدی پرسی:

ــ ئەم پارەیە چی لیّبکەم؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بڕێکی دابەش بکە بە سەر تفەنگدارەکاندا. بۆ ئەوەیتریشی چالّێک پەیدا ئەبیّ!

بەگمحەمەد ستاری بانگ کرد. محەمەمەدڕەزای گوڵخانم قەرەی هێنایە پێشەوە. گوڵمحەمەد چۆخەی لە شانی داگرت و دای بەدەس کوڕی گوڵخانمەوە تا لە تەرکبەندەکەی ببەستیّ. خۆشی هەوساری وەرگرت و پێی لە ئاوەزونگی نا و لە سەر زینەکە دانیشت. خانئاپۆ هاتە پێشەوە و وتی:

ــ کابرا چی لیّبکەین؟ بیهێنین؟ نەجەف ئەڵێم!

گوڵمحەمەد بەسواری بەرەو سەبرخان ڕۆیشت و بە خانئاپۆی وت:

ــ نەکا ئەتویست لێرە بەجێی بهێڵی؟!

لە بەرامبەر سەبرخان، گوڵمحەمەد لەغاوی ڕاکێشا و وتی:

ــ ئاگات لە خالّۆ عەبدۆس بیّ سەبرخان، نەهێڵی جاڕس ببیّ!

وەڵامی سەبرخان بزەیەکی دڵچەسپ بوو کە متمانەی بە گوڵمحەمەد ئەدا. گوڵمحەمەد لەغاوی قەرەی سەرکێشی کێشایەوە و سمدەستەکانی ئەسپەکە بۆ حەوا بەرز بوویەوە و سوار بە بەگمحەمەدی وت:

ــ ئەسپەکەی خالّۆ مەدیار بدە بە ستار!... بە زین و بەرگی تەواوەوە!

شەوە لەوە زیاتر خۆی پیّ ڕانەگیرا، لەغاوی لە سوار سەند و دایەغار. بەڵام پاش مەیدانێک چوارناڵە، گوڵمحەمەد لەغاوەکەی چەماند و گەڕایەوە. چونکە ستار تازە سواری ئەسپە شەکەرییەکەی خالّۆ مەدیار ببوو و ئەیویست بکەوێتە ڕیّ. گوڵمحەمەد لەوە زیاتر نەهاتە

بەرەوە. هەر لە دوورەوە هاواری لە خانئاپۆ کرد کە لە ناو تفەنگدارەکاندا گیری خواردبوو:

ـ هەر کەس بە ئەندازەی نیازی خانئاپۆ! بەگوێرەی خێزان و منالْیان. نەخۆشی و پێداویستی ژن و منالْیش لە بەرچاو بگرە.

خانئاپۆ بە تەوسەوە وتی:

ـ ئێستە تێگەیشتن؟! جا ئەمجار... بەڕیز بن! وەکوو سەربازخانە! تۆ وەرە ڕیزەکە ڕێک بخە چەخماخ!

عەلیخان چەخماخ کەوتە ڕیزکردنی تفەنگدارەکان. خانئاپۆ لەسەربەرزایی کورتانەکە دانیشت. پارەکانی ڕژاندە ناو بالْی کراسەکەی و بە دەنگی بەرز بەگمحەمەدی بانگ کرد:

ـ شەلْتەی فیشەکیش بهێنە بزانە کەموکووڕییان چییە؟

بەر لەوەی ستار بگاتەوە پێی، گولْمحەمەد جارێکیتر لەغاوی شکاندەوە و بانگی لە خانئاپۆ کرد:

ـ ئەگەر بەشی کرد پارەی جل و پێلاویشیان پێبدە!

خانئاپۆ ئاخێزی کرد، ڕوانییە گولْمحەمەد بە سواری شەودێزەوە و بە گالْتە وتی:

ـ ئەلْێی چی پارەی زەماوەنیشیان بۆ بخەمە لاوە؟

گوتەی خانئاپۆ پێکەنینی خستە ناو ڕیزی تفەنگدارەکان و یەکی وردیلە و هاولاوی، نیگای لە گولْمحەمەد، کە خەریک بوو لەغاوی ڕاست ئەکردەوە، بە گالْتە و بەڕاست وتی:

ـ ئەسپەکانیشمان ئەبێ نالْ بکرێن، سەردار!

بە دوای ئەودا یەکێکیتریش دەنگی بەرز کردەوە:

ـ کالْە و پاتاویش، سەردار! زستانمان لەبەرە!

دەنگی شۆخی گولْمحەمەد با هێنای:

ـ خانئاپۆ... خانئاپۆ بگرن و بەری مەدەن! خان... ئاپۆ...

ژنەکان هێشتاش لە بەر دەریزانی ڕەشمالْەکە وەستابوون. بەگمحەمەد شەلْتەی فیشەک بە شانەوە، بە ناویاندا تێپەڕی و نیگای لە شۆپی براکەی، بەرەو خانئاپۆ و ڕیزی تفەنگدارەکان ڕۆیشت. سەبرخان

هەر بەو جۆرەی لە قەراخ ئەستوندەکەکە وەستابوو، کڵاوبۆرەی بۆ گوڵمحەمەد ڕاوەشاند. گوڵمحەمەدیش لە دوا ئاوڕدانەوەی‌دا، هەم بۆ سەبرخان و هەم بۆ کوڕەکەی بە قەڵاندۆشکانی زیوەرەوە، دەستی ڕاوەشاند. مارال نمی سیلەی چاوەکانی بە دڵی پەنجە سڕی و بڵقیس لە نێوان ژنەکان هاتە دەرەوە، یەک دوو هەنگاو چووە پێشەوە و قاپی ئاوەکەی هەڵدا بە یافتی ڕۆیشتووی گوڵمحەمەددا.

**بەندی دووەم**

چاو لە چاوی خۆردا، کە وردە وردە خەریک بوو تۆز لە ڕوخساری بشواتەوە، گوڵمحەمەد و ستار داژووتن؛ شان بە شان و پێ بە پێ. ماندوێتی شەوانە هێشتا لە لەشی ستاردا بوو، هەروەها کوترانی خەوە نووچکەی شەوی بەرێ بە گوڵمحەمەدەوە. سەرەڕای ئەمانەش جووتە پیاو تۆکمە و ڕاوەستاو خۆیایان ئەکرد. قیت و قۆز لە سەر زینەکە دانیشتبوون، دەسکەوساریان لە دەوری دەستیان ئاڵاندبوو و هەوڵیان ئەدا لەغاو ڕابگرن و ئوقرە بپارێزن، بۆ ئەوەی ئەسپەکانیان لەپڕ لە عەرز نەبڕێ. چونکە هەم پەلەیان نەبوو و هەمیش پێویستیان بە ئارامی هەبوو تا قسەکانیان با نەیبا:

ــ ئەیانەوێ لە سەر عەرز هەڵمگرن، ستار!

ستار ئارام و دەسبەجێ وتی:

ــ ئەزانم!

لە کاردانەوەی سارد و هێوری ستاردا، گوڵمحەمەد هیچی نەوت و نیگای بێباوەڕی خۆی لە سیلەوە بڕییە نیوڕوخی ستار. تاوێک بە بێدەنگی ڕابرد. ستار ڕووی کردە گوڵمحەمەد و چاوەڕێی کرد. گوڵمحەمەد کەڵکەڵەی ڕوونکردنەوە لە گیانیدا، پرسیاری کرد:

ــ چۆن ئەزانی؟!... لە کوێوە؟!

ستار نیگای خستە سەر عەرزەکە و پرسی:

ــ مەگەر خۆت نازانی؟!

ـ راستت ئەوێ، نا!

ـ نەت ئەزانی، یان ئەتزانی و نەت ئەویست باوەڕ بکەی؟!

گوڵمحەمەد وەڵامی نەدایەوە. خامۆش بوو و لە بیر ڕاچوو. ستاریش هیچی نەوت. ئەتوت ئەیەوێ لە گوڵمحەمەد بگەڕێ لەگەڵ ئەندێشەکانی خۆیدا ئازاد بێ. پانتایی بیابان و هێڵی کوێرەڕێ هەل و دەرفەتی بێدەنگی و بیرکردنەوەی زۆر بوو. جا با ئەهوەنی و هێوری باڵ بکاتەوە.

ـ لە کەیەوە و لە کوێوە ئەوەت ئەزانی؟ ئەی بۆ لەمنت شاردبوویەوە؟

ستار دیسان ڕوانیە گوڵمحەمەد و وتی:

ـ من هەر ئەوەندەم ئاگا لێبوو کە تۆ ئەبوا بزانی!

ـ لە کوێوە؟! من لە کوێوە ئەبێ زانیبێتم؟!

ستار وتی:

ـ لەم مەڵبەندە پەندێک هەیە کە ئەڵێ: «ئەوەی کە ئەوەشێنێ ئەزانێ و ئەوەش کە ئەخوا ئەزانێ!» جا مەگەر گوڵمحەمەدی سەردار چەقی ناوەندی ئەم وەشاندن و خواردنە نەبێ کە ئاگای لێنەبێ.

گوڵمحەمەد کە حەزی نەئەکرد سەرئاسێ بوونی خۆی بشارێتەوە و هەروەها گوێی لەوە نەبوو تووڕەییەکەی بشارێتەوە، هەڵشاخایەوە و وتی:

ـ ئەکرێ بە ڕوونی بۆمی باس بکەی؟! ڕەنگە من نازانم و ئاوەز لەم مێشکەی مندا نییە! ئەو کەسانە ئەیانەوێ من تیاببەن کە جێگە بڕوای من بوون! دارونەدارم داوەتە دەستیان. واتە ئەوان ئەیانەوێ لە ناوم بەرن و خۆیشم نازانم! کەسانێک قۆڵیان بۆ ئەو کارە هەڵکردووە کە هێشتاش خۆیان بە دۆستی من دائەنێن!

ستار بە تەوسێکی تاڵەوە وتی:

ـ لافی دۆستایەتی!

بە دواشیدا پرسی:

ـ تۆ کێ بە دۆستی خۆت ئەزانی، گوڵمحەمەد؟ ئالاجاقی، بوندار و سەرتیپ فەربەخش؟ ها؟!... یان من و خانئاپۆ و بەگمحەمەد و بڵقیس؟!

گوڵمحەمەد ئەهوەنتر وتی:

ــ مرۆڤ هەزار جۆر دۆست و هاوڕێی هەیە!

ستار بە ڕاشکاوی وتی:

ــ نەخێر! مرۆڤ ئەتوانێ تەنها یەک جۆر هاوڕێی هەبێ!

ــ وەکوو...

ستار دەرفەتی قسەکردنی بە گوڵمحەمەد نەدا و نەترسانە درێژەی دا:

ــ وەکوو تۆ حەز ئەکەی هەر ئێستە وا بیر بکەیتەوە کە ئالاجاقی لە خۆشیان هەڵئەخاتەوە کە تۆ یەکێکی وەکوو ئەوت بەستۆتەوە و بە یەخسیری بەملا و ئەولادا ئەیگەڕێنی! حەز ئەکەی وای دابنێی ئالاجاقی لەم کارەی تۆ پێی عەرز ناگرێ!

ــ مەبەستت نەجەف سەنگردییە؟

ــ چەندە بۆ ناوەکان جیاوازی دائەنێی!

ــ تۆ پێت وایە ئەمکارە ئالاجاقی ئازار ئەدا؟

ستار وتی:

ــ ئازاری نادا، پشتی ئەلەرزێنێ!

گوڵمحەمەد دەستی هێنا بە بن گەرویدا و وتی:

ــ خەریکم شاخ دەرئەهێنم. ئاخ خ خ...! ئەو چوار قەرانەی لە لای ئالاجاقی دامناوە، لە ڕاستیدا لە خان و ئاغەواتی وەکوو نەجەف سەنگردی بەباج وەرم گرتووە. ئەی ئێستە بۆ ئەبێ پشتی بلەرزێ؟! مەگەر پێشتر نەی ئەزانی کە من ئەو پارە و دانەوێڵە و پەزانەم بە میرات پێنەگەیشتووە کە ئەینێرم بۆ گزیرەکانی ئەو؟!

ستار سەیری گوڵمحەمەدی کرد و بە بزەیەکی ئارامەوە وتی:

ــ ئەو خۆ تا ئێستە لەمکارە زەرەری نەکردووە! ئێستەش... بەشێک لە هەمان پارە بۆ تێکشکاندنی خۆت بەکار ئەهێنێ!

گوڵمحەمەد جارێکیتر دەستی برد بۆ بن گەرووی و وەک بیەوێ دوگمەی یەخەی کراسەکەی بکاتەوە، نەڕاندی:

ــ من کە سەرم لێشێواوە!

ستار دەسبەجێ وتی:

ــ خۆت بەو جۆرەت ئەوێ!

ــ ئاخر مەگەر من نەخۆشم کە حەزم لەوە بێ سەرم لێ بشێوێ؟ ها، مەگەر نەخۆشم؟!

بۆ دەربازبوون لەو تەنگژەی گوڵمحەمەد تووشی ببوو، هەم پێشگرتن لەو تووڕەییەی کە بێگومان ئازاری ستاری بە دواوە ئەبوو، باشترین کار شلکردنی لەغاوی قەرە و، مامزە ڕاوەشاندن بوو، لە کەلەکەی ئەسپەکەی؛ تا ئەسپەکە باڵ بگرێتەوە و سوارەکەی دەرباز بکات. بەڵام ستار هاوتای نەرۆیشت. چونکە وای بە باش ئەزانی لە گوڵمحەمەد بگەڕێ بەڵکوو بەو غاردانە ڕقاوییە تۆزێ ئەهوەن ببێتەوە. چونکە ئەم گرێ پووچکەیە ئەگەر نەکرایەتەوە، بۆی هەبوو ڕێگەی هێوری و نەرمبوونی گوڵمحەمەد ببەسترێ و کاریان بگاتە دەمەقرێ و ڕقەبەری. ئەمەش ئەوە نەبوو کە ستار لای خۆی حەزی لێبێ و ئارەزووی بکات. بۆیە ستار نەک ئەوەندەی کە لە گوڵمحەمەد دوا بکەوێ -کە ئەمە خۆی لێکیانی دائەبڕی- بەڵکوو بەرداوێژێک نێوانیان بوو، کە ئەویش دایە غار.

لەسەر یالی گردەکە، گوڵمحەمەد لەغاوی کێشایەوە. قەرە هەڵسایە سەر چنگ و بە نیوسووڕێک ڕووبەڕووی ئەو سوارەی کە ستار بوو و بە هەورازەکەدا سەرئەکەوت، وەستا. قەرە ئوقرەی نەئەگرت، بەڵام گوڵمحەمەد لێبڕابوو لەگەڵ ستار پێکەوە ڕێ بکەن. ئەسپەکەی ستار گەیشتە لای قەرە و گوڵمحەمەد لە سەرەوژێری گردەکەدا، لەغاوی ئازاد کرد. جارێکیتر جووتە پیاو شان بە شان وپێ بە پێ، بەڵام خامۆش و لە ناو خۆیاندا.

بە ڕۆینە لە گردەکە دابەزین و گەیشتنە تەختایی. بەڵام بەر لەوەی بدەنە غار، گوڵمحەمەد لەپڕ پرسی:

ــ تۆ چی ئەکەی لەم مەیدانەدا کە خەریکە پێمان تەنگ ئەکەن؟

ستار دەسبەجێ و ڕاشکاو وتی:

ــ لەگەڵ تۆ ئەمێنمەوە!

ــ بۆ ئەمێنیەوە؟ قازانجی چییە؟

ستار بە پێکەنینەوە ڕووی کردە گوڵمحەمەد و وتی:

ــ ئەمەویٚ ناو دەربێنم!

گوڵمحەمەد گاڵتەکەی ستاری وەرگرت و وتی:

ــ ئەزانم ئەمەیان نییە. بە بێ گاڵتە ئەپرسم!

ستار لە وەڵامدا وتی:

ــ تۆ ئەگەر لەبری من بوایەتی چیت ئەکرد؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ نازانم!

ستار وتی:

ــ بۆی هەبوو هەموو کارێک بکەی، جگە لەوەی لە نیوەی ڕێ بگەڕێتەوە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ نازانم، لێم ڕوون نییە!... کێ چووزانیٚ؟ کەم نەبوون ئەوانەی لە نیوەی ڕێ گەڕاونەتەوە!

ستار وتی:

ــ ئەو کەسانە ناویتریان هەبووە!

گوڵمحەمەد پرسی:

ــ چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەو کەسانە و مندا؟

ستار لێو و سمێڵی بە ددان کرۆشت و وەڵامی دایەوە:

ــ تۆزقاڵێک! جیاوازییەکی بچکۆلانە هەیە، چونکە...

ــ چونکە چی؟!

ــ چونکە ئادەمیزادەکان بە زۆری دوو کلۆجن. یان -لانیکەم- من دوو جۆرم بینیوە. بەشێکیان ئەوانەن کە ناتوانن بە بێ بڕوا و بیر بژین، جۆرێکیش ئەوانەی کە ناتوانن بە بڕوا و بیرەوە بژین. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەندێک لە بڕواداری ئەترسن و هەندێکیش لە بێبڕوایی هەراسان ئەبن. ئەوەی کە بڕوا پەیدا ئەکات، لە پووکاندنەوە ئەترسیٚ. ئەوەش کە بێبڕوایە، لە بارە قورسەکەی ئەسڵەمێتەوە؛ ترسی پێگیر بوون. هەندێک، کاتێک هەست بە ڕزگاریی ئەکەن کە خۆیان بە پێبەندی

بڕوا ئەزانن. بڕێکیش ئازادی خۆیان لە بێبڕوایی‌دا ئەبینن. یەکێک ئەبینی باوەڕی بە ژیان هەیە، یەکێکی‌تر ئەبینی فرسەق فرسەق لە بڕوای ژیان ڕائەکات. نیوەڕێکان ئەو هەڵاتوانەن!

ـ بڕوا! بڕوا! من کە هەست ئەکەم گێژ بووم. من نازانم، نازانم!

ـ دڵت ئەزانێ. کەسێکە لەم ژیانەدا بە پێچەوانەی ئاراستەی ئاسایی هەنگاو هەڵئەگرێ ناتوانێ بڕوای بە شتێک نەبێ!

گوڵمحەمەد وەک مناڵێکی پاک، پرسیاری کرد:

ـ من بڕوام بەچی هەیە؟ لە سەر چ باوەڕێک ساخ بوومەتەوە؟ تۆ ئەتوانی لەوە تێبگەی؟! ها؟ من بڕوام بەچی هەیە؟

ـ دادپەروەری!

ـ چۆن ئەمەت زانیوە تۆ؟

ـ تەنها من نیم کە ئەمەم زانیوە. هەر کەس کە تۆی ناسیبێ ئەمەی زانیوە!

ـ جگە لە خۆم!

ـ ئەوەش سەیر نییە! ڕەنگە خۆت پێی نەزانی. لە تەنگژەی کارکردندا، چ جایە مرۆڤ ئاگای لە چۆنێتی هەڵسوکەوتی خۆی نەبێ. بەڵام ئەوانەی لە دەرەوە سەیری مرۆڤ ئەکەن، ئەتوانن لەوە تێبگەن. کاتێکیش ئەگات کە خودی ئادەمیزاد ناچار ئەبێ لە سەر کارەکەی خۆی هەڵوەستە بکات. ئەوسایە کەخۆشی لە گەوهەری کار و مەبەستەکەی خۆی تێئەگات!

ـ گەوهەری کاری من چییە؟ مەبەستی من کامەیە؟ تۆ ئەتوانی لە مەبەست و ئامانجی کاری من تێبگەی؟!... ها؟!

ستار وتی:

ـ خۆ وتم!

گەردەلوولێک خۆیای سەر خاک. باڵابەرز، تەنوورەی ئەکێشا و ئەهات. دەست بە کلۆزەکانەوە بۆ ئەوەی با نەیبا. چاوەکان قووچاو و ڕوومەت شاراوە لە بەرامبەر پرژەی مشت مشتی لم و خۆڵدا. خۆڕاگرتن لە بەرامبەر گژەبادا بە هەموو تواناوە. ئەسپەکان نابێ بە پشتدا

بشکێنەوە. ئەبێ ئەگەر بکرێ، خۆیان لە ناو گێژەنی باکە لابدەن. جگە لەوەش، ئەبێ بنووشتێنەوە بە سەر زینەکەدا و خۆیان قورس ڕابگرن تا باکە تێپەڕێ. گەردەلوولەکە ئەسووڕا و ئەڕۆیشت، هەرچەند وزەی دێوی هەبوو. بە بێ پشت و پشتەسەر و بێ قاچوقول، شێتانە لوولی ئەدا و سەرپڕ لە با و بە گوڕ و گوژم خۆی ڕائەوەشاند و تێئەپەڕی. وزەی تێپەڕ، نابەردەوام، ئەوسا ون ئەبوو.

جارێکی دی ئەسپان و سواران لە سەر ڕێی تەخت و ڕێکی بیابان، دەربازبووی ناو گەردەلوول کە ئەتوت لە ترسی ئەوان هەڵدێ. لوول خواردوو و بە تەنوورەکێشان. شێواو و سەرگەردانی بەربەرین دەشتی بیابان. شێتۆکەیەک لە سەمایەکی ناکات و نالەباردا، لە نیگای حەپەساوی چاڵووک و گەون و تەنگزەدا.

پیاوان، خۆڵیان لە کڵاویان داتەکان و گوڵمحەمەد تۆزی برژۆڵی سڕییەوە و درێژەی قسەکەی وتی:

ــ ئەوەم زانیوە کە تۆ "یەک کەس" نیت! ئەو شتانەش بە منی ئەڵێی قسەی بەتەنها خۆت نییە. ئەڵێی چی؟!

ستار وتی:

ــ باشترا! کە وا بوو تۆیش ئیتر "یەک کەس" نیت!

گوڵمحەمەد دەسبەجێ ڕوانیە ستار و پرسی:

ــ واتای ئەم قسەیە چییە؟

ــ واتاکەی ئەوەیە کە گوڵمحەمەد تەنها نییە. کەسانێک هەن کە خۆیان بە هاوڕێی ئەو ئەزانن!

ــ دەی؟!

گەیشتبوونە ڕانەڕێکە. با هەرچەند شۆپەکانی گەسک دابوو، بەڵام هێڵی ڕێگە هێشتا دیار بوو. ستار ئاژووت بەرەو چەقی ڕێگەکە، لەغاوی بەرەوخوار وەرگێڕا و وتی:

ــ لەم ناوە بوون! ڕەنگە لە قەراخ چەمەکە خۆیان داگرتبێ.

لە پێچی بەستێنی چەمەکەدا، خەڵکی دزمین خۆیان حەشار دابوو. نزیکەی چل ژن و پیاو و مناڵ. گوڵمحەمەد و ستار ئەسپەکانیان لە سەر

بەرزایی قەراخ چەمەکە ڕاگرت. جگە لە یەک دوو پیرێژن کە ماندوێتی ڕێگە بڕستی لە بەر بڕیبوون، ئەوانیتر هەر هەموویان هەڵسان. هەندێک لە ترسان، هەندێک بۆ ڕێزلێنان و هەندێک دوودڵ. زیقەی مناڵێک کە مەمکی دایکی نەئەگرت، نیگای گوڵمحەمەدی ڕاکێشا بۆ لای خۆی. ژنەی جەوان نە زۆر بەبالا بەڵام تۆکمە و بەگوڕ دیار بوو. پێستی ڕوخساری لە بەر با و هەتاودا چیڕ ببوو. گوڵمحەمەد چووە سەر بەرزترین شوێن، لە سەر ئاوزەنگیەکە هەڵسایە سەرپێ و سەیری ئەو ڕێگایەی کرد کە پێیدا هاتبوون.

سوارەکان ئەبێ کەوتبێتنە ڕێ و دەم و کاتێکە لە سەر بەرزایی گردەکە دەرکەون. گوڵمحەمەد سەیری خەڵکی ناو چەمەکەی کرد. ستار وتی یەکێک بنێرن ببێ بە چاودێر لە سەر بەرزایی تەختیدێو، کە بەرداوێژێک لێیان دوور بوو. جەوانێک بە ئاودڕی چەمەکەدا سەرکەوت و دارەکەی بە شانیەوە، بەرەو تەختیدێو دایە غار. ستار پێی لە ئاوەزەنگی بەتاڵ کرد، هەنگاوێک بەرەو لێواری چەمەکە و وتی:

ــ وا دیارە لە ترسی میرخان هاتوون لەم چەمە خۆتان شاردۆتەوە؟

نان ساجیەکان دەست بە دەست گەڕابوو و ناوبەناو هێشتا دەمیان ئەجووڵا.

ــ تۆ ناوت چییە کاکە؟

لە وەڵامی ستاردا، کابرا تێی ڕوانی. چاوەکانی ورد و تیژ بوون. نزیکەی -سەروخوار- سی ساڵان ئەبوو. قژە لوولەکەی لە بن کڵاوەکەیەوە کەوتبوویە دەرەوە و توێژێکی ناسکی تۆز بە قژیەوە بوو. شان بە شانی ئەو ژنەی مناڵە کرووزەکەی ڕائەژەند، ڕاوەستابوو و ئەتوت کارێکی دژوارە بۆی کە گرێی ناوچەوانی بکاتەوە.

ستار دەسکەوسارەکەی دەستاودەست کرد و لە سەر لێواری چەمەکە چیچکانی کرد و بزەیەک بە سەر لێویەوە، پرسیاری کرد:

ــ ناوێری ناوی خۆت بڵێیت؟!

کابرا وتی:

ــ من باوکی ئەم مناڵەم. ئەمەش ژنمە!

ستار ڕوانیە گوڵمحەمەد و گوڵمحەمەد بە مایەیەک لە داخ و کەسەر و تەوسخەندێکی کرد. ستار ڕووی کردەوە کابرا و بۆ ئەوەی نیگەرانی بێهوودەی کابرا بڕەوێنێتەوە وتی:

ــ ژنەکەت وەک خوشکمانە، ئەو منداڵەش خوا پێتی ببەخشێ. بەڵام ناوی خۆت چییە؟

ــ فەرەج! باوکیشم ئەوەتا لەوێ، ئەوەی لە بن دەوەنەکە دانیشتووە. گوێی باش نابیسێ. دایکیشم هۆ لەوێیە. ئەو سەرپۆش ڕەشە. ئەوەی لای ڕێگەکەش پووری دایکمە. ئەم دووانەش ئامۆزامن. جافر و ئەمین. ئەوی کراس شین گەورەکەیانە، جافر. ئەوەی تەنیشتیشی ئەمینە. ئەوەش کە چوو بۆ سەر تەختی دێو بۆ کێشکدان نەوەی پوورمە. سمایل.

ــ خێڵ بەجارێ کۆڕەوتان کردووە؟

ــ بەڵێ! میرخان شەڕەکەی کرد بە خێڵ بە خێڵ. کردی بە دوو دەستەیی ئەوەش کە تۆ بردت نانی بۆ هێنابن، خاڵۆمە. ناوی تاهیرە. ژن و دوو منداڵی لە دزمین بەجێ ماون. ژنەکەی میرخانی دڵنیا کردووە و وتوویەتی پێویست بکا تەڵاق وەرئەگرێ لە خاڵۆم. ژنە ئیتر!... ئێسکی خوارە!

ــ تۆ... وادیارە سەربازیت کردووە؟

ــ بەڵێ، لە دەستەی پیادە بووم!

گوڵمحەمەد قەرەی بە دەور خۆیدا سووڕاند و پرسی:

ــ ئا؟ ئەڵێن چی؟

ستار لە لێواری چەمەکە هەڵسا. یەک دوو هەنگاو بەرەو گوڵمحەمەد چوو و وتی:

ــ باشترە خۆت لەگەڵیان بدوێی!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بکەونە ڕێ بەرەو دزمین، لە ڕێ پێکەوە قسە ئەکەین!

ستار دەسکەوساری لە زینکۆکە ئاڵاند و وتی:

ــ سەردار ئەڵێ ڕێ بکەون. بگەڕێنەوە بەرەو گوندی خۆتان!

گوڵمحەمەد لەغاوی بادا بەرەو ڕێگەکە. بەڵام ستار لە لێواری

چەمەکە وەستا و چاوی لە جووڵەی خەڵکەکە ئەکرد. بەر لەوانیتر، تاهیر لە هەورازی دیوارئاسای قەراخ چەمەکە سەرکەوت و ئەوسا فەرەج. ئەمین و براکەی لەگەڵ چەن پیاویتر سەرکەوتن و دەوری ستاریان دا. وا دیار بوو چاوی گوڵمحەمەدیان بە دوور بینیوە، زمانیان پژاوە و هەر کەسە ئەیەوێ لە قسەکردندا خۆی پێش بخات.

ــ ئەگەر بمانتوانیبا بگەڕێینەوە، لە ڕاستیدا ئەگەر بۆمان بلوایە لە ماڵەکانمان بمێنینەوە خۆ...

ــ ئەماینەوە!

ــ ئەمەش بە سەردار بڵێ! پێی بڵێ نەمانتوانیوە بمێنینەوە بۆیە خۆمان ئاوارە کردووە، کاکە گیان!

ــ بە سەردار بڵێ. ڕاستیەکەی پێ بڵێ! بڵێ ئاگریان داوین، ماڵەکانیان ئاگر تێبەرداوە. برازای میرخان و خێڵەکەی ڕژان بە سەرماندا و ماڵی زاواکەمانیان سووتاند.

ــ بڕۆ پێشتر پیاو!

ــ بڕۆ بەرەتروە، ئەحمەد!

گوڵمحەمەد لە غەڵبەغەڵبی خەڵکەکەی دەوری ستاریان دابوو سەرنجی ڕاکێشرا و گەڕایەوە و ئەوا ئەحمەدناو کە تەمەنی نزیکەی چل ئەبوو، هەوڵی ئەدا ئەوەی بە سەریان هاتووە بیگێڕێتەوە. ئەحمەد بالآی بەرز بوو. شانەکانی ڕاست و چاوەکانی خڕ و ڕۆشن و لێوەکانی بە دژواری ئەهاتنەوە یەک. بۆیە چەندە زیاتر هەوڵی ئەدا، کەمتر سەرکەوتوو بوو. کۆتاییەکەی ئەوەندە منجەمنجی کرد و ئەوەندە زمانی گرتی و ئامۆزا گەورەکەی فەرەج، ڕووی کردە سەردار و وتی:

ــ سووتانیان! خێڵەکەی میرخان دار و نەداریان ئاگر داین، سەردار. شەوی نیوەشەو هاتن و ئاگریان تێبەردا.

گوڵمحەمەد لە کاتی دابەزین لە سەر پشتی قەرە، تۆزێ بە تووڕەییەوە پرسی:

ــ ئەکرێ ئاخرەکەی یەکتان تێمان بگەیەنێ چی بووە؟!... لە بناغەوە شەڕەکەتان لە سەر چی بووە؟

پیرانەسەر، لە قووڵایی ئاپۆرەکەوە، کابرایەک وتی:

ــ رسق، سەردار! زەوی، ئاو و زەوی!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ رێی بۆ بکەنەوە با بێتە بەرەوە!

رێیان بۆ کابرا کردەوە و ئەو هاتە بەرەوە و لە بەرامبەر قەرە وەستا. گوڵمحەمەد نیگەرانی دواکەوتنی سوارەکانی خۆی، بە ستاری وت سوار بێ و بچێ بە پەیشوێنیانەوە. ستار ئەسپەکەی لە ناو ئاپۆرەکە بردە دەرەوە و سوار بوو. کابرا، گوڵمحەمەدی بە ئاسوودە زانی، وتی:

ــ بەڵێ! ئەوەی کە پێم ڕاگەیاندن!

کابرایەکی تێکسمڕاو، پوخت و سەخت دیار بوو. چاوەکانی ئەتوت باش نابینن و ددانەکانی ساخ بوون. بن گەروو و دەوری ملی چینچین بوو و برۆی زوور و وەک دڕووی سپی ئەکردەوە. گوڵمحەمەد لێی پرسی:

ــ راستی ڕووداوەکە چییە و تۆ کێی؟

کابرا وتی:

ــ من میرمحەمەدم، سەردار. ناوم میرمحەمەدە. نزیکەی شەست ساڵ تەمەنمە. شەڕی ئێمە و میرخان تەمەنی درێژە. ئەم شەڕە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی باپیرانمان. سەرچاوەی ئەم دووبەرەکیە سەردار، لە ساڵی قاتوقڕییەکەی یەکەمەوە دەستی پێکردووە. ئەو سالانە، باوکی ئەم میرخانە پارچە پارچە زەوییەکانی لە چنگ خاوەنەکانی دەرهێنا. زەوییەکانی بەگوێرەی ئەو نرخەی خۆی لە سەری دانان -بەناو- کڕی و تاپۆکانیشی کرد بەناوی خۆیەوە. چۆنت بۆ بگێڕمەوە سەردار؟ قاتی بوو. خەڵکی ئاتاجی پاروە نانێک بوون. ئادەمیزادە ئیتر، خۆ ناتوانێ دڕک و داڵ بخوات! زۆر خۆی ڕابگرێ خۆ ئەبێ گاڕس بخوات! ئێمە کزنمان ئەخوارد، هەرزنمان ئەخوارد، بەڵام هەرزن و کزنیش دەس نەئەکەوت. واتە لە کەنووی ماڵانی ئێمەدا دەس نەئەکەوت. ئەوەی هەبوو لە هەمارەکانی میرخانی گەورەدا بوو. جوتیاریش مناڵەکانیان لە بەر چاویاندا پەلەقاژەیان ئەکرد و ئەمردن. یەکیان خۆم. من لە مردن گەڕاومەتەوە. مووزات بوو کە نەمردووم! بۆیەشە جووتیار ناچار بوو ڕوو بکاتە سەرای میرخانی

مەزن. بەڵام ئەو چی ئەکرد؟ هیچ! دوو مەن دانەوێڵەی ئەدا، تاپۆی زەوی یان ماڵ یان چۆڕەئاوەکەی لێ وەرئەگرتن و لە لای خۆی ڕای ئەگرت. پاشانیش تاپۆکەی ئەکرد بەناوی خۆیەوە. وای لێهات زۆر کەس بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بگەیەننە بەهار، دار و نەداریان کەوتە دەس میرخان. لە هەر خێزانێک تەنها یەک دوو کەس ڕزگاریان بوو. بەڵام کە گەیشتنە بەهار ئیتر هیچیان نەمابوو. لەو سەروبەندەوە میرخان لە نێوان ئەوانەدا کە هێشتا چۆکیان وزەیەکی تیامابوو جووتیاری هەڵبژارد و ناچاری کردن لە سەر زەوییەکانی خۆیان کار بۆ ئەو بکەن. لە ڕاستیدا میرخان کۆتری لە گەرووی بیردا گرت. جەماوەریش کە دار و نەداریان درابوو بە بادا ئیتر نەیانتوانی پشت ڕاست بکەنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بوون و چاکتر نەبوون. دانیشتوان وردە وردە بوون بە دوو دەستەوە. دەستەیەک ئەوانەی نانی میرخانی ئەخوارد و دەستەیەکیش ئەوانەی میرخان نانبڕاوی کردبوون و پاشانیش نەیانتوانی خۆیان ببەستن بەوەوە. تا ئەو کاتەی کە میرخانی مەزن کەوت و مرد. جا خوا لێی خۆش بێ چونکە لەم دنیایەدا نەماوە. بەڵام یادمانێکی باشی لەخۆی بەجێ نەهێشت! پاش مەرگی ئەویش، ئاو و زەوی کەوتە دەس کوڕوکاڵەکەی کە گەورەکەیان ئەم میرخانەی خۆمانە! لە کۆنەوە وتوویانە کە ڕۆژگار لە شێوازێک نامێنێ و بە گوتەی باب و باپیرانی ئێمە، دەرگا، هەمیشە لە سەر پاژنەیەک ناسووڕێ. ڕۆژێک هەر دێ کە ڕۆژگار وەربگەڕێ و دنیا بجووڵێ. میرخانی مەزن و ئەوانەش کە دار و نەداریان لەدەس چوو مردن یان کوێر و کەڕ بوون. بەڵام وەچەکانیان پێگەیشتن و هەر کامەیان بۆ خۆی بوو بە پیاوێک و هەر کامەشیان ڕەنگە چەند زارۆکی وەکوو خۆیان خستەوە، کە ئەم مناڵ و مەزنانەش نان و ئاویان ئەوێ. ئەوەتا خۆت ئەیانبینی. لە لایەکیشەوە دەنگۆ هەیە کە دەوڵەت تۆزقاڵێک لایەنی جووتیاری گرتووە. ئەوەیە کە ئێمەش داویە لەسەرمان هەقی خۆمان لە وەچەی میرخان وەربگرینەوە. گەوهەری بابەتەکە ئەوەیە کە ئێمە زەوییەکانمان ئەوێتەوە و میرخانەکانیش نایانەوێ زەوییەکانمان بدەنەوە. ئەوەتانێ، بووە بە شەڕ و لەم شەڕەشدا -خۆت ئەزانی- خۆ نۆک و کشمیش

دابەش ناکەن. قرە سەر و قاچی تیا ئەشکێ و ئاوارەیی بە دواوەیە. کورتەی باسەکە ئەوە بوو کە پێم ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی ڕوون ببنەوە. سەرتانم نەیەشاندبێ!

گوڵمحەمەد دەسکەوساری دا بە شانیدا و لەگەڵ کابرا کەوتە ڕێ. ئاپۆرەکەش بە دوایاندا جووڵا. گوڵمحەمەد پرسی:

ــ ئێستە بۆ کوێ ئەچوون؟ دیاریتان کردبوو بەرەو کوێ بڕۆن؟

میرمحەمەد وتی:

ــ ڕاستەکەی شوێنێکی دیاریکراومان نەبوو بەرەو ئەوێ بڕۆین. ئەگەر ئاوا کەوتووینەتە ڕێ، لە بەر ئەوە بوو خوێن نەڕژێ. جەوانەکان هەڵبەت نەیان ئەویست مەیدان چۆڵ بکەن. بەڵام توانیمان ئەوانیش بخەینە ڕێ و بەشەو دەرکەوین. چونکە بەو جۆرەی کە من میرخانم بینی، هاتبوو دامودەزگایەک تەیار بکات. پێی ناخۆش نەبوو یەکێک لە پیاوەکانی خۆی بدا بە کوشت بۆ ئەوەی هەق بدا بە خۆی. ئێمەش لەو فێڵەی تێگەیشتین و جارێ مەیدانمان بۆ چۆڵ کردووە. لە لایەکیشەوە وتمان ئەچین بەرەو شار. لەوێ سکاڵانامە ئەنووسین، ڕەنگە هاتن بە دەنگمانەوە! پاشان ئاگادار کراین کە جووتیارەکانیش بۆ خۆیان دامودەزگایەکیان پێکهێناوە. وتمان ئەچین بۆ ئەوێش و خۆمان بەوانیش پیشان ئەدەین بزانین چۆن ئەبێ! خۆ هەموو دەرگاکانیان لە سەر مرۆڤ دانەخستووە!

ــ ئەو دامودەزگای جووتیارانە کە باست کرد لە کوێیە؟

ــ ئەبێ لە شار بێ ئیتر. خۆ ئێمە نازانین! کەوتینە ڕێ ئیتر. ناچار بووین خان. سەرنج ئەدەی؟ لە ڕووی ناچارییەوە. لەو ساتەوە میرخان گەڕایەوە و پێی نایە دزمین، تا خۆمان کۆ بکەینەوە و بکەوینە ڕێ، دوو جار بە دار و تێلا هێرشیان هێنا و دوو جاریش ماڵیان سووتاند. جا ئەوە بوو چارەمان نەما. ڕاستەکەی ترساندمانی، ترسی تۆ، سەردار! ئەو ئێمەی لە ناوبانگی سەردار ترساند. وتی سکاڵای ئێمەی هێناوە بۆ لای بەڕێزت و وا بڕیارە ئێوە بێن و تەمێمان بکەن!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ من تا ئەمڕۆ تۆم نەدیبوو!

میرمحەمەد وتی:

ــ بەڵام خوا هۆشی بە مرۆڤ داوە. نەبێ بە خۆ هەڵکێشان لە یەکەم سەرنجدا تۆم ناسیەوە. ئەسپەکەت!... بەڵام میرخان خراپ ترسی تۆی هاویشتە دڵمانەوە!

گوڵمحەمەد خاوی کردەوە و وتی:

ــ دەی! ئێستە ئەتانەوێ چی بکەن؟

میرمحەمەد لە نێوان ڕوخسارە خامۆش و پرسێنەرەکاندا، وتی:

ــ تۆ چ ڕێگەیەکمان بۆ دائەنێی؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ من ئەڵێم بگەڕێنەوە و بچنەوە سەر ماڵ و ژیانتان! ئێستە کە بۆتان دەرکەوت میرخان درۆی بە زمانی منەوە هەڵبەستووە و ئێوەی ترساندووە، ئیتر بۆ خۆتان ئاوارە ئەکەن؟ بڕۆنەوە سەر ماڵ و ژیانی خۆتان! وەڵامی من بو خۆم و وەڵامی میرخانیش بە ئێوە!

گوڵمحەمەد ئەمەی وت و سواری قەرە بوو و هەی کرد. دایە غار و لەچاو ترووکانێکدا لەو خەڵکەی هاتبوونە سەر سێ ڕێیانەکە، دوور کەوتەوە. حەپەسان و وڕی بۆ ساتێک بە سەر ئاوارەکاندا زاڵ بوو. بەڵام زۆری نەبرد کە فەرەج مناڵەکەی دا بە ژنەکەی، هاتە ناو حەشاماتەکە و وتی:

ــ ئەوە خودی گوڵمحەمەد بوو! خۆتان بینیتان! خۆتان بۆتان دەرکەوت کە ئەو بڕنەوەی بۆ ئێمە هەڵنەگرتووە. بۆتان دەرکەوت ئەو درۆزنی هەزار ڕەنگە درۆی لەگەڵ کردووین. ها؟ ئێستە گەیشتن بە قسەکەی من کە ئەبوا ماڵەکانمان بەجێ نەهێشتایەت؟! هەمووتان بیستتان ئەو چی وت؟!

لای تەختیدێوەوە دەنگی سمایل بەرز بوویەوە کە خۆی هەڵئەهات و هەواڵی ئەدا:

ــ هاتن! هاتن! هێزێکن! سوارە و پیادە لە ناو چەمەکەوە دێن. لە خوار چەمەکەوە! سەیر بکەن... سەیر بکەن!

حەشامات ڕووی لەو لایە کرد سمایل لە ناو چەمەکە پیشانی ئەدان.

چوونە پێشەوە و حەپەساو چاویان بڕییە بەستێنی چەمە وشکەکە. لە ناو شیوەڵی چەمەکە، لای دیواری ئاودڕی قەراخ، سواران بەرەو ڕۆژهەڵات ئەهاتن. لە سەر شانی چەمی وشک، دوو سواری ئاشنا، گوڵمحەمەد و ستار هاوشان و هەنگاو بە هەنگاوی هێزەکە ئەهاتن.

خەڵکی، لە بەدگومان و گەشبین چاریان نەبوو مەگەر ئەوەی مل بنێن لەوەی پێش هاتبوو. دەستەیەک سواری ڕازاوە بە تفەنگ و لۆخەندان بۆ کۆمەڵێک گوندی هەواڵێکی دڵخۆشکەرە نەبوو، هەرچەند ئاوارە و سەرگەردانیش بن. بەڵام چاریان ناچار بوو. سواران ئەهاتن و خەڵکی دزمین بە بێ دەرفەتی ڕاوێژ و گفتوگۆ، ئەوا کەوتبوونە ناو ئابلۆقەوە.

ــ هێشتا لە سەر جێی خۆتان ڕاوەستاون؟ دیارە ئەتانەوێ پارووەکەشتان بۆ بجوون و بیخەنە دەمتان، وایە؟

خەڵکی خامۆش وەستابوون. گوڵمحەمەد بە ڕەخنەوە لە ستاری ڕوانی و وتی:

ــ ئەوەتانێن! چاویان بە لوولەی چوار بڕنەو کەوتووە، خەریکن فجووق ئەکەن!

ئەسپە زکۆ و چوارهەنگڵەکەی خانئاپۆ، بە سینەی پانوپۆڕییەوە بە شیوی چەمەکەدا هەڵگەڕا. خانئاپۆی گەیاندە تەختاییەکە، نزیک حەشاماتی تۆقاو و دڕدۆنگ و بە تەشەرەوە وتی:

ــ ئا؟ بۆ لێرە ماونەتەوە؟ شتێک ئەبێ بدەین یان شتێک ئەبێ وەربگرین؟

ڕووی قسەی لە گوڵمحەمەد بوو. گوڵمحەمەد بە ئەماژە ستاری پیشانی خانئاپۆ دا. ستار لە بەر پلاری نیگای گوڵمحەمەد و خانئاپۆدا، تاوێک خۆی ڕاگرت و پاشان بە ناچار لە ئەسپەکەی دابەزی و بە تووڕەییەکی شاراوە لە پشتی هەر وشەیەکیدا، بە خەڵکەکەی وت:

ــ بۆچی هەروا ڕاوەستاون و تەماشا ئەکەن؟! ئاخر یەکێکتان قسەیەک بکات، کارێک بکات، جوو... جووڵەیەک بکەن ئاخر؟!...

حەشاماتەکە هێشتا و هەروا مات و حەپەساو ڕاوەستابوو. هیچکەس ورتەی لێوە نەئەهات. هەندێک سەیری میرمحەمەدیان ئەکرد

و بڕێک چاویان بڕیبوویە فەرەج کە جارێکیتر مناڵەکەی لە باوەشی ژنەکەی وەرگرتبوویەوە و ڕای ئەژەند. میرمحەمەد و فەرەج هەروا نیگای دڕدۆنگیان لە گوڵمحەمەد و جارجارەش لە ستار و خانئاپۆ بوو. ستار دەسکەوساری ئەسپەکەی بە بێ سەرنجدان هەڵدایە سەر ملی ئەسپەکە. چووە ناو ئاپۆرەکە و سینە بە سینەی میرمحەمەد وەستا و وتی:

ــ واتە هیچ قسەیەک نییە؟!

بە دوایدا پرسیارەکەی لە چاوەکانی فەرەجیشدا دووپات کردەوە:

ــ ئەرێ؟!... هیچتان نییە بیڵێن؟!

فەرەج وتی:

ــ ئەترسن!

گوڵمحەمەد ئاوڕی دایەوە و خاج ڕوانیە فەرەج و وتی:

ــ تۆ چی؟!

خانئاپۆ بە تەوسەوە وتی:

ــ لە خۆڕا خۆتان بە مانەوە خەریک کردووە! چیتان لێداون؟

ستار هەنگاوێکی بەرەو فەرەج هەڵگرت و پرسی:

ــ لە چی؟ لە چی ئەترسن؟!

فەرەج بە بێ ئەوەی نیگای لە گوڵمحەمەد بگوازێتەوە، وتی:

ــ لە گوڵمحەمەدی سەردار! دەنگۆ هەیە ئەوەندەی گوڵمحەمەد گەیشتۆتە سەنگرد، دەسبەجێ دوو دانە لە جووتیارەکانی نەجەف ئەربابی لە کادێنەکە سووتاندووە!

ستار کە پیشی ئەخواردەوە و نەی ئەتوانی ڕق و تووڕەیی خۆی داپۆشێ، بە بێ ئەڤان پەنجەکانی لێک هەڵپێکا و نەڕاندی:

ــ ئاخر کێ ئەو هەواڵانە بڵاو ئەکاتەوە؟ کێ ئەو درۆ شاخدارانە ئەتاشێ و بە ئێوەی ئەڵێ؟ کێ؟... کێ؟!

چاوەڕێی وەڵام و کاردانەوەی ئەوانی نەکرد. شەقی بە ئاپۆرەکە دا و بەرەو سوارەکان کە لە پێچی چەمەکەدا چاوەڕێیان ئەکرد هەڵات و پاش تاوێک لە بەر چاوی حەپەساوی خەڵکەکە، ئەسپە ڕووتەکەی نەجەف

ئەربابی بە دەستی بەستراوەوە، هێنایە پێشەوە و هەر بەو تووڕەیی و جاڕسیە هاواری کرد:

ـ ئەی ئەمە کێیە؟!... ئەم کابرایە کێیە؟ ئەیناسن؟! ئەبێ بیناسن! ئەبێ بیناسنەوە، وانییە؟!

شانی نەجەف ئەرباب بە گوریس بەسترابوو و مەچەکەکانی ڕەشمەپێچ کرابوو. بن چاوە شینەکانی ئەفرِی و سەر و قژی هەروا ئاڵۆسکاو و، یەخەی کراسەکەی هەڵتەقیبوو. لە ناو ئاپۆرەکەدا کەم نەبوون ئەوانەی کە نەجەفیان لە نزیکەوە بینیبوو و ئەیانناسی. زۆرتریشیان ناوی نەجەفی کوڕی حاجی عەبدولعەلی سەنگردی بیستبوو و ئەوا بەو جۆرە و لەو دۆخەدا ئەیانبینی، تووشی گێژی و سەرسووڕمان ببوون. لە هەموو کەس حەپەساوتر، میرمحەمەد بوو کە دەستی کردبوو بە سەیوانی چاوەکانی و چاوی لە نەجەف نەئەترووکاند و ناخودئاگا لێوی بنەوەی ئەکرۆشت.

ـ ناسیتانەوە ئاخرەکەی یان نا؟

بە دوای پرسیارەکەی ستاردا، خانئاپۆ ددانە ڕێک و تۆکمەکانی بە قاقایەک پیشان دا و وتی:

ـ خەریکە سەیری ئاقێقی ئەنگوستیلە ئەکات! هەهـ... جسنە یان ناجسن، مامە گیان؟!...

میرمحەمەد سەیری دەوروبەرییەکانی کرد و وتی:

ـ نەجەفە، نەجەف ئەرباب! خودی خۆیەتی، بەوەڵڵاهی!

ستار کە هەوساری ئەسپەکەی نەجەفی هەروا بە دەستەوە بوو، وەک بڵێی نەجەفیان پیشان ئەدا، وتی:

ـ ئەو کەسەی دوو جووتیارەکەی بە کادوو کوشتووە ببینن! باش سەیری بکەن بۆ ئەوەی ناچار نەبن لانیکەم درۆ لەگەڵ خۆتان بکەن!

گوتە و چەقی نیگای ستار ئەو پیاوە بوو منداڵەکەی گرتبوو بە باوەشەوە. فەرەجیش لە فیکەی خۆی گەیشتبوو و ئەیزانی ستار وەڵامی لەو ئەوێ. بۆیە منداڵەکەی دا بە ژنەکەی و لە کاتێکا لەسەرخۆ ئەچووە بەرەوە وتی:

ـ من ئەگەر لەبری سەردار بوایەتم لەگەڵ میرخانیش وام ئەکرد. هەر دووکیان ئەبێ لە بن کۆتێکدا ببەسترێنەوە!

گوڵمحەمەد گفتوگۆی کابرای دزمینی و ستاری بۆ خۆیان بەجێ هێشت و خۆی بەرەو خانئاپۆ ئاژووت و بە ئەماژەیەک، ئاپۆی لەگەڵ خۆی خستە ڕێ و دووری حەشاماتەکە وەستان؛ سوارە و یاڵ بە یاڵ. گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی حەشاماتەکە و ستار و هەروەها نەجەف ئەرباب لە بن نیگای دوور بکاتەوە، بە خانئاپۆی وت:

ـ جووتیارەکانی میرخانن کە بۆ سکاڵا هاتبوو بۆ قەڵامەیدان. سکاڵای لەمانە ئەکرد لە لای ئێمە. بەڵام ئەوەتا ئەو ئەمانی لە ماڵەکانیان تەرە کردووە... درۆزنەی فێڵەباز!

خانئاپۆ، ئاوڕی لە پشت سەری خۆی لە ئاپۆڕەکە دایەوە و وتی:

ـ یەکیان لە یەکیان فێڵەبازترن! ئەو لەمانە گزەونتر و ئەمان لە ئەو تەشقەڵەبازتر! ئەوەتا خۆت ئەیانبینی. قوڕمساخانە ئەڵێی لە سەر کڕین و فرۆشی کەر چەقەیانە! کارەکە کاری خۆیانە و ئەشیانەوێ بە تۆکمەیی جێبەجێ بکەن! سەیر ئەکەی؟ خەریکن چوارمێخەی ئەکەن! ئەڵێی ئێمە تاوانبارین!... دەست بۆ هیچکارێک نابەن، مەگەر ئەوەی سوور بزانن قازانجەکەی وا لە گیرفانیاندا! لە خوایانە دەستێک لە نادیارەوە بێت و کارەکانیان بۆ بکات!

گوڵمحەمەد ئاشنای خوو و خدەی مامی خۆی، وتی:

ـ هەر چین و هەر جۆرن، جارێ ئەوەتا لە ماڵ و ژیانیان ئاوارە بوون!

خانئاپۆ بە ئاشکرا و بە بێ شاردنەوە وتی:

ـ بە ئێمە چی؟ چ پەیوەندی و زەرەرێکی بۆ ئێمە هەیە؟!

گوڵمحەمەد سەری داخست و تاوێک ڕاما و پاشان وتی:

ـ داویانە بە گوێیاندا کە گوڵمحەمەدەکان ئەیانەوێ هێرشیان بکەنە سەر و ماڵ و داراییان ئاگر بدەن. میرخان کە لە لای ئێمە گەڕاوەتەوە بۆ دزمین بەو جۆرەی تێگەیاندوون! خۆشت بیستت چییان ئەوت؟! قاویان لە مەڵبەندەکە بڵاو کردۆتەوە جووتیارەکانی سەنگردیش ئێمە خنکاندوومان! ڕۆژ بە ڕۆژ لەم درۆ و دەلەسانە لە دژمان بڵاو

ئەکەنەوە. هەرچی چۆن بێ... ئەگەر بڕیار بێ لەم وڵاتە و لە ناو ئەم خەڵکە بژین، ئەبێ کارێک لە دژی ئەم بازاڕی درۆیە بکەین. خۆ نابێ هەروا لێی بگەڕین، چ ئەوانەی ئەو درۆ و دەلەسانە بڵاو ئەکەنەوە و چ ئەوانەش سازی ئەکەن! کاتێکە کار ئەگاتە ئەم جۆرە جێگانە، بۆمان دەر ئەکەوێ ئاوارەبوونی ئەم خەڵکە پەیوەندی و زەرەری بۆ ئێمە هەیە!

خانئاپۆ کە پێئەچوو وشە بە وشە گوێی لە قسەکانی گوڵمحەمەد ڕاگرتووە، سەری هەڵێنا و پرسی:

ــ کەواتە؟ باشە؟... ئەڵێی ئەبێ چی بکەین ئێستە؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئێمە ئەبێ ئەم خەڵکە بگەڕێنینەوە بۆ سەر ماڵ و ژیانیان و گوێی میرخانیش بادەین! ئەو ناکەسە ئەبێ تەمێ بکرێ بۆ ئەوەی لەمەودوا قسەی قۆڕ لە پاش ملەی ئێمە بڵاو نەکاتەوە و بزانێ تەمێ ئەکرێ. هەم لەم ڕەش و ڕووتانە بگەیەنین کە ئێمە دوژمنی ئەوان نین. هەر جۆر بووە ئەبێ تێیان بگەیەنین ئێمە دارەدەستی بەگەکان، ئەوانەی کە پێشێلیان ئەکەن، نین.

خانئاپۆ شانی هەڵتەکاند و وتی:

ــ جا ئەوەی بۆ چییە؟ چ سوودێکی هەیە؟ جگە لەوەیە ئەگەر ئەو ڕەش و ڕووتانە بزانن کە پشتی گوڵمحەمەد بە ئاغەواتەکانەوە نییە، ئیتر بە هیچمان نازانن؟ من دڵنیام هەر ئەوەندەی بزانن لەگەڵ دەرەبەگەکان ناگونجێین، لەمەولا زەرکێک ئاویش نادەن بە دەستمانەوە! ئەم جووتیار و ڕەشاییەی من ئەیناسم، کۆیلەی زۆرداری و دەسەڵاتە. ئەی بۆ ئەمانەوێ بە زۆری زۆرداری بۆچوونیان بگۆڕین؟ لەم نێوانەدا بۆ ئەبێ هەر ئێمە بیدۆڕێنین؟

گوڵمحەمەد بە بزەیەکی پوختەوە، ڕوانیە چاوەکانی خانئاپۆ و پرسی:

ــ بەڕای تۆ خانئاپۆ، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە جووتیار لە خۆمان بترسێنین؟!

ــ نەء... نا! بەڵام ئێمە بۆ ئەبێ خۆمان تێکەڵی ئەو شەڕ و قڕەیە

بکەین؟

ــ ئێمە خۆمان تێکەڵ ناکەین خانئاپۆ. ئەوان ئێمە تێکەڵی ئەو شەڕ و قڕانە ئەکەن. لە سەرەتاشیەوە...

ــ کامانە؟

ئەوانەی کە پارەی خوێنی منیان داوە بە تۆ؛ بە تۆی ئاپۆی من!

ــ ئا... ئا...

خانئاپۆ سەری لەقاند، چاوەکانی لە میانەی باوەڕ و دڕدۆنگیدا کرانەوە. نووکی زمانی تۆزێک لە دەمی هاتە دەرەوە و درێژەی دا:

ــ لەبری ئەم کەللە پێنج مەنیەی من، خۆزگە خوا بە قەد جۆیەک ئاوەزی پێ بدایەتم. لە بیرم چووبوو شتی وا ڕووی دابێ! ئاها... ئێستە خەریکم تێئەگەم. واتە... واتە لەم مەیدانەدا، ئێمە ئیتر جێگەمان نابێتەوە!... کە واتە ئەبێ لایەنی یەکێک لە خاوەن شەڕەکە بگرین!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ دیارە تۆیش ئەتەوێ لایەنی برسی و بێ کراس بگری؟

ــ ناچارم ئیتر!

خانئاپۆ جارێکیتر سەری لەقاند، هەندێ دەنگی منگەمنگی لە ناو لووتیا دەربڕی و ئەوسا ـوەک لەگەڵ خۆی- بۆڵاندی:

ــ ناچار... ناچاری... ناچار... نا... چا... ڕین... ئا؟!

پاشان لەپڕ سەری هەڵێنا و وتی:

ــ نەخێر! زۆریش ناچار نین! خۆ کەس خەنجەری نەخستۆتە سەر گەروومان! بۆچی ناچارین؟!

لە بێدەنگی پرسای گوڵمحەمەددا، خانئاپۆ لەغاوی ئەسپەکەی شل کرد و لە ئەسپەکە گەڕا نیوسووڕ بدا و خۆیشی لە کاتێکا نیگای بە سەر بەگمحەمەد و تفەنگدارەکانی ناو چەمەکەدا ئەگێڕا، دەستی پێکردەوە:

ــ ئێمە ئەتوانین ئەم برە ئاوارەیە نەدید بگرین و غار دەین بەرەو دزمین. ڕاست بچین بۆ ماڵی میرخان و فەرمان بدەین بەختە بەرانێکمان بۆ بدا بە زەویدا. پاش ئەوەی کە نانەکەیمان خوارد باجی خۆمانی

لێوەربگرین و بچین بە دوای کارماندا. هەڵبەت ئەتوانین باجی بۆ ببڕینەوە کە لەکاتی خۆیدا هەڵیگرێ و بیهێنێ بۆمان. ئەتوانین بیخەینە ئەستۆی کە ئەگەر نایەوێ پریشکەی ئێمەی بەر بکەوێ، ئەبێ وەرزاووەرز بەشی گوڵمحەمەدەکان بهێنێ بۆ قەڵامەیدان! ئەمەش ڕێگەیەکیەتی. بۆ ئەبێ خۆمان بە ناچار بزانین کە...

ــ باج وەربگرین؟!...

ــ بۆ وەری نەگرین؟! مەگەر تا ئێستە وەرمانەگرتووە؟... پاشای بێ جوقە بە ئێمە ئەڵێن ئیترا!

خانئاپۆ دیسانەوەش بە گاڵتە قسەکەی کۆتایی پێ هێنا. بەڵام بابەتەکە بۆ گوڵمحەمەد هێشتاش گرنگ و بەرهەست بوو. بۆیە وتی:

ــ ئەو ڕێگەیەی تۆ بیرت لێکردۆتەوە خانئاپۆ، لە کورت خایەن یان -رەنگە بۆ ماوەیەک- خراپ نەبێ. بەڵام من وای تێ ئەگەم ئەوە ڕێگەیەک نییە کە سەرەنجامێکی باشی هەبێ.

ــ سەرەنجام؟ کام سەرەنجام؟! ئێمە بە ڕۆژ ئەژین ئاپۆ گیان، ڕۆژ بە ڕۆژ! من لە کوێوە دڵنیا بم تا ئێوارە ئەمێنم؟ لە کوێوە، ها؟ تۆ دڵنیایت لەوە؟!

گوڵمحەمەد بەر لەوەی وەڵامێک بە خانئاپۆ بداتەوە، بە دەست ئەماژەی بە بەگمحەمەد دا کە هاتبوویە لێواری چەمەکە، بۆ ئەوەی بکەوێتە ڕێ. خۆیشی لەغاوی ئازاد کرد و قەرەی خستە سەر شەقامەڕێکە. شان بە شانی گوڵمحەمەد، خانئاپۆش ئەسپەکەی ئازاد کرد و لە ڕۆیشتندا، گوتەکەی خۆی وتەوە:

ــ ئا؟ چ دڵنیاییەک؟ هیچ بیرت لێکردۆتەوە؟!

ــ نەخێر! من بیری ئەم شتانەم نەکردۆتەوە خانئاپۆ. نازانم بۆ! ڕەنگە دەرفەتم نەکردبێ. بەڵام... بەڵام شتێک ئەزانم. زۆرم بیر لەو یەک شتە کردۆتەوە. بلا... بەڵکوو بتوانم بۆتی بڵێم. لە ڕاستیدا ئەمەوێ بۆتی بڵێم کە بۆچی... بۆچی وای لێهاتووە کە دەرەبەگەکان بە کات و سات چاڵ لە بەر پێمان هەڵئەکەنن؟ تۆ هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە؟ هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە بۆچی تۆوی درۆ بە دوامان‌دا بڵاو ئەکەنەوە؟ بۆ چی؟

لە بەر چی؟ بۆچی تازەیی ئەمکارانەمان لەگەڵ ئەکەن؟ بۆچی پێشتر لەگەڵ گوڵمحەمەدەکان هەڵوا هەڵوایان بوو؟ خانی فەرمەدت لە بیرە؟ یان خانی سەنگەسەر؟ یان ئەم ئالاجاقیەی خۆمان؟... ئەی چۆن بووە کە ئەمساڵ ئاوا گۆڕاون و کراژیان فڕێ داوە؟ بۆ؟

ـ بۆ؟!

گوڵمحەمەد لە شانی چەپەوە ڕوانیە خانئاپۆ و لە سەیرکردندا تێی ڕاما و پاشان وتی:

ـ لەبەر ئەوەی کە من نامەوێ باج وەربگرم و بیدەم بەوان بیخۆن! بۆ ئەوەی نامەوێ ناوی "ڕێگر"م لە سەر بێ و ئەوان بە ناوی من پشتی ڕەش و ڕووت بلەرزێنن! ئێستە کە خۆمان ناسیوە، نامەوێ ئیتر ببم بە گزیچاری ناکەسی وەکوو ئالاجاقی. ئەوان خۆشیان لەوە تێگەیشتوون. بۆیەشە ئەیانەوێ لە سەر ڕێیان لامبەرن. لە تۆ ئەپرسم خانئاپۆ. پاش ئەو هەموو مەترسی کردنە، چیمان هەیە؟!

ـ هیچ!

ـ ئەی بەدناوی ئیتر بۆ؟! بۆ جووتیار لەخۆڕا لێمان بترسێ؟ بۆ ئێمە ئەبێ کارێک بکەین کە خەڵکی بە دوژمنی خۆیانمان بزانن؟... ئێمە بۆ خۆمان بە ئاو و ئاگردا ئەدەین، خانئاپۆ؟!

ڕوخساری گوڵمحەمەد بە ئاشکرا داگیرسابوو. خانئاپۆ تاوێک بێ وەڵام بوو و پاشان وتی:

ـ ئێستە کە بارەکە وای لێهاتووە، تۆ ئەڵێی ئێمە ئەبێ خۆمان بکەین بە دەمڕاستی ئەم خەڵکە بێ دەموپلە؟!

لە ناخی داماوییەوە، جارێکی دیش گوڵمحەمەد وتیەوە:

ـ ناچارین!

خانئاپۆ سەبارەت بەو ڕقەی بە ئاشکرا لە گوندییەکانی هەبوو، وتی:

ـ ئەی خۆیان چی؟! خۆیان؟!... ئەمەوێ بزانم ئێمە لەم ناوەدا چکارەین؟ ئێمە چکارەین، تۆ پێم بڵێ؟!

گوڵمحەمەد بە هێوریەکی خۆویست ملی لە گوشاری دەمارەکانی

ئازاد کرد، ڕوانیە مامی، بە ئارامی پێکەنی و وتی:

ـ ئێمە... هەین. بەس هەین!

خانئاپۆ وتی:

ـ بەڵێ... هەین... بەڵام بابەتی بوونمان ئەبێ کەفارە بدەین؟!

گوڵمحەمەد وەڵامی خانئاپۆی بە پێکەنین دایەوە. خانئاپۆ بەڵام شوێن گوتەکەی خۆی گرت و وتی:

ـ گریمان لەمانمان وەرگرت و دامان بەوان، ئەمە خۆ چارەی هیچ دەردێک ناکات! گیروگرفتەکە لەوە قووڵترە، مامە گیان. گرفتی ئەمانە ڕیشەی زۆر کۆنە. زەوی! گرفتی ئەمانە زەوییە، ئاو و زەوی! مەگەر ئێمە ئەتوانین ئەو ڕیشانە دەربهێنین؟ مەگەر ئێمە ئەتوانین ئەو گرفتە، ئەو گرێ کوێرەیە بۆ ئەوان بکەینەوە؟ ئەو کارە خۆ هەروا سادە نییە. گریمان ئێمە لە هەندێ جێ کارێکیشمان لەدەس هات، بەڵام گوڵمحەمەد... ئەمکارە ئیتر گاڵتە نییە! ئەمکارە یاریکردنە بە کلکی شێر! تۆ ئەزانی ئەمکارە واتا چی؟ خۆت ئاگات لێ هەیە؟

گوڵمحەمەد بە هەمان هێوری و لەسەرخۆ وتی:

ـ خانئاپۆ... تاکوو ئەمڕۆش کاری ئێمە خۆ گاڵتە نەبووە! بەس گرفتی کاری ئێمە ئەوە بووە کە خۆمان خستۆتە مەترسیەوە، بەڵام لە پێناوی چیدا؟ ئەمەمان نەتوانیوە بۆ خۆمان ڕوون بکەینەوە. نەمانتوانیوە مەبەستی خۆمان بۆ خەڵکیش ڕوون بکەینەوە. ئێمە... ئەگەر مەبەستێکی گەورەتریشمان بۆ خۆمان لەبەرچاو بگرتایەت، مەترسیەکەی لەوە زیاتر نەبوو کە تا ئێستە هاتۆتە ڕێمان. خۆزگە لە سەرەتاوە ئەمەم زانیبا!

خانئاپۆ سەری ڕاوەشاند و هەناسەی ئازادکرد و وەک لەگەڵ خۆی بێ، وتی:

ـ ئای... جەوانی، جەوانی! کەللەی ئادەمیزاد چ هەوایەک هەڵناگرێ؟!

ئارەزوومەند و ئامێتە بە غەمێکی نامۆ، گوڵمحەمەد وتی:

ـ خانئاپۆ... ئەزانی دڵم چی ئەویست؟

ــ ئا؟

ــ حەزم ئەکرد بمزانیبا چی بەم خەڵکە بڵێم! ئەگەر بمتوانیبا ئەم ڕۆژانە پێشبینی بکەم، دڵنیابە بیرم لێ ئەکردەوە کە ئێستە، لە کاتێکی ئاوەهادا چی بەم خەڵکە بڵێم. بەڵام ئێستە... بەس ئەتوانم فەرمانیان پێ بدەم بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان!... ئەترسم خانئاپۆ. ئەترسم ڕۆژێک دابێ ئەمجۆرە ئاوارانە ئەوەندە زۆر ببن، شوێن ناو و ناوبانگی ئێمە بگرن و بێن بۆ لامان، بەڵام من نەتوانم چییان پێ بڵێم! بۆ ئەمەشە... هەندێ جار ئەدا لە سەرم کە مرۆڤ تەنها بە خوێنی خۆی ئەتوانێ وەڵامی ویستی خەڵک و وەڵامی نەزانی خۆی بەجارێک بداتەوە! بیرێکم بۆ بکەرەوە، خانئاپۆ!

دەنگی غاردانی بەگمحەمەد، گەیشتن و ئەسپ ڕاگرتنی ئەو، ئەتوت مووزاتێک بوو کە هەوای قورس و ئەستووری ئەو ناوەی شکاند. ئەو هەوایەی کە خەرێک بوو وەکوو گرێیەکی بوغز، گەرووی گوڵمحەمەد بئاخنێ. بەر لەوەی چڕبوونەوەی پەژارە، چاوەکانی بە فرمێسک تەڕ بکات، بەگمحەمەد لەغاوی کێشایەوە و پرسی:

ــ مەبەستمان بەرەو کوێیە، کاکە؟ بۆمان دیاری بکە با بدەین بە لاڕێدا. گەلیمان لە پێشە!

خانئاپۆ لە ناو خۆیدا بوو. گوڵمحەمەد لە وەڵامدا وتی:

ــ دزمین. بەڵام لە ناوڕێ، لاری ئەکەینەوە بەرەو چلگەزان. لە دزمینەوە ئەگەڕینەوە بۆ خورسوف. شێو ئەکەین و بۆ خەو ئەچین بۆ سەرویلایەت.

بەگمحەمەد وتی:

ــ کە وا بوو پێت چۆنە ببین بە سێ پەلەوە. پەلێک لە شانی چەپەوە، پەلێک لە شانی ڕاستەوە، پەلێکیش لە ناوەڕاستەوە.

ــ خۆت ئەزانی.

ــ پەلی لای خوارەوە لە ئەستۆی تۆ ئەبێ، باشە؟

خانئاپۆ سەری بە ئەرێ لەقاند و گوڵمحەمەد لە بەرزایی قەراخ ڕێکە قەرەی ڕاگرت و خانئاپۆی بانگ کرد بوەستێ بۆ ئەوەی بزانێ

بەگمحەمەد چی ئەکات. بەگمحەمەد بە قەراخ ئاپۆرەکەدا ئاژووت و چوو تا سوارەکان دامەزرێنێ. ئاپۆرەکە ئەوا کەوتبوویە ڕێ و ستار لە نێوان کەوانێک لە خەڵکەکە بە دەوریدا دروستیان کردبوو، هەوساری ئەسپەکەی بە دەستەوە گرتبوو و ئەهات. وا دیار بوو ستار، نەجەف ئەرباب و ئەسپەکەی، داوەتەوە بە بەگمحەمەد. گوڵمحەمەد و خانئاپۆ لە دەست ڕاوەشاندنی ستار و جووڵاندنی سەر و ملی ئەیانتوانی لەوە بگەن کە هەڵچووە و خەریکە وتار ئەدا. خانئاپۆ ئەماژە بە ستار، پێکەنی و سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد وتی:

ــ نازانێ ماندووبوون چییە!

خانئاپۆ پرسی:

ــ زۆر متمانەت پێیەتی، وایە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بەو ڕادەیەی کە متمانەم بە خۆت هەیە، بەو ئەندازەیەی بڕوام بە بەگمحەمەد هەیە!... نازانم!

خانئاپۆ هەروا کە نیگای لە سەر ستار بوو، سەری لەقاند و وەک لە خۆی بپرسێ، وتی:

ــ ئەو ئیتر چی لەم دنیایە ئەوێ؟!

سوارەکان، بەگمحەمەد کردنی بە سێ پەلەوە و خۆی لە پێشی تفەنگدارەکانەوە وەستابوو و ئاراستەی هەر دەستەی دیاری ئەکرد و بە جووڵانی هەر دەستێکی، دەستەیەک لە چەکدارەکان جیا ئەبوونەوە و بە ڕێی خۆیاندا ئەڕۆیشتن. دوو پەل بەملا و ئەولای ڕێگەکە. پەلێک لای سەرەوە و پەلێک بە لای خوارووداا. بەگمحەمەد لە کاتی تێپەڕبوون بە لای ئاپۆرەکەدا، بە ستاری وت کە هەروا خەریکی گوتوبێژ بوو، کە ئەو لەگەڵ پەلی گوڵمحەمەد و سەرپەلی ئەو سوارانە بێ بە ڕێگەکەدا ئەڕۆن. خۆیشی بۆ لای خانئاپۆ ئاژووت و لە کاتێکا پەلەکەی خانئاپۆی پیشان ئەدا، وتی:

ــ منیش لای سەرەوە ئەڕۆم، لەگەڵ ئەو دەستەیە. ئێمە لە پێش ئێوەوە ئەڕۆین بۆ ئەوەی گەلیەکە تاقی بکەینەوە.

خانئاپۆ لە بێدەنگیەکدا کە کارتێکردنی وتووێژەکەی لەگەڵ گوڵمحەمەد بەدی هێنابوو، لەغاوی خوار کرد و بەرەوخوار بوویەوە. خامۆشی و خاو و خلیچکی خانئاپۆ، لە ئەسپ ئاژووتنەکەشیەوە خۆیا بوو. گوڵمحەمەد ئەیتوانی ئەمە لە داهێزانی شانەکانی مامی، جۆری دانیشتنی لە سەر زینەکە و شێوازی لەغاو گرتنەکەی تێبگات. خانئاپۆ لە هەموو دارەتێک دیارتر، داهێزرابوو. دارەتێکی وەکوو دابڕان.

گوڵمحەمەد چاوەڕوانی گەیشتنی ستار و تفەنگدارەکانی پەلەکەی، بۆ خواردنەوەی قومێک ئاو، قەرەی لە سەر بەرزایی کەنار ڕێگەکە ڕاگرتبوو. گوڵمحەمەد ئەوا لێو و گەرووی تەڕ کردبوو و خەریک بوو پشکی جەوەنەکەی ئەبەستەوە کە کۆمەڵی دزمینیەکان لێی نزیک بوونەوە. تفەنگدارەکان بە دوایاندا ئەهاتن. ستار لەغاوی ئەسپەکەی بە دەستیەوە، لەگەڵ خەڵکەکە ئەهات و هەروا هەژابوو و قسەی ئەکرد:

ــ ...یەکێتی جووتیاران دامەزراوێکی دەوڵەتی نییە کە ئێوە بچن لە شار یان لە ناوەند بیدۆزنەوە. یەکێتی جووتیاران لە ناو خۆتاندایە؛ لە ناو جووتیارەکاندایە! یەکێتی خودی ئێوەن!... هی وەکوو ئێوە، لە هەموو لایەک!

گوڵمحەمەد بزەیەک بە دەمیەوە، لای خۆی وتی:

«بڕوانە چ پەلەقاژەیەکیەتی! سەیری بکە چ ئارەقەیەک ئەڕژێنێ. چۆن گڕی گرتووە... پیاوی ساکار!»

کۆڕەو گەیشتنە نزیک سەردار. ستار وەکوو تێکەڵەیەکی ڕق و شەوق و شادی، لەو بابەتەی کە خودی خۆگری لە بیر بردبێتەوە، دەستی بۆ لای گوڵمحەمەد ڕاکێشا و هەر بەو شێوەیە زەلاڵ و خرۆشاو وتی:

ــ راستەقینەش، ئەوەتانێ لە بەر چاوی خۆتانە، وەکوو خودی هەتاو! وەکوو خودی ئێوە!

لە پەردەیەکی شەرم و ملبەکوێنی، گوڵمحەمەد لەغاوی ئەسپەکەی وەرگەڕاند و بە جۆرێک کە نیگای لە نیگای خەڵکەکە بێ، وتی:

ــ کاک ستار... ستار خان!

ستار جارێکیتر ڕوانیە ڕوخساری دووبارە پشکووتووی جەماوەرەکە و پێی خستە ناو ئاوەزەنگی. ئەو پیاوانەی دەوری سوار و ئەسپەکەیان گرتبوو، کشانەوە و ڕێیان کردەوە. ستار هەی کرد و خۆی گەیاندە تەنیشت سەردار و گوێڕایەڵ بوو بۆ ئەوەی گوڵمحەمەد ئەیەوێ بیڵێ. گوڵمحەمەد تاوێک خامۆش ما و لەسەرخۆ ئاژووت. پاشان بە بێ ئەوەی نیگای لە سەر ڕێگەکەی بەردەمی هەڵبگرێ، وتی:

ـ سەرەتا ئەچین بۆ چلگەزان. بەڵێنم بەو پیرێژنە داوە کە بچم بۆ سەردانی زاواکەی. ئەگەر دڵنیایت ئاشناکانت لە ترسان لە نیوەڕێ ناگەڕێنەوە، پێیان بڵێ با بڕۆنەوە بۆ گوندی خۆیان. تا ئەوان بە پیادە بگەنە نزیک دزمین، ئێمەش بای ئەدەینەوە بۆ ئەو ناوە. پێیان بڵێ ئەگەر زووتر لەوان نەگەین، درەنگتر ناگەین. ئەگەر زۆریش ئەترسن یەک دوو تفەنگداران لەگەڵ بنێرە. پاش گەلیەکە سەر ئەکەوین بە لای ڕاستدا، بەرەو چلگەزان!

ستار بەراوردی خۆی کردبوو، بۆیە سەری ئەسپەکەی وەرگێڕا تا چەند تفەنگدار جیا بکاتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ جووتیارەکان بچن.

ـ دوو کەس خۆبەخش!... لە پیادەکان!

وەڵام هاتەوە:

ـ من و مەناف!

عەلی چەخماخ ئاژووت بۆ لای ستار و پرسی:

ـ ئەرباب چی لێدێ؟ نەجەف ئەرباب؟

ـ ئەیبەین لەگەڵ خۆمان!... تۆ لەگەڵ پەلی پێشەوە بازووە. من و سەردار لەسەرخۆ دێین. نەجەفیش بەجێ بهێڵە بۆ ئێمە.

عەلی چەخماخ وای کرد کە ستار وتی. ستاریش دەسکەوساری ئەسپە ڕووتەکەی نەجەفی لە زینی ئەسپەکەی خۆی هەڵپێکا و بە وێرغە گەیشتە ئاست گوڵمحەمەد و لەغاوی ئەسپەکەی خۆی بەگوێرەی قەرە ئازاد کرد بۆ ئەوەی ڕۆینەکەیان ڕێک بکەوێ.

لە ڕوانگەی گوڵمحەمەد و ستاردا، بەگمحەمەد و پەلەکەی گەیشتبوونە گەرووی لای سەرووی گەلیەکە، بەڵام خانئاپۆ و سوارەکانی

نەئەبینران. وا پێئەچوو خانئاپۆ و سوارەکانی لە پشت گردۆلکەی خوار گەلیەکە ون ببوون و لە بن سینەی گردەکەوە ئەیانویست لە لاڕێوە دەور بدەنەوە و لەو بەرەوە لەگەڵ دوو پەلەکەیتر یەک بگرنەوە. کە واشبوو و هاتنەوە یەک.

گوڵمحەمەد بە براکەی وت نسێ بە نسێی دزمینیەکان لە لاڕێوە بازۆێ و داوای لە خانئاپۆ کرد پەلە نەکا و لە سەرخۆ بڕۆن:

ــ تا کلاوەکەت با بدەی ئێمە گەڕاوینەتەوە. با سوارەکانت بحەسێنەوە، لە بن ئەم گردە.

ئەوبەری زووران و گردە لمەکان، ڕەوەندی کاشمەرییەکان بوو. گوڵمحەمەد ئەسپەکەی لە سەر بەرزایی گردەکە ڕاگرت و دووربینی لە شەڵتەی ئەسپەکە دەرهێنا و کەوتە سەیرکردنی بیابان. ستار لە لای گوڵمحەمەدەوە وەستابوو و نەجەف ئەرباب لە پشت سەریانەوە، بە چاوانی ئاگراوی و ڕق و تووڕەییەوە، پەرێشان و ماندوو و ژاکاو. نیگای ئەوەندە نەفرەتبار بوو کە ستار -ئاگا و نائاگا- هەوڵی ئەدا خۆی لە ژەهری چاوە شینەکانی نەجەف بشارێتەوە.

ئەوەی نەجەف سەنگردی لە ڕوومەت و چاوەکانیدا بوو، زیاتر لە ئاکار و سروشتی کردەوەی، تاودانەوەی ئەو شتە بوو کە لەم ماوە کورتەدا لە گوڵمحەمەد و دەوروبەرەکەیەوە تێگەیشتبوو. نەجەف ئەرباب، ژەهری سووکایەتی و بێڕێزی تا ناو مۆخی ئێسقانەکانی هەست پێکردبوو. لەم گێژەنی سووکایەتیەشدا، زیاتر لەوەی کە لە گوڵمحەمەدی کەلمیشی تووڕە بێ، نەفرەتی لە ستاری پینەچی هەبوو. نەفرەتێک کە ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسایەت، سەری ئەدا لە شێتێتی.

ئەوە ڕاست بوو کە نەجەف ئەرباب، خانی جەوانی سەنگرد لە لای نەنگ بوو پەتی یەخسیرییەکەی بەدەس یەکی چون ستاری پینەچیەوە بێ. هەڵبەت سەرهەڵدانی ئەو هەست و دارەتە لە یەکێکی وەکوو نەجەفدا، تازە نەبوو. چونکە نەجەف، زیاتر پێی خۆش بوو تا خەنیمێکی بەتوانا شکستی بدات. لە ڕاستیدا ئەو بە دوای خەنیمی هاوشانی خۆیدا ئەگەڕا و لە شکست خواردنیشدا تەنانەت دەستی لە خۆبەزل زانی و

بەرزەفڕی هەڵ نەئەگرت. خۆبەزل زان بوو و بەرزەفڕ. ئەوە بوو کاتێکە خۆی لە بەرامبەر ستاردا بە زەلیل ئەبینی، تا ڕادەی مەرگ نەفرەتی ئەوی لە دڵ گرتبوو. چونکە ستار -ئەو کەسەی کە لە چاوی نەجەف ئەربابدا بێ سەروپێیەک زیاتر نەبوو- ئەوی لە بەر چاوی کۆمەڵێک بێ سەروپێیتردا، برسیەکانی دزمین، وەکوو مەیموونێک پیشان دابوو و ئەوی کردبوو بە نموونەی گوتە و سەلماندنی قسەکانی خۆی. جگە لەوەش -بەگومانی نەجەف- ئەوە نەخشە و شێوەی ستار بوو کە بەو جۆرە ڕیسوا سواری ئەسپی ڕووتی بکەن و وەکوو تاوانکارێک بە هەموو لایەکدا بیگەڕێنن. نەجەف ئەرباب بەقەد سەرە دەرزییەکیش گومانی لەوەدا نەبوو کە ئەم فێڵەبازییە وا لە بن سەری ستاردا و هەر ئەم گومان و ئەندێشانە زیاتر و زیاتر ئاگری تێ بەرئەدا:

ــ ئەتکوژم پینەدۆز! ڕۆژێکیشم مابێ، تۆ هەر ئەکوژم!

گوڵمحەمەد دووربینەکەی لە چاوی کردەوە و بە تەوسەوە پرسی:

ــ کێ ئەکوژی نەجەف خان، کێ؟!

نەجەف ئەرباب دەرفەتی وەڵامدانەوەی پەیدا نەکرد، چونکە گوڵمحەمەد دیمەنی ڕەوەندی لە پانتایی بیاباندا، لە ناو دەوەنە گەزنەکاندا دۆزیبوویەوە و سوارەکان خەریک بوو ئەیاندایە غار. غار تا ناو ڕەوەند. یەکبین. پەز و سەگ، شوان و چوارپێ لە لەوەڕ. دوو-سێ ڕەشماڵی نیوداشت بە تەوێڵی گردۆڵکەیەکی لمینی نزمەوە. پیرێژن خۆی هات بە پیریانەوە و ویستی ڕکێفی گوڵمحەمەد ماچ بکات. گوڵمحەمەد دابەزی و هەواڵی زاواکەی پیرێژنی پرسی:

ــ کارمان زۆرە ئێمە. دوو کەست لەگەڵ ئەنێرم بیهێنن بۆ ئێرە.

ــ پشوویەک بدەن سەردار! چا و نان؟

ــ بەس ئاو!

بە ئەماژەی گوڵمحەمەد، ستار و عەلی چەخماخ لەگەڵ ژنە ڕۆیشتن. گوڵمحەمەد لە بن تەلەبەردێک لە سەر عەرزەکە دانیشت.

ــ من ئەبێ هەروا بە سەر ئەسپەوە بم؟!

گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی بڕوانێتە نەجەف وتی:

ـ حەزت لێیە دابەزە!
نەجەف دابەزی. شانەکانی ڕاتەکاند و قاچەکانی کێشایەوە و جووڵانی بەڵکوو تەزی دەربچێ. گوڵمحەمەد تەلەبەردەکەی خستە بن ئانیشکی و کڵاوەکەی لە سەر قژی جووڵاند. نەجەف بە دەست و قۆڵی بەستراوەوە هات بۆ لای گوڵمحەمەد و وتی:
ـ تاکەی ئەتەوێ بەم مەڵبەندەدا بمگەڕێنی و جەولەم پێ بکەی؟!
گوڵمحەمەد کڵاوی لە سەر تەوێڵی بەرز کردەوە و نیگای بڕییە نەجەف ئەرباب کە بەوپەڕی پەرێشانیەوە لە بەرامبەریدا وەستابوو، وتی:
ـ من پێم وابوو تۆ گرفتاری بیر و ئەندێشەیتری! بیری جووتیارەکانت!
نەجەف بە بێ ترس و بە وەڕەزییەوە پرسی:
ـ چیت لە من ئەوێ تۆ؟ پارە، تفەنگ... یان پەز؟
ـ لە بیری ئەو شتانەدا نەبووم.
ـ خۆ ئەبێ شتێکت لە من بوێ! ئەوەم پێ بڵێ. پێم بڵێ با بزانم چیت لێم گەرەکە؟!
گوڵمحەمەد ژێر سمێڵی خوراند و وتی:
ـ نازانم. ڕاستەکەی نازانم! نازانم داوای چیت لێ بکەم!
ـ لەیلێت ئەوێ؟ کچی حاجی سوڵتانخوردت ئەوێ بۆ براکەت، ئەزانم! باشە... لەیلێ بۆ ئێوە! من ئەکشێمەوە. ژن بۆ من قات نییە!
گوڵمحەمەد دەستی لە سەر سمێڵی هەڵگرت و وتی:
ـ بڵێم چی؟!... نازانم!
ـ نازانی؟ نازانی؟ چی نازانی؟! قەڵەنگی سەگت کردۆتە ملم و بە هەموو لایەکدا ئەمگەڕێنی. ڕێز و ئابڕووت لە لای هەموو کەس و ناکەسێک بۆ نەهێشتووم و ئەوسا ئەڵێی نازانم؟! واتە نازانی بۆچی ئەمکارانە ئەکەی؟!
ـ ئەیهۆۆۆ! بۆ کوێیان بردووی؟!
گوڵمحەمەد ئانیشکی لە سەر بەردەکە بەرز کردەوە و چاوی بڕییە نەجەف ئەرباب. ماسوولکەکانی ڕوومەتی نەجەف لە ڕق و بێدەسەڵاتیدا

ئەلەرزین و چاوەکانی سوور داگەڕابوون. لەو مشتومڕەی ساز ببوو، دوو تفەنگدار هاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی نەجەف دوور بکەنەوە، بەڵام گوڵمحەمەد پێیانی وت:

ــ کارتان بە ئارباب نەبێ!... چ زوو قوشقی ئەبی، ئەرباب؟!

ــ تۆ بوایەتی لەبری من قوشقی نەئەبووی؟!

ــ نەء! من لەبری تۆ بوایەتم هەڵئەهاتم!

ــ چۆن هەڵێم؟ بە دەستی بەسراوەوە؟!

ــ ئەسپ وا لە بن ڕانتدا، نییە؟

ــ ئەسپی ڕووت؟

ــ بۆ خراپە؟

ــ بۆ ئەوە خراپە کە لە پشتەوە ئەمدەیتە بەر گوللە!

ــ کە وا بوو بڵێ لە مەرگ ئەترسی! ئەی چۆن بوو تاوێک بەر لەمە باسی کوشتنت ئەکرد؟! هەڕەشەت ئەکرد و ئەتوت ئەکوژی! ئەتویست کێ بکوژی؟ من؟!

ــ نەء! تۆ نا. بەڵام ئەو پینەدۆزە ئەکوژم!

ــ ئەی من بۆ ناکوژی؟

ــ چونکە ناتوانم تۆ بکوژم، بەڵام ئەو... ئەو بەرەڵڵایە ئەکوژم! بەم وەختی خوا ئەیکوژم!

گوڵمحەمەد ئەماژەی بە ستار کە جەوەنەیەک ئاوی بە شانیەوە بوو، بە نەجەف ئەربابی وت:

ــ ئەوەتا جارێ ئاوی بۆ هێناوی. بڕۆ تۆزێ ئاوی لێوەربگرە با خوێنت لە قوڵتدان بکەوێ، بڕۆ دەی!

ستار جەوەنەی ئاو بە سەر دەستیەوە سەیری ئەو ڕێگەیەی کرد پیا هاتبوو. محەمەمەدڕەزای گوڵخانم زاوای پیرێژنی دابوویە پێش ئەسپەکەی و ئەیهێنا. پیرێژن بە دوای ئەسپەکەدا ئەهات. گوڵمحەمەد هەڵسا و سەیری کرد. ڕوخساری کەوگ و سمێڵە ڕەشەکانی کابرا -کە چوارشانە و بەخۆ بوو- هەر لە دوورەوە بەرچاو ئەکەوت. گوڵمحەمەد کڵاوەکەی بە سەریەوە توند کرد، هەنگاوێک چووە پێشەوە و وەستا.

ستار مەشكەی ئاو و زەركەكەی لە نزیک نەجەف سەنگردی دانا و بە ئەماژەی گوڵمحەمەد دەستەكانی نەجەفی كردەوە. نەجەف پەلاماری ئاوەكەی دا و تفەنگدارەكان بۆ ئاوخواردنەوە لە دەوری ئاڵقە بوون. ستار هەڵسا و لە لای گوڵمحەمەدەوە وەستا و كەوتە سرتەكردن لە بن گوێیدا. پیرێژن، زاواكەی و محەمەمەدڕەزای گوڵخانم گەیشتن. محەمەدڕەزا لە ئەسپەكە خۆی هەڵدایە خوارەوە، قۆڵی كابرای گرت و بردییە پێشەوە. كابرا، بەو سمێڵ و شان و باهۆیەوە، دەستەكانی بەبەر ورگیەوە گرت و لە بەرامبەر گوڵمحەمەد ڕاوەستا. گوڵمحەمەد هەنگاوێكی نایە سەر بەرزایی تەپۆڵكەكە و لوولەی ساردی بڕنەوەكەی نایە بن چەناگەی كابرا و ڕوومەتی بەرز كردەوە. بەڵام كابرا چاوەكانی هەروا بەرەو خاک بوو و نەی ئەوێرا سەیری گوڵمحەمەد بكات. پیرێژن لە شانی زاواكەیەوە وەستا و بە ئاشكرا شەڵەژابوو. گوڵمحەمەد بە تەكانێكیتر، ڕوومەتی كابرای بەرز كردەوە و ڕوو بە خۆرەكە سووڕاندی و وتی:

ــ بووی بە كەڵەگا، ئەرێ؟!... سەیركە!... سەیری من نا، هی خۆرەكە! سەیری خۆر بكە! چاوترووكانیش قەدەغەیە!

كابرا چاوی لە چاوی خۆرەكە مایەوە و گوڵمحەمەد لەگەڵ ستار كەوتە ڕێ و وتی:

ــ تا ئەگەڕێمەوە هەر بەو جۆرە بێ، حەمەڕەزا! نابێ چاو بترووكێنێ، تێگەیشتی؟!

ــ بەڵێ سەردار!

ــ دەستەكانی ئەو خانەیتریش ببەستەوە، پاش ئەوەی ئاوی خواردەوە!

ستار و گوڵمحەمەد كەوتنە ڕێ و پیرێژنیش كە دوایان كەوتبوو، لەگەڵیان ڕۆیشت.

شوێنێک لە پەنای گردۆلكەكە، دووری چاوان و لە بن چوار بنچكی گزیچاردا ڕاوەستان. پەرژینێكی كەستەک و بەرد و كۆتەرەی چاڵووک، بە سەیوانێكی لێكدووراوی لەتە پەلاس و توورەكە و شەڵتە دڕاو. شوێنێک

بەقەد کولانە مریشکێک لەو بیابانە پان و بەرینەدا. خانوو؛ سەیوانی بان سەر.

گوڵمحەمەد و ستار شان بە شان و نزیک بەردەرگا تەنگەبەرەکەی ساباتەکە وەستابوون و پیرێژن لە پشتیانەوە مابوویەوە و دەستی ئەهێنا بەیەکا. لە ناو ساباتەکە ژنێک لە بن سەیوانە چل تیکەکە ڕاکشابوو و منداڵەکەی لکاندبوو بە خۆیەوە و خێسەی لە پیاوە غەوارەکان ئەکرد. لێوەکانی ئەتوت دادووراون و ڕوخساری بەس دوو چاوی ڕەش و بەقووڵا چوو بوو، لە کاڵانەی قەراخ ئێسقانی و وشکەڵاتووەوە؛ شتێکی لە شێوەی مەرگ! لە قووڵایی تاریکی سەیوانەکەدا چەند منداڵی وردیلە وەک مۆریانە بەیەکا ئەهاتن.هەروەها دوان سیانێکی تریش، تۆزێ گەورەتر دووری ساباتەکە لە پشت دەوەنەکاندا خۆیان مەڵاس دابوو و بە ترسەوە سەیری پیاوە بێگانەکانیان ئەکرد. ئاشکرا بوو ژنەی زەیسان وزەی ئاخافتنی نییە و هەروەها تامەزرۆی ئاخافتنیش نییە. خەستە و بێزار، پێڵووی لێک نا و ڕووی کردە لایەکەوە. گوڵمحەمەد وەرگەڕا و لە پیرێژنی ڕوانی. پیرێژن لە ترسی نیگای سارد و ڕەنگ و ڕووی پەڕیوی ئەو هەنگاوێک کشایەوە و وتی:

ــ هەموو ساڵێک منداڵێکی ئەبێ سەردار. هەموو ساڵێک منداڵێک. هەمووشیان کوڕن. ئیتر هێزی تیا نەماوە. خواردن و خۆراک، سەردار. ژنی زەیسان بە ڕۆنی زەرد گیانی دێتەوە بەر و هەڵئەسێتە سەر پێ. بەڵام خۆرشتی ئەو، نانە و ئاوە. گۆشت و ڕۆن ئەبێ بخوا. گۆشت و ڕۆنی زەرد. زستانمان لەبەرە. ئەگەر وا بڕوات ناگاتە نەورۆز.

ــ خزمتە؟

ــ نەخێر سەردار! شووەکەی شوانی زاواکەی منە. وا لای پەزەکان.

گوڵمحەمەد سووڕایەوە و کەوتە ڕێ. ژنەش لە تەنیشت ستارەوە کەوتە ڕێ و جارێکیتر کەوتە گلەیی و بناشت:

ــ بیترسێنە سەردار، بیترسێنە. ئاوا سەیری مەکە. جەڵلادێکە بۆ خۆی. پێی بڵێ دەس لە خانمبازی هەڵبگرێ. کچەکەم خەریکە دڵی ئەتۆقێ!

ژنە هیچ وەڵامێکی لە گوڵمحەمەد نەئەبیست. سەیری ستاری کرد. ستاریش بێدەنگ بوو. گەیشتنەوە ڕەوەند. چەند ژن و کچ لە دەریزانی ڕەشماڵەکانەوە چاویان بڕیبوویە پیاوە غەوارەکان. گوڵمحەمەد خاوی کردەوە و وەستا. پیاوەکانیش وەستان. گوڵمحەمەد بە ستاری وت بڕوات و کابرا بهێنێ. ستار کەوتە ڕێ و بانگی لێکرد:

ـ نەجەف ئەربابیش بڵێ بهێنن!... هەموو با بێن! ستار پێی هەڵگرت و پیرێژن جارێکیتر کەوتەوە ئاخافتن و داواکارییەکەی دووپات کردەوە. گوڵمحەمەد وتی:

ـ زیادی خۆت بۆ کچەکەت پەرێشان کردووە!

ـ کچەکەم جەوانە سەردار. ئومێد و ئارەزووی هەیە. منیش بە سەد هیواوە کچم داوە بە شوو!

ـ کوا لە کوێیە؟

ـ کێ، کچەکەم؟... لێرەیە، لە ناو ڕەشماڵەکە. غەم و پەژارە کردوویە بە کلکەتەشی. ئەیهێنمە خزمەتتان... هۆی کچێ!

ئەمەی وت و بەرەو کۆنەکە کشا و پاش تاوێک پیرێژن مەچەکی کچەکەی بە دەستیەوە هاتە دەرەوە. کچە پێی ئەکشاندەوە و پیرێژن ڕای ئەکێشا:

ـ سەردار برای تۆیە. ئەو مەحرەمە. برایە بۆمان، باوکە بۆمان...

ژنەی جەوان، باریک و کز و ڕەقەڵە بوو، تا ئەو ڕادەیەی کە باڵا بەرز ئەهاتە بەرچاو. ڕوخساری بە لۆی سەرپۆشەکەی، تا بن چاوەکانی داپۆشابوو و بە نارەزایی بە دوای دایکیدا ڕائەکێشرا. لە هەر هەنگاوێکدا ئاوڕی ئەدایەوە و وا پێئەچوو بە ڕەفتار ئاسایی نییە. سەرەنجام پیرێژن تا نزیکی گوڵمحەمەد ڕاکێشی کرد و بە هەزار زمان ڕایگرت. بەڵام ژنەی جەوان بەڵام نەئەگرت و لە دارەتێکی سەمەرە، وەکوو کیژۆڵەیەکی مناڵ و شەرمن خۆی لە پشت دایکیدا کە لەو کورتە باڵاتر بوو ئەشاردەوە. گوڵمحەمەد بە بینینی ژنەی جەوان سەرنجی ڕاکێشرابوو، بەڵام بەناچار ـبۆ ئەوەی ژنە ئوقرە بگرێ- ڕووی لێیان وەرگێڕا و پرسی:

ـ تۆ... سکالاٌت لە شووەکەت هەیە؟

ژنەی جەوان، بیستی و نەی بیست، دەستی لە دەستی دایکی ڕاتەکاند و ڕای کرد و بە پەلە لە ناو ڕەشماڵەکەدا ون بوو. دەسبەجێ شەپۆلی قاقا و پێکەنین لە ناو ڕەشماڵەکەی ترەوە بەرز بوویەوە. گوڵمحەمەد بە سەرسووڕمانەوە لە ژنەی سرکی ڕوانی و، پیرێژن سارد و داماو، لێوی خۆی کرۆشت و بە بیانووی هێنانەوەی کچەکەی، بەرەو ڕەشماڵەکە هەلاٌتەوە و لە هەمان کاتدا قیژە و ناڵەی ژنەی جەوان بە پاڕانەوە بەرز بوویەوە کە بە گریان و شیوەنەوە داوای لە دایکی ئەکرد ئازاری نەدات.

پیاوەکان ئەهاتن. لە لایەکەوە نەجەف ئەرباب بوو لە نێوان چەند تفەنگچیدا و، لە لایەکیشەوە کابرای مەڕدار -زاوای پیرێژن- کە چەناگەی بە لوولەی تفەنگەکەی محەمەمەدڕەزای گوڵخانم و، چاوە داچەقاوەکانی لە خۆرەکە بوو. ئارام و نابەدڵ هەنگاوی ئەنا. کە گەیشتنە بەر مەیدانی ڕەوەند، گوڵمحەمەد ڕووی لە ڕەشماڵەکە وتی:

ـ ئەو قیژە و هەرایە بخەوێنن. بێدەنگ بن!

پاشان بە ڕاوەشاندنی دەست لە محەمەمەدڕەزای گوڵخانمی گەیاند کابرا ئازاد بکات و خۆی چووە بەرەوە و بە کابرای مەڕداری وت:

ـ یەکەم بڵێ سێ مەن ڕۆن ببەن بۆ ئەو دەخمەیە، بۆ ئەو ژنە. ژنی شوانەکەت! پاشانیش بۆ خۆت کاوڕێک ئەکوژیتەوە و گۆشتەکەی ئەنێری بۆ هەمان ژن. پاش ئەوەی ئەو کارانەت کرد...

گوڵمحەمەد ئارام بوو و پاشان وتی:

ـ جارێ ئەو کارانەی وتم بیکە جا قسە ئەکەین!

ـ واتە ئازادم... سەردار؟!

ـ وتم برۆ ئیتر!

کابرا بە پەلە خۆی کرد بە ناو کۆنەکەدا و بە هیزەیەک ڕۆنەوە هاتە دەرەوە. سەری هیزەکەی بەرز کردەوە و لە بەر چاوی گوڵمحەمەد ڕایگرت. گوڵمحەمەد ئەماژەی بە محەمەمەدڕەزای گوڵخانم

کـرد کـە هیـزەی ڕۆنەکـە هەڵگـرێ و بیبا بـۆ سـاباتی ژنـی شـوانەکە. محەمـەدڕەزا جەوەنـە بەتاڵەکـەی دانـا و پـڕی کـرد بـە هیزەکـەدا. کابـرا هـەڵات بـۆ پشـتی ڕەوەنـد و دەسـبەجێ، لـە کاتێـکا کاوڕێکـی کردبوویـە قەڵاندۆشـکان، گـەڕایـەوە. کاوڕەکـەی لـە بـەر پێـی گوڵمحەمـەددا کوتـا بـە عـەرزدا و لـە چاوترووکانێـکدا سـەری بـڕی و پاشـان پاڵتـاوی داکـەنـد و کەوتـە کەوڵکردنـی بەرخەکـە.

ــ سوار ئەبین!

ئەسـپەکانیان پێـش کـرد. نەجـەف ئەربـاب، بـە ناوچەوانـی گـرژ و مۆنیـەوە جارێکـیتـر سـواری ئەسـپە ڕووت کـرا. محەمەمـەدڕەزای گوڵخانـم لـە کاتێـکا دەم و لچـی لـە چـەوری ڕۆن ئەبریسـکایەوە، هـەڵاتە بـەرەوە. گوڵمحـەمـەد سـواری شـەودیز بـوو و دەورێـک بـە دەور کابـرای مـەڕداردا کـە خەریکـی کەوڵکردنـی کاوڕەکـە بـوو، گـەڕا و لـە بەرامبـەریدا لەغـاوی کێشـایەوە و وتـی:

ــ ئەگەڕێمـەوە بـۆ ئێـرە. دیسـانەوە دێمـەوە، تێگەیشـتیت؟! وەی لـەو ڕۆژەی ئـەو ژنـە و منداڵەکـەی شـتێکیان لێهاتبـێ. خـۆ گوێـت لێیـە؟!

کابـرا چەقـۆ خوێناوییەکـەی بـە دەسـتیەوە، هەڵسـابوو و لـە بەرامبـەر سـەرداری سـواردا وەسـتابوو و بزەیـەک لـە سـەر لێـوی بـوو. گوڵمحەمەدیـش ڕووخـۆش بـوو:

ــ خۆیشـت بخۆ و بەوانیش بدە... ناپیاو!

پیرێژن خۆی گەیاندە بەرچۆکی گوڵمحـەمـەد و بە نامرادی پرسـیاری کـرد:

ــ ئێسـتە من چی بکەم... گوڵمحـەمەد؟!

گوڵمحـەمەد بە هەمان ڕووخۆشـیەوە، بە ژنەی وت:

ــ گۆشـتی ئـەم کاوڕە ئەکـەی بـە قاورمـە و ئەیبـەی بـۆ ئـەو ژنـە و بـۆی دائەنێـی، لەبـەرەوە لێـی بخـوات و بگاتە مانگـی نـەورۆز!... تۆزێکیش ویـژدان پەیـدا بکـە، تا ئەگەڕێمـەوە بۆ ئێـرە!

گوڵمحـەمـەد لەغـاوی قـەرەی شـل کـرد، ئەسـپەکە پێـی لـە عـەرز بـڕی و دەسـبەجێ پەڵەیـەک هـەوری تۆزوخـۆڵ لـە دوایان بەجـێ مـا.

پیرێژن ناخودئاگا یەک دوو هەنگاو بە دوای ئەسپەکاندا ڕۆیشت، بەڵام ئەسپ لە ملەی گردەکە سەرکەوتبوون و خەریک بوون لە چاو ون ئەبوون. پیرێژن بە ناچار ڕووی وەرگێڕا و جەوەنە بەتاڵەکەی لە بەر پێی هەڵگرتەوە و بەرەو زاواکەی چوو.

**بەندی سێیەم**

شەو تەنپۆشی ماندوێتی پیاوان و، ڕێگە ڕاخەری خەواڵووی بواری ماندوێتی. ئەسپەکان بە گوێی داشۆڕاو و لەقەوە، بە خاوی هەنگاو ئەنێن. لەشیان کوتراو و نیازمەندی خەو. چاوەکانیان لە تاریکی شەودا ڕێشکە و پێشکە ئەکەن و قیرقاچ ئەڕۆن. سستی زاوەتە ناو خوێن و مۆغەرەی پشت، توانای ڕاگرتنی قورسایی لەش نەماوە.

سوارە و پیادە خامۆشن. داهێزراو و بێدەنگ. خەوەنووچکەی داهێزان هەندێک ئەباتەوە. لە ناو پیادەکانیشدا تەنانەت هی وا هەیە خەو لە چاویاندا، هەنگاو ئەنێن و بە هەست بە دوای کەرتەکەدا ڕائەکێشرێن. لێرە و لەوێ یەکێک سەرسم ئەدا و قاچی دێ بەیەکا و هەڵئەسێتەوە. لە هەڵکەوتنی پەنجەی پێ لە بەرد، ئازارێکی تیژ خەو لە چاوان ئەتەرێنێ. پاشەکەوتی وزەی ئەژنۆ بەکار ئەهێنرێ و بە گازگرتن لە پەنجەیان خەو لە پێڵوویان دوورئەکەنەوە. لە هەموو کاتدا کاردانەوەی گوڵمحەمەد بەڵام لە ڕێبازی بێکۆتایی شەودا، وەکوو تاپۆ و تارمایی سەرگەردان لۆقەی دێ.

نەجەف ئەرباب بڕاوە. گەردنی تۆکمەی لەقەی دێ و سەری وەکوو شووتیەکی بەستراوە بە کلک -گەردن- بە هەموو لایەکدا خوار ئەبێتەوە. پشتی چەماوەتەوە و شانەکانی داشۆڕاون. ئەو ئەسپەی ئەویان لێ سوار کردووە، وەک سواری بە پشتەوە نەبێ، سەرسم ئەدا و شەوسین ئەکا و کاتێکە سمدەستی لە چاڵێک هەڵئەکەوێ، لەوانەیە

سواری دەسبەتراو بە سەرەوە قلّپ بکاتەوە. بەڵام... خەو و ماندوێتی و ڕێ، درێژەی هەیە.

خانئاپۆش لە ماندوێتی بێبەش نییە. ناتوانێ سەرە گەورە و شانە پانەکانی ڕابگرێ. سست و بێواز و بێهوودە تێ ئەکۆشێ ڕێ بە خزانی ئەندێشەی خەواڵوو ببەستێ. دەسکەوساری لەغاوەکە ئەخزی و ئەیەوێ لە ناو قامکە زبر و ئەستوورەکانی داکەوێ. کاری شەکەتی لە سنوور و توانای فەرمانی مێشک تێپەڕیوە.

بەگمحەمەد یەکسەرە خۆی داوە بەدەس خەوەوە. بێدەربایستی بوون و نەبوونی مەترسی، شەڵتەی تەرکەکەی لوولە کردووە و لە سەر زینکۆکە دایناوە و هەنیەی ناوەتە سەری و لەگەڵ تفەنگەکەی بە سەر خەمی پشتیەوە، لە هەڵۆیەک ئەچێ لە ماندوێتیدا باڵی کردبێتەوە.

ستار بەڵام دڕووی لە چاوان دایە. وەکوو چڵەدارێکی وشک و ڕەق، ڕاست لە سەر زینی ئەسپەکە دانیشتووە و درەوشی نیگای بڕیوەتە دڵی شەوەزەنگ. لە بەردەمی ستارەوە گوڵمحەمەدە کە نەرم و بە نەوا داژوێ. ئەو ئەڵێی تووشی بەڵای سەگخەوی بووە. نوقمی ئەندێشە و چاومۆڕی ناو شەوی نووتەک، مژۆڵی وشک وەکوو کا. بەڵام هێشتاش ئەو درەوشی کاروانە و دڕ بە شەو ئەدا و ئەیبڕێ. کاکیلەکانی ئەڵێی لێک جۆش کراون و نیگای لە چاڵی کاڵانەدا قەتیسماوە. بە وێنەی بەستێنی گۆلاوێکی بیابانی لە پاش تێپەڕینی گەلاوێژی درێژخایەنی پڕ هەتاوی هاوینی.

کاری گوڵمحەمەدەکان لە دزمین دەمێکە کۆتایی هاتووە. بیری کارەکە بەڵام بەردەوام و لە پەرەسەندایە. بیری، هەزار ڕواڵەت و کەسم و لایەن ئەنوێنێتەوە. بیر و ئەندێشە و گومان و هەڵوەستە، تەنانەت ئەگەر مێشکیش توانا و وزەی ئەو هەموو هەڵچوونەی شەپۆل لە سەر شەپۆلی نەمابێ. ئەڵێی بە قوڵپدانی خوێن، مێشک و پێچاوپێچی هەزار توێی مێشک بە تاڵان ئەبرێ و بەتاڵان ئەبرێتەوە. مێشک بۆ دەمێکیش، دەمی پشوودانی نییە.

نە کەمە و نە سانایە، دانانی ڕێسا و بەڕێوەبردنی هەمان ڕێسا

لە یەک کاتدا و لە یەک ڕۆژدا. دانان و ڕاپەڕاندنی قانوون لە بەرامبەر قانووندا. بەچۆکا هێنانی میرخان، ورووژاندنی کۆمەڵێک ڕووت و سک برسی لە دژی میرخان و خێڵەکەی. سوارکردنی پیادەکانی هەموو ڕۆژگاران لە کۆڵی ئەو، بە واتای سەروبن کردنی ژیان، زەوی لەبری بنمیچ دانان و، لە ئەنجامدا... دەست لە کاری ژیان وەردان!

ــ «گوڵمحەمەد خان، من سکاڵام بۆ لای تۆ هێنابوو!»

ــ «کەوتبوویتە پێشەوە بۆ ئەوەی دوا نەکەوی... سەگ!»

ــ «من لە سەر سفرەت نان و نمەکم خواردووە!»

ــ «بە ژانت بێ، مشەخۆر!»

ــ «ئێرە ماڵ و گوندی منە، تۆ خەریکی بێ ڕوومەتم ئەکەی، خان!»

ــ «ڕوومەت چ ڕەنگ و چێژێکی هەیە بۆ تۆ؟!»

ــ «هەمارەکانم... گەنمەکانم... هەڵووژەکانم... ئەم خەلەیە... ئەمانە هینی منن، گوڵمحەمەد خان! لە زەوییەکانی من هاتوونەتە بەرهەم!»

ــ «زەوییەکانت؟! زەوییەکانی باوکت، تۆ بڵێ؟!»

ــ «ئەمکارەی تۆ ئەیکەی، ناهەقە گوڵمحەمەد!»

ــ «ئەمکارە، هەقی هەقە میرخان!»

ــ «دەی ئەگەر وایە بمکوژە! بمکوژە و تەواوی کە!»

ــ «من خۆ جەللاد نیم!»

ــ «ئەی پێت وایە کێیت بە بیری خۆت؟! دادوەری؟!... نەخێر! ئەمکارەی کە تۆ ئەیکەی، خۆی جەللادییە!»

تەختی پێڵاوەکەی خانئاپۆ لە تەختی سینەی میرخانی دابوو و هەناسەکێشانی لە بیر میرخان بردبوویەوە.

ــ کاتی بردنی خەلە لە هەمارەکان، خەڵکەکەت بینی چۆن دەست و پێیان ئەلەرزی؟ ئەم جەماوەرە یەکێکیان ئەوێ پارووەکەیان بۆ بکا بە دەمەجاو و بیخاتە سەر زمانیان! دڵنیام زۆریان دڵی ئەوەی نەکرد کیسەیەک دانەوێڵە بباتەوە بۆ زستانی مناڵەکانی. خوێڕی ترسنۆکانە!

ستار بە گوڵمحەمەدی وت، کە ئەتوت لەگەڵ خۆی ئەدوێ:

ـ نەیان ئەتوانی باوەڕ بکەن. ئەمکارە لە لایان تازە و سەرسووڕهێنەر بوو. وردە وردە ڕادێن.

ـ تەمەنێکی پێ ئەچێ... تەمەنێکی درێژ!

ـ چەندین تەمەن... چەندین و چەند تەمەن! ئەو ترسەی لە دڵی جووتیار ئاخنراوە، تەمەنی بەقەد تەمەنی نووحە! بە ڕۆژێک و بە دووان ئەم ترسە بەدی نەهاتووە، بە ڕۆژێک و دوانیش ناچێتە دەرەوە... تا ئەو ترسانە جێ بگۆڕن، چەندین تەمەن ئەخایەنێ!

ـ تۆ چەندە شێنەیی و بەتاقەتی، چ تاقەتێکت هەیە... پیاو!

ـ لەبەر ئەوەی چارەیەکی جگە لەوە نابینم! بە ڕای تۆ چارەیەکیتر هەیە؟!

دەنگی خەواڵووی خانئاپۆ، گڕ و ماندوو لە پەنا سەرەوە، وتووێژەکەی بڕی:

ـ نامانەوێ لە سووچێکا تۆزێ خۆمان بدەین بە عەرزا؟

گوڵمحەمەد بە لای شانیدا ئاوڕی لە خانئاپۆ دایەوە و وتی:

ـ لە چەمی شۆڕاو ئەپەڕینەوە، سەر ئەکەوین و لای نزیک زەعفەرانی بارگە ئەخەین. ڕەنگیشە لە کاروانسەرا لامان دا. دەمەوبەیان هەوا بە تەشقترە. ئەسپەکان سەرجلی زستانەیان پێ نییە!

ئاوی چەمی شۆڕاو تۆزێ هەڵسابوو. تا بن چۆکی ئەسپەکان ئەگەیشت. سارد بوو، بەو ڕادەیەی خەو بتەرێنێ. لەو بەر چەمەکەوە، پیاوەکان ئەیانتوانی ئاگرێک بکەنەوە بۆ وشککردنەوەی لیتاو لە قول و پووزیان. بەڵام هەل و دەرفەت نەمابوو. هەمیش ئەوەی کە گەرمای بڵێسە خۆی ئەبوو بە بیانوویەک تا پیاوەکان خاو ببنەوە و خۆیان بدەن بە دەست سستی خەوەوە.

ڕێ لە لاڕێوە و تا کاروانسەرای زەعفەرانی ئەبوا بپێورایەت. ئەمەیان ڕوون و مسۆگەر بوو. بۆیە کوشتنی کات و وەخت بەفیڕۆدان، تەنها بەرەنجامی تەمەڵی و سستی بوو و نەشئەبوا وا بکرایەت.

ـ بارگەی پشوودان، کاروانسەرای زەعفەرانی.

بەرەو ئاسۆگەی ڕۆژهەڵات ئەگەر ئەسپت تاو بدایەت، کاروانسەرا

لە شانی چەپی کۆنەڕێ بوو. کۆنە ڕێی مەشهەد کە بە کاروانسەرادا تێ ئەپەڕی، بە گردی خولامۆ، بە پیچی چەمە وشکدا دائەگەڕا، بە قەراخ قەڵاچیمەندا ئەرۆیشت و ڕێگەی شۆڕاوی ئەگرت، پاش دەرووی سەنکەلیدەر دەشتەکەی ئەگرتە بەر و لەگەڵ تازەڕێ -ڕێگەی ترۆمبێل- سەری لێک ئەنایەوە و تێکەڵ ئەبوویەوە؛ لە هەمبەر چاخانەی هیممەتئاوا.

پیاوەکانی گوڵمحەمەد چەمی شۆڕاویان بەجێ هێشتبوو. ئەیانتوانی لە خوار هاشمئاوا و ئاوباریک بکەونە سەر ڕێگەکە و ڕاستەوخۆ بەرەو کاروانسەرای زەعفەرانی بڕۆن. بەڵام ئەمکارە دوور لە پارێز بوو و، بە باش زانرا کە تا گەیشتن بە کاروانسەرا، شۆپی خۆیان لە ئامۆ و نامۆ ئاشکرا نەکەن. لە هەموان زیاتر، ستار و خانئاپۆ لە سەر ئەم بۆچوونە سوور بوون. لەو ڕووەوە کە فڕینی مەترسیان بە سەر سەرەوە و، ڕاخەری داویان لە بەر پێیاندا بە چاوی باوەڕ ئەبینی. ئەکرێ بوترێ دەرەتانی بینینیان هێشتا مابوو. ئەمە بەڵام بەو مانایە نەبوو کە گوڵمحەمەد ترسی مەترسی نەبوو و سەرەڕۆ داژووت؛ نە لە بەر ئەوەش نرخی سەری خۆی بەکەم ئەزانی، یان ئەوەی کە دابووی لە سەری و ئەیویست خۆی بخاتە ناو بۆسەی ئاگر.

نەء؛ هەرگیز وانەبوو. لەوپەڕی بوێری و لەگەڵ ئەوەی کە گاڵتەی بە مەرگ ئەکرد، تامی ترشی ترسی وردە وردە لە پێکهاتەی دەمارەکانیدا هەست پێ ئەکرد و ئاگای لێی بوو. ئەم گێژەنی تووڕە بوون و هەڵچوون و بەدخەوییەش هیچ هۆیەکی نەبوو جگە لە دڕدۆنگی و ڕاڕایی، دڕدۆنگی و دڵنیگەرانی ئەو کردەوە و کردارانەی کە کراون و ئەوەی بە ناچار ئەبێ بکرێ. تامی تیژی ترس و دڵنیگەرانی بەردەوام، بۆ ساتێکیش لێی نەئەگەڕان و ئەوە بوو کە لەو گێرمە و کێشە تەنگەبەرەدا و لەو گێژەنەدا کە هەموو ڕووداوێک بە لەز و خێرا ڕواڵەتێکیتری وەرئەگرت -لە ماندوێتی لە ڕادەبەدەری لەش و گیاندا- نەی ئەتوانی دەروویەک بێ بۆ ئەوەی ئاوەز زاڵ ببێ بە سەر شێوە و شێوازیدا. دەروویەک بۆ ئاوەز، چونکە دەرفەتی نەبوو. تووش ببوو لە شەوەزەنگدا. بۆیە ڕێ لە لاڕێوە

بەو جۆرەی خانئاپۆ پیشانی دابوو -هەرچەند بەو شەوە نووتەکەی چاو چاو نابینیێ- پەسند کرابوو بۆ ئەوەی بەو لایەدا بڕۆن.

بەلام، گوڵمحەمەد ئێستە دابووی لەسەری، یان بە ژێری هەنگاوی ئەنا؟ بەو هەواڵەوە کە خانئاپۆ لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە -رەق و تەق- ئایە ئەوە کارێکی ژیرانە بوو کە گوڵمحەمەد بەو جۆرە بچێ بۆ میوانی دوژمنەکانی؟ ئایە لە بڕوای گوڵمحەمەددا سەبارەت بەو شتانەی دەربارەی خۆی بیستبووی و نیشانەکانی بینیبوو، هێشتاش جێگەی گومان و دوودڵی مابوو؟ ئەگەر سەبارەت بە مەبەست و ویستی دووژمنەکانی دوودڵ نەبوو، ئەی بۆ بەو جۆرە ئەیویست بچێتە ناویانەوە؟

ئەم پرسیار و پرسینەوەیە، ئەم دووانی و دوو بوونە و ئەم ململانێی بیر و وێناگەرییە، شتێک نەبوو کە لە هەر ساتێکی ژیاندا، لە هەر هەنگاوێکدا کە ئەینا -لە هێڵی نێوان وەرەزی و ناچاریدا- بە گیان هەستی پێ ئەکرد. ناچاری ڕۆیشتن و، خۆدزینەوە لە دەسەلاتی نەرۆیشتن. دڕدۆنگی سووتێنەر. ترس و گومان، بیر و بۆچوونەکانی مێشک بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک لە نێوان ئاوەز و شێتێتیدا. ئەنجام بەلام ملکەچی هەنگاوەکانی، بە ڕواڵەت هیچ نییە مەگەر نیشانەی دێوانەسەری و لەخۆ باییبوون. بەلام بەس دێوانەسەری؟ نەء، بێگومان ڕادەی تێگەیشتن و ئاوەزیش. کە ئەم دووانە بۆ خۆیان دوو مایەی بوونی دەستاودەستن، لەو شوێنەدا کە لووتکەی هەرەبالای بوونە.

بانگهێشتنیان کردووی؛ ئەگەر بکشێیتەوە چۆنی لێک ئەدەنەوە؟

لەگەڵ جیهەن ژوان و جێ ژوانت دیاریکردووە؛ پێچەوانەی ئەوە چۆن لێک ئەدرێتەوە؟

تۆیان بۆ جەژن و بۆ شایلۆغان بانگ کردووە، بۆ ناو ئاڵقەی نەیاران! پاڵەوان!

بە پاڵەوان بوون دژوار نییە، بە پاڵەوانی مانەوە ئاستەمە.

هەنگاوی ڕۆیشتن خاوکردنەوە -تەنانەت ئەگەر- لە بەر پارێزکردنیش بێ، خۆی نیشانەی ترسە. ئەی پێ هەڵگرتن و لەز وەرگرتن نیشانەی چییە؟ ئایە بە نیشانەی سەرەڕۆیی دانانرێ؟ ئەی بۆ؟... ڕۆیشتن بۆ ناخی

مەترسی ئەبێ ئەوپەڕی ئاوەز بێ؟ بڕوا بە ترس و هەراس وەکوو نیشانەی پسپۆڕی و کارامەیی بۆ خۆپاراستن، خۆشاردنەوە لە پەرێزی ئاوەزدا، بە هیوای پاراستنی لەش، هەمیشە نیشانەی ژیری نییە! ئەتوانرێ ئاوەز بکرێ بە بیانوو، بە لەمپەری پاراستن لە فەرتەنەی هێرش کردندا. ئەکرێ ڕابکا. خەنیم نەبینێ. ئەتوانێ بمێنێ. هەبوونێکی بەردەوام. ئەتوانێ بمێنێ و بەپەرێز بکشێتەوە. ئەتوانێ فریو بدات ئەم و ئەوی خۆی. ئەتوانێ ئومێد بڕوێنێ، ئەتوانێ ئومێد فریو بدات؛ ئەتوانێ!

ئەتوانێ! ئەوی دی ئەتوانێ وابکات. بەڵام گوڵمحەمەد، گوڵمحەمەد و نە ئەوی دی. گوڵمحەمەد چونکە ئەچێ بە پێشوازی بانگهێشتنی دوژمنیەوە. ئەو یەک تەنە و نە یەک تەنە. ئەو یەک ناوە و نە تەنها یەک ناوە. ناو و تەنی گوڵمحەمەد ئەوا ئیتر بۆ خۆی کەژاوەیەک؛ کەژاوەیەکە بۆ ئەوەی بارگەی قورسی بوون بگەیەنێتە مەزڵ. بوونێک کە ئاماژەی یەکبوون و یەکتایی، ئاوێتەیەکی مێشکە و گەردیلەکان. ئاوێتەیەکی نەپساوی خۆی و ئەوان. بەڕادەیەک کە ناتوانێ لە گەوهەری خۆی بگات مەگەر لە بواری بۆچوونی ئەوانیترەوە و ناسینەوەی ئەم گەوهەرەش، بەس لە پەیوەندی نەپچڕاوەی بیر و بۆچوونی ئەوانیترەوە ئەلوێ. بەو جۆرە بوو، کە گوڵمحەمەد، خۆی بوو و نەبوو و، ئەتوانرێ بوترێ خودێک بوو لە بێخودیدا. کە وا بوو ئەویش هەم لە دەروونی بوونی خۆیەوە لەگەڵ جیهاندا پەیوەندی هەبوو، هەم لە دەرەوەی بوونی خۆیەوە، لە هەستی بوونی خۆی لەوانیتردا؛ کە مەیدانی بوونی گوڵمحەمەدی سەردار، بەس کراسەکەی بەری بوو.

بۆچوونی جەماوەر. پانایی قووڵ و پڕ ئاسمانی بۆچوونی مەردم. نیشتگەیەکی زۆر بەرز و زۆر بێ متمانە. نیشتگەیەکی زۆر بەشکۆ و بەدیمەن و زۆر ترسناک. کەوشەنێکی نێوان زەوی و ئاسمان. گێژەنێکی پڕ مەترسیە ئەم کورسیە بەرزە. مەترسیدار و ناچار، بەرز و بێ لادان. بۆیە بەدگومانی و بڕوا بەخۆ و جێ و نیشتگەی، بە تێک ئاڵاوی و بەجارێ هەبوو. بەدگومانی و ئەرخایەنی، ناهێمنی و بڕوا، بەدگومانی لە بێ متمانەیی تەخت و جێگەی، دڵنیا بوون لە ڕاستەقینەبوونی کار.

باوەڕی ڕاستەقینەی هەبوون. بڕوای -هەرچەند نە ئاشکرای- ئەوەی کە تۆ لە ناخی خەڵکدا هەی، بڕوای ئەوەی کە تۆ لە خەڵکدا بوونێکی ئاشکرات هەیە. باوەڕی ئەوەی کە "تۆ" تاودانەوەی تۆیە لە ئاوێنەی چاواندا و لە پەرداختی گیانی جەماوەردا، ڕەنگ و مایەیەکیتر ئەدا بە کارەکەت. بڕوای هاوبوونی بە ئاشکرای هەبوون، بناخەی خۆی لە پاراستنی گیاندا، لە بنەڕەتەوە بەراوەژوو ئەکات. ئەوەندە بەراوەژوو کە -لە چاوانی لە حەژمەتان داچەقاوی ئاوەزدا- پارێزگاری گیان خۆی بەخت ئەکا بە خۆبەختکردن. دێوانەسەری و کارەسات، زاڵە بە سەر ئاوەز و ژیریدا.

پاڵەوان! چ کارەساتێکە خودی پاڵەوانی! لە شەڕگەی تەنگەبەر و تەنگژەی ڕۆژگاردا، ئیتر نە پاڵەوان، بگرە تەواوی جیهان و هەموو هێزی هەبوون دەسەڵاتی خۆی لەو بار ئەکا. ئەڵێی ئەوە نەخۆیەتی، بەڵکوو یەکێکیترە کە لەودا ئەجووڵێتەوە بە کار و کردار. مایەیەکی سەمەرە و گەوهەرێک کە -ڕەنگە- لە یەکەم نیگادا نەناسرێتەوە، دەرئەکەوێ. مایەیەک بە پشکووتنی کردەوەی چاوەڕوان نەکراو، پڕ لە سەرسووڕمان.

دیار بوون و بەرجەستە بوون بە شکۆی پاڵەوان لە چاوی جەماوەردا، خۆی لەم وزەیە و لەم بابەتە. کەم شکۆمەندی و بەرزبوونەوە، نە بە کەسایەتی پاڵەوانەکە، بەڵکوو بە کەڵەکە بوونی وزەی بوونە لەودا. کە ئەم شکۆمەندی و دەسەڵات و جوانیەش تاودانەوەی بوونە لە گەوهەری ئەودا. تاودانەوەی جیهانە ئەو، هەر بەو جۆرەی کە چاوی ڕەبەن و بۆرەپیاو لەودا بە خودی ئەو ئەبینێ. بەڵام... بێ "خود"تر لە پاڵەوان، کێیە؟ بێ "خود"تر لە خودی پاڵەوان؟!

چەندە ئاستەمە، چەندە ئاستەمە بە پاڵەوانی مانەوە! دژوار نییە بە پاڵەوان بوون؛ بەڵام دژوارە بە پاڵەوانی مانەوە! مانەوە، بەردەوام بوون. بەردەوامی نە لە گەناوی کۆنی دوێنێدا، بەڵکوو بە تەختی سینەی بەردەڵان و نەوزای بەیانیەوە. مانەوە، مانەوە بەپێوەری پێوان؛ بۆ پێشەوە و تێپەڕین و ڕێبازی ڕۆیشتن دەماودەم دژوارتر. مانەوە لە گوزەری پڕ ئەشکەنجەی ساتەکانی هەموو ساتێکی سەرکەوتن. پەڕینەوەی

نەگونجاو، لە یەکەوە بۆ یەکی دی. پشوونەدان، پشوونەدانی گیانکێش، لە هەوڵدانێکی دژوار و ئاستەم و بێکۆتاییدا. ڕۆیشتن. ڕۆیشتن، بۆ پاراستن و پارێزگاری مرێنەری ڕۆیشتنی نیشانەی سەرفرازی. ڕۆیشتن و تێپەڕین، بە بێ وەستان بۆ خواردنەوەی زەرکێکی سازگار. گوزەر، گوزەر، گوزەر! گوزەر لە ئەشکەنجە. گوزەر لە ئەشکەنجە، گوزەری ئەشکەنجە لە ناخی ئەشکەنجەدا. نەفرەتکراوی نەفرەت لێکراو. نەفرینی گەڕان، لێگەڕانی پەیکار تا پەیکار. گەڕان و بازدان. بازدان لە لووتکەیەکەوە بۆ لووتکەیەک. لە شەڕگەیەکەوە بۆ شەڕگەیەک. لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێک. لە ئازارێکەوە بۆ ئازارێک لە سەر شەپۆل شەپۆلی ڕەوانی ئازارەکان. هەنگاو و هەنگاو و هەنگاو. گوزەری هەنگاو و پەڕینەوە لە زنجیرەی نەپچڕاوی ژان، ئەشکەنجەیەکی "روستەم"انە. مەیدان، مەیدان، مەیدان. مەیدان و شەڕگە. گۆپاڵ و ئەرژەنگ و هەتاو. مامزە و هاوار. فەرتەنە و قیژە و هەرا، حیلە و شەڕ و شیوەن. هەرا و بانگ و هاوار. دەنگ، دەنگ. دەنگی جرینگە جرینگ. ئاگر، تۆزوخۆڵ، مەیدان، مەیدان. شەڕگە، شەڕگە. نەیەک، نەسەد، نەیەک هەزار. بێ ئەژمار، بێ پچڕانەوە، تا... تا هەناسەت کەی ڕاوەستێ، پاڵەوان! کە نەفرینی هەموو هەتیوەکانی زەوی لەگەڵ تۆیە!

کار، سەروبن. عەیار، ئاوەژوو. کە پارێزگاری، چارەی لە بەختکردندا ئەبینێتەوە. کە مانەوە، چارەی لە تیاچووندایە. کە ئاوەدانی لە کاولبووندایە. بوون، چارەی لە نەبووندایە.

پێوەر، بەراوەژوو. کردار سەرەونخوون. چاوی ژیری زۆر بە ئاستەم هەڵدێ و لێک ئەبێتەوە. ئاوەز، دێوانە ئەبێ. عەوداڵی هەردەگێڵ!

گوڵمحەمەد بۆ دیدار ئەچێت؛ نەچێت؟!

گوڵمحەمەد لەگەڵ جیهەن خانی سەردار ژوانی هەیە؛ پەیمانی بشکێنێ؟!

گوڵمحەمەد، دوژمنەکانی بە پیلانی دەست لە ناو دەست داوێکیان بۆ ناوەتەوە، پێ لە داوی فێڵەبازانەی دوژمن نەنێ؟!

گوڵمحەمەدیان بۆ جەژن و شێو و شایلۆغان بانگهێشتووە؛ لە

جەژن و شێو و شایلۆغان نەبێ؟

گوڵمحەمەدیان بە نان و نمەک... بیداتە دواوە نزیکی و دەست و نان و نمەک؟

ـ «رایانخستووە داوی ڕەنگین لە بەر پێتدا، پێشوازیی سەرت! ئاخر کامە سەر، بە چاوی ئاوەڵەوە پێ ئەخاتە میوانی خوێناوی؟ نە سفرەیە، داوی ڕاخراوە لە بەر هەیوان، بۆنی وشکی خوێن! نان نییە ئەوەی لە سەر خوانچەیە، ژەهرە و خەنجەر و درۆیە. خوێن! سەر ئەدەی لە پێناوی درۆ و فریودا؟ کەم بووە لە دیرۆکدا مەگەر، بەم جۆرە سەر بەبادان؟!»

ـ «منیان بۆ نان و نمەک بانگ کردووە، بۆ جەژن و شێو و شانیەشەکێ!»

ـ کەم بوون لە کات و کاتان، لە خوێنی میوان، خوێناوی بووە سفرە و نان و نمەک و سفرەی میوانیان؟ کەممان بینیوە خوێناوی بووە سفرەی شەو و شێو و شایلۆغان، بە خوێنی میوان؟!»

ـ «نەخێر! زۆر بووە، زۆرمان بینیوە!»

ـ «دوژمن، دوژمن، دوژمن. ئەم جەژنە، ئەم شێوە، وا پێئەچێ ودمی نەبێ!»

ـ «ئەمەش نەگونجاو نییە، ئەمەش ئەلوێ!»

ـ «دەست بە یەکی ئەکەن و بەجارێ، ئەم خێڵە، ئەم قوماشە خەڵکە، یەکڕوو نین ئەگەر هیچکات، بەڵام هاودەست بوون هەمیشە لە کاری کوشتن و فێڵەبازیدا، هاودەست بوون لە تاوان و...»

ـ «لە دوژمنت بە تەمای دەرفەت مەبە؛ هەرچەند چاوەڕێی!»

ـ «ئەمەم نە لە ئەڤان و ویستەوە وەدەست کەوتووە!»

ـ «بکشێرەوە! پێ بکێشەرەوە لەم تەڵە و لەم داوە!»

ـ «بکشێمەوە؟! چۆن بکشێمەوە بە بێ تۆ، پیاو؟ چۆن بکشێمەوە بە بێ تۆ، پیاو؟ چۆن بکشێمەوە؟ پێکەوە بووین و پێکەوەش ئەڕۆین!»

ـ «ئەڕۆین و ئەڕۆین. پێکەوە بووین و پێکەوە ئەڕۆین؛ چی ئەبێ با ببێ. راببێ هەرچی، کە ئەیەوێ ببێ!»

گوڵمحەمەد ئاوڕی لە خانئاپۆ دایەوە کە لە پشتیەوە داژووت.

خانئاپۆ پاش سەرخەوێکی کورت، ئەوا سەری بە سەر شانیەوە ڕاگرتبوو و لەغاوی گرتبوو بە دەستەوە. بۆ ئەوەی لەگەڵ مامی ببێ بە هەمبەر، گوڵمحەمەد قەرەی خاو کردەوە و بە هەندێ خۆ ڕاشەکاندن لە نێوان خانئاپۆ و ستار جێگەی خۆی کردەوە. سێ سوار، پێشڕەوی لکی خاو و خلیچک. گوڵمحەمەد ڕوانیە خانئاپۆ و پرسی:

ــ بیر لە چی ئەکەیتەوە خانئاپۆ؟!

خانئاپۆ بەری دەستی هێنا بە ڕوومەتیدا و وەڵامی دایەوە:

ــ لە ئەندێشەی ئەندێشەکانی تۆدا!

بە مایەیەک لە گاڵتەوە، گوڵمحەمەد پێکەنی و وتی:

ــ من لە چ ئەندێشەیەکدا بووم؟

خانئاپۆ تێی ڕوانی و وتی:

ــ لە ئەندێشەی ئەوەدا بووی کە خەڵکی چ ئەندێشەیەکیان دەربارەت هەیە!

گوڵمحەمەد بزەی لە سەر لێوی لادا و وتی:

ــ چەندە چاک یەکدیمان ناسیوە، ئاپۆ گیان! چی بکەم ئیتر؟ بۆ تاوێکیش ناتوانم لەو بیرانە خافڵ ببم!

خانئاپۆ بە بێوازییەوە وتی:

ــ تووڕیان دە! خەڵکی چۆن بیر ئەکاتەوە با بیکاتەوە. ئێمە خۆ نانمان بە دەمی خەڵکی ناخۆین!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ناتوانین زۆریش بێگەم بین، خانئاپۆ. کارمان ئیتر لەوانە ترازاوە کە لە ڕەوەندی خۆمان و لەگەڵ خۆمان بژین. ناومان کەوتۆتە سەر زاران. هەر هەنگاوێک کە هەڵگرین، هەر کارێک بکەین، خەڵکی تێمان ئەڕوانن. بەخت لەوەدا یارمان نییە کە ئێمە دیارین. لە بەر ئەوەش ئەبێ کارێک نەکەین بە ترسنۆک ناو دەربکەین. ئەزانی چەندە بە زیانمان تەواو ئەبێ ئەگەر بە ترسنۆک ناومان دەرچێ؟... ئەرێ؟

خانئاپۆ سەری بە قورسی لەقاند و وتی:

ــ ئەزانم... ئەزانم!

گوڵمحەمەد درێژەی دا:

ــ خۆ خەڵک ئەناسی!... خەڵک ترسنۆکیان خۆش ناوێ، هەرچەندە خۆشیان زۆر ئازا نین! ئەوان ڕقیان لە لاوازی و بێتواناییە، هەرچەند خۆشیان کەمتر بەهێز و بەتوانان! ئەم خەڵکەی من دیومە خۆبەخۆ پشتیوانی دەسەڵاتن، لە پشت کەسێکن کە بەتوانا بێ. بەڵام ئەگەر دەسەڵاتەکەی کز ببێ، مەردم خۆبەخۆ لێی ئەتەکێنەوە. ئەو دەسەڵاتەی کە پەسندی ئەوانە ئەگەر بکەوێ، هەر ئەم خەڵکە، دەسبەجێ، پێشێلی ئەکەن و بە سەریدا ئەڕۆن. پێشێلی ئەکەن خودی ئەم خەڵکە! کە وا بوو بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەت لەگەڵ بێ، ئەبێ هەمیشە کارێک بکەی کە ئەوان تۆ وەکوو دەسەڵاتێک ببینن. ئەبێ بە جەربەزە بتناسن! ئەگەر ببینن یان ببیسن کە تۆ خاو بوویتەتەوە، خاو ئەبنەوە و بەجێت ئەهێڵن؛ ئەگەر ببیسن ترست لێ نیشتووە! حکوومەت کاتێک ئەتوانێ ئێمە بشکێنێ کە سەرەتا لە دڵ و ئەندێشەی خەڵکیدا بمانشکێنێ. بۆیەشە هەوڵ ئەدەن بە ناوی ئێمەوە تاوان بکەن، بە ناوی ئێمەوە دزی بکەن و بە ناوی ئێمەوە بێ نامووسی بکەن. ئەمە هەم من تێگەیشتووم و هەم تۆیش کە ئەو جۆرە کارانە بۆ زڕاندنی ناو و ئاوازەی ئێمە و بە مەبەستی بەدناوکردنی ئێمە ئەکرێ. هەمووومان لەمە تێگەیشتووین!

خانئاپۆ هەروا کە نیگای لە نووکی گوێی ئەسپەکەی بوو، وەک بڵێی هەموو قسەکانی گوڵمحەمەدی نەبیستبێ، وتی:

ــ ناو و ئاوازەم بۆ چییە؟ ناوم کاتێک ئەوێ سەرم بە سەر شانمەوە بێ! کاتێکە نەبم ناو و ناوبانگم بۆ چییە؟!

گوڵمحەمەد بە ئارامی وتی:

ــ ئەگەر بە دەست ئێمە بوایە، ئەوەی کە تۆ ئەتەوێ باشترین بوو، خانئاپۆ! بەڵام خۆ چارەی کار ئیتر بە دەست ئێمە نییە. ئێمە و ناومان یەکەیەکین. خۆ ناتوانین خۆمان بکەین بە دوو شەقەوە! ئەگەر هەین بە ناومانەوە هەین و، ئەگەر نین بە ناومانەوە نین!

خانئاپۆ وتی:

ــ پاڵەوان زیندووی خۆشە، مامە گیان!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ پاڵەوان زیندوو و مردووی پاڵەوانە، خانئاپۆ!

ــ بەڵام ئەبێ زیندوو بین!... ئەمکارەش خۆی هونەری ئەوێ! ئێمە ئەبێ هونەرەکەیمان هەبێ؛ هونەری زیندوو مانەوە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ هەتا ئێستە بوومانە و لەمەولاش پەیدای ئەکەین!

ــ نەک پێت وابێ من ئەترسم، گوڵمحەمەد!

ــ هەرگیز، خانئاپۆ! بیری وا بە مێشکی مندا نایەت! بیری وا بێجێ ئەکا خۆی بنوێنێ!

ــ دەسا گوێ لە گوتەم بگرە!

ــ سەرتاپێ گوێم!

ــ ئێمە خەریکین بەرەو داو ئەڕۆین. بە چاوی ئاواڵەوە خەریکین بەرەو تەپکە ئەڕۆین. جا کەوایە ڕێگە بدە با بزانین ئەمانەوێ چی بکەین! لانیکەم با دابنیشین و گەلاڵەی کارمان دابڕێژین! ئەملا و ئەولای سەیر بکەین و تاوتوێی بکەین و هەڵی سەنگێنین!

ــ هەر بۆیەشە ئەمانەوێ لە ناو ڕێ لابدەین. بۆ ئەوەی گفتوگۆی لە سەر بکەین. ئا ستار؟!... تۆ خۆ بەئاگای؟

ــ بەڵێ، سەردار!

ــ بیستت خانئاپۆم چ پێشنیارێکی هەیە؟

ــ گوێم لێتانە، سەردار!

گوڵمحەمەد لە ستار ورد بوویەوە و وتی:

ــ تۆ ئەڵێی چی؟

ستار لە بەر سینەی گوڵمحەمەدەوە سەیری خانئاپۆی کرد و لە وەڵامدا وتی:

ــ بیری لێ ئەکەمەوە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بزانە کەللەت چ وەڵام ئەداتەوە!

ستار بە پێکەنینێکەوە کە ئەتوت لە ناخی ئێسکە ماندووەکانیەوە

دێ، ڕوانیە گوڵمحەمەد و وتی:

ــ تۆ بڕیارت داوە بڕۆی، کە وایە ئیتر بۆ لە ئێمە ئەپرسی؟

ڕەق و ڕووت، گوڵمحەمەد وتی:

ــ تۆ لەبری من بوایەتی نەئەڕۆیشتی؟!

ستار ڕووی وەرگێڕا و وتی:

ــ نازانم! نازانم ئەگەر من بوایەتم چیم ئەکرد!

گوڵمحەمەد شپرزە و شەڵەژاو، لەغاوی بۆ تاودانی قەرە ڕاوەشاند و وەک بە خۆی بڵێ وتی:

ــ منیش نازانم؛ منیش... نەفرینی خوا...

ئاژووت. ئاژووتن پێی خێرا کرد و خاک بە دوای سمی ئەسپەکاندا چوو بە حەوادا. ڕێ لە بڕێوە. تارمایی کاروانسەرا، لە شەوی نووتەکدا نمای دەرکەوت. تا بگەنە بن دیواری کاروانسەرا تاوە غارێک زیاتری نەمابوو. ئەمەش کاروانسەرا. ئەستێر و جۆگەی ئاو لای سەرەوە، ئامادەی شۆردن و خواردنەوە. ئاوەزەنگی بەتاڵ. شەکەتی. ئەسپەکان شەکەت. پیاوەکان شەکەت. تا گەڕانی ئەسپەکان بە ناو مەیدانەکەی بەردەم کاروانسەرادا، دەرگا ئەبوایە بکرێتەوە و شوێنی خەوتن و دانیشتن، تەیار بکرێ. کترییەکان بخرێتە سەر ئاگر و چرا پلیتە دابگیرێنرێ. ئاخوڕی ئەسپەکان ئەبێ لە خەوش و خۆڵ و بۆژوو خاوێن بکرێتەوە و کێشک بچنە ناو برجەکان. ئەمکارە لە ئەستۆی بەگمحەمەد بوو:

ــ چوار پیاو، لە ناو چوار برج. دوو کەسیش لە بەر دەروازە ئێشک ئەگرن. یەکێک لەگەڵ من. ئەسپەکانیش بهێننە ژوورەوە بیگەڕێنن!

بە دوای ئەسپەکاندا، گوڵمحەمەد و خانئاپۆ و ستار چوونە ناو داڵانەکە. بەگمحەمەد لای دەروازەکەوە بۆ چاودێری ڕاوەستابوو. گوڵمحەمەد لە بەر سینەی براکەی پێی سست کرد و وتی:

ــ ماوەی ئێشکگرتن کەم بکەرەوە؛ پیاوەکان ماندوون!... وا دیارە خۆت بە سەر زینەوە سەرخەوێکت شکاندووە؟

ــ خەو کە دێت مرۆڤ دەسبەجێ ئەکوژێتەوە!

خانئاپۆ پێی نایە سەر سەکۆکە، لەشی قورسی چالاکانە

سەرخست و گرماندی:

ــ کوێ ئەگەڕای لە خەودا گوڵی مامە؟ لە کوێ ئەگەڕای؟!

ستار لە شەرمی تاودانەوەی لاتاوەکەی خانئاپۆ خۆی کشاندەوە بۆ ئەوەی خانئاپۆ بچێتە ناو هۆدەکەوە. خانئاپۆ شانی دانەواند و چووە ژوورەوە. ستار بەر لەوەی بە دوای خانئاپۆدا بچێتە ناو هۆدەکە، سەیرێکی دەروازەکەی کرد و بینی کە بەگمحەمەد لەتەکانی دەروازەکەی هێناوەتەوە یەک و خۆی خەریکە لە درزی دەرگاکەوە ئەچێتە دەرەوە.

ئەوەی ئەبوا، کرابوو.

ئەسپەکان عارەقەیان دامردبوویەوە، لای ئاخوڕەکان بەسترابوونەوە. تاک و تەرایان لە بەر ئاخوڕەکان تل ببوونەوە. تفەنگدارەکان خەریکی ئامادەکردنی جێخەو و پیاڵەیەک چا بوون و لە بیری نۆرە کێشکی خۆیاندا. هەندێک خەو فڕاندبوونی و بە فەرمانی سەردار، نۆرەکێشک کورت کرابوویەوە بۆ ئەوەی ماندوێتی و بێخەوی دابەش کرابێ. بەگوێرەی ئەمە زۆربەی پیاوەکان ئەبوایە کێشک بگرن بۆ ئەوەی قورسایی کارەکە تەنک ببێ. نەکا چەند کەسێک لە بن باری بێخەویدا پشتی بچەمێ و بەرەبەیان توانای کار و خەباتی نەبێ. ئێستەش گیان سەختەکان کردبوویانە سەر برجەکان و لە بەر دەروازەش، خودی بەگمحەمەد و هاوپێیەک خەریکی شەوداری بوون، وەک هەمیشە. وا پێ‌ئەچوو بۆ پارێزگاری لە کاکی، جگە لە چاوەکانی خۆی و بڕنەوەکەی خۆی بڕوای بە کەس نەبوو.

خانئاپۆ پیاڵەکەی لە دەستی کوڕی گوڵخانم وەرگرت، لە بەر دەمی گوڵمحەمەدی دانا و وتی:

ــ من لەبری بەگمحەمەد ئێشک ئەگرم. لە سەر ئەسپەکە وەنەوزێکم دا.

گوڵمحەمەد کلۆی نەباتەکەی خستە سەر زمانی و وتی:

من جارێ ئەتوانم بە ئاگا بم. کێشکی دووەم خۆم ڕائەوەستم.

خانئاپۆ فووی کرد لە چا داخەکە و وتی:

ــ ئەزانی چەن شەوە لەسەریەک نەخەوتووی؟ بێخەوی مرۆڤ

ئەپووکێنێتەوە؛ کێویش بی پووکت ئەکا!

گوڵمحەمەد قومی دا لە چاکەی و وتی:

ــ من وەکوو سەگ ئەخەوم. لەم چەن شەوەشدا جارجارە سەرخەوێکم شکاندووە. ئەوەندەی چاوم گەرم ببێ، قاچم وزەی دێتەوە بەبەردا.

خانئاپۆ پیاڵە بەتاڵەکەی دایەوە بە محەمەمەدڕەزای گوڵخانم کە لە سەر چۆکێک دانیشتبوو و کتری چاکەی لای ئەژنۆیەوە دانابوو و وتی:

ــ لە بێخەوی خافڵ مەبە، مامە گیان! لەپڕ پیاو ئەخات. وزەی جەوانی هێشتا لە ئەژنۆت دایە، بەڵام ئاگات لەوە نییە کە ئەم بێخەوییانە تەمەنی مرۆڤ کورت ئەکاتەوە!

گوڵمحەمەد بە پێکەنینێکی شۆخەوە ڕوانیە خانئاپۆ و بە ستاری وت:

ــ خانئاپۆ هێشتاش بە دوای تەمەنی درێژەوەیە!

ــ خان ئاپۆ پێکەنینی تێکەڵ بە پێکەنین کرد و وتی:

ــ بۆ نەبم؟ بۆ نەبم، ها؟! هێشتاش بیری ئەوەم هەیە دایک و کچێک بدۆزمەوە و لەگەڵ ستارخان بچین بۆ داواکاری! تازە ئەمەوێ ببم بە زاوای ستارخان!

گوڵمحەمەد لە دڵەوە دای لە قاقا و وتی:

ــ واتە ئەتەوێ کچەکە بۆ خۆت بێ و ستار بکەی بە تووشی دایکەکەوە؟!

خانئاپۆ ددانەکانی بە پێکەنین دەرخست و وتی:

ــ ئەی ئەتەوێ من دایکەکە هەڵگرم؟!

ــ های ی ی ...

لە جەنگەی گاڵتە و پێکەنینی پیاوەکاندا، محەمەمەدڕەزای گوڵخانم خەوی لێکەوتبوو. هەر بەو جۆرەی لە سەر هەر دوو چۆکی دانیشتبوو، ناوقەدی چەمابوو، ملی بۆ بەرەوە نووشتابوویەوە و نووکی لووتی خەریک بوو ئەنیشتە سەر دەسکی ڕەشی کترییەکە. جارێکیتر گوڵمحەمەد قاقای بەرز بوویەوە، بەڵام خانئاپۆ دەستە گەورەکەی بە

پەنجەی کراوەوە بەرەو گوڵمحەمەد بەرز کردەوە و داوای لێکرد بێدەنگ بێ. پاشان داوە دەزوویەکی لە توربێنەکە دەرهێنا، سەری دەزووەکەی با دا، کترییەکەی لە بن لووتی کوڕی گوڵخانم لادا و بۆ خۆی لە سەر پشت ڕاکشا بە جۆرێک بتوانێ دەزوە بادراوەکە لە کونە لووتی محەمەمەدڕەزای گوڵخانمدا با بدات. کاردانەوەی محەمەمەدڕەزای گوڵخانم قاقای لە دڵی خانئاپۆ بەرز کردەوە. پێکەنین لە ناو ژوورەکەدا دەنگی دایەوە، بەڵام کوڕی گوڵخانم هێشتاش خەوتبوو و سەروملی کە ڕاپسکابوو، جارێکی دی خەریک بوو دائەشۆڕایەوە بۆ خوارەوە.

خانئاپۆ کەوتەوە چەتوونی کردن و ڕایەکیتریش دەزووەکەی کردەوە بە کونە لووتی کابرادا. ئەمجار محەمەمەدڕەزای گوڵخانم یەک بە خۆی پژمی و وامەزانە کلکی مارمێلک لووتی ئەسوێنێتەوە، لە خەوەکەی بەردەوام بوو. خانئاپۆ کلکی دەزووەکەی لە سەر گڕی چراپلیتەکە ڕاگرت و سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد بە نارەزایی سەری ڕاوەشاند و نەیویست خانئاپۆ دەزووە نیوسووتەکە لە سمێڵی کوڕی گوڵخانم نزیک بکاتەوە و وتی بیخەوێنن.

ئەوەندەی خانئاپۆ خۆی لە سەر عەرزەکە خڕ کاتەوە، ستار ڕابوو و بنباڵی محەمەمەدڕەزای گوڵخانمی گرت، وەکوو شەڵتەیەک گەنم ڕایکێشا بۆ قەراخ دیوارەکە، گیوەی لەپێ دەرهێنا و کردی بە سەرینی. چۆخە کۆنێکی دا بە سەریدا و گەڕایەوە لە سەر جێی خۆی دانیشتەوە.

گوڵمحەمەد نیگای لە خەوتووی کوڕی گوڵخانم، وتی:

ــ واین لە نزیک گوند و ماڵەکەی. ئەگەر ڕێ بکەوێ یەک دوو ڕۆژ بینێرینەوە بچێتەوە بۆ گوند و لای ژن و منداڵەکەی. لە بیرت بێ خانئاپۆ!

خانئاپۆ بە تەوسەوە ئیشەڵڵای کرد. گوڵمحەمەد وتی:

ــ مەبەستت ئەوەیە ئەگەر توانیمان بە ساخی دەربچین، ئەرێ؟

ــ گیان بە ساخی... هەر دەرئەبەین! بەڵام... تۆ ڕۆژگار چۆن ئەبینی وەستا ستار؟!

چاوەکانی ستار لە بەر ڕووناکی لەرزۆکی چراپلیتەکەدا تەنگتر ببوویەوە و گلێنەکانی تەواو لە نووکی درەوش ئەچوون. تاوێک لە

چاوەکانی خانئاپۆ ورد بوویەوە و پاشان وتی:

ــ با خانمحەمەد لە مەشهەد بگەڕێتەوە!... خانمحەمەد کە بگەڕێتەوە دەرئەکەوێت ڕۆژگار بە کام باردا ئەگەڕێ.

ــ بۆچی؟ بۆ خانمحەمەد بگەڕێتەوە دەرئەکەوێ؟

ستار کە نیگای گوڵمحەمەدی لە سەر نەرمەی گوێی خۆی هەست پێکرد، لە وەڵامی خانئاپۆدا وتی:

ــ خانمحەمەد کە بگەڕێتەوە، دەرئەکەوێ حکوومەت چ بەرنامەیەکی بۆ داناوین. هەڵبەت ئێستەش تا ڕادەیەک ڕوونە چ مەبەستێکی بۆمان هەیە. بەڵام ئەوسا ڕوون ئەبێتەوە چ بڕیارێکی داوە. شێوازەکەی ڕوون ئەبێتەوە.

خانئاپۆ سەری بە قورسی لەقاند و نیگای بڕییە گوڵمحەمەد:

ــ ئاهاااا... ئـمممم!

خانئاپۆ جارێکیتر ڕووی کردە ستار و بەپرسەوە وتی:

ــ کاکڵی قسەکەی تۆ... مەبەستت ئەوەیە ئاغەواتەکان... ئەم خانانە سەربەخۆ هیچیان پێناکرێ؟

ستار لە وەڵامدا وتی:

ــ ئەکرێ... بۆ پێیان ناکرێ! بەڵام... بەڵام ئەم کۆمەڵەیە بە تەنها بە هێزی خۆی ناچێ بۆ جەنگ! جگە لەو هەموو پۆخڵەواتە، شتیتریشی هەیە. زۆر خوێڕی و بێچاو و ڕووە؛ لە پشیلەش خراپتر. ئاماژەی ئەوەی خۆی پیشان ئەدا، زۆریش ترسنۆک و بێغیرەتە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش زۆر خۆپارێزە. مەبەست ئەوەیە زۆر کەم ڕەمەکی تێوە ئەچێ. لە هەر کارێکدا تا دڵنیا نەبێ کە ئەیباتەوە، خۆی تێکەڵ ناکا. بۆیەشە بۆ ئەو کارە پڕمەترسیە ئەبێ پشتی قورس و مسۆگەر بێ.

ــ تۆزێک زیاتر شی بکەرەوە قسەکانت!

ستار بۆ گوڵمحەمەد کە داوای لێکردبوو، شرۆڤەی کرد:

ــ وەک وتم سەرەڕای ئەو هەموو پۆخڵەواتەی کە هەیەتی کۆمەڵەی زەویدار، بێغیرەت و دووڕوو و ترسنۆک و پارێزکارە. بێغیرەت و بێچاو و ڕووە چونکە لە هەمانکاتدا کە دەستێکی لەگەڵ تۆ لە کاسەیەک

دایە، بە دەستەکەیتری تەڵەت بۆ ئەنێتەوە. ترسنۆک و خوێڕییە، لە بەر ئەمەش لەگەڵ دوژمنی لەخۆی کارامەتر و ئازاتر هەرگیز ناکەوێتە جەنگەوە. پارێزکارە، لە بەر ئەمەش هەڵوێستی خۆی بۆ خەنیمەکەی ڕوون ناکاتەوە. بابەتەکە لێڵ و پادەرحەوا ڕائەگرێ. لافی دۆستایەتی لێئەدا و لە شانەوە سەد درۆی ڕەنگاوڕەنگ ئەنێ بە یەکەوە و وا خۆی پیشان ئەدا خەنیمەکەی سەری لێ بشێوێ. بەڵام ئەم وازی کردنە تا ئەو کاتەیە کە لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا نییە. هەر ئەوەندەی کە ئەرخایەن بوو ئەتوانێ بە سەر خەنیمەکەیدا زاڵ ببێ، هار ئەبێ و هەموو گیانی یەکپارچە ئەبێ بە دوژمنی و خوێڕیەتی. ئەوەندەش سپڵە و بێچاو و ڕووی لێ دەرئەچێ کە ئەڵێی لە هەموو ژیانی خۆیدا تەنها یەکجاریش تۆی نەبینیوە و نەتیناسیوە، چ بگا بەوەی چاک و چۆنی لەگەڵت هەبێ و چەندەها جار نان و نمەکی لەگەڵت کردبێ.

لەو پچڕانە کورتەی کەوتەوە، خانئاپۆ پرسی:

ــ شتێکیتریش...

ــ وەک وتم هەرگیز بێبوار لە ئاو نادا! ئەیەوێ پشتی بەو کارەی لە پێشیەتی قورس بێ. بۆیە ساتێکیش لە پەیداکردنی دەرووی خۆدەربازکردن خافڵ نابێ. ئەم شوێنەی کارەکەیە کە ئەڵێم ئەگەر خانمحەمەد لە مەشهەد بێتەوە، دەرئەکەوێ!

گوڵمحەمەد دیسانەوە وتی:

ــ زیاتر قسەکانت شی بکەرەوە!

ستار لەسەرخۆ وتی:

ــ لەوەی کە خانمحەمەد ئەیلێ بۆمان دەرئەکەوێ کە کاری ئالاجاقی و هاودەستەکانی لەگەڵ حکوومەت گەیشتۆتە کوێ. چۆن بڵێم؟ ئەتوانین تێبگەین ئەوانە تا چ ئەندازە پێکەوە ڕێککەوتوون. هاودەنگ بوون بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ و بە لێبڕاوی دەس بوەشێنن؟ هاودەنگ با بڵێین بۆ دەسوەشاندنی کۆتایی. توانیم مەبەستەکەم بگەیەنم؟

خانئاپۆ کە لە بیری ئەو شتەی ستار ئەیوت، چەناگە پتەوەکەی خۆی دابوویە پێشەوە، نیگای گواستەوە بۆ سەر گوڵمحەمەد و سەری

لەقاند:

ــ کەم تا کورتێک، کەم تا کورتێک!

گوڵمحەمەد پرسی:

ــ واتە بە گەڕانەوەی خانمحەمەد لە مەشهەد، بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە ئالاجاقی لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا بووە یان نا، وایە؟

ستار لە وەڵامدا وتی:

ــ بەڵێ! چونکە بەڕای من ئالاجاقی و هاودەستەکانی کاتێک دووڕوویيەکەیان ئەنێنە لاوە و بە ئاشکرا شاخ لە شاخی گوڵمحەمەدی سەردار ئەگیرێنن کە لە لایەن حکوومەتەوە پشتگەرم و دڵنیا کرابێتن. واتە کاتێکە لایان مسۆگەر ببێ کە حکوومەت بڕیاری کۆتایی داوە ئاژاوەکە بخەوێنێ. ئەوسایە کە ئالاجاقیەکان، هەر کامەیان وەکوو تانجی تیژ ئەبنەوە کە لە ماستاوکەرانیتر دوا نەکەون. لەو کاتەدایە کە دۆستی، شەرم و شوورەیی و نان و نمەک لە لای ئەوان پوولێک ناهێنێ.

خانئاپۆ پرسیاری کرد:

ــ لە کوێوە ئەتوانین ئەوە بزانین کە میری لە ڕاستیدا چ بەرنامەیەکی هەیە؟... مەبەستم ئەوەیە بڵێم چۆن ئەتوانین تێبگەین کە میری بە ڕاستی ئەیەوێ چی بکات؟ ئێمە بە ڕاستی خەریکە گێژ ئەبین!... ئێمەیان گێژ کردووە. لە هەر لایەکەوە سازێک ئەژەنن!

ستار وتی:

ــ ئەگەر بتوانین ڕێگە لە گێژبوونی خۆمان بگرین، هەر لەم یەک دوو ڕۆژەدا بۆمان دەرئەکەوێ. دەرئەکەوێ!

خانئاپۆ ئیتر هیچی نەوت و بێدەنگیەکی قورس کەوتەوە. گوڵمحەمەد ڕوانیە ستار و وتی:

ــ کاتی ئەوە نەگەیشتووە بچی بۆ شار و هەوڵ بدەی هەواڵەکان دەس بخەی؟

ستار لە وەڵامدا وتی:

ــ بۆچی نا، کاتی گەیشتووە! هەندێ کاریشم هەیە ئەبێ بیانکەم!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ بۆ زووتر نەتوت؟ بتوتایەت!

ـ ویستم خۆت بیڵێیت.

ـ ترسای وابزانم ئەترسی؟

ـ یەکیشیان ئەوە بوو!

ـ دووەمیشی مەگەر هەیە؟

ـ ئەوەی کە سەرەکیە!

ـ کامە؟!

ستار وتی:

ـ هێشتا وەڵامم لێوەرنەگرتوویتەوە!

ـ وەڵامی چی؟

ستار بزەیەکی هێنایە سەر لێوی و وتی:

ـ من لە لایەن جووتیارەکانی ئالاجاقیەوە هاتبووم...

ـ ئا... ئا... وابوو! ئای... لەو هۆش و بیرەی من چی لێ بە سەر هاتووە!

ستار وتی:

ـ هەتا ئێستە بوندار ئەبێ خەلەکەی گواستبێتەوە بۆ هەمارەکانی ئالاجاقی لەم زەعفەرانیە! من هاتبووم بزانم ئەگەر تۆ جووتیارەکان دڵنیا ئەکەی، من پێیان ڕابگەیەنم بەر بە بردنی دانەوێڵە لە قەڵاچیمەن بگرن. بەڵام ئێستە... تازە زۆر درەنگ بووە. تا ئێستە کوێخا حەسەن سەد قفڵی داوە لە دەرگای هەمارەکان هیچ، دەربەندەکانیشی بە خشت چنیوە و سواخیشی داوە.

گوڵمحەمەد پێکەنی و وتی:

ـ کامە دەربەند هەیە نەتەپێ و کامە قفڵ هەیە کە نەشکێ؟! ئەمێنێتەوە جووتیارەکانی تۆ دڵ و جەربەزەی ئەوەیان هەبێ بەش و هەقی خۆیان بار بکەن و بیبەن، یانیش نەوێرن و دیسانەوەش ببن بە بەردی سەر سەهۆڵ!

ستار بزەکەی خواردەوە و چووە ناو بیرەوە. گوڵمحەمەد وتی:

ـ تۆ لە ئێمەی بگێڕەوە. هەر کات جووتیارەکان ئامادە بوون! چاکە؟!

ستار وتی:

ـ چاکە!

خانئاپۆ لە سەر لا ڕاکشابوو. زۆر لەسەرخۆ دەستی چەپی خستبویە بن چەپی ملی و سەری و، نینۆکی بە دەزووی شەڵتەکەی ڕای خستبوو، یاری ئەکرد. وتووێژەکەی گوڵمحەمەد و ستار کە کۆتایی هات، ئەو هاتە قسە و وتی:

ـ ئەو جۆرەی کە من تێگەیشتم، بڕیار وایە وەستا ستار دەمەوبەیان ڕێ بکەوێ بەرەو شار. ڕەنگیشە بچێ بەرەو قەڵاچیمەن، نازانم! بەڵام بە هەر لایەکدا کە بڕوات، لەو شوێنە نابێ کە ئێمەی لێ ئەبین. لە ڕاستیدا لەو شوێنە نابێ کە ئێمە لەگەڵ خانمحەمەد ژوانمان هەیە! باشە، کاتێکە ستار لەوێ نەبێ کە ئێمە چاومان ئەکەوێ بە خانمحەمەد، ئەو چۆن گوێی لێ ئەبێ خانمحەمەد چ هەواڵێکی لە مەشهەدەوە هێناوە؟ کاتێکە نەزانێ خانمحەمەد چ هەواڵێکی پێیە، چۆن ئەتوانێ ئەوە بزانێ کە میری چ پیلانێکی بۆ ئێمە داڕشتووە؟ کاتێکە ئێمە ئەوە نەزانین کە میری چ پیلانێکی بۆ داناوین، لە کوێوە بزانین بە چ شێوەیەک لەگەڵ ئالاجاقی ڕووبەڕوو ببینەوە؟ ئەمەش قسەیەکە ئیتر! ئێستە کە ئەو باسی قفڵ شکاندن و تەپاندنی شەقڵی دەربەندی هەمارەکانی دانەوێڵە ئەکا، ئەم گوتەیە دێتە ئاراوە؟ ڕاستەکەی ئەوەیە کە وەرگرتنی دەنگوباس لە خانمحەمەد و دیداری ئێمە لەگەڵ جیهەن و چوونمان بۆ قەڵاچیمەن نێوانێکی زۆریان نییە. هەڵبەت ئەویش لە کاتێکایە کە خانمحەمەدیان لە مەشهەد نەگرتبێت و نەیانخستبێتە حەپسەوە. ئەو بەیانی زوو ئەگاتە چاخانەی مەلەک مەنسوور، شوێنی دیدار. بەڵام ئەگەر گرتبێتیان ئەوە هیچ! بەیانی شەوەکەی نا، ئێوارەکەی ئەبێ لە قەڵاچیمەن بین لە زەماوەنی کوڕی بوندار. سەیزو بەیانیش ئەچین بۆ ناو داوەکەی جیهەنی سەرحەدی و، ئەگەر بە بێوەی دەرچووین ئەوسا تازە کوێر و گێژ ئەکەوینە ڕێ بەرەو ئەو تەڵەیەی لە قەڵاچیمەن بۆیان ناوینەتەوە! ئەمانە لایەنەکانی کارەکانە. گریمان خانمحەمەد لە کاتی خۆیدا نەگاتەوە؟ گریمان بەس یەک دوو ڕۆژ بیخلافێنن؛ ئەوسا

چی؟ ها؟ ئەوسا بەرنامەکەمان چی لێدێ؟ تێ ئەگەن ئەمەوێ بڵێم چی؟ پاشان چی ئەبێ؟

گوڵمحەمەد سەیری ستاری کرد. ستار وتی:

ــ دەمەوبەیان، پێش خۆرهەڵات من لە ژوانگە دائەنیشم. بەڵام سوارێک ئەبێ من ببات تا نزیکی گوندی مەلەک مەنسوور. بابزانین چی ڕوو ئەدات!

گوڵمحەمەد سەیری مامی کرد. خانئاپۆ سەری لەقاند و وتی:

ــ ئەوەش خۆی ڕێگەیەکە. خراپیش نییە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ قوربانیش لەو ناوە ئەبێ!

ستار ناخودئاگا وتی:

ــ چ باشتریش!

گوڵمحەمەد بە ستاری وت:

ــ ڕەنگە لەگەڵ محەمەمەدڕەزای گوڵخانم بتانخەمە ڕێ. لێی گەڕێ با هەر لێرە بخەوێ. تۆیش بخەوە ستارخان. خانئاپۆ خۆیشت هەروا کە لارەوە بوویت چاوێک گەرم بکە. من ئەچم بەگمحەمەد ئەنێرمە ژوورەوە!

گوڵمحەمەد ڕابوو. برنەوەکەی لە سووچی دیوارەکە هەڵگرت و چۆخەکەی بە شانیەوە ڕێک کرد. خانئاپۆ هەروا کە بوو، مایەوە. پێڵووەکانی قورس و سەری قورس. ستار پێبەپێی گوڵمحەمەد هەڵسابوو. گوڵمحەمەد بەر لەوەی شانی لە ناو باڵشمەی دەرگاکەدا بچەمێنێتەوە، وەرگەڕایەوە و جارێکیتر بو ستاری وتەوە:

ــ خۆش بخەوە ستار! بەیانی کارمان زۆرە!

لە بێدەنگی ستاردا، گوڵمحەمەد چووە دەرەوە و بەر لەوەی بگەڕێتەوە، دەنگی نەجەف ئەرباب ڕایگرت. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ بازدانە خوارەوەی گوڵمحەمەد لە سەر سەکۆکە. دەنگی نەجەف کفت و گڕ و بێزار، دووپات بوویەوە:

ــ خان... گوڵمحەمەد خان! تفەنگدارەکانت خۆیان لێی خەوتوون

و خەونی حەوت پەریزاد ئەبینن. بلێ یەکیان بێ و پەتی دەست و پێم بکاتەوە، تۆزێ برۆم بەڕێدا. کاری سەرئاوم هەیە ئاخر... پیاو. خۆت... حەز ئەکەی خۆت ئاگات لێم بێ تا ئەچمە سەرئاو!

گوڵمحەمەد ئاماژەی هەموو ماندوێتی و کوتراوی لەشی کە ئەبوایە هەڵچێ و تووڕە ببێ، گوێی لە لاتاوە چەن پاڵووەکەی نەجەف ڕانەگرت. بە بێ گرنگیدان بە بۆڵە بۆڵەکەی کە لە قیژەی کوندەبەبوو ئەچوو و دیار نەبوو لە کام سووچی نووتەکی کاروانسەراڕا دێ، بەرەو دەروازەی داخراو ڕۆیشت و داوای لە بەگمحەمەد کرد دەرگای بۆ بکاتەوە.

دەرگای کاروانسەرا، زاڵ بە سەر دەنگە جووت قۆشە و پچڕپچڕەکەی نەجەف ئەربابدا، بە جیرەیەکی وشک و ڕەق کرایەوە و، گوڵمحەمەد ڕوو لە ڕوخساری براکەی، بۆ ئەوەی ڕێگە بە مشتومڕ نەدات، وتی:

ــ کێشک گۆڕا!

ــ هێشتا...

ــ کێشک گۆڕا! هاونۆرەکەشت لەگەڵ خۆت بەرە!

تفەنگدار و بەگمحەمەد شوێنی خۆیان دا بە گوڵمحەمەد و لە ناو دالانە تاریکەکەدا ون بوون. ماوەی دەنگی نەجەف ئەرباب هێشتا ئەبیسرا. گوڵمحەمەد تای دەرگاکەی هێنایەوە یەک و نیگای ڕەهای ناو شەوەزەنگ، لە مەیدانگەی بن تاقی کاروانسەرا تێپەڕی. خامۆشی خەڵوەتی شەو، تەنها دەنگی پێی کێشکەکان و هاتوچۆیان جارجارە بە ئەسپایی ئەیڕووشاند. پاش تاوێک دەنگی کۆکەی خەواڵووی عەلی چەخماخ لە ناو دالانی کاروانسەراوە بەرز بوویەوە و جیرەی وشکی دەرگاکە هات کە بە ئەسپایی ئەکرایەوە. عەلی چەخماخ بۆ هاوپێیی ئەهات. گوڵمحەمەد بە کاردانەوەیەکی کورت تێی گەیاند ئاگای لە هاتنەکەیەتی و جارێکیتر ڕووی لە نەرمە باکەی بە سەر ئەستێڵەکەدا ئەخونایەوە، بە قەراخ دیواری کاروانسەرادا بەرەوژوور بوویەوە، مەگەر بە شڵپێک ئاو سستی ماندوێتی لە خۆی دوور بکاتەوە.

□ □ □

بەگمحەمەد پێیەک لە ناو دەرگاکە و پێیەک لە ژوورەوە، وەک

بەژنی شکاوی سپینداریک بەر بوویەوە و دەسبەجێ پرخەی بەرز بوویەوە. ستار سەر و شانی هەڵێنا و بێگەمی داخستنەوەی دەرگای ئاواڵە، سەری ماندووی نایەوە سەر باڵی. بەڵام دەنگی نەجەف ئەرباب جارێکیتر بەرز بوویەوە. قیژە و هاواری سەیر و بەردەوام کە ئەتوت بە ڕاستی شێت بووە و تێکچووە، بۆ ساتێک نەئەبڕا و ئەگەر بەو شێوازە بەردەوام بوایەت، بێگومان خەوی ماندووی کاروانسەرای ئەزڕاند.

ــ یەکتان بێ دەستم بکاتەوە، بێ پیرانە... بێ کتێبانە... یەکتان بێت...

خانئاپۆ قورس و بە دژواری سەری خەواڵووی لە سەر توربێنەکە بەرز کردەوە و بە یەکێک کە خۆیشی نەیئەزانی کێیە، وتی:

ــ بڕۆ دەمی ئەو سەگبابە داخە!

گفتی تەواو نەبوو، خەو خانئاپۆی بردەوە و لەم نێوانەدا کەس لە ستار زیاتر بێدار نەبوو گوێی لە قسەکانی خانئاپۆ بێ. کەوابێ ستار ئەبوا بڕوات بە دوای فەرمانی خانئاپۆدا و قیژەو و هەرای ئەربابی سەنگرد دامرکێنێ. بەناچار هەڵسا. نەرم و سووکەڵە -بۆ ئەوەی پێلەقە لە کەس نەنێ- پانتایی ژوورەکەی بڕی، لە دەرگا چووە دەرەوە و لە لێواری سەکۆکە بۆ دۆزینەوەی ئاقاری دەنگەکە وەستا. ئەو دەنگە تاوبەتاو و نالەبارتر و ئاوێتەی جنێوی ئاشکرا و نهێنی ئەبوو:

ــ من خەریکم ئەمرم، ناموسڵمانانە. من خەریکم ئەمرم. من سەرمامە، سەرما. بە تۆی کراسێکەوە لەم هەوای پایزەدا... نەخۆشم من، نەخۆش کەوتووم... ئەی بێبەزەییانە! چەن شەو و ڕۆژە بە سەر ئەسپی ڕووتەوە؟! چەن شەو و ڕۆژ بە یەخسیری؟! چەن شەو و ڕۆژ تینوو و برسی بەملا و ئەولادا ڕاکێشم ئەکەن؟! ئەتانەوێ سەگ کوژم بکەن؟ دەفەرموو بمکوژن و تەواو ئیتر! گوللەیەک بنێن بە مێشکمەوە. خێرێک بکەن و گوللەیەکم پێوە بنێن! لە بەر ڕەزای خوا ئەو کارە بکەن؛ بمکوژن! بمکوژن یان دەستم بکەنەوە بێبەزەییانە! دەستەکانم بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانم سەرئاوێک بکەم!... ئاخر ئێوە مەگەر کێن؟ ئێوە چ جۆرە ئادەمیزادێکن؟! ڕیخۆڵەکانم... ڕیخۆڵەکانم خەریکن ئەتەقن!

ئێسکەکانم سڕ بوون خەریکم ئەمرم! خەریکم ئەمرم نامەردانە. خەریکە شێت ئەبم. خەریکم شێت ئەبم... ئێوە شێتتان کردووم، هەردیتان کردووم، دێوانە... دێوانە...

ستار کە بە دوای دەنگەکەدا تا سووچی کاروانسەرا ڕۆیشتبوو. بە ناو ئەسپەکاندا تێپەڕی و چووە ناو خەوگەی سووچی کاروانسەرا، شوێنی زستانەی پاتاڵەکان و چاوی لە ناو تاریکیەکەدا تیژ کرد. دیوارە ئەستوورە دێرینەکان لە شەوەزەنگی نووتەکدا ون بوون و بۆنی پەینی وشک و ساورمەی کۆن و خاک و خۆڵ بێقڵی ئەتۆزاندەوە. دەنگی نەجەف لە قووڵایی تاریکیە ڕەشەکەوە هەروا ئەهات کە ئەی بۆڕاند و نەڕەی لە ناو بنمیچی خەوگەدا دەنگی ئەدایەوە، بەڵام لەش و پەیکەری بەرچاوی ستار نەئەکەوت.

ــ ئەوەتا لێرەم من، خوێنمژی بێ خوا، لێرەم... بەستوومیانە بە سنگی ماڵبەندی ئاخوڕەکەوە. بەو لایەدا بۆ کامە دەرەک ئەڕۆی! وەرە بەملادا! وەرە بۆ ئێرە و ڕزگارم کە! وەرە لانیکەم قۆناخە تفەنگێک بکێشە بە مەلاشوومدا، وەرە!

ستار گەڕایەوە و هەڵوەستەی کرد. نەی ئەتوانی لە فێڵەبازی ئادەمیزاد خافڵ بێ. قایشی تفەنگەکەی کردە قۆڵی، شەمچەی لە گیرفانی دەرهێنا و تەڵێکی داگیرساند و بردییە بەرەوە. بەڵام شەمچە کارساز نەبوو. تەنها پێش پای ڕوون ببوویەوە و ڕەنگە نەجەف ئەرباب ئەیتوانی لە تاریک و ڕوونی لەرزۆکی گڕەکەدا بەشێکی ڕوخساری ببینێ. کە ئەمەش بەس نەبوو هیچ، خراپتریش بوو! دەست و پێی نەجەف ئەگەر بە شێوەیەک کرابوویەوە، ئەیتوانی بە ئاخێزێک پەلاماری ستار بدات و بە فڕکەیەک تفەنگەکەی لەدەس بفڕێنێ. بۆیە ستار تەڵە شەمچەکەی بردە بەرەوە و بە جەختکردنەوە وتی:

قیژە و هەرات لێرەوە ناگاتە زەعفەرانیەکان، ئەگەر نەخشەی ئەوەت کێشاوە!

دەنگی نەجەف لە ناخی تاریکیەوە وەڵامی دایەوە:

ــ تۆی پینەدۆز!

ـ ئا، منم! وتم لە خۆتەوە مەقیژێنە چونکە لێرەوە دەنگت ناگاتە گوێی نۆکەرەکانی ئالاجاقی! لێرەوە تا زەعفەرانی دوورترە لە قیژەڕێیەک و دیوارەکانی کاروانسەرایش زۆر بەرزن!

نەجەف ئەرباب، شێت و هاری ڕق و گوشار، هاواری کرد:

ـ وەرە دەستەکانم بکەرەوە، خەریکە ئەمرم! کاری سەرئاوم...

ستار هەنگاوێک چووە بەرەوە و وتی:

ـ خۆ نابێ دەر و دنیا بەئاگا بێنی، چونکە کاری سەرئاوت هەیە! هەر لەوێ...

ـ ئاخر دەست و پێم بەستراوە، بێپیر!

ستار ئەوا لە نیوگەزیی دەنگەکەدا وەستابوو و لەوە دڵنیا ببوو کە نەجەف ئەربابیان بە سنگی ماڵبەندی قەراخ ئاخوڕەکەوە بەستۆتەوە. جارێکیتر تەڵە شەمچەیەکی داگیرساند. دەست و گڕەکەی بردە پێشەوە و نیوروخی ماندوو و زەردهەڵاتووی نەجەفی لە بەر ڕووناکیەکەدا سەیر کرد. لە یەکەم نیگادا بینرا کە ڕوخساری نەجەف ئەرباب بەهۆی تووڕەیی و قیژاندنەوە ئاوساوە. کەف داویەتە لالەغاوەی و چاوە خڕە شینەکانی خەریکە لە کالانە دەرئەپەڕێتە دەرەوە.

ماوەی گڕەکە نینۆک و سەرپەنجەی ستاری گەست. ستار تەڵە شەمچەکەی حەوا دا و تا هەڵکردنی تەڵێکیتر بەڕوونی بینی کە نەجەف ئەرباب، بە ڕاستی شەتەک دراوە. نەجەف پشتی بە دیواری خەوگەوە وەک بڵێی لکابێ بە ئاخوڕەکەوە. گشتەکی دەور مەچەکی،، تا بن ناوکی مارپێچ سەرکەوتبوو و لە پشتەوە، مەچەکەکانی گرێ درابوو بە گوڵمێخەکەوە. چاودێرەکەی نەجەف ئەرباب -توغرول- بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی سەر بخاتە سەر خشت، بێخەمی ئازاری یەخسیرەکە، بەو جۆرە شەتەکی دابوو. بۆیە نەجەف خان سەنگردی بەس ئەیتوانی بە پێوە ڕابوەستێ، کە نەی توانیبوو. ئەمەش بەڕای ستار، هەق بوو ئەگەر نەجەف ئەرباب لەوە تووڕەتر و بەهێزتریش بقیژێنێ و جنێو بدات. چونکە نەجەف بە درێژایی ڕێگە بە دەستی بەستراوەوە، بە سەر پشتی ئەسپی ڕووتەوە، تەختایی و بەردەڵان، بە هەموو لایەکدا ڕاکێش کرابوو

و ئێستەش لە وەردیانەکەی کە لە خەوی مەرگ ڕۆچووبوو، کەمتر شەکەت و نیوەگیان نەبوو و لانیکەم مافی ئەوەی هەبوو بخەوێ!

ــ ڕۆژێک هەر ئەتکوژم، پینەدۆز!

ستار پرسی:

ــ ئێستە چیت ئەوێ؟ ڕاستەکەی کاری سەرئاوت هەیە یان...

نەجەف قسەکەی پێ بڕی و قریشکاندی بە سەریدا:

ــ دەستەکانم، دەستەکانم لەم گوڵمێخە بکەرەوە تا شێت نەبووم! دەستەکانم بکەرەوە! دەستەکانم بکەرەوە دایگ سەگی بێ باوک! دەستەکانم بکەرەوە تا شێت نەبووم! زوو... زوو دەستەکانم بکەرەوە!

ئەوەندەی ستار تفەنگەکەی بکاتە شانی و بەرەو نزیکترین ژوور کە تیشکێکی کز لە دەرگای نیوە داخراوەیەوە ئەهاتە دەرەوە، هەڵێت، چرا پلێتەکە هەڵگرێت و بەرەو ئاخوڕەکە بگەڕێتەوە، نەجەف ئەرباب بڕابوو و سەر و شانی بۆ پێشەوە نووشتابوویەوە و بە دەنگێکی زەلیل و لاوازییەکی بەژان کەوتە لالانەوە و گریان:

ــ شێتم مەکەن... ئەی بێبەزەییانە... شێتم مەکەن...

ستار لە خۆی ڕانەئەبینی بۆ کردنەوەی بەندی پیاوێک کە تا سنووری شێتێتی گەیشتووە، لای دیوارەکەی لای سەرەوە تا بەر دەرگای لای خوارەوە، بۆ دەرفەت وەرگرتن لە گوڵمحەمەد بڕوات و بگەڕێتەوە. چونکە زەبوونیەکەی نەجەف ئەوەندە کاری تێکردبوو، بەجارێ خۆی لە شوێنی نەجەفدا ئەبینی؛ گیان بێزار و داماو و شێتۆکە. بە ڕادەیەک کە تەنها ساتێکیش نەی ئەتوانی خۆی ڕابگرێ و ئەبوایە لە بەندی ئەو دێوانەسەری و ئەشکەنجە و مەرگە ڕزگار ببێ. هەستی ئەکرد نابێ لەوە زیاتر ڕاوەستێ، چونکە چاوترووکانێک لە لای بە سەد ساڵ ئەچوو. بۆیە، چی ئەبێ بابێ! چشی لێکرد و کێردی لە بەر قایشی کەمەر دەرهێنا و بە خێرایی پەتەکەی بە سنگەکەوە بەسترابوو بڕی و خۆی کشایەوە. نەجەف ئەرباب وەک لقە دارێکی بە مشار بڕدراو بەربوویەوە و بەڕوودا کەوتە سەر خاکەکە و بەس بیسرا کە وتی:

ـ ئەتکوژم...

ستار کێردەکەی خستەوە بەر پشتوێنی، تفەنگەکەی لە شانی داگرت و چراپلێتەکەی لە سەر لێواری ئاخوڕەکە هەڵگرت و ڕۆیشت بەڵکوو پێخەفێک -ڕەنگە سەرجلێک- پەیدا بکات. دڵنیا بوو نەجەف ئەرباب ئەگەر دەست و پێشی ئازاد بوایە -کە نەبوو- نەی ئەتوانی بەمزووانە گیان و لەشی ماندووی لە چنگ خەو ڕزگار بکات و بیر لە هەڵاتن بکاتەوە:

«لەسەر خۆم! خۆم ئەچم هەواڵەکەی ئەدەم بە گوڵمحەمەد!»

ستار ئەمەی لە بەر خۆیەوە وت و بەرەو دەروازەی کاروانسەرا کشا.

لە پانتایی مەزن و مەنگی بیابان و لە بن ئاسمانی ساماڵی شەودا، لەو شوێنەی گوێی هۆش بە زەمزەمەی نەرم و نیانی جۆگەی ئاوەکە دەستی لە ئەستێڵەکە وەرئەدا، گوڵمحەمەد وەستابوو. سینەی ڕووتی ئەستێڵەکە، لە چاوی ڕوونی ئەستێرەکانی کۆتایی شەودا، گەش و زیوین بوو. زیوین و ڕوون و گەش، بەو ڕادەیەی کە تینوێتی بیابانی دوو بەرامبەر ئەکرد.

گوڵمحەمەد لە قەراخ ئاوبەندەکە وەستابوو، ئەوەندە نزیک کە سینەی تەختی کڵاشەکەی لە نەرمە بزووتی ئاوەکە نەم هەڵبگرێ. لە بەرەگەی ڕوانینی گوڵمحەمەددا شەو بتون لە ئەستێڵە ئارامەکەدا تاوی دابوویەوە. شەو ساماڵ و ئەستێرەکان زەلاڵ. لە سەر شینکی زیوینی ئەستێڵەکە، گوڵمحەمەد ئەگەر تۆزێ ورد ببوایەتەوە ئەیتوانی هێڵەکانی چۆخەکەی خۆی ببینێ. شاخی کاکۆڵ و باڵی چۆخە و لوولەی بڕنەو. بەژنی بەڵام لە ئاوەکادا ڕێک گووشرابوو، وەک سێبەری ناڵا لە خۆری نیوەڕۆژدا.

بۆ ڕەواندنەوەی خەو، چۆکی نووشتاندەوە و بۆ شۆردنی ڕووی، دەستی کرد بە ئاوەکەدا. فێنکی ئاو تەزێکی بە شانەکانیدا گەڕاند و موچڕکەیەکی نەرم بە لەشیدا. شڵپێک ئاوی دا بە ڕوومەتیدا و مشتێک بۆ دەمی و بینی ئەستێرەکانی ئاسمان لە ناو ئاوەکەدا لێک ئالان. دەستی ئەو ئارامی و ئوقرەی گۆلاوەکەی تێک دابوو.

هەڵسا و بۆ سڕینەوەی ڕوومەتی، بۆ دەسڕی هەورێشم دەستی کرد بە گیرفانیدا و ڕوخساری تێدا شاردەوە. تەوێڵ و پێڵووی وشک کردەوە و چاوەکانی لە پەردە دەرکەوتن. ڕوانیە ئاسمان بەڵکوو ڕوخساری ڕەنگ کاڵی مانگ، باریکەی کۆتایی مانگ لە جێجێی ئەستێرەکاندا بدۆزێتەوە. بە گومانی شەو گەیشتبوویە ئەو کاتەی مانگی کۆتایی دەرکەوتبێ. مانگی شکاو بەڵام، ئەمشەو هێشتا ڕووی نەنواندبوو.

گوڵمحەمەد نیگای لە ئاسمان وەرگرت و لە سەر ستێری ئەستێڵەکە نیوسووڕێکی دا و پێبەپێ لە سەر نشێوی ئەستێڵەکە بەرەوخوار بوویەوە. لە خوار نشێوەکە ستار وەستابوو. نەک تۆکمە و ڕاوەستاو، بەڵکوو ماندوو و داهێزراو. وای بۆچوو دیسانەوەش هاتووە باسی جووتیارەکان بکاتەوە. ئەمەش ئەو شتە بوو گوڵمحەمەد لەم دەمەدا هێزی پێی نەئەشکا. بەڵام بەو جۆرە نەرم و بێدەنگ کە هاتبوو و توانیبووی گوڵمحەمەد لە خەڵوەتی خۆیدا خافڵگیر بکات، لە دڕکێک ئەچوو بوونی ئەو، لە ویژدانی گوڵمحەمەددا. بەڵام ئەمە گرنگ نەبوو کە ناوەرۆکی هاتنەکەی، لەم کاتەدا کە ئەبوایە وەکوو تەرم لە سەر جێگەی ئارامی خەودا ڕاکشابا:

ــ ئەبینم هێشتاش بێداری؟

ــ چووبووم قیژە و هەرای نەجەف ئەرباب بێدەنگ بکەم.

ــ خەواندت؟ دەمت داخست؟

ــ کردمەوە!... نەک کراوەی کراوە. بەڵام دەستم لە سنگی ماڵبەندەکە کردەوە. ئاخر... نە ئەیتوانی ڕابکشێ و نە ئەیتوانی دابنیشێ تەنانەت! نەی ئەتوانی پاڵیش بدات بە دیوارەکەوە.

ــ دڵت بۆی سووتا!

ــ ئەشکەنجەیەکی بێهوودە بوو. بەجێ نەبوو؛ بوو؟!

ــ نەء!... وادیارە دەنگی بڕا، ئەرێ؟

ــ بوورایەوە و لە ماندوێتیدا بەربوویەوە!

کەوتبوونە ڕێ. ستار پێی لەگەڵ گوڵمحەمەد ڕێک کرد. بێ گفتوگۆ بە قەراخ دیوارەکە تا بن تاقی دەروازەکە ڕۆیشتن. عەلی چەخماخ لەوێ

وەستابوو. گوڵمحەمەد دەستی نا بە تای قورسی دەروازەکەوە، تۆزێک کردیەوە و ڕوانیە ستار:

ــ تۆزێکیش دڵت بۆخۆت بسووتێ پیاو! ئەوەندە پەلەقاژەت کردووە بووی بە تەشی کاولیەکان!

ستار بە شەرمەوە سەری داخست و بەرەو درزی دەروازەکە چوو. هەر لەم کاتەدا بەڵام، دەنگی کپ و مەنگی عەلی چەخماخ ڕایگرت. عەلی چەخماخ لەپڕ گرژ ببوو و ورووژابوو. ڕەفتارێک کە گوڵمحەمەد و ستار هیچکامیان لە هۆکەی تێ نەگەیشتن. ستار دەستی بە تای دەروازەکەوە، لە عەلی چەخماخ مۆڕ ببوویەوە و گوڵمحەمەدیش خافڵی ڕۆیشتن و نەرۆیشتنی ستار، قۆناخی تفەنگەکەی نایە پشت پێی و چاو و هۆشی لە عەلی چەخماخ بوو. چەخماخ لەپڕ چۆکی دادا. بەری دەستەکانی نایە عەرز و سەری لار کردەوە و گوێی نا بە عەرزەکەوە و تاوێک بەو دارەتە مایەوە. ستار ڕوانیە گوڵمحەمەد، بەڵام گوڵمحەمەد چاوی لە عەلی چەخماخ هەڵنەئەگرت. چەخماخ هەڵسا، خۆڵی بەری دەستەکانی تەکاند، تفەنگەکەی لە عەرز هەڵگرتەوە و لە کاتێکا قوورسایی لەشی زیاد لە ئەندازە ئەخستە سەر لاقێکی، بەرامبەر گوڵمحەمەد وەستا و وتی:

ــ دەنگ ئەبیسم سەردار... دەنگی خمخمی ترۆمبێلێک!

ستار کە هاتبوویە پێشەوە و لای شانی گوڵمحەمەدەوە وەستابوو، لەگەڵی ڕوانیە ڕێگەکە، بەڵام هیچ دیار نەبوو. گوڵمحەمەد پرسی:

ــ لە کام لاوە دێ؟

عەلی چەخماخ سمێڵی لە قەراخ چەناگەی لادا و وتی:

ــ وابزانم لای شارەوە.

ــ چۆن ئەتوانی بزانی؟

عەلی چەخماخ دەستی خستە پشت گوێی و وەک دەمی زوڕنا لە ناو خەمی پەنجەکانیدا ڕایگرت و وتی:

ــ هەر گوێیەکی من بە قەد گۆشپاقێکە، سەردار!

گوڵمحەمەد لای دەروازەکەوە بەرەو برجی لای ڕۆژاوا چوو، سەری

بەرز کردەوە و پرسی:

ـ تۆ... هیچ ئەبینی؟

وەڵام لە برجەکەوە هاتەوە:

ـ نەخێر... سەردار!

ـ هیچ دەنگێکیش نابیسی؟

ـ نەخێر... سەردار!

گوڵمحەمەد گەڕایەوە بۆ بن تاقەکە و بە عەلی چەخماخی وت:

ـ ترۆمبیل بە شەو خۆ ئەبێ چرای هەبێ، بە تاریکی خۆ هیچ نابینێ؟!

چەخماخ وتی:

ـ نازانم سەردار، بەڵام من دەنگی ماشین ئەبیسم. دڵنیام کە دەنگی ماشینە.

لای شانی گوڵمحەمەدەوە، ستار وتی:

ـ رەنگە بە بێ چرا... بە چرای کوژاوەوە دێ!

گوڵمحەمەد لە ستار وەرگەڕا و وتی:

ـ بۆ بە چرای خامۆشەوە؟ مەبەستی چییە؟!

ستار وتی:

ـ هەر ئەمە! ئەگەر مەبەستێکی نەبێ، بۆ بە چرای خامۆشەوە داژوێ؟... نازانم!

گوڵمحەمەد بڕنەوەکەی دا بە ستار و چۆخەکەی لە بەر کرد، بۆ تاقیکردنەوە دەستی هێنا بە فیشەکبەندی حەمبەلی سینەیدا، بڕنەوەکەی لە ستار وەرگرتەوە و وتی:

ـ رێگەی پێ ئەگرین. پیش کاروانسەرا، لەو ملەیەدا. خانئاپۆم هەڵسێنە. برام بلا بخەوێ. خانئاپۆ و سێ پیاو. بە پیادە ئەڕۆین. زووبە!

ستار لە ناو داڵانەکە ون بوو و لە چاوترووکانێکدا لەگەڵ خانئاپۆ و سێ تفەنگدار لە درزی دەروازەکەوە هاتنە دەرەوە. خانئاپۆ سەری لەقاند و باوێشکەکەی خواردەوە. گوڵمحەمەد وتی ئەبێ بکەونە رێ. پلانێکی خێرا پێویست بوو. حەوت تفەنگ ئامادەی رۆیشتن بوون. بەڵام نە ئەبوا

دەروازەی کاروانسەرا بە بێ کێشک بەجێ بهێڵن. عەلی چەخماخ لە سەر شوێنی خۆی مایەوە. پاشان شەش پیاو. سێ تفەنگدار لەگەڵ ستار، خانئاپۆ و گوڵمحەمەد. سێ بە سێ. گوڵمحەمەد ڕوانیە ستار و وتی:

ــ لەگەڵ بێخەوی چی ئەکەی؟

ستار وتی:

ــ خەو لە سەرم پەڕی!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ سێ بە سێ ئەڕۆین. خانئاپۆ و دووکەس خوار ڕێگەکە ئەگرن. من و تۆ و توغرولیش لای سەرەوەی ڕێگەکە. سەر ڕێگە بە ڕیزێک بەرد ئەبەستین. ئەڕۆین!

شەش پیاو بە دوو پەل، لە دوو قۆڵەوە کەوتنە ڕێ. تیژ و سووکەڵە. بە باز و نەوی، نوشتاوە. وەکوو گورگی بەشەو دەرکەوتوو بە دوای نێچیردا. پەڕینەوە لە بەردەڵان و قووڵکە. هەڵکەوتن و هەڵسانەوە و بازدانەوە. نە زۆر دوور لە تارمایی کاروانسەرا، دەنگەکە بە ئاشکرا ئەبیسرا. دەنگ، دەنگی گرمەی ترۆمبێل بوو. گوێ گۆشپاقیەکانی عەلی چەخماخ درۆی لەگەڵ نەکردبوو. ڕەنگە ناڕاست نەبێ کە هەر ئادەمیزادێک لە خوو و ئەدگاریدا لە جۆرە گیانەوەرێک نزیکە. لەم مایەیەدا، عەلی چەخماخ لە ئەسپ نزیک بوو. کە ئەسپ پێشنیشانی بوومەلەرزە سمدەست بە عەرزا ئەکوتێ و حیلەی بۆ ئاسمان بەرز ئەبێتەوە.

ناوقەدی ڕێگە بەسترا. هەر پیاوە و خڕکەبەردێک.

ــ ئاگر... بڵێسە!

بە فەرمانی سەردار ئاگرێک لە سەر ڕێگە کرایەوە. بە بێ پیاوان یان پیاوێک بە لای ئاگرەوە.

ــ با بزانن کە ڕێگە بەستراوە، وانییە؟... با خراپە لە لایەن ئێمەوە نەبێ!

خانئاپۆ پرسی:

ــ ئەگەر پیاوی میری بوون چی؟ باڵباز یان...

بە بێ وەستان و دڕدۆنگی، گوڵمحەمەد وەڵامی دایەوە:

ــ رووتیان ئەکەینەوە. چەکیان ئەکەین. سەنگەر بگرن!

هەر کەسە و لە پشت تەلەبەردێک، دەوەنێک، قووڵکەیەک. هەر دەستە و بە تفەنگێکەوە و بە شێوەیەک. دوو جەغز لە دوو شانی ڕێگەکە. نزیک بە یەک لە دوو بەرەوە، خانئاپۆ و گوڵمحەمەد. ئەوەندە نزیک کە دەنگی سرتەی یەکیشیان ئەتوانی ببیسن.

ئەم برگەیەی ڕێگەکە کە هەڵبژێردرابوو گەلی نەبوو، بەڵام وەک ملە بوو. بۆ ئەوەی ڕێگەکە ساز بکرێت گردۆلکەیەک دابڕابوو و ڕێگەکە خۆبەخۆ ئەکەوتە چاڵیەوە. بۆیە دوو شانەی ڕێگەکە، لانیکەم دوو باڵاپیاو لە ناڵی جادەکە بەرزتر بوو. لەم ڕووەوە تەنگتر بوو لە درێژەی خۆی لە هەر دوو بەری ملەکەوە. پیاوەکان سوار و زاڵ بوون بە سەر جادەکەدا. خانئاپۆ لە سەر بەرزایی بە تەختی سینەدا ڕاکشابوو، ئانیشکەکانی دادابوو و ڕووی تفەنگەکەی کردبوویە ناو گیری ملەکە و ئامادە بوو. لەو بەریشەوە گوڵمحەمەد بەرامبەر بە خانئاپۆ جێگیر ببوو. گوڵمحەمەد ڕانەکشابوو. بەڵکوو لە پەنای بنچکە گەونێکدا لە سەر چۆکێک ئامادە بوو. لەولاتریش، دوورتر لەو برگەیەی گوڵمحەمەدەکان دامەزرابوون گەونەکان لە ئاگردا ئەگڕان و ڕێگەکەیان ڕوون ئەکردەوە.

لە پشت مەیدانی ئاگرەکە، ماشینەکە وەستا. ئەمجار چرا کزەکانی هەڵ بوون. پاش تاوێک، دەرگاکە کرایەوە و یەکێک هاتە دەرەوە و لە ئاگرەکە نزیک بوویەوە. سەیری دەوروبەری کرد و بە بەردەمی ماشینەکەدا چوو بۆ ئەوبەر و نزیک پەنجەرەی شۆفێرەکە ڕاوەستا. سەر و شانی شۆفێرەکە بۆ ئاخافتن لە پەنجەرەکەوە هاتە دەرەوە و بەر لەوەی وتووێژەکەیان تەواو ببێ گوڵمحەمەد بە زمانی خۆیی خانئاپۆی بانگ کرد:

ــ پاسی شارییە!

خانئاپۆ هەر بەو زمانە وەڵامی دایەوە:

ــ وا دیارە زیارەتکەری پێیە... جوان سەیر بکە!

شۆفێرەکە دابەزی و شان بە شانی شاگردەکەی هات بۆ نزیک ئاگرەکە. لای ئاگرەکە، هەر دووکیان ڕاوەستان. لە بەر ڕووناکی گڕەکە

کە بە سروەی شەوانە لارولەوێر ئەبوو، جوان ئەبینرا کە دوو پیاوەکە بە بەژن و بیچم جیاوازن. شۆفێر، کورتە و کەتە. شاگردەکەش درێژ و کشاو. لە بەر سەمای بڵێسە لە سەر ڕوومەتی شۆفێرەکە، سمێڵە باریکەکەی ئەبینرا. هەروەها ئەزانرا کە کڵاوی سەری شاگردەکە، تەقیلەی سەنگەرییە. ئەتوت -ئاشنای ڕێگە و ڕووداو- هەروا چاوەڕێ بوون.

ــ تۆ ئەڵێی تێ نەگەیشتوون؟!

خانئاپۆ لە وەڵامی گوڵمحەمەددا، بە هەمان زمانی خۆیان وتی:

ــ چۆن تێ نەگەیشتوون؟ خۆیان داوە لە کەریەتی. چەم و خەمی ئەمکارانە لە من و تۆ باشتر ئەزانن. هاتوچۆ بەم ڕێگانەدا کاری ئەمڕۆ و دوێنێیان نییە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ کەسیترم نەبینی دابەزێ. تۆ بینیت؟

ــ نەء. منیش نەمبینی. مەگەر لە دەرگای دواوە!

کابرای تفەنگدار کە لە خوار خانئاپۆوە دامەزرابوو، بە کپی وتی:

ــ نەء! هیچ دەرگایەک نەکرایەوە. من چاوم لە دەوروبەر بوو.

خانئاپۆ پرسی:

ــ چی ئەکەین؟

وەڵام هاتەوە کە ئەڕۆین:

ــ خشکەیی خانئاپۆ!

نەک بە باڵا و بە ئاشکرا، بەڵکوو هەروا دانەویو و گورگانە گوڵمحەمەد و خانئاپۆ بە لێژاییەکەدا خزانە خوارەوە و بە دوایاندا پیاوەکان هاتن و دەسبەجێ لە دە هەنگاوی لە دوو لاوە پاسەکەیان گەمارۆ دا. گوڵمحەمەد و خانئاپۆ دوو پیاوەکەیان خستبوویە مەنگەنەی خۆیانەوە و ستار سەرکەوتبوو و لە ناو پاسەکە ڕاوەستابوو.

خانئاپۆ لە لای شاگرد شۆفێرەکە چاوەڕێ بوو و گوڵمحەمەد بەرامبەر شۆفێرەکە کە تۆقابوو و هێزی ئاخافتنی لە بەر بڕابوو و دەستە کورتەکانی هەر لە خۆوە ڕائەوەشا و سەروخواری ئەکرد. گوڵمحەمەد

گوێی لێ گرتبوو بەڵام ئەوەی ئەو ئەیوت جگە لە چەند وشەی لێ هەڵنەئەکرێنرا؛ چونکە بە بێ ئەوەی تاوانێکی کردبێ داوای لێبوردنی ئەکرد:

ــ من... پاس... خاوەنەکەی... مسافیرەکان. زیارەتکەران... بۆ زیارەت... زیارەتکەرن، خان!

ــ بەسە! شیرین زمانی بەس! تێگەیشتم!

بەم قسەیە، خانئاپۆ کابرای ڕزگار کرد، بە قەراخ گرەکەدا چوو بۆ لای گوڵمحەمەد و پرسێنەر چاوی تێبڕی. گوڵمحەمەد ڕووی کردە کابرا، دەوری ئاگرەکەی دایەوە و بەرەو دەرگای پاسەکە چوو. شۆفێرەکە کە توانیبووی تۆزێ خۆی خڕ بکاتەوە کەوتە دوای گوڵمحەمەد و پچڕپچڕ تێی گەیاند کە ئەبێ زیارەتکەرەکان شەوی هەینی سەرەتای مانگ بگەیەنێتە شوێنی مەبەست. ئەگەریش بە شەو ڕێ ئەکەن لە بەر ئەوەیە لە ناو ڕێگە پاسەکەیان خراپ بووە و دواکەوتوون:

ــ ئەگەر وا نەبوایەت خان...

ــ زۆر چاکە ئیتر! مەگەر نەموت شیرین زمانی بەسە؟!

خانئاپۆ ئەمەی وت و پڕی کرد بە شانی کابرادا و لە دواوە ڕایگرت. گوڵمحەمەد هێشتا لە بەر دەرگای پاسەکە وەستابوو. ستار لە ناو پاسەکە بوو و دەرگای بە ئاوەڵەیی ڕاگرتبوو. شاگرد و شۆفێر هەردووکیان لە پشت خانئاپۆوە وەستابوون. گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا و وتی چرای ناو پاسەکە هەڵکەن. جەوانی درێژ و باریکەلە، بە خێرایی پێی نایە سەر پادەرییەکە و ناو پاسەکەی بە تیشکێکی لاواز ڕوون کردەوە:

ــ ئەلەتریکیشمان هەیە... خان!

گوڵمحەمەد ویستی پێ بخاتە سەر پادەرییەکە، بەڵام خانئاپۆ دەستی نایە سەرشانی. گوڵمحەمەد ڕێگەی بۆ کردەوە. خانئاپۆ سەرکەوت و ڕوانیە ڕوخسارە خامۆش و ترساوەکان. مسافیرەکان، خەوتوو و بەئاگا ئەتوت لە سەر جێگەی خۆیان وشک بوون. خانئاپۆ ڕێگەی بۆ گوڵمحەمەد کردەوە. گوڵمحەمەد پێی نایە سەر پادەرییەکە و چووە ژوورەوە و لای شانی خانئاپۆوە چاوی بڕییە زیارەتکەران. زیارەتکەرانیش

بە هەمان شێوە، وشک و تۆقاو لە سەر جێیان دانیشتبوون و ورتەیان لێوە نەئەهات. خانئاپۆ بزەیەکی هاتێ، ئانیشکی دا لە قۆڵی ستار و وتی:

ــ چاوت لێیە؟!

گوڵمحەمەد لە بنی پاسەکە چاوی لە شتێک بڕیبوو. خانئاپۆ شوێن نیگای وەرگرت. لەبنی پاسەکە، پیرەمێرد و پیرێژنێکی ڕووتەڵە دانیشتبوون و نیگایان وەکوو دوو توێکڵە پیاز شۆڕەوە ببوو. بە ناو شمەکەکانی ناوەڕاستی پاسەکەدا، بەرەو بنی پاسەکە چوو و لەوێ لە بەرامبەر دوو پیرەکەدا ڕاوەستا. ئەوا ناوبەناو هەندێ سەر بەرەو گوڵمحەمەد وەرگەڕابوون و چاویان لێ ئەکرد.

گوڵمحەمەد پرسی:

ــ بۆ زیارەتی ئیمام ڕەزا ئەچن، ئەرێ؟

پیرەمێرد ژنەکەی پیشان دا و وتی:

ــ لەگەڵ پیرێژن نەزرمان کردبوو. ئەگەر قبووڵ ببێ.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ شوکری خوا ئەوا بۆتان ڕێکەوتووە.

پیرەمێرد وتی:

ــ تا بزانین چۆن ئەبێ!

گوڵمحەمەد دەستی برد بۆ گیرفانی، جزدانی پارەکەی دەرهێنا و وتی:

ــ دۆعایەک بۆ ئێمەش بکەن!

لەوە زیاتر ڕانەوەستا و خێراتر لەوەی کە چووبوو، گەڕایەوە.

ــ واتە ئێوە دز نین؟!

گوڵمحەمەد بەرەو دەنگەکە وەرگەڕا و تێی ڕوانی. کابرا سەری داخست. گوڵمحەمەد بەرەو دەرگاکە چوو. بە لای ستار و خانئاپۆدا تێپەڕی و بازی دایە خوارەوە. دەنگی پیرەمێرد کە بە ئاشکرا ئەلەرزی، لە قووڵایی پاسەکەوە بەرز بوویەوە:

ــ بۆ کێ... بە ناوی کێوە... دۆعا بۆ گیان و جەوانی کێ بکەم، کوڕم؟

ستار و خانئاپۆ یەک دەنگ وتیان:

ــ گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد دابەزیبوو. بەڵام دەنگی پیرەمێرد بانگی ئەکرد. گوڵمحەمەد پێی نایە سەر پادەریەکە، پیرەمێرد وتی:

ــ بەرێمان بکە گوڵمحەمەد. جوامێر، بەرێمان بکە تا لە گەلی سەنکەلیدەر ئەپەڕینەوە. من زۆر بەم ڕێگەیەدا هاتووم، ئەو ناوە زۆر هێمن نییە!

زیارەتکەران بۆ پیرەمێردیان سەندەوە:

ــ بەرێمان بکە جوامێر. بەرێمان بکە!

گوڵمحەمەد ڕوانیە خانئاپۆ و دابەزییە خوارەوە. خانئاپۆیش دابەزی. ئەوا سەرەکان لە پەنجەرەکانەوە هاتبوویە دەرەوە و داواکارییەکەیان پاتە ئەکردەوە. گوڵمحەمەد بە خانئاپۆی وت کوڕی گوڵخانم کاژێرێک ئەبێ خەوتووە:

ــ وانییە؟!... خراپیش نییە. لەوێ دائەبەزێ و ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە بۆ لای ژن و مناڵەکەی. خێریشە!... هەڵیسێنن. محەمەدرەزا هەڵسێنن. بڵێ بێ بچێ بۆ سەردانی ژن و منالی. ماڵەوە، ماڵەوە.

توغرول هەڵات بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکە. گوڵمحەمەد سووڕا و لای ئاگرەکە وەستا. ئاگرەکە پرتەپرتی بوو. خانئاپۆ و ستار هاتنە لایەوە. تاوێک تێپەڕی. شۆفێری پاسەکە هات بۆ لایان و وتی:

ــ خان، ئەگەر مۆڵەت بدەن... خۆڵ بکەین بە سەر ئاگرەکەدا.

بێدەنگیەکی قورس. گوتەی کابرا لە سەر زمانیدا تاسا. پێی کشاندوە و ڕاوەستا. گوڵمحەمەد نیگای لە ئاگرەکە بوو. ساتەکان ئەتوت وەستاون. محەمەمەدرەزای گوڵخانم بەغار خۆی گەیاند. پێڵاو و پووزەوانە و توربێن و تفەنگ بە دەستیەوە. دووری ئاگرەکە ڕاوەستا و چاوەڕێ. گوڵمحەمەد وتی:

ــ پاش ئەوەی زیارەتکەرانت لە گەلیەکە تێپەڕاند، ئەرۆیتەوە بۆ ئاوایی... بۆ ماڵی خۆتان. کاتی دیدار سەیزوشەو لە قەڵاچیمەن!

زانرابوو کە ئەبێ پاسەکە بە لای ئاگرەکەدا لێخوڕن. شاگرد

پاسەکە فەرمانی پێدا و پاسەکە بە دەنگی سەڵەوات بە لای ئاگرەکەدا ڕۆیشت و کەوتەوە سەر ڕێ. پاش ڕۆیشتنی پاسەکە تفەنگدارەکان کە بۆ فرێدانی بەردەکان هاتبوونەوە بەرەوە، کشانەوە و دوورتر ڕاوەستان. دەنگی پاسەکە بەردەوام دوورتر و دوورتر ئەکەوتەوە و، بێدەنگی پەرەگرتر ئەبوو. بەرامبەر گوڵمحەمەد، خانئاپۆ هەڵترووشکابوو و خاچ لە چاوەکانی ئەڕوانی و لە کاتێکا چیلکەیەکی ناخودئاگا لە ناو دەستیدا ئەشکاند، پرسی:[1]

ــ چی لە ناو سەرتدا ئەجووڵێ گوڵی مامە؛ چی؟...

لە وەڵامی خانئاپۆدا گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا و وتی:

ــ ئاگر!... ئاگر، خانئاپۆ! بڵێ دیسانەوەش ئێزنگ بهێنن!... ئاگرا!

کۆتایی بەرگی هەشتەم



١ ــ شەلیاو: robbed ناو شەلیای، ماڵدزراو، رووتەوە کراو ع مسلوب N ranet د غارت شده. درەخت

# بۆ بەرگی ٩

٢٧٠٠
کەیدەر
بەرگی هەشتەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
و: سیامەند شاسوار
٩